





# مۆتەکەی تورکی


## لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان

محەمەد هەریری

چاپی ئیلکترۆنی یەکەم ٢٠١٧

پێشەکی
پەیڕەو ئەنوەر - ڕۆژنامەنوس و
شارەزا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی





# مۆتەکەی تورکی

# لە

# ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان

**نووسینی: محەمەد هەریری**

پێشەکی

**پەیڕەو ئەنوەر**

ڕۆژنامەنوس و شارەزا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی

چاپی ئیلکترۆنی یەکەم ٢٠١٧

ناوی کتێب: مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
نووسین: محەمەد هەریری
پیشەکی: پەیڕەو ئەنوەر ڕۆژنامەنوس و شارەزا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی
چاپ: چاپی ئیلکترۆنی یەکەم ٢٠١٧

# پێشەکی:

قسەکردن و نوسین و لێکۆڵینەوە لەبارەی تورکیا و سیستمی فەرمانڕەوایی و پەیکەری سیاسی و ئابووری و ڕۆڵ و بیرکردنەوەی ئەو پارتە سیاسییەی کە تورکیا ئاڕاستەدەکات و دەجووڵێنێت بۆ بەشێکی کەمی دونیای کوردی جێگەی بایەخ و تێڕامان بووە. بەهۆی ئەوەی ئێمە تا ئێستا دەزگا و ناوەندی توێژینەوە و خانەی بیرکردنەوەی تایبەت بە تورکیاناسیمان نییە و تەنها بەهۆی هەوڵی تاکەکەسییەوە توانیومانە تورکیا بخوێنینەوە و وەک خۆی بیناسین و تەرجەمەی نێو دونیای کوردی بکەین.

لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی دادوگەشەپێدانەوە وەک پارتێکی موحافیزکار و ڕەگ-ئیسلام کە زیاتر کاری لەسەر مەسەلەی لیبرالیزمی بازاڕ و جۆرێک لە کرانەوە و جیاوازبوون دەکرد سەرنجی زیاتر خرایە سەر تورکیا هەم لە ئاستی ناوخۆ، هەم لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەتایبەتتریش لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە. وەها دەبینرا کە تورکیای ئەم سەدەیە و تورکیای ئاک پارتی یەکەیەکی جیاوازدەبێت و کێشەی کورد چارەسەردەکات و بەمەش لە پرسگە و دەرگا گەورەکانی یەکێتی ئەوروپا ڕزگاری دەبێت و دەچێتە نێو ژووری بڕیاردانی ئەم یەکێتییە. ئەم کتێبەی بەردەستتان یەکێکە لەو هەوڵانەی کە نوسەرێکی دونیای ئێمە لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەڕێگەی کۆمەڵێک وتار و سەرنج و نوسین و وەرگێڕانەوە دۆخی ناوەکی تورکیا و بەرنامە و دونیابینی هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەی شرۆڤەکردووە و بۆچوونی تایبەتی خۆی لەبارەیانەوە دەربڕیوە.

تورکیا وڵاتێکی هەرێمی گەورەیە. ڕۆژگارێک ئیمپراتۆرێکی گەورەی ناوچەکە بووە و سنووری فەرمانڕەوایی گەیشتۆتە ناوەڕاستی ئەوروپا. دەکرێت بڵێین تورکیا ئەوەندە خۆی بە گرنگ زانیوە ویستوویەتی ڕۆڵی ئەمەریکایەکی بچکۆلە بگێڕێت لە ناوچەکەدا. ئەمڕۆ تورکیا لەبەردەم کۆمەڵێک قەیرانی ناوەکی و دەرەکیدایە. قەیران بەو مانایەی کە ئەو وڵاتە نەیتوانیوە لەڕێگەی ڕەگەزە ناوخۆییەکانییەوە (چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دوورخستنەوەی سەرباز لە بڕیاری سیاسی بەتەواوەتی، ڕێزگرتن لەئەوانی تر و ڕۆژنامەنووسان و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و ئازادی ڕادەربڕین) هێز و باڵایی لەدەرەوە بەرهەمبێنێتەوە و باشتر و بەهێزتر دەرکەوێت. بەشێکی ناوەڕۆکی

ئـەم کتێبـە باسـی ئـەم هەمـوو نەخۆشـی و گرفتانـە دەکات کـە تورکیـای کردۆتـەوە بـە پیاوە نەخۆشـەکەی سـەدەی ڕابردوو. چەند گۆشـەیەکی گرنگیش لـە کتێبەکـەدا کلیک لەسـەر کـورد وەک جەمسـەرێک لـە کۆمەڵگـەی تورکـی و داعـش و کودەتـا سـەربازییەکەی ١٥ی تەمـووزی ٢٠١٦ وەک دوو ڕووداوی کاریگـەر دەکات.

لەناونیشـانی کتێبەکـدا نـاوی دوو کاراکتـەری سیاسـی دونیـای تورکـی دەردەکەوێـت [ئەتاتـورک و ئـەردۆگان] دیـارە قسـەکردن لەسـەر مێـژووی سیاسـی تورکیـای هاوچـەرخ دەمانباتـەوە بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم دوو کاراکتـەرە چونکە هەردووکیان هەوڵییان داوە دوو مێژوو و دوو ئارگیۆمێنتی جیاواز لـەدوو سـەردەمی جیاوازدا بـە نەڕەیتڤ (چیرۆکی) جیاواز بەرهەمبێنن.

ئەتاتـورک وەک بونیادنـەر، دابڕێنـەری مێـژووی کلاسـیکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی تورکیـا لـە خۆرهـەڵات یـا تێکشـکێنەری ئەوهەندەسـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە خۆرهەڵاتییـەی کـە تورکیـای دەجوڵانـد و بەڕێوەدەبـرد. دەکرێـت بڵێیـن ئەتاتـورک وەک ئەندازیـاری بەخۆرئاواییکردنـی دونیـای تورکـی. یـا ئەتاتـورک واتـە سـێکیۆلاریزمی سـەربازی و هەژموونـی سـوپا و مۆدیلێکـی تـازەی ناسـیۆنالیزمی تورکـی.

ئـەردۆگان تاڕادەیـەک بـە پێچەوانـەوە! کاراکتەرێکـی ئیسـلامی بـۆ لێکدانـەوە و لکاندنـەوەی تورکیـا بـە خۆرهـەڵات، دابڕینـی سـوپا لـە دامـەزراوە مەدەنییـەکان، بـە ناوەندکردنـی تورکیـا و بـوون بـە ڕابـەر لـە جیهانـی ئیسـلامی لەبـری تێکەڵبـوون بـە کۆمەڵگـەی ئەورووپـی و یەکێتـی ئەورووپـا. لەهەمـووی جیاوازتـر زیندووکردنـەوەی مۆدێلێکـی تـازە لـە عوسـمانیزم کـە زیاتـر بـە عوسـمانییە نوێییـەکان دەناسـرێن.

لەسـەرەتای نوسینەکاندا نووسـەر زیاتر گەشبینە بەو دیدەی کە دادوگەشـەپێدان و ئـەردۆگان هەیەتـی بـۆ بەڕێوەبردنـی تورکیـا بەتایبـەت لـە مەسـەلەی پێکەوەیـی و پێکەوەژیـان. لەڕاسـتیدا زۆرێـک لـە شـرۆڤەکاران و تورکیاناسـانی دونیـا لەسـەرەتادا ئـەم دیدەیـان هەبـوو. دوای بەهـاری عەرەبـی جیهانبینـی و بەرنامـەی سیاسـی ئـەردۆگان دەگۆڕێـت. ئـەردۆگان لـەدوو مەسـەلەی گـەورە پاشەکشـەدەکات (مۆدێلـی پێکەوەیـی و نۆژەنکردنـەوەی سیسـتمی حکومڕانـی). ئـەردۆگان زیاتـر بـەرەو مۆدێلـی تۆتالیتاریـزم و براگەورەیـی دەچێـت! ئـەو مۆدێلـەی کـە جـۆرج ئۆرویـل لـە ڕۆمانـی ١٩٨٤ دا باسـی دەکات. ئـەردۆگان لەئێسـتادا دەیەوێت وەک بـرا گـەورە هەمـوو دونیای تورکی بۆ خـۆی بباتـەوە

و هەموو ڕووبەرەکان کۆنترۆڵ بکات و تورکیا یەکسان بکات بە ئەردۆگان. دیارە نوسەر لەم گۆڕان و بەدواوەچوونەی تورکیای ئەردۆگانەوە وەک خۆی ڕووداوەکانی گواستۆتەوە و وەک خۆی چیرۆکە سیاسییەکان باس دەکات و شرۆڤەدەکات، ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ سەربەخۆبوون و بێلایەنبوونی نووسەر و خۆدەربازکردن لە هەستوسۆز و دەستبازێی فکری و سیاسی؛ بەتایبەت کە محمد هەریری وەک نووسەر دەمێکە بە پاشخانێکی فکریی و ئیسلامیی قوڵەوە خوێندنەوە بۆ ئیسلامی سیاسی و پارتی دادوگەشەپێدان و بیرکردنەوە سیاسییەکەی دەکات.

بۆمن جێگەی خۆشحاڵی و گەورەییە وەک گەنجێکی دوای ڕاپەڕین و نەوەیەکی تازەی نێو دونیای کوردی قسەیەک لەسەر کتێبێکی لەم چەشنە بکەم و پێشەکی بۆ بەرهەمێکی نووسەرێکی وەک محمد هەریری بنووسم. هیوادارم ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ لەدایکبوونی فەرهەنگێکی تازە و دونیایەکی تازە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو هێز و وزە شاراوەیەی کە لە دیوی ناوەوەی ئەو نەوە تازەیەدا خۆی شاردۆتەوە. ئەم کەلتورە تێپەڕێنن کە ئەوەی بچووک بوو نابێت قسەبکات، ئەوەی کەم تەمەن بوو نابێت پەلەبکات لە مانیفێستۆکردنی سیستمی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی. لێرەوە دەستخۆشی لە نوسەری خۆشەویست دەکەم بۆ کارکردن و نزیکبوونەوە لە دونیای تورکی و نوسین لەڕێگەی کۆمەڵێک وتار و وەرگێڕانەوە لەکاتی جیاواز لەسەر دۆخی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتە و شرۆڤەکردنی ڕووداو و چیرۆکە سیاسییەکانی. هیوادارم ئەمە دواین کتێب و بەرهەمی نەبێت بەڵکو ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ کاری باشتر و دەرگایەکی گەورەتربێت بۆ تێگەیشتن و ناسینی تورکیا بەهەموو جوانی و ناشرینیەکانییەوە.

پەیڕەو ئەنوەر
ڕۆژنامەنوس و شارەزا
لە سیاسەتی نێودەوڵەتی
١٦ ئابی ٢٠١٧

## مۆتەکە چییە، و مۆتەکەی تورکی بۆ کورد چییە!؟

مۆتەکەی تورکی بۆ کورد وەختە بڵێم هەر لە سەرەتای هاتنی بە لێشاوی ئەو هۆز و خێڵە دڕندانەی تورک بۆ ناوچەکە دەست پێدەکات. هەردەم لەو ناوچەیە سەر ئێشە بوون بۆ میللەتی کورد، لە پێش و لە پاشی ئیسلامبوونیشیان، کە دەکەوێتە پاش ئیسلامبوونی کورد، چونکە ئیسلام بوونی تورک شتێکی ئەوتۆی لە ڕوحی دڕندانەی خێڵە تورکیەکانی ناوەڕاستی ئاسیا و مەنگۆلیا کەم نەکردەوە!
مۆتەکە چییە؟ وبۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان تورک و کورد بە مۆتەکە وەسف دەکەین؟!
مۆتەکەی کوردی و کەرابەسان karabasan ی تورکی، کابوسی عەرەبی و نایتمێری Nightmare ئینگلیزی، بە بێ چوونە ناو وردەکاری پێناسەی زانستی، بریتییە لە خەونی خراپ و ناخۆش، کە خەم و نا ئومێدی و دڵەراوکێ وفشار و دڵتەنگی و جاڕسبوون و نارەحەتی و ترس و تۆقانی دەروونی و جەستەییشی لێدەکەوێتەوە، دەنیشێتە سەر سینگی خەوتوو وەک بڵێی بیخنکێنێ و لە بزواتن و جوڵە وپەل و پۆی دەخات!
کورد هەموو ئەو نیشانە و ئەعرازانە لە دەست تورک چێشتووە! باسی جاش وخۆفرۆش ناکەم، هیچ کوردێکی دڵسۆز هەیە لە باکوور، ڕادەیەکی زۆریش لە تاکی هوشیاری پارچەکانیتر، کە خەونی خراپ و ناخۆشی تورکی نەدیبێت، و خەم و نا ئومێدی و دڵەڕاوکێ وفشار و دڵتەنگی و جاڕسبوون و نارەحەتی و ترس و تۆقانی دەروونی و جەستەییشی نەچێشتبێت لە دەستی تورک؟! بێگومان نییە!
تورک لەوەتی هەن کابوس و مۆتەکەی کوردن! لەوەتی وەک چەند هۆز و خێڵی دڕندەی بەربەری ڕوویان لەناوچەکە کردوە، بەبەردەوامی سەرچاوەیەکی سەرئێشە وپڕ ئازار و ستەم بوون بۆ کورد!
هیچ کوردێکی خەباتگێڕ و خەمخۆری نەتەوەکەی هەیە، هەستی بە مۆتەکەی تورکی نەکردبێت کە ڕۆژانە دەنیشێتە سەر سینگی، هەستی خنکاندنی پێ نە بەخشیبێت لەو مێژوو و جوگرافیا نەفرەتیەی کە کۆی دەکاتەوە لەگەڵ ئەو گەلەی کە نایەوێت واز لەو سیفاتە ناشارستانەی دێرینی جەنگیزخان و هۆلاکۆ بهێنێت؟!

ئـەوە مۆتەکـە نییـە هێشـتا گەلێک هەبێت لـە جیهـان، نـەک هـەر ڕقـی لـە نـاوی کـورد و کوردسـتان بێـت، بەڵکـو نارەزایـی دەربڕێـت لـە دەربڕینـی وشـەی کوردسـتان و تـوڕە بێـت، و لـە خاڵـی پشـکنین و فڕۆکەخانـە سـزای هەڵگرانـی ئـەو نـاوە بـدات؟!

ئـەوە مۆتەکـە نییـە هێشـتا گەلیک مابێت لـە جیهـان، ڕێـگا نـەدات گەلێکـی چـل ملیۆنـی بـە زمانـی خـۆی بخوێنێـت، بـە قـەد تورکمانـی نیـو ملیۆنـی کوردسـتان میدیـا و مافـی فەرهەنگـی نەبێـت!؟ بۆیـە کـە سـەرۆکی ژوری پارێزەرانـی تورکیـا لـە دیاربەکر، تانـەرک ئۆغلـو لـە ئەردۆگانـی پرسـی:» ئێوە داوا لە وڵاتی گێرمەن (ئەڵمانیا) دەکـەن مافـی بـە تورکـی خوێنـدن بـۆ تورکەکانـی ئـەوێ زامـن بکرێـت، لـە دەزگا ڕەسـمیەکانی خوێنـدن، ئـەی بـۆ ئـەو هەقـە بـە کـورد ڕەوا نابینیـت؟...

ئـەردۆگان گوتـی مافـی خوێنـدن بـە زمانـی دایـک لـە تورکیـا بـۆ هەمـوان زامـن کـراوە، بـە بەڵگـەی کردنـەوەی چەندیـن خـول لـەو بابەتـەدا» تانـەرک ئۆغلـو وەڵامـی دایـەوە وگوتـی»ئـەو قسـەیە لـە شـوێنی خۆیدا نیـە، ئـەو خولانـە سـنوردار وتایبەتـن، ودەوڵەتیـش پاڵپشـتیان نـاکات، پێویسـتە زمانـی کـوردی لـە خوێندنـگا وپەیمانگاکانـی دەوڵـەت بخوێندرێـت!

ئـەردۆگان تـوڕە بـوو ونەیزانـی چـۆن خـۆی لـەو ئیحراجیـە ڕزگار بـکات، بۆیـە دەسـتی کـردە ئیهانـە کردنـی سـەرۆکی ژوری پارێزەران لـە دیاربەکـر»وگوتـی» تـۆ درۆزنـی، وڕاسـتگۆ نیـت»

ئـەوە مۆتەکـە نییـە تـورک خـۆی بـە خاوەنـی سـۆماڵ و فەڵەسـتین و سـوریا و ڕوهینجیـا و بۆسـنە و ئەلبانیـا و کەمایەتـی تورکـی لـە بولگاریـا و یۆنـان بزانێـت، فرمێسـکیان بـۆ بڕژێنێـت، بـەڵام بـۆ کوردیـش پـاش ملیۆنەهـا قوربانـی، هێشـتا دوژمنێکـی سـەرسـەختی بـێ عەقڵ بێـت، وبلێـت ڕازی نابیـن کوردسـتان لـە کیشـوەری ئەفریقیـاش ببێتـە خـاوەن قـەوارەی سیاسـی و دەوڵـەت!؟

ئـەوە مۆتەکـە نییـە گەلـی کـورد زنجیرەیـەک شـۆڕشـی کردبێـت لـە تورکیـا و زیاتـر لـە ملیۆنێـک قوربانـی هەبێـت، جگـە لـە دەربەدەرکـردن و خـاک زەوتکـردن و وێرانـی، هێشـتا دۆزی کـورد لـە حاڵەتـی سـەرەتایی خەباتـی هـەر میللەتێکـی تـازە دەسـت بـە خەبـات کـردوو بێـت لـە تورکیـا!؟

ئـەوە مۆتەکـە نییـە هەمـوو نووسـەرانی کـوردی وەک یەشـار کەمـاڵ و جەمیـل تـۆران و محەممـەد ئـوزون و کەسـانی تریـش نەتوانـن چیـرۆک و کارەسـاتی میللەتەکەیـان بـە کـوردی بنووسـن لـە تورکیـا!؟

ئەوە مۆتەکە نییە نەتەوەیەکی وەک تورک بە عەلمانی ونەتەوەیی و سێکیولاری

وهەتا چەپڕەویش تا ڕادەیەکی زۆر، هاو هەڵویستی خراپ وشۆڤێنی بن بەرامبەر کورد!؟
ئەوە مۆتەکە نییە، کورد بە سەدان هەزار ساڵ بەر لە تورک لەو خاکە ژیا بێت، تورکی بەربەری لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بێت، ڕووبەرێکی زۆری خاکت داگیر بکات، و ناچارت کات بە کوردی نەژیت و قسە نەکەیت و نەخوێنیت و نەنوسیت؟! هەتا دەڵێن لە سەرەتای سەردەمی کۆمار لە زۆر شارەکانی کورد، ناوشار وەک شاری کەڕولاڵەکانی لێهاتبوو، لە ترسی سزادان کەس نەدەوێرا بە کوردی قسە بکات، و تورکیشیان نەدەزانی! تا ئەمڕۆش ئەو دایکانەی سەردانی کوڕەکانیان دەکەن لە زیندانی تورک، لە نزیکەوە بە وردی چاودێریان دەکەن تا ئەگەر بە کوردی قسەیان کرد، یەکسەر بە لێدان و سوکایەتیەکی زۆرەوە ئەو دایکە پڕ لە تەمانەنە پەلکێشی دەرەوەیان بکەن! ئەوە مۆتەکە نییە دایک وکوڕ بۆ دە پازدە خولەک ماوەیان هەبێت، نەتوانن یەک قسە بکەن بە کوردی؟!
تورک چۆن نەبێتە مۆتەکەی کورد، کاتێ دەبینیت گەلانی تری جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو شارستانیەت و عەقڵانیەت هەنگاو دەنێن، کەچی ئەگەر بەراوردی تورکی سەردەمی عوسمانی و کۆماری بکەین، سەرەڕای خراپی هەردووکیان، بەڵام هەر تورکی سەردەمی عوسمانی فرە چاکتر بوون!؟
بە کورتی تورک مۆتەکەی کوردە لەناوچەکە، دژی هەموو شتێکی باشە بۆ کورد، ڕزگاربوونی کورد لەو جوگرافیا ومێژووە نەفرەتییەی ناوچەکە بە پلە یەک بەندە، بە ڕزگاربوونی کورد لەو مۆتەکەیە نەگریسەی تورک، چونکە تورک هەرخۆی مۆتەکە نییە، بەڵکو هەوڵی بە مۆتەکەکردنی هاوسێکانی تری کوردیش دەدا! من دڵنیام ئەگەر تورک کۆمارێک با لە سەحرای مەنگۆلیا وچین، ئێستا کورد لەو ناوچەیە زۆر دەمێک بوو ڕزگاری ببوو!
ئەوەی کورد بێت و ئەو هەقیقەتە نەزانێت، بە تایبەت لە ڕیزی ڕابەران و سەرکردە سیاسیەکانی کورد بێت، ئەوە یان زۆر گەمژەیە، یانیش خۆفرۆشێکی گەورەیە بە هوشیاریەوە.

لە وەتی وەک کوردێک بیردەکەمەوە لە دۆزی کورد هەردەم بیرم بۆ ئەوبەری ئەو پارچەیە چووە کەناوی باشوورە. بۆیە پارچەکانیتری کوردستان ئەگەر زیاتر لە باشوور خەریکیان نەکردبم لە ڕووی تێفکرین و بە دواداچووندا، کەمتر سەرقاڵیان نەکردوم.

بە تایبەتی دۆزی گەلەکەمان لە باکوور، کە من پێموایە ئەو ستەمەی لەو پارچەیە دەکرێت وێنەی نییە لە دڕندایەتی و ترسناکی بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانیتردا!
بۆیە هەر لە سەرەتای نووسینەکانم بایەخێکی گرنگم داوە بە دۆزی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیا، وەک کەسێکی ئاسایی کاتێ هیوایەک هەبووە هیوامان خواستوە چارەسەر بکرێت، کاتێ ئەردۆگان هەنگاوێکی ناوە بۆ ئاشتی، هیوامان لا دروست بووە و ستایشمان کردوە، کاتێکیش زوو گومانمان لە نیازی کردوە، هەر زوو بە زوو دڕدۆنگی و گومانەکانمان بۆ میللەتی خۆمانمان ئاشکرا کردوە تا ڕێژەی فریوخۆران پیی کەمبکەینەوە.
هەربۆیەش هیچ لات سەیر نەبێ ئەگەر وتارێکت بینی ستایشی هەوڵەکانی ئەردۆگان بکات، هیوایەکمان پێ بووبێت، بەرلەوەی بۆمان ئاشکرا بێت چ مرۆڤێکی خاپێنەرە. هیچیش لەو وتارانە پەشیمان نیم، چونکە ئەوەی بیرمان بۆ چوو بیت لە بەرژەوەندی دۆزەکە بووە، نەک کەسی ئەردۆگان وەک کۆمەڵێ کەسی کوردی ئیسلامی، لەبەر ئیسلامی بوونی ئەردۆگان ئامادەن چاوپۆشی لە جینۆسایدی کوردیش بکەن! نمونەش زۆرن کۆمەڵێکمان لەو کتێبە باس کردوون.
بە هەمان شێوە کە ستایشی شۆڕش و شۆڕشگێرانی کوردمان کردوە و هەوڵمان داوە ئاگاداریشیان کەینەوە لە هەندێ وتار، و لە هەندێکی تریش هەتا ڕەخنەی توندمان لێ گرتوون لە فیکر و لە ڕەفتاردا. بۆیە وەک حزبیەکی سنگ تەسک ئەو ڕەخنانە مەخوێنەوە، بەڵکو وەک کوردێک بزانە ئەو ڕەخنانە لە پێناو بەخۆداچوونەوە و بە هەڵەزانینی خۆیان نووسراوە، دەشکرێ لە هەندێکیان هەڵە بووبم، بەڵام ناتوانم لایان بەرم چونکە ئەوە مێژووی فیکری منە بە ڕاست و بە هەڵەوە.
بەر لە ئەتاتورک و ئەردۆگانیش، کورد هەر چەوساوەی دەستی تورکە عوسمانیەکان بووە، تەنها کاتێک باش بوون لەگەڵ کورددا، کاتێ کورد بۆتە داردەست و ئامرازێک بۆ سیاسەتی گڵاویان، بەڵام لە بچوکترین سەرپێچیدا خوێنی هەزاران کوردیان ڕشتوە.
دیکتاتۆریەت و ستەمی ئەتاتورک زۆر باسکراوە، من زیاتر باسی دکتاتۆریەت و ستەمی ئەردۆگانی خەلیفە دینیەکەی ئەتاتۆرک دەکەم لەو کتێبە!
دکتاتۆریەتی ئەو ئەردۆگانە بەوە گەیشتوە بە ئاشکرا تەقدیس دەکرێت و دەڵێن پێغەمبەری دووەمە لە میدیاکانیاندا، بەڵکو دەڵێن هەڵگری هەموو

سـیفاتەکانی خوایـە وەک لـە ڤیدیۆیەکـدا لـە یوتیـوب دانـراوە!
ئـەو ئەردۆگانـە بـە شـێوەیەکی سیسـتیماتیکی دەیەوێت سیمایەکی دینی داعشـی بدا بـەو (نـەوە دینـدارەی) کـە باسـی دەکات. وادیـارە شـەقامی تورکیـش لـە ژێر کاریگەری کلتوری توندوتیژی تورکی و مێژووی خەلافەتی عوسـمانی ئیسـلامی، وەڵامدانەوەیەکی خێرای هەیە بۆ هەوڵەکانی ئـەردۆگان، ئەمڕۆ سیمای بـەرەو ئیسـلامی سیاسـی چـوون زۆربـەی دەزگا دەوڵەتـی و ئەکادیمیەکانـی و هەتـا شـەقامی تورکیشـی گرتۆتـەوە. وای لێهاتـووە ئافرەتـی بـێ حیجـاب لـە خـۆی بترسـێت هێرشـی نەکرێتـە سـەر، وای لێهاتـووە مرۆڤـی سـێکیولاری چالاک لـە خۆی بترسـێت، میدیـاکار و ڕۆژنامەنووسـی بوێـر لـە خـۆی بترسـێت، دینـداری نـا ئەردۆگانـی بـە گومانـی گوڵەنـی بـوون لـە خـۆی بترسـێت!
تەنها ئاواتێک هەبێت بۆ چاکبوونی تورکیا و ڕزگاربوونی تورک لە کارەسـاتێکی گـەورەی وەک کارەسـاتی عێـراق، بێداربوونـەوەی نوخبـەی دیموکراتخـواز و سـێکیولاری تورکـە، پـاش خـۆ ڕزگارکردنیـان لـە میراتـی ڕەشـی کەمالیـزم و تۆرانیـەت، مافی چارەی خۆ نووسـینە بـە کورد. دەنـا ئەگـەر تورکیا بـەردەوام بێت لـەو ئاراستەیەی ئـەردۆگان بۆی دیاری کـردوە، ئـەوە گومانـم نییـە هەمـوو ڕۆژێ هەنگاوێکیتـر لـە کارەسـاتێکی گشـتگیر نزیـک دەبێتـەوە!
محەمەد هەریری
٢٠١٧/٨/١٧
لەندەن

بەشی یەکەم

# لە قۆناغی هیوا پێ بوون

# سەرێک بدە قارداش!
# دەربارەی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ عێراق

وا چاوەڕوانە لەو هەفتەیەدا ئەردۆگان سەردانێکی ڕەسمی بۆ عێراق بکات، تێیدا چەندین بابەتی هاوبەش تاوتوێ دەکرێت، وەک ئابوری وسیاسی وئەمنی، وچەندین ڕێکەوتنامەش ئیمزا دەکرێت لە بواری جۆراوجۆردا.
سەردانەکەی ئەردۆگان لە کاتێکدایە تەنگژەی سیاسی لە تورکیا گەیشتۆتە چڵەپۆپەی، لە سۆنگەی هەڕەشەکانی داخستنی حزبی AKP وقەدەغە خستنە سەر چالاکی سیاسی لیستێک لە سەرکردەکانی حزب، لەسەروی هەموویانیشەوە خودی ئەردۆگان وگویلی سەرۆک کۆمار!!
گومانی تێدا نیە کە لە مێژووی تورکیا هیچ حزبێک هێندەی حزبەکەی ئەردۆگان دەنگی خەڵکی پێنەدراوە، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ قەدەغەکردنی، لەوانەیە ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوە لە سەرتاسەری تورکیا. لە هەمووی ترسناکتر پەردە لادان بوو لەسەر ئەو پلانە داڕێژراوەی دام و دەزگای عەسکەری بۆ ئەنجامدنی کودەتایەکی مەخمەلی نەرم بەسەر حزبی دەسەڵاتداردا. پلانەکەش لە رۆژنامەی (تەرەف)ی تورکی بڵاوکرایەوە بە پشت بەستن بە چەند دوکیۆمینتێک لەناو دەزگای عەسکەری دزەی‌ان کردبوو بۆ چنگی رۆژنامەکە!
هەرچەندە دەزگای عەسکەری بە توندی بەرپەچی ئەو هەواڵانەی دایەوە، بەڵام ئەوەی بڕوانێتە وردەکاریەکانی دەزانێت زۆر ئەستەمە گومانی لێبکرێت، بۆ نمونە پلانەکە دەخوازێت میدیای تورکی و دەزگای داوەری ونوسەرە ناودارەکان، هانبدات بە ئاراستەی دژایەتی کردنی حزبی AKP، وهەروەها داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی!!!
سەیر لەوەدایە یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەردۆگان دەکرێت لەلایەن نەیارانی پشتیوانی کردنێتی لە دۆزی کورد!!
ئەو تۆمەتە خەریکە کوردیش هەڵدەخەڵەتێنێ وکەسانێک پێیان وایە لابردنی ئەردۆگان، مانای ڕۆژی ڕەشی کوردە! بێگومان ئەو بۆچونێکی هەڵەیە، چونکە ئەوانەی ئەو تاوانانە دەخەنە پاڵ ئەردۆگان کەسانێکی مەستن بە تلیاکی شۆڤینیەت، هەتا مافی ژیانیش بە کورد ڕەوا نابینن!

بۆیە ئەو چەند قەول وهەولە پڕوپاگەندەییەی ساتەکانی هەڵبژاردنی ئەردۆگانیان دەرهەق بە کورد پێ زۆر زۆرە! ئەردۆگان لە ژێر کاریگەری ئەو فشارەی لەسەریدایە بەتەواوی سەری لێشێواوە وهەر لەسەرەتاوە ڕێگای تەنازولاتی هەڵبژاردوە لەسەر حیسابی کورد وبنکە جەماوەریەکەی. پاش چەندین پەیماندان بە کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، نەک پەیڕەوی لەو بەڵێنانەی خۆی نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەی پەیمانەکانی ڕەفتار وگوفتار دەکات:

لە شاری مەلاتیە لە کۆنگرەی لاوانی حزب لە مانگی نیسانی ئەم ساڵە ٢٠٠٨ گوتی:» زیاتر لە ٣٦ گروپی ئیتنی ونەتەوەیی لە تورکیا هەیە، دەستوری نوێ نادەینە دەست کەمایەتیە قەومی وئیتنیە ناوخۆکان. ئێمە دەڵێین: نەخێر بۆ ڕەگەزپەرەستی!! ڕێگا نادەیەن ئەو کەڵکەڵە جوداخوازانە لە تورکیا ببوژێتەوە»!! نەک هێندە بەڵکو هەتا ئێستا ڕێگا نادات بە زمانی کوردی لە قوتابخانە دەوڵەتیەکانی شوێنە کوردنشینەکان بخوێندرێت، بۆیە کە سەرۆکی ژوری پارێزەران تانەرک ئۆغلو لە دیاربەکر لێی پرسی:» ئێوە داوا لە وڵاتی گێرمەن (ئەڵمانیا) دەکەن مافی بە تورکی خوێندن بۆ تورکەکانی ئەوێ زامن بکرێت لە دەزگا ڕەسمیەکانی خوێندن، ئەی بۆ ئەو هەقە بە کورد ڕەوا نابینیت؟...

ئەردۆگان گوتی مافی خوێندن بە زمانی دایک لە تورکیا بۆ هەموان زامن کراوە، بە بەڵگەی کردنەوەی چەندین خول لەو بابەتەدا» تانەرک ئۆغلو وەلامی دایەوە وگوتی»ئەو قسەیە لە شوێنی خۆیدا نیە، ئەو خولانە سنوردار وتایبەتن، ودەوڵەتیش پاڵپشتیان ناکات، پێویستە زمانی کوردی لە خوێندنگا وپەیمانگاکانی دەوڵەت بخوێندرێت. ئەردۆگان توڕە بوو وخۆی بۆ نەگیرا ونەیزانی چۆن خۆی لەو ئیحراجیە ڕزگار بکات، بۆیە دەستی کردە ئیهانە کردنی سەرۆکی ژوری پارێزەران لە دیاربەکر»وگوتی» تۆ درۆزنی، وڕاستگۆ نیت» تانەرک ئۆغلو گوتی: من ڕاستگۆییم ناخەمە ناو تەرازوی تۆ، وەمن ئەو کەسە نیم سوکایەتی لە تۆ قبوڵ بکەم» ویەکسەر شوێنەکەی بە جێهێشت.!!

ئەوە ئەو ئەردۆگانەیە کە بەداخەوە هەندێک کورد ترسی لا بردنی لێدەکەن، ڕاستە لەوانەیە لەوانی تر کەمێک چاکتر بێت بەڵام چاکی ناو خرابان!!

ئێستا بە پێی ڕاپۆرتەکان دەردەکەوێت کە ئەردۆگان و حزبی AKP هیچ لایەنگیریەکی ئەوتۆیان نەما بێت لەناوچە کوردییەکان. ئەردۆگان بە والابوونی

ڕاستەقینەی بەسەر کورد وتەبەناکردنی بێ هەڵاواردنی دیموکراسی دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر ئەو فشارانە بە ئاڕاستەیەکی تر ببات. لەو سەردانەشی پێویستە لە کەلی شەیتانی سیاسەت بێتە خواریێ، وسەرێک لە هەولێر بدات کە پایتەختی دوفاکتۆی کوردستانە بەپێی قەولی نوسەری سیاسی ناوداری تورک محمد عەلی پیراند!

نوسەری ناوبراو پێی وایە بۆ بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت پێویستە ئەردۆگان لە هەولێر بوەستێت بۆ بەیەک گەیشتن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم یان سەرۆک وەزیران... چونکە عێراق پێی ناوەتە سەردەمێکی نوێوە، وئێستا لە باکوری عێراق (کوردستان) ئەولەویەتی بۆ سەربەخۆیی نیە، بەڵکو بۆ دەرهێنانی زۆرترین بڕی نەوت وگازی سروشتییە بۆ یاریکردنی ڕۆڵێکی تەوەرەیی لە عێراقدا.» Turkish Daily News 20/6/2008.

خۆزگە ڕێزدار نێچیروان بارزانی لەو ڕۆژانە لە بەغدا نەبوایە، چونکە دیتنی ئەردۆگان وبەستنی کۆنگرەی سێ قۆڵی لە نێوان ئەردۆگان ومالیکی ونێچیروان بیانویەکی چاک دەداتە ئەردۆگان لە هەولێر دانەبەزێت. چونکە وەستانی لە هەولێر مانا ودەلالاتی زۆر گەورەی هەڵدەگرتن وشۆکیش دەبوو بۆ بیرورای ستریۆتایپتی شۆڤێنی! چونکە نێوەندی سیاسی تورکی زۆر پێویستیان بەو شۆکانە هەیە تا بە تەواوی ڕزگاریان دەبێت لە خورافاتە نەتوەییەکانیان!

ئەگەر ئەو قسەیەش ڕاست بێت کەوا سەرکردایەتی کورد لە جیاتی سەربەخۆیی چاویان بڕیوەتە نەوت وگاز بۆ دەوڵەمەند بوون، هیواداریـن دەوڵەمەندی ئەوان بۆ دەوڵەمەند بوونی هەموو کورد بێت، نەک حزبێک ودوان، وخێزانێک ودوان! تا ئەو دەوڵەمەند بونە وەک کارتێکی بە هێز بەکار بێت لە گەمەی سیاسەتەتدا.

30/6/2008

# ڕەوڕەوەی مێژوو بە دادگای دەستوری شۆڤینست ناوەستێ

لەوەتەی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات بۆتە یاریچیەکی سەرەکی لە گۆڕەپانی تورکیا، شۆڤێنستەکانی تورکیا بە دەست وپێ وچەک ودار هێرش دەکەن سەر ئەو پارتە، هەتا کار گەیشتە سوتاندنی نوسینگەی حیزب لە ئەنقەرە وتەقەکردن لە نوسینگەی ئەستەمبۆڵ، ئەوە جگە لەو هەڵمەتە سەرانسەرەی دژی ئەو حزبە ئەنجام درا لە پاش سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لەو ساڵەدا...

دەستوری شۆڤێنیستی تورکیا کە ئەگەر بکرێتە دەستوری ڕێکخراوێکی رۆشنبیری بچوک لە ئەوروپا، ئەو ڕێکخراوە توشی زیندان ودادگایی کردن دەبێت، توانیوەتی چەندین خاڵی بەهێز بۆ خۆی تۆمار بکات لەو دەستورە شۆڤینیە بۆ بەردەوامی دان بە کەلاکی نیوە مردوی ڕژێمی کەمالیزم، کە لە نێو ئەوانەش سوپا و دادگای دەستوری باڵا یە.

ئەو دادگایە دڵ پڕ لە قینە لەوەتەی دامەزراندنی لە ١٩٦٣ لە ماوەی ٤٤ ساڵدا تا ئێستا ٢٥ حزبی هەڵوەشاندۆتەوە، ولە وەتی دامەزراوە کاری تەنها هەڵوەشاندنەوەی حیزبە میانەڕەوەکانە وەک ( ئەربەکان کە هەر رۆژەی حزبێکیان لێهەڵدەوەشاندەوە) ووحزبە کوردیەکانە. بێگومان وەک هەر تورکێکی توندڕەو دادگای ناوبراو زۆر بە ئاشکرا دەست دەخاتە ناو سیاسەت ولایەنگیری بێ پەردەیی عیلمانیەتی توندڕە و کەمالیزم دەکات، بێ گوێدانە هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسی تورکی، وتەنها ئامانجیان هێشتنەوەی سەنەمەکەی کەمالیزمە وبەس ئەو سەنەمەی کە لەو هەفتەیە لە شارە کوردیەکان بەردباران دەکرا بە دەستی خۆپیشاندەران.

ئەو دادگایە لەو کرانەوەی حوکمەتی ئەردۆگان بە روی کوردا تۆقیوە، و هەموو ئامانجی لەناوبردنی حیوار ولێک نزیکبونەوەی کوردەکانە لەگەڵ حوکمەت، لەو پرۆژەیەی حزبی داد وگەشەپێدان، لەو هەڵوێستەشی چۆتە پاڵ حزبە شۆفێنستەکانی دەولەت باغچەلی ودەنیز بایکال.!

بەڕاستی ئەو دادگایە گەورەترین گورزی وەشاندە هەنگاو وهەوڵەکانی ئەردۆگان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەسەر ئاستی ناوەخۆ ودەرەکی دا، بێگومان ئەو دادگایەی کۆنە پاسەوانەکانی کەمالیزم لە هەوڵی

هەڵوەشاندنەوەی حزبی داد وگەشەپێدان یشی دا، وویستی ٧١ ئەندامیشی بە گول وئەردۆگانیشەوە لە سیاسەت کردن قەدەغە بکات! بەڵام لە ترسی کاردانەوەی شەقامی تورکی نەوێران ئەو کارە ئەنجام بدەن، پاش ئەوەی ئەردۆگان بەتوندی ئاگاداری کردنەوە کە بەو کارەیان بەرامبەر بە ئیرادەی زیاتر لە شازدە ملیۆن دەنگدەر دەوەستن!!

دادگای دەستوری باڵا کە لە ١١ ئەندام پێک دێت، لە پێکهاتەی ئێستایدا زۆربەی هەرە زۆریان لەلایەن سەرۆکی پێشووی تورکیا نەژدەت سیزار دامەزراون، کە ناسراوە بە شۆفێنیەتی تورکی، وخۆشی کاتی خۆی سەرۆکی ئەو داداگایە شۆڤێنیە بوو، ودەنگی خۆی چەندین جار بەکار هێناوە بۆ قەدەغەکردنی حزبەکان!! بۆیە جارێکیان ئەردۆگان وەسفی ئەو دادگایە کرد بەوەی کە لە ڕووی سیاسیەوە لایەنگیرە، وبوونی شورەییە!!

بێگومان ئەو کارە کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر پرۆسەی کرانەوە ودیموکراتی کردنی تورکیا وچارەسەری دۆزی کورد بۆ ماوەیەک، بەڵام نە ئەو دادگایە ونە دە دادگای تری وەک ئەوە ناتوانن ڕاستیەکانی سەر ئەرز بگۆڕن وپاشەکشە بە پرۆسەی ئاشتبونەوەی نیشتیمانی تورکیا بکەن.

بێگومان کوردیش توانای دروستکردنی حزبی تریان هەیە، ودەتوانن ببنە هاوپەیمانێکی بەهێزی حزبی داد وگەشەپێدان بۆ ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لە حیقد وکینەی ڕەشی کەمالیستەکان.

بەنیسبەت کوردەوەش دەڵێین وەک گوتومانە لەچەندین بۆنەی مەرئی ومەقروئدا، ئاشتی لە تورکیا نایەتە دی بە فەرامۆشکردنی (پ ک ک) وئۆجەلان، بەڵام پێویستە ئەو دوانەش بزانن کە کێشەی کورد زۆر لەو دوانەش گەورەترە، چاکتر وایە زۆر دەست نەخەنە ناو کاروباری ئەو حزبە کوردیە سیاسیانەی کە دروست دەبەن، لەوەتەی ئۆجەلان هەیە سەدان کەس خۆیان بۆ سوتاندوە دەبا ئەویش مۆمی تەمەنی لە زیندان بۆ کورد بسوتێنێ وخۆی نەکاتە مەرجێکی سەرەکی ئاشتی!

٢٠٠٩/١٢/١٢

# بەردەوام بە ئەردۆگان خوا وکورد وڕۆحی قودسیشت لەگەڵە

ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٣ لە پەرلەمانی تورکیا کرا و وترا بەڕاستی ڕۆژێکی مێژوویی گەورە بوو لە مێژووی تورکیا وتورک وکورد ومرۆڤایەتی.
وەک ئەحمەد تورک، سەرۆکی (د.ت.پ) گووتی یەکەم جارە لە مێژوو تورکیا باسی دۆزی کورد بکرێت لەسەر ئەو ئاستە بەهێزە. بەڕاستی ئەردۆگان وسەرۆک گوڵ وهاوەڵانی لە حزبی داد وگەشەپێدان بوێری خۆیان سەلماند، مرۆیی خۆیان سەلماند، ودیموکراتیەتی خۆیان سەلماند، پاش ئەوەی لە بەرامبەر سەدان پەرلەمانی نەتەوەپەرستی تورک جاڕی نەگەڕانەوە وپەشیمان نەبونەوەیان دا لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد.
ئەوەی ئەردۆگان وهاوەڵەکانی دەیکەن دورستکردنەوەی متمانە وبرایەتی وخۆشەویستییە لە نێوان دوو نەتەوەی تورک وکورد کە مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، ونزیکترین نەتەوە بوونە لە یەکتر بە تایبەتی لەسەردەمی عوسمانیەکان. ئەمڕۆش نیو عوسمانیەکانی ئەو سەردەمە لە هەوڵ وتەقەلای گەڕاندنەوەی ڕوە گەشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانین، کە لە چاکیدا هەر مایەی بەراورد کردن نییە لەگەڵ دڕندایەتی دەوڵەتی تورکیای نوێ.
ئەو ڕوبەڕوبونەوەی ئەردۆگان وشۆڤێنیستەکانی دەولەت باخچەلی ودەنیز بایکال وا فەرز دەکات لەسەر هەر کوردێک لە ناوەوە ودەرەوەی تورکیا پشتگیری لە هەنگاوەکانی حکومەتی ئەردۆگان بکەن، ونا بێت هیچ کارێکی وا بکرێت هەڵوێستی ئەردۆگان لاواز بکات بەرامبەر  دوو حزبەکەی باخچەلی (د. هـ پ) وبایکال (ج.هـ پ)، بەڵکو ئەگەر حکومەتی ئەردۆگان هەنگاوەکانی خستە واری عەمەلی، پێویستە هاوپەیمانیەکی بە هێز  لە نێوان نوێنەرانی کورد و حزبی داد وگەشەپێدان دروست ببێت.
گرێ کوێرەی ئەو هەوڵانەی ئەردۆگان لە (پ ک ک) و بەڕێز ئۆجەلان دایە، چونکە ناکرێت تۆ چارەسەری کێشەی کورد بکەیت لە تورکیا وبەسەر (پ ک ک) و بەڕێز ئۆجەلان باز بدەیت. چونکە ئەو حزبە بمانەوێت ونەمانەوێت وەک محمد نورالدین، پسپۆر لە بواری تورکیا وکورد دەڵێ »بێدارکەرەوەی هۆشی کورد بوو بە پێناسەی کوردی« وهەر هەوڵێک بۆ تەجاوز کردنیان ئەنجامی نێگەتیفی لێدەکەوێتەوە، بەلام لە هەمان کاتدا دەبێت (پ ک ک) و بەڕێز ئۆجەلان بزانن کە ئەو سیاسەتە بۆگەنە ونامرۆییانەی بۆ ماوەی

نزیک سەدەیەکە لە دژی کورد پیادە دەکرێت ناکرێت ئەردۆگان وهاوەڵانی بە ماوەیەکی کەم چارەسەری بکەن.
پێش ساڵێک زۆر لەو شتانەی ئێستا حکومەتی داد وگەشەپێدان دانی پێدا دەنێن ئەو کاتە موحەرەمات بوو، من گومانم نییە لەو عەقڵییەتە لیبرال-ئیسلامیەی ئەردۆگان وگول وهاوەڵانیان کە رۆژێکیش لە داهاتویەکی نزیکدا دەگەنە ئەو بڕیارە ولەگەڵ (پ ک ک) و بەڕێز ئۆجەلانیش دادەنیشن ودانوستان وسازش دەکەن.
کارەکە هێندە ئاسان نییە لەمەودوا پروپاگەندەی دژی ئاشتی وخودی حکومەتی داد وگەشەپێدان بە هێزتر وخەستتر دەبێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی دوو حزبەکەی باخچەلی (د. هـ پ) وبایکال (ج.هـ پ) بە ئاشکرا تۆمەتی خیانەت وپارچە کردنی تورکیایان خستە ئەستۆی حکومەتی داد وگەشەپێدان، بەڵکو گوتیان ئەوە پیلانێکی کۆلۆنیالیزمە ودواجا هۆڵی پەرلەمانیان جێ هێشت!
ئەردۆگان هێندە بەگەرمی هەوڵدەدات بۆ (کرانەوە بە ڕووی کورددا) هەر لە پاش وتەکانی پەرلەمان بڕیاری داوە سەردانی نزیکەی هەشتا شاری تورکیا بکات بۆ وەدەست هێنانی پشتگیری خەڵک بۆ پلانی چارەسەر، ویەکەم شاریش سەردانی بکات (مەلاتیە) بوو تێیدا زۆر دڵسۆزانە باس ئامادەیی خۆی کرد بۆ دەستبەرداری کورسی ووەزیفە وپلە وپایەی بەڵام سەربازی تر نەکوژرێن..» هەروەها گوتی:»بەر لە ٢٥ ساڵەوە وتا ئێستا ٣٠٠ بیلیۆن دۆلاری تێچوە وجگە لە ٤٠٠٠٠ کوژراو.، بەڵام ئێمە هەر چارەسەری دەکەین.
بە هیوای چارەسەرێکی بنبڕ بۆ دۆزی کورد با هەمومان پشتگیری هەنگاوەکانی حکومەتی داد وگەشەپێدان بکەین ودەم بە دوعا بین بۆ سەرکەوتنی.
٢٠٠٩/١١/١٥

# هەنگاوەکانی تورکیا لە ئاڕاستەی دروستدایە

ئەوە چەند مانگێکە حکومەتی تورکیا بە ڕابەری ئەردۆگان وسەرۆک کۆمار عبدالله گوڵ، ەەنگاوی دەگمەن وبێ وێنە دەنێن بۆ کرانەوە ودەستپێشخەری لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا. ئەو حکومەتە ئەگەر لەو هەنگاوانەی بەردەوام بێت لە بارەی چارەسەرکردنی تەنها کێشەی کورد نا، بەڵکو کێشە تریش وەک ئەو ئاشتبونەوە مێژووییەی لەگەڵ ئەرمەنستان، وهەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس، وچەندین ەەوڵی تری ئاشتی خوازانە، ئەوە بێگومان مێژوویەکی نوێ بۆ کۆماری تورکیا دەنوسنەوە، بێگومان دەبێتە بەڵگەی پێشکەوتنی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە بەسەر ەەموو وڵاتانی ناوچەکە کە ەێشتا لەناو شۆڤێنیەت وجەورو ستەمی ڕژێمە سەرەتاییەکان دەژین.

خودی خۆم تا ئەو دواییەش زۆر بەگومان بوم لە ەەڵسوکەوتی سەرانی پارتی داد وگەشەپێدان، بەڵام لەگەڵ ئەو جموجۆڵانەی ئەو دواییەیان دەتوانم بڵێم ڕادەی ڕەشبینیم چاک دابەزیوە وهەست بە جیدیەتی ئەو ەەوڵانە دەکەم. ئەوەی جێگای دڵخۆشیە کە نێوەندی ڕۆشنبیری تورکی ومیدیا بەگشتی ڕۆژانە خەریکی باسی کێشەی کوردن، ونوسەرێکی زۆری تورک بەو پەڕی ئینسافەوە لەسەر کورد وکێشەکەی دەنوسن، وداوای چارەسەری دەکەن وپشتگیری لە ەەوڵەکانی ئەردۆگان وگول دەکەن.

بێگومان ەەندێک دەنگی نەشازیش ەەیە کە دژی ئەو ەەنگاوانەی ئەردۆگان وگول ن، لە سوپا وحزبە ڕاستەڕەوە ڕەگەز پەرستەکان وەک (جەهەپە) و(مەهەپە) کە سەرانی حوکمەت بە خیانەت تاوانبار دەکەن! ەەتا ئەردۆگان نامەیەکی بۆ دەنیز بایکاڵی (زۆرەبڵیی ەیچ لەبار) نوسی بۆ بەژداری پێکردنی لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بەرەو پیری داوەتەکەی ئەردۆگان بچێت.

ئەردۆگان لە وتەیەکی لە زانکۆی (برنستونی) ئەمریکی ئاماژەی بەوەدا «کە چارەسەری کێشەی کورد بە یەک دەفعە نابێت بەڵکو دەیەوێت دۆسێی کرانەوەی دیموکراسی لەسەر ئاستی کورت وناوەندی ودرێژخایەن جێبەجێ بکات، بە ئامانجی ەەرس کردن وقبوڵکردنی لە لایەن ئۆپۆزسیۆن وپێکهاتەکانی گەل، ەەروەها گوتی: کرانەوەی دیموکراسی ەەر پەیوەندی بە

کورد نییە، بەڵکو پەیوەندی بە 30 پێکهاتەی ئێتنیکی تر هەیە کە لە تورکیا دەژین“

هەر لە نێو ئەو هەنگاوانەدا حکومەتی ئەردۆگان بڕیاری داوە بەڕەسمی ناوی کوردی زیاتر لە 30 هەزار گوند وشارۆچکەی کوردی بگەڕێنێتەوە وناوە تورکیەکان کە لە پرۆسەی بە تورک کردندا سەپێنرا بوون بەڕەسمی نەهێڵن.

هەنگاوەکانی تورکیا ڕابردووی خۆشی گرتەوە وئێستا ئاشتبونەوەیەکی سەرتاسەری هەیە لەگەڵ نەوەکانی ئیمپراتۆریەتی یان خیلافەتی عوسمانی، کە بەو دواییە دواهەمین نەوەی سوڵتان عبد الحمید ڕێگای پێدرا لەتەک گۆڕی باپیری بنێژرێت، وبە ئامادەبوونی سەدان هەزار کەس، بەڕاستی تورکیا پێویستی بەو هەنگاوانەی ئاشتبونەوە وئاشتی هەیە تا لە قوڕگی تەسکی ئەو بوتڵە شوشەیە دەرچن کە ئەتاتۆرک وکەمالیزم تێی خستون. ئەوەی جێگای دڵخۆشیشە بەڕێز ئۆجەلانیش پشتگیری ئەو هەنگاوانە دەکات وڕەزامەندی نیشان دا کە (د ت پ) نوینەرایەتی کورد بکات، لە جیاتی (پ ک ک). پێویستە (د ت پ)ەش زۆر بە ئارام وحەکیم بێت وئەوپەڕی هەماهەنگی بکات لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەردۆگان وتەشهیری میدیایی نەکات، هەتا ئەگەر شتێکیشیان بە دڵ نەبوو، چونکە دوژمنانی ئەو هەنگاوە مەزنانەی حکومەتی دادا وگەشەپێدان هێندە کەم نین لە ناوەوە ودەرەوەش، بۆیە پێوێستە هاریکاری بکەن بەڵام هاریکاریەکی بێ مەرجیش نا.

بەڕاستی ئەمڕۆ بە نسبەت کورد موعجیزەیە سەرۆک وەزیرێکی تورکی مەم وزینی ئەحمەدی خانی بخوێنێتەوە وستایشی بکات، ویان سەرۆک کۆماری بە کوردی بەخێرهاتنی میوانەکانی بکات وپەیمانی فێربوونی زمانی کوردی بدات، هەرچەندە لەو ستونە بۆ چەندین جار ڕەخنەی توند ئاڕاستەی حکومەتی تورکیا کراوە، بەڵام هیوادارم لە هەموو بۆچونەکانم هەڵە بوبم، ئێستا هیوادارم هەموو هەنگاوەکانی ئەردۆگان وگول هەقیقی بن، وکۆتایی بەو هەموو کێشە وخوێن ڕشتنە بهێنن.

ئەگەر تورکیا وای کرد ئەوە گومانم نییە کێشەی کورد سەرتاسەری چارەسەر دەبێت وناوچەکە هێمنییەک بەخۆیەوە دەبینێت وەک هێمنی سویسڕا، وئەو ڕۆڵە سەرەکیەش هەر لە تورکیا دەوەشێتەوە بە پێی میراتی مێژوویی وهاوچەرخی.

٢٠٠٩/١١/١٠

# بان کی مون بە کوردی گۆرانی چڕی لە ئەستانبۆڵ

لەکاتی ئێوارە خوانێک لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی تایبەت بە سۆماڵ وکێشەکانی، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بان کی مۆن سەرکەوتە سەر شانۆی هۆڵەکە وگۆرانیەکی بە کوردی چڕی، لە ئامادە بوونی گەورە بەرپرسانی تورک وچەندین سەرۆکی بیانی. لە کۆتایی گۆرانیەکەیدا چەپڵەیەکی توندی بۆ لێدرا، وئێوارە خوانەکە لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕێکخرابوو (ئەحمەد داود ئۆغڵو)

بەڕاستی ئەو میللەتەی کۆریا ڕۆژ بەڕۆژ دەیسەلمێنن کە تا چ ڕادەیەک میللەتێکی هەستیار ومرۆڤ دۆستن، کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لەناو جەرگەی ئەو وڵاتەی کە هێشتا کوردی وەک زمان سەدان وهەزاران بەندی قەدەغە وتابۆی لەسەرە، بە کوردی گۆرانی بڵێ مانایەکی ڕەمزی ودیبلۆماسی زۆر بەرز وباڵا بەرجەستە دەکات، ومێسەجێکی ڕوونی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ ئەو وڵاتەی کە ڕەوڕەوەی چاکسازی بە تایبەتی لە بواری مافی مرۆڤ یان مافی کوردان بە تایبەتی هێشتا زۆر بە سیستی دەڕوات بەڕێوە.

وئاماژەیەکیشە بۆ حکومەتی ئەردۆگان کە هەتا لەو هەوڵە چاکسازیانەی ئەو دواییەی بۆ گۆڕینی هەندێک لە بەندە نامرۆییەکانی دەستوری تورکی، بەلای ئەو بەندە دەستوریانەی دژ بە کوردا نەچوو، وهاندانێکە بۆ حکومەتی حزبی داد وگەشەپێدان هیچی تر دۆزی کورد نەخاتە ڕیزبەندی دواوەی ئەولەویاتەکان.

سەرچاوە: سایتی اخبار العالم ی تورکی

٢٠١٠/٥/٢٥

بەشی دووەم

# ئەردۆگان:
# دیموکراتێکی دوو ڕووی خاپێنەر

# کێ یەکەم کەس بوو
# هەوڵی چارەسەری کێشەی کوردی دا لە تورکیا؟!

لەبەر نەفەسی ئایدیۆلۆژی سیاسی دینی کەسانێکی ناو زل کە خۆیان بە مێژوو نووسی گەورە دەزانن، رۆژانە وەک مندالّە بێ ئەزموون و تووتی ئاساکانی ئەحزابی دینی ئیسلامی، بە هاندانی وتارە ساویلکەکانی گەورەکانیان ستایشی رۆڵی زۆر گرنگ و بێ وێنەی ئەردۆگان دەکەن، کە گوایە یەکەم کەس بووە دەستی بە پرۆسەی چارەسەری کیشەی کورد کردوە!
ئەو لۆژیک و وتارە ساویلکەیە بە ڕوحیەتێکی پڕ منەتباریەوە شەو و ڕۆژ لە بابەتە کاڵ و کرچە ئیسلامیە سیاسیەکان، و پۆستی سۆشیال میدیا و کۆمێنتی هەرزەکارانە دووبارە دەبێتەوە... دواهەمین کەس کە ئەو بانگەشە بێ بنەمایەی دووبارە کردوە کاک سەلام ناوخۆشی نووسەری شارەزای مێژوو بوو!
سەیرە مرۆڤ شارەزای مێژوو بێت کەچی مێژوویێکی هاوچەرخی خۆی بەسەردا تێپەڕێت! من و ئەو وەک دوو برادەر وا هەست دەکەم دوێنێ بوو ئۆزالمان دەدیت، چ هەولێکی ڕاستگۆیانەی دەدا لە پێناو چارەسەرکردنی دۆزی کورد، و وەک لەو بەرنامەیەش دەردەکەوێت کە چۆن داهێنەری چارەسەری هەقیقی مەدەنی دیموکراتی ئۆزال بوو گەر فاشییستەکانی تورک بواریان پێدابایە و ڕەشکوژیان نەکردبا.

هەروەك دەمێکە ئاماژەم بەو ڕۆڵەی ئۆزاڵ دا:
[جاری وەهمێک هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کوردا لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧ -١٩٩٣یەک سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایک [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ک ک، بڕیاری ئاگربەستی پ ک ک دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەولی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بلێی دیموکراتی

هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانیئ ئاشتی ڕەشکوژ کرا، من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێک بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات، و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەک بە دوای یەک سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە.
ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایداوە لای کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە، لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا! ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەک هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پرۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟!. "
تکایە هیچیتر قەوانی ئەردۆگانمان بۆ لێمەدەن ئەو منەتەی دەتان کرد لە سایەی ئەو هەموو کوشتارەی کورد و ماڵوێرانکردنەی کورد بە دەستی ئەردۆگان، ئەگەر ڕاستیش بێت، کە ڕاست نییە، تازە بەتاڵ بوەوە، هیچیتر بێ ڕوویی و بێ شەرمی مەکەن لە ئاست ئازار و ناسۆری میللەتەکەتان، ئەگەر بیروباوەڕێکی دینی سیاسی بێ سوود وبێ کەڵکی کردوون بۆ میللەتەکەتان، هەرنەبێ بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن:

ئەوەش ڤیدیۆکەیە:
https://vimeo.com/157577176

# ئەردۆگان سەلماندی ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە!

ئێرە دەوڵەتی خەلیفە بەغدادی نییە، ئێرە نە موسڵە ونە ڕەقە. ئێرە ئەستەنبۆڵی سوڵتان ئەردۆگانی میراتگری هەموو نەگریسیەکانی مێژووی تورکە. ئەو وێنەیە پێمان دەڵێت: سێکیولارەکان و دیموکراتخوازەکان لەسەر هەقن کە ترسێکی هەمیشەییان هەیە لە هەر کەسێک درماوی بووە بە ئیسلامی سیاسی، هەرچەندە دیکۆرێکی سێکیولاری و دیموکراسی بۆ خۆی چێ بکات. ئەمڕۆ ئەو داعشیانە پڕبوونە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەتا ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان ڕەوانەی کوردستانی باکووری کردوە هەمووی ڕیشنی داعشین، بە ڕوحیەتی بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتان، دژی کوردی پلانگێڕی بێ ئیمان دەجەنگن دژی کوردان.

ئێستا دەزانم کاتی خۆی دەسەلاتی جەزائیر ڕاست بوون، کە نەیان هێشت دەسەلات بکەوێتە دەستی بەرەی ئینقازی ئیسلامی، کە دەیانویست دیموکراسی بۆ جارێک تەنها بەکاری بهێنن، ئەویش تا پێی دەگەن بە دەسەلات. دیارە ڕۆژگار ڕاستی سیسی یشمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە ئەردۆگان وا بکات، کە ئامۆژگاری ئیخوانەکانی دەکرد میانڕەو بن!!!

باشە ئەگەر ئیخوان بە تەواوی دەستی بەسەر حوکم داگرتبا دەبوایە چی کردبا؟! بە تایبەتی کە ئیخوان لە سەردەمی حوکمی مورسیدا، پاش سەردانەکەی ئەردۆگان دەیەها ڕەخنەی توونديان ئاڕاستەی میانڕەوی وتەنازولاتی ئەردۆگان کرد!

٢٠١٥/٨/٩

# چۆن رزگارمان دەبێت لە توندڕەویی ئیسلامی سیاسیو سێکیولاری؟ نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان

١

ئەمرۆ جیهانی ئیسلام هەمان جیهانە یەکڕەنگو ئاساییەکەی پیش هاتنی ئیمپریالیزمو پاش ئەو گەشەکردنە زانستیو تێکنۆلۆژی و مەعریفییە نییە. بمانەوێت، یان نا ئەمرۆ چەندین بیروبۆچوونو ئایدیۆلۆجیاو ئایینو ئاڕاستەی جۆراوجۆر لەو جیهانە پانو بەرینەی ئیسلامدا دەژین. دەبێت بزانین چۆن سەرکەوتوو دەبین لە هونەری لەگەڵ یەکتر ژیاندا، نەک هەر خەریکی فریودانی یەکترو کودەتا لە یەکتر کردنو چەوساندنەوەو دەمکوتکردنی یەکتر بین.

ئەمرۆ لە جیهانی ئیسلامدا چەندین بزاڤی ئیسلامی لە ئارادان لەوپەڕی توندڕەویی جیهادییەوە بۆ ئەوپەڕی میانڕەوەوە، ئەگەر میانڕەوی مانای ون نەکردبێت! هەموو لایەک دەزانن بزاڤە توندڕەوەکان چ گورزێکیان لە ئیسلامو موسوڵمانانو ئاسایشی تاکو کۆمەڵ داوە.

لە بەرانبەریشدا رژێمە سێکیولارە فاشیستەکان تەنها بە عەقڵییەتی ئەمنی دەیانەوێت چارەسەری قەیرانەکە بکەن بێ ئەوەی ماندوو بن لە بەکارهێنانو بەکارهێنانەوەی ئەو چارەسەرە ئەمنییەو بێ ئەوەی سەریشبکەون تیایدا، لەو نێوە ئەوەی زەرەرمەندە کۆی گەلانی موسوڵمانە، کە لەبەر ئەو کێشە نەزۆکەی دوژمنایەتی نێوان دەسەڵاتی بەنێو سێکیولارو گرووپو حزبە ئیسلامییەکان، گەورەترین باج دەدەن لە ژیانو وزەو تواناو دەرفەتی پێشکەوتنیانو لە دواکەوتنی ژیاریدا.

لەو بارەیەوە بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئەوان نزیکترن لە چەمکە دیمۆکراسییەکان و هەردەم نمونە بە ئەزموونی وەک ئەزموونی میسرو تونسی بەهاری عەرەبی و بەرلەوەش بە ئەزموونی دادو گەشەپێدان لە تورکیادا دەهێننەوە، و دەڵێن کە سەرانیان کە باگراوندێکی ئیسلامیان هەیە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهینا لە پاراستنی یەکڕیزیو ئاسایشی نەتەوەییو رێزگرتن لە رەنگە جیاوازەکان! کەچی لە ژێر دەسەڵاتی سوپادا، تورکیا ببووە کێڵگەی کودەتاو سڕینەوەی نەیارو هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانو زیندانیکردنی کەسایەتییەکانو

قەدەغەکردنی رواڵەتە دینییەکانی وەک حیجابو ریشو گەلێک شتیتریش، هەروەها لە پاش کودەتاکەی میسریش بە سەر دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی سەرۆک مورسیو بە سەر ئیخواندا، ئەو دەسەڵاتە بەنێو سێکیولارەی سیسی رووی فاشسترین ڕژێمی سپی کردەوە لەوەی بە میللەتەکەی دەکات. لەو نێوە حزبی دادو گەشەپێدان، لە نێو ئەزموونی ئەو هەموو کودەتا سەربازییەو ئەو هەموو چەوساندنەوەو قەدەغەکردنی ئازادی دەربڕینو پۆشیندا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەریهەڵدا پاش جیابوونەوە لە حزبی فەزیلە، بە رابەریتی ئەردۆگانو گویلو ئەحمەد داود ئۆغلۆ بە ئایدیۆلۆجییەتێکی دیمۆکراسی موحافیزکارانە، کە بە پێی خۆناساندنیان لە سەر بیرۆکەی یەکتر قبولکردنو تەبایی دامەزراوە، نەک لە سەر بنچینەی کێشمەکێشو بەگژیەکترداچووندا، و دەشیانگووت سیاسەت دەکەن بێ ئەوەی دینیش بەکاربهێنن لە کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا.

لە سەرەتادا ئەو حزبە توانی جۆرێک لە تەوافوقیو تەبایی پیشکەشی کۆمەڵ بکات لە سەر بنچینەی چارەسەری مام ناوەندی مێژوویی لە نیوان توندڕەوی سێکیولاریستو توندڕەوی ئایینیدا. توانی خۆی وا دەرخات کە رێز لە بیروباوەری ئیسلامییەکان دەگرێتو مافیان لە ئازادی دەربڕین و پۆشیندا دەگرێت. و لە هەمان کاتیشدا ریز بگرێت لە بنچینەکانی دیمۆکراسییەت و پلورالیزم. ئەو ریزگرتنە لە پلورالیزمییە لە سەرەتای دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان دەگەیشتە مافی کوردیش، بە جۆرێک لە سەردەمی هیچ حکومەتێکی تورکیدا کێشەی کورد هێندە بایەخی میدیایی وسیاسی بە خۆییەوە نەدیتبوو.

بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەردۆگان بە نۆرە خەریکی سەرکوتکردنی هێزەکانی تورکیا بوو، هێشتا نۆرەی کورد نەهاتبوو، بۆیە ئێمە فریومان پێی خواردبووا ئاک پارتی لەو سیاسەتە بەراییەیدا سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، کە ببوە هۆی قەڵسبوونی هەندێک نوخبەی سێکیولارو بەڵکو دینیش لە ناوەوە، وەک کۆمەڵی (خزمەتی) گولەنەکان، دیارە گولەنیەکان زووتر هەستیان بەو نەزعەیە دیکتاتۆریەی ئەردۆگان کردبوو، بۆیە وردە وردە لێی دووردەکەوتنەوە.

ئەردۆگانیش گولەنو جەماعەتەکەی تاوانبار کرد بە دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوتەریب لە نێو دەوڵەتدا، کە تەحەدای دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراوی ئەوان دەکەنو ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لە دژیدا. حزبی دادو گەشەپێدان هەر لە یەکەم رۆژییەوە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە،

کە هەرگیز نابێتە بەدیلی حزبە ئیسلامییە ئایدیۆلۆژیە کلاسیکییەکان، پشت ئەستوور بوون بە ئەزموونی خزمەتکردنیان لە شارەوانییەکانی ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانیتر.

ئیدیعای دەکرد کە چارەسەری ئەو قەیرانە توندڕەوییە لە هەردوولا (ئیسلامیو سێکیولار) لە پێناو تەبایی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، دەبێت بە روحیەتێکی نوێی تەواو دیمۆکراتیو بێ هەڵاوێردن کاری سیاسی بکەنو تا بکرێت لە شەڕی ئایدیۆلۆجی دووربکەونەوەو رێز لە جیاوازییەکان بگرن.

ئایە حزبی دادو گەشەپێدان دەرچوو لە ژێر کەوای ئیسلامی سیاسی؟! حزبی دادو گەشەپێدان لە یەکەم رۆژی هاتنیدا بۆ سەر دەسەڵات ٢٠٠٢و پاش جیابوونەوەی لە حزبی فەزیلەی ئەربەکان هەوڵیدەدا بە هیچ جۆرێک وتاری تەقلیدی ئیسلامی سیاسی عەرەبی پەیڕەو نەکات. هەر لە یەکەمین ڕۆژەکاندا ئەردۆگان دەیگووت: «زۆر هەڵەیە حزب یەکسان بکەین بە ئایینو ئایین بە سیاسەت.

ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، حزبێکی تیۆکراسیش نین، بەڵام لە حاڵەتی هاتنە ناوەوەی خەڵکی دیندار بۆ نێو ژیانی سیاسی لەگەڵ نەکردنە پێوەری ئایینی بە مەرجەعیەتی خۆیان. ناکرێت لەو حاڵەتەدا باسی ئیسلامی سیاسی بکەین»، هەروەها عەبدوڵڵا گویل لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (شرق الاوسط)دا گووتی: «ناومان مەنێن ئیسلامی، ئێمە حزبێکی ئەوروپی موحافیزکاری نوێین.

دەکرێت وەسفمان بکەن وەک دیمۆکراسە موسوڵمانەکان، بە هەمان شێوەی دیمۆکراسە مەسیحییەکان لە وڵاتانیتری ئەوروپا. تێکەڵکردنی ئایین بە سیاسەت زیان بە هەردووکیان دەگەیەنێت، چونکە پرنسیپی ئایینی پارێزراوە بە سروشتی خۆی بەرانبەر هەر گۆڕانێک، بەڵام سیاسەت بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، وەک وەڵامدانەوە بۆ واقیع

." حزبی دادو گەشەپێدان وەک خاوەن درێژترین ماوەی دەسەڵات لە تورکیادا بێ مونافیسێکی وەها، زۆرجار لە لایەن نوخبەی فەرهەنگی سێکیولاری تورکیو دەرەوەی تورکیاش، گومانی دەخرایە سەر نیازی، بە هۆی بە سوک رووانینە خواردنەوە کهولییەکانو برەودان بە خوێندن و پەروەردەی دینیو چەندین سیاسەتی دینی تر.

بۆیە پرسیاردەکرێت، ئایا بڵێی رۆژێک ئەو حزبە دەسەڵاتو باڵادەستی خۆی بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و هەڵگەڕانەوە لە پەیمانە

دیموكراتیـەكان لـە ژێـر كاریگـەری ئیسـلامی سیاسـی تەقلیـدی لـە توركیـادا؟
جەیمس جیفری و سۆنەر كاگپاتی James F. Jeffrey و Soner Cagap-tay لـە پەیمانـگای واشـنۆتن دەڵێـن: «وەڵامـی ئـەو پرسـیارە نەخێـرە، چونكـە ئـەدگاری مێژوویـیو سیاسـی دەگمەنـی توركیا دەیكاتـە خاكێكی نەگونجـاو بـۆ پیادەكردنـی شـەریعەت، یـان دەركەوتنـی ئیسـلامێكی رادیكاڵـی.»
جیـاواز لـە وڵاتانیتـری عەرەبـیو هەتـا كوردیـش وشـەی پیـادەی شـەریعەت ئـەو شـەوقو زەوقـەی نییـە لـە نێـو خەڵكـی توركیـادا هەتـا دیندارەكانیـش، چونكـە لـە رێـگای میراتـی سـێكیولاری توركیـاو ئاوێتەبوونیـان بـە شـێوازی ژیانـی خۆرئاوایـی لـە سـەردەمی كۆتاییەكانـی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە، ئـەو دەسـتەواژەیە (پیادەكردنـی شـەریعەت) ئیحائێكـی نیگەتیڤـی وەرگرتـووە وەك هـاكان یافـوز، پسـپۆر لـە كاروبـاری توركیـا ئامـاژەی پێكـردووەو وتوویەتـی: پرۆسـەی بەئیسـلامیكردن لـە سـەر چەقـی پیادەكردنـی شـەریعەت ناسـوڕێتەوە، بەڵكـو زیاتـر لـە سـەر ئیسـلامی ئەخلاقـیو رەوشـتی دەخولێتـەوە.
لە كاتێكدا بە پێـی راپرسـییەك، كە پڕۆژەی پیو بۆ توێژینەوەكانی ئاڕاستەی جیهانـی Pew Research Global Attitudes Project زیاتـر لـە ٨٠٪ پاكسـتانیو میسـری پشـتگیری لـە پیادەكردنـی شـەریعەت دەكـەن بەوپـەڕی توندییـەوە، بـەڵام ئـەو رێژەیـە لـە توركیـا لـە ١٦٪ تێناپەڕێـت بـەر لـە هاتنـی حزبـی دادو گەشـەپێدان بـۆ دەسـەڵاتو تـا ئەمـڕۆش ئـەو حزبـە لـە ٢٠٠٢ هەتـا ئەمـڕۆ لـە سـەر دەسـەڵاتە.
زۆرجـار كەسـانێك كاتـی خـۆی وەسـفی ئەردۆگانیـان دەكـرد بـە ئیخوانـی، یـان دەرچـووی قوتابخانـەی ئیخـوان، یـان دەیانگـووت كەوتۆتـە ژێـر كاریگەریـی تێزەكانـی راشـد غەنوشـی، بـەڵام وەك چاودێرێكـی بەردەوامـی گۆڕەپانـی ئیسـلامی سیاسـی و مێژووەكـەی، بە دڵنیاییـەوە دەڵێـم ئـەردۆگانو حزبـی دادو گەشـەپێدان لـە رووی بونیـادی فیكـریو سیاسـییەوە لـە بەراییـدا، بـە تـەواوی جیابـوو لـە ئیخـوان و چەندیـن قۆنـاغ پێـش ئیخـوان كەوتبـوەوە لـە خوێندنـەوەی واقیعو تێگەیشـتنیو رەفتـار لەگـەڵ كردنیـدا، ئینجـا راشـد غەنوشـیش بـە چەنـد قۆناغێكـی كـەم لـە پێـش ئیخوانـی تەقلیدییەكـە بـوو لـەو بـوارەدا، بـەڵام دەبوایـە غەنوشـیو ئیخـوان وەك قوتابـی دابنیشـن بـۆ فێربـوون لـە ئـەردۆگانو حزبـی دادو گەشـەپێدان، ئەگـەر نەیگۆڕیبـا!
حەیفـە ئـەردۆگان و ئـاك پارتـی پـاش ئـەو هەمـوو دەسـكەوتە سیاسـیانەی لـە توركیـا بەدەسـتیان هێنـا، خیانـەت لـە پرنسـیپی دەوڵەتـی یاسـا و دیموكراتیـەت

بکات، و بکەویتەوە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا. ئەوەی زیاتر بە روونی ئاماژەی دەکرد بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان عەقڵییەتی ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان لەگەڵ عەقڵییەتی ئیخوان لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٢ کاتێک ئەردوگان سەردانی میسری کرد، هەر بەو وەهمە جەماوەری ئیخوان بە گەرمی پێشوازییان لە ئەردۆگان کرد بە دروشمی ئایینیو هیتافی پڕ لە جۆشو خرۆشی دینییەوە، بەڵام کاتێک ئەردۆگان وتاری بۆ دان، گوتی: «زۆر پێویستە حکومەتێکی سیکیولاری دیمۆکراسی پێکبهێنن، کە ئازادییە دینییەکان دەستەبەر بکات بۆ هەمووان» جەماوەری ئیخوان زۆر توڕەبوون لێیو دەیانگووت پێویستمان بە ئەردۆگان نییە ئێمە فێری چۆنییەتی سیاسەتکردن بکات.

بەڵام بەڕاستی پێویستیان بوو، کەچی بەداخەوە لە جیاتی ئەوان لە ئەردۆگان فێری حوکمی دیموکراسی بن، بە پێچەوانەوە ئەردۆگان پەتای ئیسلامی سیاسی مێژوویی زەفەری پێ برد، بە قەرەزاوی و قەرەداغی و ستایشەکانی ئیخوان، بە تایبەتی پاش لادانیان لە حوکمی میسر، فریوی خوارد، هەنگاوی خێرای بۆ دواوە نا، بۆ دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دزێوترین فۆرمی ئیسلامی سیاسی وەک داعش و توندڕەوانیتر!

# هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم

٢

هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم بەر لەو گۆڕانکاریە نێگەتیڤە کارەسات ئامێزانە، ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان نەدەکرا لە خانەی ئیسلامی سیاسی حسێب بکرێن، بە رای ئێمە ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان توانیبوویان تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر عەبای ئیسلامی سیاسی بە هەموو مەقولاتە تەقلیدییەکانیو تا ڕادەیەکی باشیش لە ژێر چەتری سێکیولاریەتی توندڕەوی شەرقی، بە هەموو بۆچوونو رەفتارە ناقۆڵاکانی دەربچن، و هەوڵێک بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەو شەڕە دوانییەکانن وەک ئیسلام و سیکیولاریزم. هەقو ناهەقو تاریکیو ڕووناکی.. هتد.

بە رای من ئەو ڕێگایەی سێیەم، گوزارش لە ئامانج و ئاواتی زۆربەی هەرەزۆری گەلانی موسڵمانی جیهانی ئیسلام دەکات، هەر بۆیەش ئەردۆگان بەردەوام ئەو هەموو دەنگەی دەهێنا، چونکە خۆی وەک هەڵگری ئەو پڕۆژەیە نیشان دەدا! بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە ئەو پیاوە لە ئاستی ئەو پڕۆژە مەزنەدا نییە، و ئەو ڕێگایە کەسایەتییەکی بوێرو بلیمەت و دامەزراوی، هاوسەنگی دەویست بۆ بە دامەزراوکردنی و هێنانەدی، نەک بەستنەوەی بە کەسێکی هەڵگری هەموو ڤایرۆسی نەتەوەپەرستی ئەتاتۆرک و تۆڕانیەت و سەرەڕای تێزە نوشوستی هێنەرەکانی ئیسلامی سیاسی، کە دەرکەوت ئەردۆگان لێی ڕزگاری نەبووە، بەڵکو چاوەڕێی قۆناغی تەمکینی دەکرد بۆ دەرکەوتنی ! ئەردۆگان، لەبەر ئەو هۆکارە فیکریانە بوو نەیتوانی وەک هەر سەرۆکێکی دیموکرات واز لە دەسەڵات بهێنێت و پاش ئەو هەموو ساڵەی حوکم، کەسێکی تری نەدۆزیەوە درێژە بە کاروانەکە بدات، وبەو ئەنجامە گەیشت بەو شێوەیە هەڵگەڕێتەوە لە بەهاکانی دیموکراسیەت و جەوێکی پڕ لە توندوتیژی وتۆقاندن و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی لە تورکیا دروست بکات! ئەو ڕێگایەی سێیەمەش چاکترین چارەسەرە بۆ دەربازبوونی ئیسلامی سیاسی لەو چاڵە مێژووییەی، کە تێیکەوتووە و بە سەدان هەزار قوربانی دەبەخشێت لە پێناو بیروڕایە کێشەدارەکانیو بێ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی

جیدی بکات بە کۆی میراتی دینیو سیاسیدا.
دەکرا ئەزموونی داد و گەشەپێدان ئەگەر هەڵنەگەڕابایەوە لە پەیمانەکانی، ببێتە نموونەی ئەو حزب و دەسەڵاتەی کە دەیەوێت خزمەت بکات بە دەوڵەتو بە میللەتان، رابەرانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و عەقلانی رەفتار لەگەڵ دینو دەوڵەتو ئازادییەکاندا بکەن. خەونو دڕدۆنگی بە خەڵک نەفرۆشنەوەو دەست بە توێکڵەکان نەگرن لە بری کڕۆک، و ئیلهام لە رۆحی سەردەم وەرگرێت. دەرکەوت ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە!
ئەو پێست گۆڕینەی ئەردۆگان و ئیسلامیەکان بەو خێراییە پێوانەییە لە ئیسلامی سیاسی ئەربەکانیەوە بۆ دیموکراتیەکی هاوسەنگی ئەنگلۆساکسۆنی بۆ فاشستی دینی، وا لە نێوەندی سیاسی و مرۆڤی دیموکرات و مەدەنیخواز دەکات، هیچ هەست بە ئەمان نەکەن لەگەڵ هەر فیگەرێکی ئیسلامی سیاسی، هەتا ئیدیعای ئەوپەڕی دیموکراتیەتیش بکات. چونکە ئەزموونی ئەردۆگان و ئاک پارتی هەموو هۆکارێکی مێژوویی و بابەتی و جوگرافیشی لەبار بوو، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت! بەڵام لەبارچوونی ئەو ئەزموونە لە لوتکەی هێزیدا، و پاشگەزبوونەوەی لە پاراستنی بەها دیموکراتیەکانی کۆمەڵگای تورکیا، دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دڕندەترین و تیرۆرسترین هێزی دینی ئیسلامیدا، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئەستەمە متمانە بکەیت بە کەسێکی ناو بازنەی ئیسلامی سیاسی یان لە ژێر کاریگەری ئەو بازنەیە، بتوانێت کۆمەڵگایەکی دیموکراتیت بۆ بنیات بنێت.
من چاوەڕوان بووم لەگەڵ قۆناغی ئاک پارتی و دیاردەی ئەردۆگان، قۆناغی پۆست ئیسلامی سیاسی [ما بعد الاسلام السیاسي] دەست پێبکات و زۆربەی مەقولات و پرنسیپە نامرۆیی و نائینسانیەکانی ئیسلامی سیاسی تێپەڕێنێت، نەک پاش برینی نیوەی ڕێگا هەڵگەڕێتەوە بۆ ختوکەدانی هەستی شۆڤێنیزمی دینی و نەتەوەیی! سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلام هەردەم بە گومان بوون لە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامیەکانەوە، بۆیە هەموو شتێکیان دەکرد بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەمیان! هەرچەندە ئەوانیش فریشتە نەبوون، بەڵام دەرکەوت ڕاستیان دەکرد لە گومانەکانیان! کاتی خۆی ئیمە زۆر پەست دەبووین بەو بەدگومانی و ستەمانەی لە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرا، هەر لە سۆنگەی ئەو ستەمانەوەش، باوەڕمان بە دیموکراتیان نەبوو. کاتێک بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیر لە دیسەمبەری ١٩٩١ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە ڕێژەیەکی بەرز بردیەوە، کە دوایی نوخبەی

عەلمانی و جەنەراڵەکان ئەنجامەکەیان بەتاڵ کردەوە و بەرەی ئینقازیشیان هەڵوەشاندەوە. لە بیرمە خەڵکانێکی سێکیولاری زۆر خۆشحاڵیان نیشان دەدا بەو کودەتایە، ئێمە وەک حالەتێکی نا دیموکراتی و نا تەندروست سەیری ئەو کەسانەمان دەکردن، کە چەندە دژی دیموکراتیەتن! لە بیرمە لەساڵی ٢٠٠١ بوو لە کەناڵی میدیا لە بروکسڵ لە بەرنامەیەکی کاک جەبار قادر میوان بووم، لەسەر کێشەی عەلمانیەت وئیسلامیەت، کاتێ من ئاماژەم بە ساختەیی دیموکراتیەت کرد و نمونەی بەرەی ئینقازم هێنایەوە، کاک جەبار گووتی: بەڵام خەڵکانێک دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتیان گرتە دەست جارێکیتر بەری نادەن، و دیموکراسیەت دەسڕنەوە! من گووتم ئێوە بۆ گومانی خراپ دەکەن بەرلە ڕوودانی؟!

ئەو کاتە زۆر قەناعەتم بەو ڕایەم هەبوو! بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا تا دەهات باوەڕم بەو وەڵامەم کز دەبوو، چونکە چەندە زیاتر شارەزای دید ومەزاجی ئیسلامی سیاسی دەبووم زیاتر باوەڕم بەو ڕایەم لاواز دەبوو، کە زەحمەتە ئیسلامیەکان لە ڕێگای دیموکراسیەت دەسەڵات وەرگرن، ئاواش ئەگەر لە ڕێگای دیموکراسیەتەوە ئەگەر سەرنەکەوتن دەسەڵات ڕادەستی سەرکەوتوو بکەنەوە! ئەوەش لەسەر هێزە سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلامیش جێبەجێ دەبێت، بەڵام قۆرخکردنی دەسەڵات بە هێزی وتار و ئاڕاستەی دینی زۆر ترسناکتر و درێژخایەنتر و بەزیانترە لە دەسەڵاتێکی نادینی نا موقەدەسکراودا. ئەوەشی قەناعەتی پتەوکردم بەو تێزە، ئەگەر کەسێکی وەک ئەردۆگان لە وڵاتێکی نیمچە ئەوروپی و ڕابەری حزبێکی نیمچە سێکیولار و دیموکەاتخواز، کە ڕۆژێکیش داوای حوکمی ئیسلامی نەکردبێت، وا دوچاری هەڵاوسانی گرێی خۆپەرستی و دیکتاتۆریەتی دینی ببێت لە کار و ڕەفتارەکانی، کەوابوو سێکیولارەکان و دیموکراتخوازەکان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر هەق بوون، کە ترسێکی هەمیشەییان هەبوو وهەیە لە هەر کەسێک لە بازنەی ئیسلامی سیاسیدا بێت، یان هەتا تەنها باگراوندێکی ئیسلامی سیاسی هەبوو بێت وەک ئەردۆگان، هەرچەند هەوڵیشیدا دیکۆرێکی سێکیولاری و دیموکراسی بۆ خۆی چێ بکات. حاڵەتی ئەردۆگان گومانەکانی من و خەڵکیتریشی زیاتر بەهێزتر کرد، چونکە بەر لە چەندین ساڵ وتارێکی محەمەد عەلی پیراندی ڕەحمەتیم خوێندەوە، کە باسی دیاردەی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا و دام ودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیای دەکرد، دەیگووت هەموو ڕوخسارەکان و ڕەفتارەکان وردە وردە ڕۆژانە دەگۆڕێن، هەتا ئەو بۆن و

پێرفیومەی لێشی دەدەن جیایە لەوەی پێشوو! ئەمڕۆ ئەو ئیسلامیانە و ڕەفتار داعشیانە پڕبوونەتە ناو دامودەزگا مەدەنی و دادگاکان و پۆلیس و ئاساییش و سەربازیەکانی دەوڵەت، هەتا ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان ڕەوانەی کوردستانی باکووری کردوە هەمووی ڕیشنی داعشین، بە ڕوحیەتی بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتان، دژی کوردی پلانگێڕی بێ ئیمان دەجەنگن، وبەو پەڕی قەسوەتی داعشیەوە دەست لە منداڵ و پیر و ژنیش ناپارێزن!

ئەو ئیسلامیزەکردنەی کۆمەڵ میزاجی شەقامی تورکی گۆڕیوە لە میزاجێکی کەمالیستی شۆڤێنی بۆ مەزاجێکی ئیسلامی شۆڤێنی تێکهەڵکێشراو بە شۆڤێنیەتی کەمالی تۆڕانی. ئێستا دەزانم کاتی خۆی دەسەڵاتی جەزائیر لەو بۆ چوونەیان ڕاست بوون، کە مەترسیە دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئیسلامیەکان، کە دوایی چەندین وتار و سمینارەکانی پیاوانی بەرەی ئینقازم بیستەوە کە چۆن هەڕەشە لە سوپا وهێزەکانی تر دەکەن بە سڕینەوە، و دەڵێن جارێکیتر چاوتان بە دەسەڵات ناکەوێتەوە، ئێمە دینی خوا ناخەینە بواری هەڵبژاردن و ڕای خەڵکەوە!

بۆم دەرکەوت کە ناهەقیان نەبوو نەیان هێشت دەسەڵات بکەوێتە دەستیان، چونکە دیار بوو دەیانویست دیموکراسی بۆ تەنها جارێک بەکاری بهێنن، ئەویش تا پێی دەگەن بە دەسەڵات. دەترسم ڕۆژگار ڕاستی سیسی یشمان بۆ بسەلمێنێت، کێ ناڵێت ئیخوان لە حوکمی ئێرانی شیعی و لە ئەردۆگانی خراپتر نەدەکرد؟! باوەڕناکەم لە ئەردۆگان دیموکراتیتر بن لە هیچ ئەحواڵێک؟! چونکە ئەردۆگان کە کوڕی وڵاتێکی سێکیولاری دیموکرات وا بکات، کە داب ونەریتی سێکیولاری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکای دەوڵەتی عوسمانی، و ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیخوانەکانی دەکرد میانڕەو و دیموکرات بن ئەو داراگۆلایەی لێ دەربچێت!!!

باشە ئەگەر ئیخوانێک بەو بیرە داخراوەی حەسەن بەنا کە لە بنەڕەتدا سەرسام بوو بە شۆڤێنیزم و ستایشی مۆسۆلینی دەکرد! و بەو فەرهەنگە هەژارەی دوور لە دیموکراتیەت و تۆلەرانسەوە، بە تەواوی دەستی بەسەر حوکم داگرتبا دەبوایە چ وەحشێکی لێ پەیدا ببا و چی کردبا؟!

چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و هێما پەنهانەکانی وەک ئەردۆگان لەگەڵ دەسەڵاتە تورکچیە بەناو سێکیولارە گەندەڵە و دیکتاتۆر و ستەمکارەکان؟! دەبێت جیاوازی ئەردۆگان چ بێت بۆ کورد لەگەڵ

هـەر حکومەتێکی تـری تورکـی تۆڕانـی؟! لەسـەر ئاسـتی جیهانـی ئیسـلامی سـەلماندیان کـە پڕۆژەی ئیسـلامی سیاسـی لـە کاڵترین و میانڕەوترین فۆرمیدا نەیتوانـی چارەسـەریەکی جیـاواز بـۆ کێشـەکانی خەڵـک و میللەتـان پێشـکەش بـکات، ئـەوەش ئەگـەر هیـچ سـودێکی نەبێـت، سـوودی ئەوەیـە کـە سـیحری ئیسـلامی سیاسـیش بەتـاڵ بـوەوە، هیچیتـر ناتوانێـت خەڵـک فریوبـدات بـە دروشـمی ئیسـلام چارەسـەری هەمـوو دەردانـە، و سـێکیولاریزم بنچینـەی دەردەکانـە، چونکـە لێک دەچن لـە ڕووی گەندەڵی و نشوسـتی و تۆتالیرزمـی و خوێـن هـەڕاج و هەرزانکردنـی ئادەمیـزاد.

بـەڵام سـێکیولاریزم هـەر تـای تـەرازووی سـەردەکات بەسـەر ئیسـلامیزمی سیاسـی، چونکـە چاکتریـن نمونـەی ئیسـلامی سیاسـی ئەردۆگانـی لێکەوتـەوە، بـەڵام چاکتریـن نمونـەی سـێکیولاریزم سیسـتمە پێشـکەوتوەکانی خۆرئـاوا و ئەوروپـا و ئەمریـکای لێکەوتـەوە، کـە مرۆڤـەکان سـەرەڕای جیـاوازی دینـی و ڕەگەزیـان، بـە درێژایـی مێـژووی هێنـدە ڕیـز و کەرامـەت و ئـازادی و مافـی نەپارێـزراوە. مسـتەفا مەحمـود دەڵێـت: «دوژمنـان لـە پێنـاو بردنـەوەی جەنگەکەیـان پێـش دەسـتپێکردنی، ئیسـلامی سیاسـییان کـردە دوژمـنو ناحـەز بـە دیمۆکراسـیەت. کەسـانی سـادەو سـاویلکە لـە موسـوڵمانان کەوتنـە تەڵەکـەوە، لەگـەڵ ئـەوان وتیانـەوە دیمۆکراسـییەت کوفـرە، ئـەوەش ئەوپـەڕی ئاواتی ئەوانە.“

بـەڕای مـن ئەگـەر ئـەوە ئاواتـی دوژمنانـی ئیسـلام بێـت ئیسـلامی سیاسـی بکاتـە دژی دیموکراسـی، ئـەوە ئـەردۆگان گەورەتریـن خزمەتـی مێژوویـی بـە دوژمنانـی ئیسـلام و دیموکراتیـەت کـردوە!

# ئەردوگان و کەوتن لە دەرسی کوردی

ناسینی من بۆ ئەردۆگان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە بوونە سەرۆک وەزیران، لە ١٩٩٥ کە لە ئەستەمبۆل بووم، نزیکەی هەشت مانگێک لەوێ بووم، لەو ماوەیە خەڵکێکی زۆرم ناسی لە تورک وکوردی تورکیا، لەو ڕۆژانە ئەستێرەی ئەردوگان تازە دەرکەوتبوو، بەڵام دەرکەوتنێکی زۆر بە هێز، ئەو کاتە ئەردۆگان نزیکەی دوو ساڵ بوو سەرۆک شارەوانی ئەستەمبۆل بو، بەڵام چۆن سەرۆک شارەوانیەک گەورە و بچوک ستایشی کارەکانی دەکرد، من هەر ئەو رۆژانە هەستم بە دواڕۆژی پڕشنگداری ئەو پیاوە دەکرد، هەستم دەکرد لە ئەربەکانی مامۆستای سیاسیترە، هێندەی نەبرد لە ساڵی ١٩٩٨ ئەردۆگان لە ئەربەکان جیابوەوە لەگەڵ گروپێک لە هەڵبژاردەی ناو حزبەکە، بۆیە ئەربەکان تا مردیش ئەو زامە نێرگزیەی لەبیر نەچوو، یان ئەو پێشکەوتنەوەی قوتابیەکەی بۆ هەرس نەکرا تا ئەو ڕادەیەی بەر لە کۆچی دوای بە ماوەیەکی کەم گوتی:
«ئەردۆگان و عبدوڵڵا گول ئامرازی دەستی زایۆنیزمن» و «تەڵەی دوژمنن مناڵەکانمان لێ دەڕفێنێ، تۆرگۆت ئۆزال لە سەرەتا لێمان جیابوەوە، ئینجا ئەردۆگان لێمان جیابوەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتوە هەموو کەس جیاوازی نێوان ڕەسەن و لاسایی کەر بزانن، جیاوازی زۆرە لە نێوان ڕەسەن وجیاوازی کەر.» لەوەش زیاتر گوتی: " زایۆنیزم زۆربەی میدیای وڵاتەکەی قۆرخ کردوە وهەر هەموویان لە خزمەتی ئەردۆگان دان، ٣٠ رۆژنامە و ٣٠ کەناڵی ئاسمانی شەو و ڕۆژ لەڕاژەی ئەودان....» قسەی تریش بەڵام پێویست بە زیاتر ناکات.
جا ئەو لێدوانانە لە هەر هۆیەکەوە سەریان هەڵدا بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەردۆگان بەردەوام بوو لە سەرکەوتن و توانی بەسەر زۆر تەحەدای گەورە زاڵ بێت، ئەگەر بزانین ژیان هەمووی دەرس و وانەیە بۆ سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەی دنیادا بەلای کەمەوە لای ئەردۆگان وایە، وەک کەسێکی دیندار لەسەر ئاستی تاکە کەسیدا و تا رادەیەکیش سیاسیدا، ئەوە گومانی تێدا نییە کە ئەردۆگان لە زۆربەی هەرە زۆری وانەکانی سەرکەوتوو بوە بەڵام بە ئیمتیاز لە دەرسی کوردی ساقیت وکەوتوو بوە.
لە دەرسی سیاسی دەست پێبکەین هێشتا لە حوکمی قەدەغەکردنی لە سیاسەت دەرنەچو بوو, کاتێک زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانی بردەوە

لە ٢٠٠٢، ئەو سەرکەوتنانە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، وتەنها حزبێکە بۆ ئەو ماوەیە درێژە بە تەنها بەبێ هاوپەیمانی حوکم دەکات.
لە دەرسی عەسکەری دا، ئەوەی ئەو پیاوە کردی بە دامەزراوەی عەسکەری نە بە خەیاڵی کەس دا دەهات نە بە کەس دەکرا، توانی زۆر زیرەکانە پەڕ وباڵی ئەو نوخبە عەسکەرییە بکات کە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە لەسەر سنگی گەلانی تورکیا دانیشتوون.
لە دەرسی دەستوریش تا رادەیەکی زۆر توانی هەموو خاڵە نێگەتیڤەکانی دەستوور لا بدات، هەرچەندە کوردەکانی تورکیا بە شێوەیەکی گشتی لێی ڕازی نەبوون.
لە دەرسی یۆنانی سەرکەوت لەگەڵ ئەو دوژمنایەتیە مێژووییەی نێوانیشیان، توانی پەیوەندیەکی چاک دروست کاتەوە. لە دەرسی ئەرمەنی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، چەندین دەرگای داخراوی لەسەر کۆماری ئەرمنستان کردەوە.
لە دەرسی ئابووری لە سەردەمی سەرۆک شارەوانییەوە تا ئەمڕۆش سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتن تۆمار دەکات. لە دەرسی پەیوەندییە ئیسلامیەکانی توانی گەورەترین کاریزما بۆ خۆی مسۆگەر بکات، تا ئەو ڕادەیەی بۆتە خۆشەویسترین سەرکردەی جیهانی ئیسلامی، هەرچەندە من سەرنجێکی زۆرم هەیە لەو بارەوە لە وتارەکانی ترم لەسەر ئەردۆگان زۆر جار گوزارشم لێکردوە بە پێویستی نازانم دوبارەیان بکەمەوە. لە دەرسی ئیسرائیل زۆر سەرکەوتوو بوە تا ئەو ڕادەیەی زۆربەی سەرکردە عەرەبەکانی خستۆتە قەیرانی بێ هەڵوێستی.
لە وەڵامی ئەوانەی کە هەنگاوە سستەکانی ئەردۆگان دەگەڕێننەوە بۆ ترسی ئەردۆگان لە سوپا یان بنکە جەماوەریەکەی دەڵێین، ئەگەر ئەو پیاوە توانای شکاندنی ئەو هەموو موحەرەماتە تەقلیدیانەی سیاسەتی تورکی هەبێت، بۆچی کە دێتە سەر دۆزی کورد وا چەق دەبەستێت؟! لە ڕاستیدا ئەردۆگان ویستی چارەسەرکردنی لا نییە، تەنها جاروبار لێدوانێکی لەناکاو دەدات لە گەرمەی گەمەی هەڵبژاردن وخەڵکێکی زۆریشی پێ هەڵدەخەڵەتێنێ، ئەو قەیرانەی ئەم دوایەش سەلماندی کە ئەردۆگان هێندەی سەرکەوتوە لە دەرسەکانی تری ناوەوەو دەرەوە، هێندەش ساقیتە لە دەرسی کوردی.

٢٠١١/١٠/٢٧

## وەستای گەورە ئەردۆگان سەلاحیەتی کۆتاییهاتووە

زۆربەی کەسە کاریزماکان لە مەیدانی سیاسەت و هونەر و هەتا وەرزشیشدا، هەوڵ دەدەن لە کاتێکی گونجاو دا گۆڕەپانی یاریان جێبهێڵن، لە کاتێکدا لە لوتکەی سەرکەوتوویی خۆیانن، هەتا جەماوەر ئەو وێنە جوانەی زهنیان، کە لەسەر ئەوانی وێناکردوە وەک خۆی بمێنێت.

نیلسون ماندێلا پاش خەباتێکی بێ وچان و زیندانی ٢٧ ساڵ و بوونە سەرۆک لە ساڵی ١٩٩٤، هێشتا لەسەر توانای خۆی بوو ڕەتی کردەوە خۆی کاندید کاتەوە بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی سەرەڕای مافی دەستوری و داوای خەڵک، سەرۆکی بەڕازیل لولا دا سیلڤیا پاش بوونی بە سەرۆک لە ٢٠٠٢ – ٢٠١٠ بۆ دوو خول، هێندە خۆشەویست و بەجەماوەر بوو، هەتا پەرلەمانی وڵات ئامادە بوون دەستوری وڵات بگۆڕن تا بتوانێت بەردەوام بێت لە سەرۆکایەتی، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد وخەڵک بە گریانەوە ماڵئاواییان لێیکرد. ئەردۆگان پاش ١١ ساڵ لە سەرۆک وەزیرانی ٢٠٠٣-٢٠١٤ هێشتا دڵی ئاوی نەخواردەوە، بە هەزار فڕوفێڵ خۆی کردە سەرۆک کۆمار، ئێستا ساڵێکی نەکردوە لە سەرۆکایەتی نەک ماندوو نەبوە و جێگرێکی شایستەی دروست نەکردووە، بەڵکو سەرۆک وەزیرانی ئەحمەد داود ئۆغڵو، کە زۆر کەس چاوەڕێی دەکرد جێگای ئەردۆگان بگرێتەوە، هێندە بێ نرخ کردوە، لە جیاتی ئەو و بێ پرسی ئەو کۆبوونەوە بە وەزیرەکانی دەکات!
هێشتا وەک سەرۆک وەزیرانی بەری ڕەفتار دەکات! وەک پەرلەمانتاری هەدەپە، ئەڵتان تان دەڵێت: سەرۆکێکمان هەیە ڕۆژانە پێنج سەعات قسە دەکات، زۆرەبڵێترین خەسوو ناتوانیت هیندە جەنەبازی بکات لە رۆژیکدا، ئەو ڕاست وچۆپ جوێن بە هەموو کەسێک دەدات، تا بەو دواییە لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران بولنت ئەرینج بەریەک کەوتن!
یاسایەکی مردووی بە ناوی ئیهانە کردنی مەقامی سەرۆکی زیندوو کردۆتەوە تا ئێستا سەدان کەسی سزا داوە بە تۆمەتی ئیهانە کردنی پایەی سەرۆک، کە لە نێویاندا منداڵێکی ١٦ ساڵ و شاجوانی تورکیا لەبەر شەیرکردنی شیعرێک لەسەر وەستای گەورە (بیوک ئوستا) کە نازناوی ئەردۆگانە لە

تورکیا، هەروەها دوو وێنەکێشی کاریکاتێر و چەندین نووسەر و هونەرمەند و میدیاکاری تر.
بێ وەعدی و یاریکردنی بە کێشەی کورد و پاڵپشتیکردنی تیرۆرستانی داعش و شکانیان لە کۆبانێ، زیاتر ئەو پیاوەی تووشی هیستریا کردوە، بۆیە پاش ئەو هەموو ساڵەی دەستی دەستی پێکردنی کورد، تازە دەڵێت: شتێک نیە بە ناوی کێشەی کورد لە تورکیا، تەنها کورد کێشەی هەیە، وەک چۆن تورکیش کێشەی هەیە! لێدوانەکانی هێندە ئیستیفزازی بوون هەتا جێگری سەرۆک وەزیرانی خۆیان بولنت ئەرینج لێی بەدەنگ هات و گووتی با واز لەو لێدوانە عاتیفیانە بهێنێت و هێندە دەست نەخاتە ناو هەموو کارێکەوە، تەنها حوکمەت بەرپرسە لەو دۆسێیە!
کە سەرۆک شارەوانی ئەنقەرەی زۆر نزیک لە ئەردۆگان وەڵامی دایەوە بە تۆمەتبارکردنی بە خیانەت و گوڵەنی بوون! ئەردۆگانیش گووتی من سەرۆکم! نەک هێندە بەڵکو هەتا دژایەتی ڕێکەوتنێکی دە خاڵی نێوان حوکمەت و چەند پەرلەمانتارێکی هەدەپەی کرد بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی ئاشتی! وادیارە وەستای گەورە ڕژدە لەسەر تەواوکردنی ژیانی سیاسی خۆی لەسەر شێوازی دکتۆرەکانی عەرەب، و نەهێشتنی هەر وێنەیەکی جوان لە زهنی خەڵک.

26-03-2015 خەندان

# ئەردۆگان ومالیکی: یەکەمی سەرەتایی لە دیموکراسیدا!!

لە هەفتەی ڕابردوو  بە پێی هەواڵی ئاژانسەکانی تورکیا رەجەب تەیب ئۆرودوگان سەرەک وەزیرانی تورکیا، لە دیاربەکرەوە لە کاتی کۆبونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رایگەیاند ئەگەر هاتوو حکومەتی تورکیا مافی ئەوە بدەنە کوردەکان بە زمانی کوردی پەروەردە وخوێندن بکەن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی (لاز وچەرکەسیش) داوای هەمان ماف بکەن، ئەوەش هەڕەشەیەک دەبێت بۆ سەر یەکگرتوویی خاکی تورکیا!!
هەر لەو سیاقەوە کۆکسال تۆپتان سەرۆکی پەرلەمانی تورکیاش پاش ماوەیەکی کەم هەمان قسەی دوبارە کردەوە بە بیانوی ئەوەی ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵگای کوردی لە تورکیا، هەروەها گوایە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ وهەروەها دەستورەکانی بەر لەوەش جەخت لەسەر یەکسانی هەموو هاوڵاتیانی تورکیا دەکەنەوە.
ئەردۆگان وحزبەکەی تەنها، تەنها وبەس لە سایەی دیموکراسیەتی تورکیاوە توانیان لەو هەموو حزبە نەتەوەیی وعەلمانیانیانە تێپەڕن، وهەموو تابۆکانی دامەزراوی عەسکەری ببڕن، وحوکمی هەموو تورکیا بگرنە دەست، هەر کاتێک دووچاری تەنگژەیەک دەبنەوە وەک بۆ نمونە پۆستی سەرۆک کۆمار، وحیجابی ئافرەتان، وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکان لەگەڵ ئیسرائیل، بەوپەڕی کارامەیی ووەک دیموکرات خوازێکی ناو جەرگەی پایتەختە دێرینەکانی دیموکراسیەت یاری دیموکراسی دەکەن.
ئەردۆگان وحزبەکەی لەو مەسەلانەی پەیوەست بە کوردن، هێندە ناشیانە ڕەفتار دەکەن وەک لەو لێدوانانەی سەرەوە دەردەکەوێت، دەڵێی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دان لە دیموکراسیەتدا، کەچی بۆ ئەو کێشانەی پەیوەست بە کورد نیە با بە گۆشەی ١٨٠ پلەش پێچەوانەی ئیسلام بێت هەر پەیڕەوی دەکەن وبەبێ گوێدانە هیچ حەرام وحەلاڵێک!
بۆ نمونە ئەردۆگان وحزبەکەی لە پێناو یاری دیموکراسیدا چاو پۆشیان کرد لەو هەموو بازاڕانەی داوێن پیسی کە لە هەموو شارەکانی تورکیا هەن، وتێیدا ئافرەت بە ڕووتی ونیمچە ڕووتی خۆیان لەناو جامخانەکانی ئەو بازارە نیشان دەدەن، بۆ سێکس فرۆشی! بەڵێ لە ترسی ژەنەراڵەکان نەوێران

پەنجـە بـۆ ئـەو حالەتـە نـا مرۆییـە بـەرن، ومەسـەلەی حیجابـی ئافرەتانیـش وقەدەغەکردنـی لـە زانکـۆ وامـەزراوە دەوڵەتیـەکان بـە هەمـان شـێوە.
جارێکـی تـر ئـەردۆگان وحزبەکـەی دەسـتبەردای یاسـای بـە تاوانکردنـی زینـا بـوون، لـە پێنـاو ڕەزامەنـدی یەکێتـی ئەوروپـا، وجێبەجـێ کردنـی پێـوەری کۆبنهاگـن Copenhagen criteria کـە بریتیـە لـە پێوەرێـک بـۆ دیاریکردنـی ئـەو وڵاتانـەی شـیاوی ئەوەنـە ببـن بـە ئەنـدام لـە یەکێتـی ئەوروپـا. گرنگتریـن پێوەرەکانـی بریتییـە لـە پێویسـتی هەبوونـی دەزگا ودامـەزراوەی پێویسـت لـەو وڵاتـە بـۆ پاراسـتنی دیموکراسـیەت ومافەکانـی مـرۆڤ، وکەمینـەکان وپەیـڕەو کردنـی ئابـووری بـازاڕ، وقبـوڵ کردنـی هەمـوو فەرمـان وڕاسـپاردەکانی یەکێتـی ئەوروپـا.
کەوابـوو ئـەردۆگان وحزبەکـەی مافـی زینـا کـردن وهۆمۆسـێکچواڵ ولیزبیانـەکان دەسـەلمێنن، بـەڵام کـە مافەکـە پەیوەنـد بـە خوێنـدن وپـەروەردەی گەلـی کـورد بـوو بـە زمانـی کـوردی، ئـەوە بڤەیـە بـە بیانـوی هەرشـە کردنـی لـە یەکپارچەیـی خاکـی تورکیـا، هەرچەنـدە سـەدان دەوڵـەت هـەن وچەندیـن زمـان تێـدا ڕەسـمییە وهیـچ هەڕەشـەیەکی دروسـت نەکـردوە، وبـە پێچەوانەشـەوە دەوڵـەت هەیـە یـەک زمـان تێیـدا ڕەسـمی بـوە کەچـی پارچـە پارچـەش بـوە.
سـەیر لەوەدایـە مافەکانـی کوردیـش بەبـەر ئـەو پێـوەرە دەکەوێـت، کـە مافـی خوێنـدن بـە زمانـی زیگماکـی لـە هـەرە ئاسـایترین مافەکانـە، بـەڵام ئـەردۆگان وحزبەکـەی لـە ناخیانـدا هـەر مافێکـی سـەرەتایش بـۆ کـورد ڕەتدەکەنـەوە لەبـەر زاڵبوونـی جیهـان بینـی کەمالیـزم بەسـەر هەمـوو دام ودەزگاکان بـە تایبەتـی کەرتـی پـەروەردە وفێرکـردن. تـۆ بڵێـی مافـی خوێنـدن وپـەروەردە بـە کـوردی زیاتـر خەڵکـی تورکیـا ڕاپچڵەکێنێـت لـە ڕێکەوتنـە سـتراتیژیەکان لەگـەڵ ئیسـرائیل، ولـە بـازاڕەکانـی لـەش فرۆشـی، ولـە، ولـە...؟!
هـەر لـەو بارەیـەوە وەک گەڕانـەوە بـۆ خـودی ئیسـتبدادی ڕۆژهەڵاتـی، کـە زۆربـەی هـەرە زۆری سیاسـەت مەدارەکانـی کردۆتـە پرۆژەیەکـی ئیسـتبدادی لـە چاوەڕوانـی هەلێـدا، مالیکـی بـۆ یەکـەم جـار پـاش گەڕانـەوەی لـە لەنـدەن پێشـوازی کـرا بـە تەپـڵ ومۆسـیقا وئاهەنـگ گێـڕان ووێنـە ولافیتـەی زل زل!! کـە بـوە مایـەی نیگەرانـی کەسـانێکی دیموکراتخـواز لـە عێراقـدا.
مەحمـود عوسـمان ڕەخنـەی لـەو دیـاردە گـرت وگوتـی:» نابێـت ئـەو دیاردەیـە پـەرەی پـێ بدرێـت چونکـە سـەردەمێکی هەسـتیار بـە بیـر هەمـوو عێراقیـەکان دێنێتەوە...هەمـوو لایـەک تەحەفوزاتـی هەبـوو لەسـەر شـێوازی پێشـوازیەکە،

چونکە ئێمە دەمانەوێت دوور کەوینەوە لە کەساندن (شەخسەنە) وبنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان وناساندنی خەڵک بە ماف وئەرکەکانیان، وبنیاتنانی دەوڵەت لەسەر بنچینەی دروست، ڕاستە ئەو گۆڕانە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، بەڵام دەبێت دەوڵەت هاندەری ئەو گۆڕانە بێت، نەک بە پێچەوانەوە. عالیە جاسم یش ئەندامی پەرلەمانی عێراق گووتی:»ئەو شێوازەی مالیکی پێشوازی لێکرا بە بەرزکردنەوەی وێنە ولافیتەکان وێنە (قائیدی زەرورەی) بە بیرهێنانیەوە، وناگونجێت لەگەڵ دەوڵەتێک هەوڵدەدات ڕژێمێکی دیموکراسی بنیات بنێت لەسەر بنچینەگەلێکی ڕاست ودروست.“

عەدنان دلێمی سەرۆکی جەبهەی تەوافوق کە هەتا لە شایەتمانیش جیاوازە لەگەڵ مالیکی، گووتی:» شتێکی ئاساییە بەو شێوەیە پێشوازی لێ بکرێت... باوەڕ ناکەم دژی دیموکراتیەت بێت، یان دژی هەستی هەر لایەک بێت!!!« وادیارە دلێمی غەریبی (قائیدی زەرورە) دەکات هەتا لە فۆرمی دوژمنێکی سەرسەختی وەک مالیکیش دا بێت. ترسناکی هەرە گەورەی ئەو دیاردەیە خۆی لە سایکۆلۆژیەتی مەزهەبی مرۆڤی شیعی دەنوێنێت، کە سەرەڕای دواکەوتویی سیاسی وژیاری، دەروونێکی ئامادەی هەیە بۆ پەرستنی تاکەکەسی personal cult ..

12/1/2008

# هاوڕەگەزبازەکانی سەڵتەنەتی ئەردۆگان !

بە بۆنەی ئەو شانامە درۆیەی کە مەکینەی میدیایی ئەردۆگانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاشیان هەڵبەستوە، بە جۆرێ ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ بەشێوەیەکی چەواشەکارانە، ئەو درۆیەیان بە خۆیان هەڵیان بەستوە، هەر خۆشیان پەخشی دەکەن، گوایە دەمیرتاش باسی پێدانی مافی هاوڕەگەزبازانی تورکیای کردوە! با بزانین لە بنەڕەتدا بارودۆخی هاوڕەگەزبازان چۆنە لە تورکیا، وئەردۆگان وحکومەتەکەی هەڵوێستیان چۆن بوە بەرامبەر ئەو دیاردە کۆمەلایەتیە.

لەو چەند ساڵەی دواییدا ژیانی هاوڕەگەزبازەکان وردە وردە بەرجەستەتر دەبێت و زیاتر دەکەوێتە بەرچاو لە شارە گەورەکانی تورکیا، و لە هەر شارێک چەندین گازینۆ و کافێ و یانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە ٢٠١٣ گەیەکان و لێزبیانەکانی ئەستانبۆل خۆپیشاندانێکیان کرد، گەورەترین خۆپیشاندانی هاوڕەگەزبازەکان بوو نەک لە خۆرهەلات و ولاتێکی ئیسلام، بەڵکو لە ئەوروپا، ١٠٠ هەزار کەسی هاوڕەگەزباز بەژدار بوون لەو خۆپیشاندانە!

بەر لە هەموو شتیک هۆمۆسێکچوالیتی یان هاوڕەگەزبازی تاوان نییە لە تورکیا، وهیچ سزایەکی یاسایی بۆ دانەنراوە لە یاسای تورکی، هەردوو کەسێک ئەو کردە سێکسیە هاوڕەگەزبازەیان کرد لە نێر یا لە مێ، بشگیرێن هیچ سزایەک نیە لەسەریان بە مەرجێک ١٨ ساڵ وبۆ سەرەوە بن و بە ڕەزامەندی هەردوو تەڕەف بێت! یاسا تەنها چەند گوزارشێکی ناڕوونی تێدایە دەربارەی کردە سێکسیەکان، کە باسی تاوانی ئابرووبەر دەکات یان تاوان لە دژی ڕەوشتی گشتی «offences against public morality“ کە ئەوەش زۆر شتیتر دەگرێتەوە و دەقێکی یاسایی تایبەت نیە بە هاوڕەگەزبازی.

ڕاستە لەسەر ئاستی شەعبی بە چاوێکی پڕ نەنگی و شەرمەزاری دەڕوانرێتە هاوڕەگەزبازەکان، وەک هەر ولاتێکیتری ئیسلامی، بەلام لەسەر ئاستی دەوڵەتی شتێکی ترە، و کۆمەڵگای تورکی لە چاو زۆر کۆمەلگای موسلمانی تر تۆلەرانتر و لێبوردەترە بەرامبەر ئەو دیاردەیە. هەندێک شت هەیە لە تورکیا کە دەکرێت وەک کاری دژی ئازادی هاوڕەگەزبازەکان دەژمێردرێت، هەرچەندە کەسانێکیتر ئێرەییان پی دەبەن، بۆ نمونە لە کاتی چوونە خزمەتی سەربازی، هەر کەسێک گووتی من هاوڕەگەزبازم، و سەلمێندرا کە

هاوڕەگەزبازە لە سەربازی دەبەخشرێت!
بەڵام سەلماندنی هاوڕەگەزبازێتیەکەی زۆر پڕ سوکایەتیە، جونکە ئەو کەسە جاریَ دەبێت پاسیڤ بێت، یانی بە کوردیەکەی بەرکار [مفعول بە] بێت، وەک هەر کۆمەڵگایەکی خۆرهەلاتی، فاعیل و بکەر زۆر کێشەی نیە لە وەرگیران لە سوپای تورک! ئینجا دەبێت وێنەیەکی خۆی بێنێت لە کاتی فیعلەکە! و سەرەڕای چەندین پشکنین و شتی ئابڕوبەرتر تا دەگەنە قەناعەت کە کابرا هاوڕەگەزبازە، کە سەلمێندرا، بروانامەیەکی پەمەیی [وەک جلەکانی باربی] دەدەنیَ بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە سەربازی ببوێردرێت! بێگومان دەزگای سوپای تورکی لەسەر بنچینەی بریاری پزیشکی کۆنی ئەمریکی ساڵی ١٩٦٨ دەڕوات، کە هەر جۆرێک لە هاوڕەگەزبازی بە نەخۆشیەکی دەروونی و لادانێکی سێکسی دەژمێرێت.
ئینجا لە هەمووی خۆشتر ساڵانە یەکێتی ئەوروپی ڕەخنە لە حکومەتی تورکی دەگرێت، سەبارەت بە ڕەوشی خراپی هاوڕەگەزبازەکان، ئەو ئەردۆگانە مل شۆڕەی کە ئەو هەلایە درۆیینەی ناوەتەوە بۆ دەمیرتاش، ساڵانە هەوڵی خۆ گونجاندن دەدات لەگەل پێوەر ونۆرمەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەزار ماستاو دەکات بۆ سەلماندنی باشکردنی وەزعی هاوڕەگەزبازەکان، بەڵام یەکێتی ئەوروپا هەر پێی باوەڕ ناکەن، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان بەردەوام تورکیا تاوانبار دەکەن بە دژایەتی کردنی مافەکانی هاوڕەگەزبازان!
دوا ڕەخنەیان لە تورکیا قەدەغەکردنی کتێبێکی ئەستێرەیەکی پۆپ بوو، چونکە تیایدا باسی هاوڕەگەزی خۆیدا دەکات! دادگای یەکێتی ئەوروپا تورکیای تاوانبار کرد بە پێشێلکردنی مادەی ١٠ ی یاسای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و سزای دا بە پێدانی ٢٠٠٠ یۆرۆ بە چاپکەری کتێبەکە وەک قەرەبوو! نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە ٢٠١٢/١/٩ لە سەردەمی حوکمی ئەردۆگان، گۆشە نوسێک بە ناوی سەردار ئارسەڤین Serdar Arseven لە ڕۆژنامەیەکی ئیسلامی Yeni Akit وتارێکی نووسی تیایدا خەڵکی هاوڕەگەزبازی بە مونحەریف ولادەر وەسف کرد، دادگای ئەردۆگان ئەو ڕۆژنامەیەی سزادا بە ٤٠٠٠ لیرەی تورکی و کاک سەرداریش بە ٢٠٠٠ لیرەی تورکی بە تۆمەتی قسەی پڕ ڕق. لە ٢٠١٤/٧/١٧ یانی پێش ساڵێک دادگای باڵای تورکیای ئاک پارتی و ئەردۆگان بریاری دا هەر ئاماژەیەک بۆ هاوڕەگەزبازی وەک لادەر ومونحەریف، وەک وتاری رق و کەراهیەت دێتە هەژماردن.
کەوابوو ئەردۆگانی دوو ڕوو ئەو هەموو هەلایە لە پیناو چی دەکات لەدژی

بەڕێز دەمیرتاش، ئەگەر گریمان واشی گووتبێت، کەواشی نەگووتوە بە زمانی خۆی گووتی، لە کاتێکدا ئەردۆگان خۆی مامە حەمەیی بۆ یەکێتی ئەوروپا دەکات لە ڕێگای نازکێشانی هاوڕەگەزبازەکان؟! لە هەمووی ناخۆشتر ئەو لەشکرە کوردە ئیسلامیە بێ خێر و ساویلکەیەیە کە بێ ئاگان لە خەلیفەکەیان کە چۆن لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەودا تەنها وەسف کردنی هاوڕەگەزبازێک بە لادەر لە ڕەوشت تاوانە و سزای لەسەرە، کەچی ئاگریان تێ بەربوە گوایە دەمیرتاش باسی ڕیزگرتن لە مافی هاوڕەگەزبازانی کردوە؟

خەندان

٢٠١٥/٥/١٩

# مافی سۆزانی کرداری ئەردۆگان و مافی گەی تیۆری دەمیرتاش!

ئەردۆگانیەکان دەیانەوێت لێدوانێکی سەلاحەدین دەمیرتاش وەبەرهێنن کە باسی پیدانی مافی هاوڕەگەزبازەکانی کردوە!

لەڕاستیدا من ئەو جۆرە لێدوانانەم لەو کاتانەدا کە ڕکابەرەکەت هەموو چەکێکی مەشروع و نامەشروع بەکار دەهێنێت، و لە نێوانیاندا چەکی ئایین، کە لە ناو کوردا زۆر کاریگەرە، و چەندین سەدەیە کورد قوربانی هەستی ئایینی پاکی ساویلکەی خۆیەتی، پێ باش نییە. ماقوڵ نییە ڕکابەرەکەت، ئەردۆگان کە بە حیساب سەرۆکە، و دەبێت یەکسان بروانیتە هەموو هێزە سیاسیەکان و ڕیکلامی سیاسی بۆ کەس نەکات، ئەمڕۆ شار بە شار و شارۆچکە بە شارۆچکە دەگەڕێت بە خۆیی و نوسخەیەک لە قورئانی بە کوردی چاپکراوەوە بۆ فریودانی کوردی موسڵمان، ئەتۆش باز بدەیت بەسەر هەموو ئەو هەقیقەتانەی کۆمەڵگای کوردی، بە قەد دوژمنیشت تێی نەگەیت، بچیت باسی مافی گەیەکان بکەیت!

ڕاستە ئەگەر واشی گووتبێت، ئەوە موخاتەبەی عەقڵیەتی ئەورووپی دەکات، ئەو عەقڵیەتەی کە ئەردۆگانیش مخاتەبەی کرد بەدانی هەموو مافەکان، هەتا مافی زیناکردنی ئاشکرا لە جامخانەکانی سۆزانیەت لە تورکیا!

ئەردۆگان بە کرداری مافی هەموو سۆزانی و سۆزانیخانەکانی تورکیا دەدات، کەچی ناچێت باسی ئەوە بکات، و لە جیاتی ئەوە قورئانێک بەرزدەکاتەوە بۆ فریودانی خەڵک، تۆش جارێ متمانەی نیوەی کۆمەڵگای کوردیت بەدەست نەهێناوە، دەچیت باسی مافی گەیەکان دەکەیت، کە هێشتا لە زۆر وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو جێگای مشتومڕە!

پیشەسازی سێکسی سۆزانیەکان لە تورکیا هێندە بەرهەمدارە بۆ خەزینەی ئەردۆگان لە ملیارات دۆلار تێ دەپەڕێت. بۆ بۆ ئەردۆگانێکی بەناو ئیسلامی ئاساییە مافی سۆزانیەکان بدات ونەوێرێت سۆزانیخانەیەک دابخات، کەچی هەزارەهای وەک عەلی قەرەداغی و قەڕەزاوی بەرگری لێ دەکەن، وەک سوڵتانێکی ئیسلامی عوسمانی سەیری دەکەن، کەچی ئەگەر دەمیرتاشێکی سێکیولار باسی هەمان ئەو مافانە بکات کە ئەردۆگان بە کرداری داویەتی

ڕەوا نەبێت؟ بەپێی ژوری بازرگانی ئەنقەرە ئاماری ٢٠٠٤
١٠٠٠٠٠ سەد هەزار سۆزانی بە فەرمی لە کارە لە تورکیا
٣٠٠٠ سێ هەزار لە ماڵی سۆزانیخانە تۆمارکراون.
١٥٠٠٠پازدە هەزار لای پۆلیس تۆمارکراون
٣٠٠٠٠ سی هەزار ئافرەت چاوەڕێی وەرگرتنی مۆڵەتی کاری سۆزانین!
داهاتی ساڵانەیان ٣ – ٤ ملیار دۆلارە!
٢٠١٥/٥/١٦

# ئەردۆگان وغەزەلی سەریح لەگەڵ ئیسرائیل!

سەرچاوەکانی هەواڵ لە تورکیا وسوریا وئیسرائیل، هەواڵی بەرەڤانی کردنی رەجەب تەیب ئەردۆغان لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل دوو پات کردەوە. ئەردۆگان دەستی بەو هەوڵانە کرد پاش ئەوەی جووە نیشتەجێکانی جۆلانی سوریای داگیرکراو، نامەیەکیان بۆ ئەردۆگان نارد، تێیدا داوایان لێکردبوو هەوڵی ئاشتبوونەوە بدات لە نێوان ئیسرائیل وسوریا بەڵام بەبێ مەرجی گەڕاندنەوەی جۆلان بۆ سەروەری سوریا.

وادیارە ئەردۆگان لە پاش ئەو فشارە زۆرەی نێوەندی عەلمانیەت ودەزگای سوپا ودادگای تورکیا بەدوای ڕۆڵێک دەگەڕێت لە ڕۆڵی عەلمانیە سەرەڕۆکانی تورکیا دڵسۆزانەتر بێت بۆ ڕۆژئاوا وتاقانەکەی کە ئیسرائیلە.

خۆش لەوەدایە کە نێوەندی تورکە ئیسلامیەکان. وتاڕادەیەکیش نەتەوەپەرستە گورگە بۆرەکانیش کوردستانی عێراق بە دۆستایەتی کردنی ئیسرائیل تاوانبار دەکەن، وناوە ناوە لە ڕۆژنامەکانیان ڕاپۆرتی پڕ لە بێسەروبەری وچەواشەکار بڵاودەکەنەوە لە بارەی ئەو پەیوەندییە ئەگەر هەشبێت ناگات بە سەدا دەی ئاستی پەیوەندیەکانی تورکیا وئیسرائیل. تورکمانێکی ئیسلامی عەرەبی زان هەیە (ئۆرخان محمد عەلی) کە کاتی خۆی هەر خەریکی ئەو کتێبانە نازانستیانە بوو کە تیۆری داروێنی پوچەڵ دەکردەوە، ئێستا بەردەوام لەسەر کەناڵە ئاسمانیەکان هەر باسی نێردە تەبشیری مەسیحیەکان وپەیوەندی کوردستان وئیسرائیل دەکات.

ئەردۆگان وحزبەکەی ئەو غەزەلە ئاشکرایە دەکەن لەگەڵ ئیسرائیل کە نەفرەت لێکراوە لە نێوەندی ئیسلامیدا لە کاتێکدا فرۆکەکانیان هەڵمەت دەکەنە سەر کوردستانی عێراق، ئەوەش جۆرێکە لە سیاسەتی خەواریجی مۆدرن، چونکە پێغەمبەر (د. خ) لە فەرمودەیەکی گوایە وەسفی خەواریجەکان دەکات ودەڵێت: «یقتلون اهل الاسلام ویدعون اهل الاوپان».

ئەگەر کۆنە خەواریجەکان وایان کردبێت لەبەر ساویلکەیی وسەتحیەتی ئیمانیان وەک لە هەمان فەرمودە دەربارەیان هاتوە «یقرأون القرآن ولا یتجاوز حناجرهم» قورئان دەخوێنن و لە گەروویان تێپەڕ ناکات! بەڵام ئەو خەواریجە مۆدرنانە (ئەردۆگان وحزبەکەی) لە ساویلکەیی ئەو کارە ناکەن،

بەڵکو لەوەتی هەن هەموو ڕێوشوێنێک دەگرنە بەر بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەلاَت ورازیکردنی هەموو لایەک بە مانەوەیان لە دەسەلاَتداری تورکیا. ئەو تورکچێتیەی ئەردۆگان وحزبەکەی دەیکات زۆر لە تورکچیەتی نەتەوەییە توندڕەوەکان وحزبە علیمانیەکان وسوپای تورکیا ترسناکتر وکاریگەرترە، چونکە ئەردۆگان وگویل دەیانەوێت لەسەر یەک شانۆ ولەیەک سات وکاتدا (دارالاسلام ودارالکفر) کۆبکەنەوە، ئەو جۆرە سیاسەتە بێ سەوابتەی ئەردۆگان کەسێکی وەک نەجمەدین ئەربەکانی مامۆستای ناچار کرد بە سەریحی عیبارەت بڵێ ئەردۆگان مونافیقە دەرهەق بە ئیسلام!!

بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر خەڵکی دیاربەکر نامەیەکی لەو شێوەیە بنێرن بۆ ئەردۆگان وداوای ڕزگار کردنی برایەتی ئیسلامی کورد وتورک بکەن وچارەسەرێکی ئیسلامی یان دیموکراسی بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە، بڵێی وەک ئەو داوایەی جولەکەکانی جۆلان بە پیریەوە بچێت بەو دڵسۆزیەی کە یەکسەر بەرەو دیمەشق بێت بۆ گەیاندنی ئۆفەری ئیسرائیل بۆ سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد؟!

بێگومان دوژمنانی کورد وناحەزانی کاتێک فشاری واقیعی کوردیان بۆ دێت هەموو کارێک دەکەن بۆ بەربەست خستنە ڕێگای کاروانی کوردی، وەک چۆن سەدامی گۆڕ بەگۆڕ نیوەی شەتی عەرەب وچەندین ناوچەی سنوری بەخشیە ئێران، لە پێناو لەناو بردنی کورد، لە کاتێکدا ئامادە نەبوو نیوەی ئەو تەنازولاتانە بۆ کورد بکات. ئەردۆگانیش لەو هەوڵەیدا سەرەڕای خۆشیرین کردنی خۆی لەلای ڕۆژئاوا بۆ کەمکردنەوەی فشاری ناوەخۆ، ئامانجێکی تری زیان بەخشینە بە کورد! چونکە سوریا ئەمڕۆ ڕژێمێکی مەنبوزە لەلایەن ڕۆژئاوا وهەتا ڕژێمە عەرەبیە میانڕەوەکانیش یان پرۆ ئەمریکایەکان!

لەبەر ئەو هەموو کێشانەی لە لوبنان وعێراق دروستی کردون، سەرەڕای کێشەی ئاشکرابوونی هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بە هاریکاری کۆریای باکوور، وپەرەسەندنی دۆزی کورد لە سوریا وچەندین پرسی گرنگتر. کەچی ئەمڕۆ ئیسرائیل لە ڕێگای برای زۆر موسڵمان ئەردۆگان پەتی نەجات بۆ ڕژێمە داڕزیوەکەی ئەسەد هەڵدەدات بۆ ڕزگارکردنی لە ڕوخانی مسۆگەر. چونکە ئیسرائیل لەوەتەی ساڵی ١٩٦٧وە جۆلانی داگیرکردوە کە دەکاتە ٤١ ساڵ، کەچی ئەو ڕژێمە تۆقینەرەی لە ناوەوە تا ئێستا لە گوڵێک زیاتر بە ئیسرائیل ناڵێت. هەتا بە جۆلان دەڵێن هێمنترین بەرەی جەنگ لە جیهاندا!!

ئینجا جیمی کارتەر سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بە ڕاشکاوی گوتی «بەشار ئەسەد زۆر بە پەرۆشی بەیەک گەیشتنە لەگەڵ ئیسرائیل» بەڵکو ڕژێمەکەی لە ڕوخان ڕزگار دەکات، بەلام بەشار وادیارە چارەنوسی ساداتی لە بیر نییە، کاتێ ئەمریکا وئیسرائیل لە ناسکترین کات پشتیان لێیکرد. ڕژێمی سوری هەموو شەرعیەتی خۆی لەسەر بنچینەی دژایەتی ئیسرائیل بنیات کردوە، بۆیە بەو هەنگاوەی ئەو شەرعیەتەش لە خۆی دادەماڵێنآ. کاتی خۆی یدام دروشمێکی هەبوو دەیگوت «هەموو شتێک لە پێناو سەرکەوتن» بەلام وادیارە دروشمەکە لای ئیسلامی وعیلمانیەکانی ولاتانی داگیرکەری کوردستان بۆتە «هەموو شتێک لە پێناو چەوساندنەوەی کورد!!» ئەگینا ئەردۆگانێکی ئیسلامی چی دەیبەستێتەوە لەگەڵ ئیسرائیل وڕژێمێکی عەرەبی فاشیستی وەک سوریا تەنها بەرژەوەندی گشتی نەبێت، کە ئەمڕۆ زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات لە پوچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی کورد بەرەو ڕزگاری وئازادی.

٢٠٠٨/٧/٢٤

# ئەردۆگان وهیستریای حیجاب لە نێوان سیاسی وئاینیدا

بێگومان تورکیا کێشە وتەنگژەی تا بڵێی زۆرە، ئەو میراتە ئایدیۆلۆژیەی کە کەمالیزم بۆ ئەو وڵاتەی بە جێهێشتوە ولە هزری مرۆڤەکانی ئەو وڵاتەی چاندوە باجێکی زۆری بۆ دراوە وهێشتاش دەدرێ. گومانی تێدا نیە کە کێشەی حیجابیش لە تورکیا کێشەیەکی گرنگە بەڵام قەبارەیەکی گەورەتریشی بەخۆوە گرتوە، لە سۆنگەی ڕەفتاری کورت بین وئاسۆ تەسکانەی نوخبەی عەلمانیەتی توندڕۆ لە تورکیادا، ئەگینا ئەو کێشەیە هێندە گەورە نیە لە چاو کێشەکانی وەک کێشەی کورد ( کە پەیوەستە بە مافی نزیکەی ١٥ ملیۆن موسڵمانی کورد)، وکێشەی دەستور ( کە پڕاوپڕە لە بابەتی شۆفێنی ونا مرۆیانە وپێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت)، وکێشەی دیموکراسی (کە تەنها لە بەشێکی وڵات پیادە دەکرێت، ولە بەشەکەی تر حوکمی عەسکەر وموخابەراتە)، وکێشەی قوبرس وکێشەی چونە ناو یەکێتی ئەوروپا ( کە خەریکە لەبەر نا ئۆمێدی کەیسەکە، ئەردۆگان وگوڵ وعەلی باباجان بەدرۆی سەوز وپەمەیی خەڵکی تورکیا تەخدیر دەکەن، گوایە هێندەی نەماوە ببنە ئەندام وساڵی ٢٠٠٨ ساڵی چونە ناو یەکێتی ئەوروپایە!!)

هەروەها کێشەی پڕۆژەی گاپ (کە ئەنفالێکی سپییە بۆ خۆی: کە هەزاران گوندی وێران کردوە وسەدەها شوێنەواری کۆنی مێژوویی لەناو بردوە وملیۆنەها کەسی ئاوارە ودەربەدەر کردوە وڕەوانەی گەڕەکە ڕەمەکیەکان یان گوێ مەدێیەکان - بە زاراوەی هەولێری - کردون.) بەڵام سایکۆلۆژیەتی بەشێکی زۆری مرۆڤی ئیسلامی لە هەر تەیار وتەوژمێک بە شێوەیەکی نەخۆشانە تەنها تەرکیز دەکاتە سەر حیجابی ئافرەت لەسەر حیسابی هەموو شتەکانی تر! وبەڵکو زۆر جار ئافرەتی موسڵمان لای ئەو یانی ئافرەتی حیجاب پۆش، ئافرەتی سفوریش بە چاوێکی پڕ گومان وزەنی خراپەوە سەیر دەکرێت، یان تەنها وەک پڕۆژەیەکی بە حیجاب کردن سەیر دەکرێت! ئەو تەرکیز کردنە سەر حیجابە بەو خەستییە زۆربەی جار لەسەر حیسابی ناواخن وژێر حیجابەکەوەیە واتە ئەو بەهایانەی مرۆڤ دەخەنە بازنەی مرۆڤایەتیەوە.

فەلسەفەی ئەردۆگان وحزبەکەی لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی پێشخستنی

سیاسی بەسەر ئاینی دامەزراوە، بە مانایەکی تر هەردەم لەسەر دوو ڕەهەنددا یاری سیاسی خۆیان دەکەن کە ڕەهەندی سیاسی وئاینییە، هەرچەندە تا ئەمڕۆش بێت ئەردۆگان وهاوەڵانی پرایەرەتیان (ئەولەویەتیان) بە ڕەهەندی سیاسی داوە، وڕەهەندی ئایینی زۆر بە کاڵی لە کردەی سیاسیان بەدەردەکەوێت، جا لە قەناعەتەوە بێت یان لە توقیەوە بێت، یان لە فیقهی لاوازی ئیستیزعاف (فقه الاستضعاف) وفیقهی باڵادەستی تەمکین (فقه التمکین) بێت بە پێی عەقڵیەتی حەرەکی سیاسی ئیسلامی کەمن پێموایە دژی پرنسیپەکانی دیموکراسین، وئەوەی بژێتە ناو یاری دیموکراسییەت نا بێت پەنا بۆ ئەو چەمکە ببات!

دەبوایە کێشە سیاسیەکانی تورکیا بە تایبەتی کێشە کورد کە گەورەترینیانە پرایەریتی (ئەولەویەتی) هەبوایە لە ئەژێندای حزب (AKP) ڕاستە زۆربەی خەڵکی تورکیا دژی قەدەغەکردنی حیجابن لە زانکۆکاندا، جا لەبەر هۆی ئاینی بێت، یان لەسەر بنچینەی ئازادی تاکەکان ودیموکراسی بێت، بەڵام بە ناوەندی کردنی کێشەکە لەلایەن حزبی (AKP) وخستنە گەڕی هەموو بارستایی سیاسی خۆی بۆ هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر حیجاب لە زانکۆکان، وەک ململانەیەکی سەرەکی کۆمەڵایەتی وسیاسی، نیشانەیەکە بۆ بە دوا هاتنی کێشەکان.

بەڕاستی ئەگەر ئەردۆگان لە جیاتی ئەو هەنگاوە هەوڵی دابا چەند تابۆیەکی سیاسی نا مرۆیانەی کەمالیەکانی بشکاندبا هەم چاکتر دەبوو، هەمیش پشتگیریەکی زۆرتری لە ناوەوە ودەرەوەی تورکیا وەدەست دەهێنا. بۆ نمونە هەوڵی چارەسەر کردنێکی عادیلانەی کێشەی کورد کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاش پێشوازی وپشتگیری لێ دەکرێت، نەک ئەوە بەڵکو هەتا ئیدارەی ئەمریکی ولەسەر زمانی خودی بۆش ئارەزوو ویستی ئەمریکای بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و (پ. ک . ک) دەربڕیوە لەکاتی دوا سەردانەکەی گول بۆ کۆشکی سپی بە پێی هەواڵەکانی خودی میدیای تورکی.

بە پێوەری ئیسلامیش چارەسەرکردنی کێشەی ملیۆنەها موسڵمانی کورد، وگەڕاندنەوەی هەموو مافە سیاسی وفەرهەنگییەکانیان، ومامەڵە کردنیان وەک هەر مرۆڤێکی تورکی پلە یەک، زۆر گەورەترە لای خوا لە خۆ خەریک کردن بە قەدەغە کردنی حیجاب لە زانکۆکان، هەرچەندە ئەو قەدەغە کردنەش بە هەموو پێوەرێکی ئەرزی وئاسمانی قابیلی قبوڵ کردن نیە!

بێگومان پرایەرەتی دان بە کێشەیەکی سیاسی ومێژوویی ومرۆیی وەک

کێشـەی کـورد پایـەی حکومەتەکـەی ئەردۆگانـی لـە نـاوەوە ودەرەوە قایمتـر دەکرد. چونکـە ئـەو کێشـەیە زەنگێکـی مەترسـی بـوو بـۆ سـەرتاسـەری تورکیـا وئێسـتا هەڵمەتێکـی میدیایـی گـەورە بەڕێـوە دەچێـت لـە دژی ئـەردۆگان وحزبەکەی. هەتـا نوسـەری تورکـی بەناوبانـگ محمـد علـی بیرانـد لـە وتارێکیـدا بـە نـاوی: ( ئامـادە بـن بـۆ تورکیایەکـی سـەرتاسـەر گـۆڕاو) "Get ready for a completely transformed Turkey " کـە لـە ٢٠٠٨/٢/١٢ لـە ڕۆژنامـەی Turkish Daily News بـڵاوی کردۆتـەوە تێیـدا تـرس ودڵەڕاوکێـی نێوەنـدی سیاسـی ودەزگای سـەربازی تورکیـا دەردەبڕێـت بەرامبـەر ئـەو هەنگاوەی ئـەو دوایـەی حزبـی (AKP) دەربـارەی حیجـاب، کـە بـە پێـی قسـەکانی بیرانـد ئـەو جارەیـان :»هیـچ بایەخێکیـان بـە سـوپا ومیدیـای سێکیولاریسـت وئۆپۆزسـیۆن نـەدا، بـە تـەواوی پشـت گوێیـان خسـتن...

چونکـە ڕێـژەی ٤٦,٦٪ ئـەو بوێریـەی بـەو پارتـە بەخشـی ولـە هەمـان کاتـدا ترسـی خسـتە دڵـی نەیارانی...بـە پاڵنـەری ئـەو ڕێژەیـە وبـە پاڵپشـتی حزبـی بزوتنەوەی نەتەوەیی (توندڕەو) MHP، حزبی (AKP) داری خستە نێو شانەی زەردەواڵـە کاتـێ بـە هۆشـیاریەوە دەسـتی کـرد بـە ئەنجامدانـی گـۆڕان لـە نێـو ئـەو دامەزراوانـەی کـە تورکیـا بەڕێـوە دەبـەن، ئەویـش لـە ڕێـگای دامەزراندنـی ئـەو فەرمانبـەر وکارمەندانـەی هەڵگـری هەمـان بیـروڕای خۆیانـن لـە پۆسـتە ئیداریـە گرنگـەکان. « «گـۆڕان بـەرکارە لـە دادگای دەسـتوری ولـە بـۆردی خوێندنـی بـاڵا (Board Higher Education (YÖK وسـەرۆک وڕاگـری زانکۆکانیش دەگۆڕدرێن، هیچی تر زمانەی ئەمان لە شوێنی خۆیدا نەماوە. ئـەو گۆڕانانـە تەنهـا لـە سنوری کارمەندەکان ناوەستێ، بەڵکو عەقلیەتێکی نوێ A new mentality هاتۆتـە نێـو بـواری خوێنـدن و پـەروەردەوە...“

لـەڕووی مالیـەوەش وەک بەزمەکـەی دوو حزبەکـەی خۆمـان، دەڵێـت: «پـارە دەستاو دەست دەکات. ئەندامانی حزبی AKP بە بەردەوامی دەوڵەمەند دەبن. ئێسـتا لـە هەمـوو شـوێنێکن وهەمـوو تەنـدەرەکان (موقاوەلاتـەکان) دەبەنـەوە... هەروەهـا کارمەندانـی کاروبـاری دراویـش گـۆڕاون، ولـە بانکـی سـێنتراڵەوە دەسـتیان پێکـردوە“ دەربـارەی میدیـای حزبیشـەوە دەڵێـت: « هەروەهـا میدیـای AKP بـەردەوام لـە گەشەسـەندنە، لـە کاتێکـدا میدیـای عەلمانیـەکان (سێکیولارەکان) گەشـەی کەمتر بەخـۆوە دەبینـن. میدیـای ئاینـی لـە بڵاوبونـەوە وپەرەسـەندن دایـە.“

”لە کۆتاییدا حزبی AKP کاریگەریەکی زۆرتر دەکاتە سەر ژیانمان لە ڕێگای

فەرمانڕەوایی شارەوانیەکان. جلی تایبەتیان، وشێوازی قسەکردنیان، وبۆن وبەرامەیان هەموو دام ودەزگاکانی تورکیای داگیر کردوە. پێویست خۆمان ئامادە کەین بۆ ژیان لە نێو تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو لە سنوری ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتودا.» هەر لەو بوارەوە نوسەرێکی تری تورکی شوشانا بیکەرمان لە هەمان ڕۆژنامەی ناوبراودا لە ٢٠٠٨/٢/١٦ دەڵێت: «زۆربەی عەلمانی وچاوەدێرە بیانیە سیاسیەکان، هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر حیجاب وەک هەنگاوی یەکەم دەبینن بۆ دزەکردنی فەندەمێنتاڵیزم بۆ ناو هەموو کەرتەکانی سیاسی وکۆمەڵگادا، لەمەودا نۆرەی چی دێت کە لێی دەترسن؟!

٢٠٠٨/٢/١٧

# ئێوەش وەستان لە کوشتندا جەنابی ئەردۆگان!

ئەوەی لە نێوان ئەردۆگان وسەرۆکی ئیسرائیل پیریز ڕویدا، پێویستی بە هەڵوەستە کردن هەیە. ئەردۆگان وانەیەکی ڕەوشتی بە پیریزدا گوایە ئەوان خەڵکی بێتاوانی فەلەستینیان کوشتوە، ولە نێو ئەو قسانەی لە وانەکە هات، گوتی:»سەرۆکی بەڕێز کە کار دەگاتە سەر کوشتن ئێوە لە هەموو کەس چاکتری لێدەزانن، دەزانم چۆن دەست دەوەشێنن ومنداڵان دەکوژن لەسەر کەنارەکان!!... بەبیرت دەهێنمەوە کە تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئێوە دەیانکوژن!!»
بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان بۆی هەبوو ببێتە بوێرترین هەڵوێستی سیاسی ومرۆیی لە جیهاندا بەرامبەر لوتبەرزی وغەترەسەی ئیسرائیل کە گوێ بە هیچ کەس نادات لە جیهاندا لە پێناو جێبەجێ کردنی مەرامەکانی، وجیهانیش سەرتاسەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤ وترسنۆکانەیان هەیە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییە نامرۆییانەی کە ئیسرائیل دەیکات، بەڵام ئەگەر زۆربەی سیاسیەکانیش خۆپەرست وترسنۆک بن ئەوە جەماوەری سەرشەقام زۆر ئازایانە دژی ئەو قەسابخانانە وەستان ( خۆزگە بۆ هەموو کێشەکان وابان). سیاسەتمەداری وەک شافیزیش هەر زوو ئەو پێشێلکاریانەی ئیسرائیل ڕەتکردەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەردۆگان لەبەر ڕوبەڕوویی لەگەڵ سەرۆکی شەمعون پیریز گرنگیەکی گەورەتری پێدرا بە تایبەتی لە شەقامی عەرەبی وئیسلامیدا.
ئەردۆگان هەر لەپاش هەڵوێستەکە گوتی:» من شوێنەکەم جی نەهێشت لەبەر ناکۆکیم لەگەڵ پێریز، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێکی کەمترم پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانی پێریز» هەروەها لەبەردەم جەماوەری تورکیدا پاش گەڕانەوەی گوتی:» دەبوایە کارێک بکەم بۆ بەرگری کردن لە کەرامەتی تورکیا وگەلی تورک، من سەرۆک هۆز نیم بەڵکو سەرۆک وەزیرانی تورکیام، دەبێ بەپێی ئەوەشەوە هەڵسوکەوت بکەم»!!
ئەگەر سەرۆکی ئیسرائیل پیریز زیاد لە حەد دیبلوماسی نەبا وکەمێک مرۆڤ دۆست بان، وتاوانبار نەبان بە یارمەتی دانی تورکیا لە دژی دۆزی کورد، ئەوە دەیتوانی بەو شێوەیە وەڵامی شانۆکارییەکەی ئەردۆگانی بدابایەوە:

»جەنابی باشبەکانی تورکیا، ئێوە لەسەر سنورێکی دوور لە ئەستەمبۆل وئەنقەرە کە چەند سەربازێکتان دەکوژرێ، هەڵمەتی سەربازی گەورە دەکەن نەک هەر بۆ خاکی کوردستانی ژێر دەستی تورکیا، بەڵکو بەو بیانوە دەتانەوێ خەونی کوردانی عێراقیش لەبار بەرن، بە بیانوی بەرگری کردن لە سەروەری تورکیا، ئێمە رۆکێتەکانی حەماس بە شارەکانمان دەکەوێت ئەوەی ئێوە بە هێزە سەربازییەکانتان دەکەوێت، کەچی هەڵمەت وهەڕەشەکانی ئێوە گەورەتر وسەرەڕۆترن. ئێمە بۆ لێدانی حەماس لە غەزە دەدەین، چونکە حەماس لەوێ خۆیشاردۆتەوە، کەچی ئێوە لە جیاتی (پ.ک.ک) لە خەڵکی گوندنشین لەڕوماڵاتەکانیشیان دەدەن»

گەورەم ئێمە لە هیچ شوێنێک زمانی عەرەبیمان لە خەڵکی عەرەب قەدەغە نەکردوە، دەیەها دەزگای میدیای عەرەبی بیستن ودیتن ونوسراو هەیە لە ئیسرائیل کەچی ئێوە تازە پاش هەشتا ساڵ تەلەفزیۆنێکتان بۆ کوردەکان کردۆتەوە پاش چەندین تۆن لە فشاری سیاسی وتیرۆریستی! ڕاستە تۆ بە من دەڵێیت تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئایە قورئانیش ناڵێت، زمانە جیاکان موعجیزەیەکی خوایە!

هەرگیز بیریشمان لە تەهویدکرنی عەرەب نەکردۆتەوە، کەچی عیسمەت ئینۆنۆ دەستەڕاستی ئەتاتورک ویەکێک دامەزرێنەرانی دەوڵەتی تورکیا بەر لە هەشتا ساڵ گوتی: ئەرکی ئێمە بە تورک کردنی هەموو کوردە دەسبەجێ وبەبێ دواخستن» ڕاستە دیندارەکانی ئێمە دەڵێین:»جوو گەلی هەڵبژێردراوی خوایە» بەڵام باوکی تورکیای نوێ کە کەسێکی بێدین بوو تا سەر ئێسقان قسەیەکی لەوەی ئێمە پوچتر دەکات کە دەڵێت»چەندە بەختیارە ئەوەی دەڵێت من تورکم»!!

بەڕێز کە باسی تەورات دەکەیت، ئەی قورئانیش دان بە هەقیقەتی فرە ڕەگەزی وفرە نەتەوەیی نا نێت (وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا) ئەی بۆچی ئەو هەموو دژایەتییە میللەتێکی وەک کورد دەکەن هەر لەبەر تاوانی کورد بونیان، ودەڵێن نا هێڵین قەواریەکی کوردی لە ئەفریقیاش دابمەزرێت!!»

ئێمە پەرلەمانتاری عەرەبی وامان هەیە لە کەنیسەت (پەرلەمان) بەردەوام هێرش دەکەن سەر ئیسرائیل، کەسیش هیچیان لێناکات! کەچی ئێوە چەندین پەرلەمانتاری کوردتان بۆ چەندین ساڵ زیندانی کرد چونکە سوێندی یاساییان بە کوردی خوێندەوە!

ولـه وەش سـەیرتر ئێـوه لـه ١٩٨٢ سیاسـەتمەدارێکتان بەنـاوی شـەڕەفەدین ئێڵچـی سـزادا بـه زیندانـی چـوار سـاڵ وحـەوت مانـگ، نـەک لەبـەر ئـەوەی وەک پەرلەمانتـارە عەرەبەکانـی ئێمـە هێرشـیان کردبـوو بـۆ سـەر تورکیـا وئیهانـەی سـوپا ونەتـەوەی تورکیای کردبێت، بەڵکو تەنها لەبـەر تاقە ڕستەیەک بوو کە گوتبووی:»کـورد لـه تورکیـا هـەن ومنیـش کـوردم»!!!

جەنابی باشبەکان ئـەوە باسـی کوشـتنت کـرد کـه گوایـه ئێمـه چاکی لێدەزانین، مـن دەڵێـم دەبـا ئامارێـک بکەیـن لەوەتـی ئیسـرائیل وتورکیـا دامـەزراوە بزانیـن ئێمـە عەرەبمـان زیاتـر کوشـتوە یـان ئێـوە کوردتـان زیاتـر کوشـتوە! گرفتەکـە لـه کوشـتنەکە نییـه، بەڵکو لـەو عەقڵیەتەیـه کـه پێـی وایـه کوشـتنی موسـڵمانانی کـورد بـه دەسـتی موسـڵمانانی تـورک وعـەرەب وفـارس هیـچ نیـه لـه بـەراوردا لەگـەڵ کوشـتنی موسـڵمانێک بـه دەسـتی جولەکەیـەک یـان مەسـیحییەک، ئێوەی موسـڵمان خـەم داتـان ناگـرێ بـۆ کوشـتنی موسـڵمانان بـه دەسـتی موسـڵمانان، بـەڵام تەنهـا کوشـتنی دەسـتی زایۆنیـزم وخاچپەرسـتانتان لێبۆتـه کێشـە!! بەڕاستی عەقڵیەتێکی نەخۆشـە، دەنـا دەبوایـه ئـەو هەرایەی لەسـەر ئێمـه کـرا، زیاتـر لەسـەر ئێـوە کرابـا!!

دوا قسـەم ڕاسـتە تـۆ دەڵێـی تـەورات دەڵێـت خـەڵک مەکـوژن – بێگومـان ئـەوەش ڕاسـت نییـە، ئـەردۆگان نەزانـە لەوبـارەوە- بـەڵام قورئـان لـەوە زیاتـر دەڵێـت کاتـێ کوشـتنی نەفسـێک بـه قەڵاچۆکردنـی هەمـوو خـەڵک دەشـوبهێنێ (مـن قتـل نفسـا بغیـر نفـس او فسـاد فـی الارض فکانمـا قتـل النـاس جمیعـا ومـن احیاهـا فکانمـا احیـا النـاس جمیعـا)

جەنابـی باشـبەکان ئـەوە هـەر ئێمـه لـه کوشـتندا شـارەزانین، ئێـوەش وەسـتان لـه کوشـتندا!!

٢٠٠٩/٢/٧

## نەك ئیسلامیەکان شێخە سەلەفیەکانیش درۆ بۆ ئەردۆگان دەکەن!!!

شتێکی سەیر نییە، پیاوێکی چەواشەکاری دوو ڕووی پڕ لە کەم و کورتی و هەڤدژی، کاتێ هەتا درۆکانیشی ئاشکرا دەبن، کەس لە ئیسلامیەکان ڕەخنەیەکی لێ ناگرن؟!
دژایەتی ئیسرائیلی کرد پڕ بە دنیا پڕوپاگەندەی قارەمانیەتیان بۆ کرد. کە سەری شۆڕ کرد بۆ ئیسرائیل هیچ ئیسلامیەک فزەی نەکرد. فڕۆکەی ڕوسیای بەردایەوە بە شانازیەوە بە گژ ڕوسیادا دەچوو، کاتێ سەری شۆڕ کرد بۆ ڕوسیا وەک بێ غیرەتترین پیاوی دنیا داوای لێبوردنی کرد، کارەکەی خستە ئەستۆی ئەو دوو ئەفسەرەی کە فڕۆکەکەیان بە فەرمانی خۆی بەردایەوە، پاش کودەتا سەقە تەکەش گرتنی و دوور نیە لەبەر خاتری ڕووسیا لە سێدارەشیان بدات، وەک لە نامەکەی بۆ پوتین وتبووی کە ئەو ئەفسەرانە سزا دەدات کە فڕۆکە ڕوسیەکەیان بەردایەوە!! ببینە ئیسلامیەکی موحتەرەم فزەی کرد؟! ئێستا خەریکە بۆ ئەسەدیش وا تەنازول دەکات لە دژی کورد، جەزائیر لە نێوانیان دایە.
هەتا سەلەفیەکانیش کە لە هەزاران زانایانی ئومەتی ئیسلامی ڕازی نین، بەو پەڕی گەمژەییەوە بەرگری لێ دەکەن. لە کوردستانیش چەند سەلەفیەکی کونیە پیس وەک هەر ئیخوانیەکی ئەردۆگانی بەرگری لە ئەردۆگان دەکەن! بەڵکو گەیشتە ڕادەی ئەوەی درۆی بۆ بکەن!!
ئەو شێخە داعشیە سعودییە سەلەفیە سعید مسفر، کە بانگخوازێکی ناسراوە و بە دکتۆرا لە عەقیدەوە، دانیشتووە درۆی زل بۆ ئەردۆگان دەکات. دەڵێت: هەموو ڕۆژ بەرلەوەی بچێتە دەوامی سەرۆکایەتی، لەسەر ڕێگا لادەدات پێیەکانی دایکی ماچ دەکات، ئینجا دەڕواتە دەوام!! پیاوێکی ساڵحە وەک دەزانن.! دایکی دەڵێت: کوڕم ئەردۆ تۆ ئێستا سەرۆکی واز لەو کارە بێنە! بۆ دایە گیان سەرۆک پێویستی بە بەهەشت نییە؟!!
بەهەشتی من لە بن پێیەکانی تۆیە!!!
تەکبیر بۆ ئەو درۆیە، ئەردۆگان بەر لە سێ ساڵ پێش بوونە سەرۆک دایکی مردوە.

# ئایە ئەردۆگان دانەخۆرە دەکرێت لەلای ئەمریکاوە؟!

تێوەگلانی سوپای تورکیا لە زەلکاوی سوری بە نرخێکی گران لەسەری تەواو دەبێت، وەک پەیەدە دەڵێت هاتنی سوپای تورک بە خۆشی خۆیان بوو، بەڵام کێشانەوەیان بە خۆشی و ویستی خۆیان نابێت.
ئەمریکا زۆر ڕاشکاوانە پشتگیری ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا دەکات، و هەتا بە فڕۆکەکانیشی بەژداری لەو شاننۆگەریەی ڕزگارکردنی جەرابلوس کردوە، قسەی خراپی بەرامبەر کوردیش کردوە!
ئەوەی من تێبگەم ئەمریکا نایەوێت ئەردۆگان لەوە زیاتر لە ڕوسیا و ئێران نزیک بێتەوە، دەیەوێت تورکیا بە هەر نرخێک بێت کێش کاتە ناو زەلکاوی سوری، کە توانا و هێزیکی زۆری تورکیای تێدا خەرج دەکرێت، بە لووت شکاندنی ئەردۆگان یش کۆتایی دێت.
چونکە ئەمریکا و ئەوروپا زۆر چاک بە مەیلی داعشی ئەردۆگان دەزانن.
ئەگەر ئەو هەڵوێستانەی ئەمریکا وەک لە ڕوداوەکان و کۆنگرە هاوبەشەکەی بایدن و ئەردۆگان هەقیقی بن، کە من پێمونیە وابێت، ئەوە خەونی یەکگرتنەوەی عەفرین و کۆبانی زۆر سەخت دەبێت.
بەڵام من زۆر نیگەران نیم لە پەیەدە، چونکە وەک مردۆخەکانی باشوور نین، خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە کردو.

٢٠١٦/٨/٢٥

# محەمەد عەلی کلایی
# بە مردوویش زەڕبە قازی خۆی لە ئەردۆگان دا!

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کلایی، وەک دەڵێن: بە زیندوویی و مردوویی هەر جوان بوویت [طبت حیا و میتا!]
هەزار ئافەرین بۆ خێزانە بە ڕێزەکەی کلایی کە هەلی خۆ نمایشکردنیان بە ئەکتەرە دەبەنگەکەی تورکیا نەدا، ڕەسیدی خۆی پێبەرز کاتەوە لای ئیسلامیە گەمژە و ساویلکەکان، لەسەر حیسابی تەرمی کەڵە پیاوێکی وەک کلایی.
کلایی مرۆڤ دۆست لە وەسیەتنامەیدا داوای لە براکەی کردبوو لەسەر قەبرەکەی وتەیەکی ناوداری مارتن لۆتەر کینگ بنووسن: "هەوڵم دا هەموو مرۆڤایەتیم خۆش بوێت و خزمەتیان بکەم، هەوڵم دا بەڕاستی برسیەکان تێر بکەم و بێ بەرگەکان بپۆشم"
ئەردۆگان بەر لە نوێژی مردوو هەوڵی دا نزیک بێتەوە لە تەرمی کلایی بەڵام پۆلیس و شێخ زەید سەلیم شاکر ئەردۆگانیان بەپاڵ دوورخستەوە، ئەوەش ئەردۆگانی زۆر تورە کرد، هەتا پاش نوێژەکە، اللە اکبرەکانی نەدەوتەوە، رووی وا گرژ و بێ گوزارش بوو دەتگووت پەیکەرێکە لە مۆم!
ئەوەی زیاتریش ئەردۆگانی توورە کرد، پاسەوانە کەسیەکانی ئەردۆگان یش لەگەڵ کارمەندانی دەزگای ئاسایشی نهێنی بوو بە شەڕیان، کێشەکەیان لێیان گەورە کرد تا بەرپرسی یەکینەکانی تایبەت هاتنە ناو کیسەکەوە و چارەسەریان کرد.! هەر ئەوەش وای لە سەرۆک ئەردۆگان کرد تورە بێت و بەخێرایی شوێنەکە بەجێ بهێڵێت!
وایزانی خێزانی کلاییش وەک عەرەب ساویلکەن بە نواندنێک هەموویان لە خشتە دەبات!
نە هێشتیان ئەو دەجالە قورئان بخوێنێت لەسەر تەرمی کلایی، و نەهێشتیان پارچە پەڕۆیەکی کەعبە بخاتە سەر تەرمی ، و دەریشیان خست لە لیستی وتەبێژان.
موسڵمانی وا شەریف و هەقویست بەسەرچاوم
٢٠١٦/٦/١١

بەشی سێیەم

# تورك و كورد ومێژوو

# ئەبو جەهلی کورد لە سەحابەیەکی تورک باشترە!

ئـەو بـێ هەڵوێسـتیەی تورکیـای ئـەردوگان سـەرەڕای وەک موفتەخۆرێک بەسـەر خێـر وبێـری کوردسـتان دەژیـن، هـەزاران کۆمپانیـا و دەیـان هـەزار تـورک لەسـەر خێری خەڵکی کوردستان دەژین، و سـەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم و پارتی بە تایبەتی تەنازول نەماوە بۆ تورکیای نەکات، ئینجا وا مۆن وبێ دەنگ وبێ هەڵوێسـت وبەڵکو پیلانگێڕێش بـن.
دەترسـم ئـەو قسـەیە بسـەلمێنێت، کـە تـورک هـەر تورکـە چ عەلمانـی بێـت، چ ئیسـلامی، چ نەتەوەیـی بیت چ نێونەتەوەیی. ترسـێکی تریشـم ئەوەیە نیشـانەی پرسـیارێکی گـەورە لەسـەر ئـەو نەزعـە ئینسـانی و میانڕەوەی ئـاک پارتـی و ئـەردۆگان دادەنێـت، کەمـن زۆر هیـوام پێیـان بـوو وەک دەسـەڵاتێکی جیـا لـە وانـەی پێشـوو، مامەڵـە لەگـەڵ کـورد وکوردسـتان بـکات، کەچـی دەنگۆیەکـی گەلێک زۆر هەیە لەسـەر هـاوکاری کردنی لەگەڵ گرووپی تیرۆرسـتی داعش...
کاتی خۆی قسـەیەکم کرد لـە کۆڕێک هیـوادار بـووم ڕۆژێک بۆم دەرکەوێت کـە هەڵەبـووم تیایـدا، بـەڵام هـەر قەناعەتـم پـێ بەهێزتـر دەبێـت! گووتـم: ابـو جهلـی کـورد بـە سـەحابەیەکی تـورک ناگۆڕمـەوە، بـەس بەداخـەوە ڕۆژ بـەڕۆژ قەناعەتم زیاتر لـە ڕاستی ئـەو قسـەیە نزیک دەبێتـەوە، چونکە کورد لـەوە پڕ باشـتر و پڕ تەنازولتـر و پڕ خێروبەرەکـەت نابێت بۆ تورکیا کـە ئابووریەکـەی بەسـایەی کوردسـتانی باشـوور گەشـاوەتەوە!
شـتکی تریـش دەسـەلمێنێت، کـە ئیسـلامی سـوونی عەرەبـی تورکـی، پاکسـتانی و جەزائیـری وبەنگلادیشـی و هتـد، زۆر مخەنـەت و دڵ ڕەشـترن لـە ئیسـلامی شـیعی ئێرانی و عێراقی و ئیسـلامی شیعی زۆر زیرەکتر وعاقڵمەندتر و واقیع بینتـرن! ئـەوەی پارتـی بـۆ تورکیـای کـردوە، بـۆ ئێرانـی بکردایـە، ئێسـتا ئێـران تەیارەشـی دەدایـە کوردسـتان.
٢٠١٤/٩/١

# تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک!

ئـەوە دەیەهـا سـاڵە ئیسـرائیل زەبـر بـەدوای زەبـر دەوەشـێنێتە عەرەبـی فەلەسـتین وبەوپـەڕی گوێنـەدان بە هیـچ ناڕەزاییـەک بەردەوامـە لەسـەر پڕۆژەی تەواوکردنـی داگیرکردنـی بسـت بـە بسـتی خاکـی فەلەسـتین، سـەیر لەوەدایـە ئیسـرائیل هـەر قسـە ورەخنـەی نەیارەکانـی پشـتگوێ ناخـات بەڵکـو گـوێ بـە رەخنـەی دۆستەکانیشـی نـادات لـە نێـو ئەوانـەش ئەمریـکا وولاتانـی ئەورووپـای ڕۆژئـاوا.

دەیەهـا سـاڵە ئیسـرائیل بـە هەوەسـتی خـۆی دەکوژێـت ودەبڕێـت بـێ گوێدانـە بڕیارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان وهیـچ دامەزراوەیەکـی تـری نێودەوڵەتـی. ئـەو ئیسـرائیلە هێشـتاش مانـدوو نەبـوە وئامـادە نیـە دەسـتبەرداری لـە ٣٪ خاکـی فەلەسـتین  یـان ئیسـرائیل بێـت بـۆ فەلەسـتینیەکان تـا دەوڵەتۆکەیەکـی لەسـەر دروسـت بکـەن!

ئیسـرائیل بـە بیانـووی هیسـتیریای مێژووییـەوە دەیەوێـت هەمـوو شـتێکی سـەر ئـەو خاکـە هەسـتیارە بسـڕێتەوە یـان مۆرکێکـی جولەکایەتـی لێبـدات، هـەر بـەو بیانـوە مێژوویانەشـە ئـەوە بـۆ چەندیـن سـاڵە ژێـر مسـجد الاقصـی هەڵدەکۆڵێت. دوا هەنـگاوی پـڕ لـە فیـز وعونجوهیەتـی ئیسـرائیل ئـەو هێرشـە دڕندانـەی بـوو بۆسـەر  (فلوتێـلای ئـازادی) (کاروانـی دەریایـی ئـازادی) وبـێ گوێدانـە هیـچ پێوەرێکـی سیاسـی ودیبلوماسـی ومرۆیـی، بەبـێ سـڵکردنەوە لـە هاولاتیەکانـی ئـەو ولاتانـەی  کـە تەنهـا بـە مەبەسـتی شـکانی گەمـارۆ نامرۆییەکـەی غـەزەدا هاتبـوون.

بێگومـان ئیسـرائیل بـەو کارە نامرۆییانـە وگەلحۆیانـەی بـە شـایەدی دۆستەکانـی پێـش دوژمنانـی هەلەیەکـی گـەورەی کـرد وهەلێکـی گەورەشـی دایـە دەسـتی ئـەردۆگان بـۆ زیاتـر بەدەسـتهێنانی شـەعبیەت ونـاوداری لـە سـەرتاسـەری ولاتانـی عەرەبـی وتورکیـادا. لێدوانـە ئاگریـن وتوندەکانـی ئـەردۆگان دوبـەدوای ئـەو ڕوداوە سـەرتاسـەری  جیهانـی عەرەبـی وروژانـد وتورکیاشـی جۆشـدا وشـەعبیەتی ئەردۆگانـی گەیانـدەوە چڵـە پۆپـە!

تورکیـا وئـەردۆگان وەک ئـەو شـێرکوژەیە کـە هەمـوو ولات گەڕابـوو بـەدوای ڕاوکردنـی شـێرێک کەچـی شـێرەکە بەرداوێژێـک لـە دواوەی ماڵەکـەی خۆیـان

بووا! ئەو کێشەیە گەورەیەی کورد کە بە هەموو پێوەرێکی دونیایی وئاسمانی گرنگترین کێشەیە ولەکاتێکدا هەزاران منداڵی هەرزەکار لە باوەشی گەرمی دایکیان دەرهێندراون ولە زیندانەکان ژیانیان دەگوزەرێنن وراپۆرتەکەی بی بی سی لەو بارەیەوە بەردی بە گریان دەهێنا، کەچی ئەردۆگان سەرگەردانی عەدالەتە لە دووری هەزاران کیلۆ مەترەوە بۆ فەلەستینیەکان، ئەوە لە کاتێکدا ئەردۆگان دەتوانێ لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەی دەیان منداڵی کوردی بۆیاغچی پیلاو ببینێت کە چۆن بە دەستی جەندرمەکانی ئاوارە وسەرگەردان کراون وچۆن شیرازەی سەرتاپای ملیۆنەها خێزانی کوردیان لێکترازاندوە.
ئەوەی جێگای پرسیارە دەبێت بۆ ئیسرائیل دەیەها ساڵە بە هەوەستی خۆی یاری تۆپتۆپێن بە جەستە وخاک وویژدان وئەعسابی عەرەب وموسڵمانان دەکات بێ ئەوەی لە هیچ بترسێت یان سڵ بکاتەوە؟! ئیسرائیل لە کێ بترسێت بەر لە هاتنە سەرهێڵی تورکیا؟ لە میسر ؟! ئەخر ئیسرائیل چۆن لەو میسرە بترسێت کە بونەتە ئێشکگری ئەمنی سنوری ئیسرائیل ولەوانیش توندتر تالاو بەدەمی فەلەستینیەکان دەکەن؟ لە ئوردن؟! کە بە دوو سآ سەعات دەتوانێت هەمووی داگیر بکات؟ لە سوریای ماڵباتی ئەسەدی ناوەوە ورێوی بەردەمی ئیسرائیل؟!
سوریا بەس بۆ گیانی نەتەوەیەکی بێ دەرەتانی وەک کورد ئازایە بۆ گیانی گەلی سوریای بارمتە ئازایە بۆ گیانی لوبنانیەکان ئازایە، وسنوریشی لەگەڵ ئیسرائیل لە تەقەی خۆشی ژن وژن گۆڕینەوەی هەردوو لای سنور هیچی تری لێ نیە.
لە عەرەبستانی سعودی کە لە فەلەستینیەکان زیاتر سواڵی ئاشتی دەکات لە ئیسرائیل؟! ئەوەی لەسەر ئاستی عەسکەری کەمێک ئیسرائیلی هەژاندبێت حزب الله یە ولەدواوەش ئێران، بەڵام هەموو گەفوگورەکانی ئێران بەقەد ئەو هەڵمەتە سیاسی ودیبلۆماسیانەی ئەردۆگان وتورکیا کاریگەری نەبوو بەسەر ئیسرائیل، بەڵکو ئیسرائیل هەڕەشەکانی ئێرانی وەبەرهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەوەی ئەردۆگان وتورکیا پێیان کرا لەگەڵ ئیسرائیلی بکەن کەس پێی نەکراوە، ئەوەش سەرەڕای لێزانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی سەرەکی:
ئەویش وەک چۆن جووە توندڕۆکان خۆیان پێ گەلی هەڵبژاردەی خوایە، تورکەکانیش بە پێی کلتوری سیاسی کەمالیستی وکلتوری ئیسلامی عوسمانیش ئیدیعای ئەو نوخبەویەتە دەکەن وتوێژینەوەیەکی زۆر لەو

بارەیەوە هەیە، بۆیە تاکی تورک هەست بە عونجوهیەتێکی زۆر سەیر دەکات لە سۆنگەی ئەو پەروەردە دوو سەرەی کەمالیی وتاڕادەیەکێش عوسمانیەت. چونکە ئەگەر تورک هێندە ئاشتیخوازن نە دەبوایە بەو جۆرە دڕەندایەتیە هەڵسوکەوت لەگەل میللەتێکی گەورەی وەک کورد بکات، ئێمە هەر باسی ئاستی سیاسی وحکومی ناکەین بەڵکو باس لەسەر ئاستی کەسێتی وشەخسی دەکەین، لە شاگردێکی تورکی ڕێستورانەوە بگرە تا پرۆفیسۆرێک هەمان خۆبەزلزان وعونجوهیەت وخەڵک بەهیچ نەزان. هەر خۆم جارێکیان لە ڕێستورانێکی تورکی کە زۆربەیان کوردی تورکیا بوون لە یەکێکیانم پرسی جەنابیشت کوردی! گوتی نا، (نا) یەکی هێندە گەورە وقەڵەو وهێندە ڕوخساری تێک چوو وەک بڵێی پێم گوتبێت جەنابت دزی یا گەوادی؟!
ئەزموون زۆرن لەگەڵ شوفێری تاکسی ورۆشنبیر وسیاسی وئیسلامی وعیلمانیەوە هەموویان یان زۆربەی هەرە زۆریان هەمان گیانی گەلی هەڵبژاردەی خوایان تێدا دەخولێتەوە، جا وەک چۆن عەرەب دەڵێن (تەنها ئاسن ئاسن دەچەمێنێتەوە) بۆیە ئەو عونجوهیەتەی جولەکەکان پێویستی بەو عونجوهیەتەی تورکان بوو، ڕۆژئاواش زۆری پێخۆشە بەرەی حەماس وفەلەستینیەکان لە ژێر پێی ئێران دەربهێنێت وبیخاتە ژێر پێی نیوعوسمانیەکان کە زۆربەی کات لە میکیاڤیلی میکیاڤیلیانەتر ڕەفتار دەکەن وڕەهەندێک هەیە بۆ عەقڵ وگفتوگۆ.
٢٠١٠/٦/٢٢

# خازوق داهێنراوی گەورەی تورکە عوسمانیەکان

خازوق چاکترین و ناودارترین ئامراز بوو بۆ تۆقاندن و هەڕەشەکردن، لەگەڵ ناوهێنانی، عوسمانیە دڕندەکان بیر گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی کۆن دەخستەوە.
بێگومان شێوازی کوشتن و زۆرترین ئەشکەنجە گەیاندن بە قوربانی لە داب و نەریتی تورکەکاندا لەسەردەمی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەوەی چاو لە مێژووی پڕ فەزاعەتیان بکات دەزانێت هونەری کوشتن و مەرگی پڕ قەسوەت و سنوربەدەر میراتێکی سروشتی تورکە بەرابیەکانە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە چۆن بەو هەموو پێشکەوتنەوە لە بەراورد گەلانی تری ئیسلامی تورک بەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئەو نەزعەیە پڕ لە دڕندانە و دوژمنکارانەی بەرامبەر خەڵکانی تری ناتورک وەک بەرابیەکانی مێژوو پاراستووە ولە بچوکترین بۆنە دەردەکەوێت؟!
لە لێدانی خۆپیشاندانی منداڵ وپیرەمێرد وپیرەژنی سەرووی ٧٠ ساڵەوە دەردەکەوێت، لە زیندانی کردنی منداڵی ١٠ و ١١ و ١٢ساڵی بە سەدان لە زیندانەکاندا! بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و نەهێشتنی ناشتنی جەستەکەشی!
سەیر لەوەدایە پاش موسڵمان بوونیشیان هیچی لەو نەزعەیە دڕندەیەیان نەگۆڕی بەڵکو خراپتری کرد. چونکە هەموو میراتە دینییە توندوتیژیەکەشی ئاوێتەی داب ونەریتی دڕندانەی بەرایی مەغۆلەکان و عەشیرەتە تورکە دڕندەکان کرد، لە دوای مێژووی بە ئیسلام بوونیان، لە ژێر پەردەی دینی و خوادا خەڵکیان قڕ دەکرد بە وێنەی دوێنێی وەسەنەتیان!
خازوق بەر لەوان هەبوو بەڵام عوسمانیەکان داهێنەری بوون لە جیهانی ئیسلامی دا. ٦٠٠ سەد ساڵ حوکمیان کرد ناوی سێ چوار زانای بە کەڵکی مرۆڤایەتی هاتبێت نادۆزیتەوە شتێکیان داهێنا بێت بۆ مرۆڤایەتی و زانست. خازوق دارێکی سەر تیژکراوی درێژە لە کۆمی قوربانی دەبڕن ولە دەمی یان شانی دەردەچێت. ئەوانەی توانای درێژکردنەوەی ئەشکەنجەی قوربانیان هەبوو بێت پاداشت کراون!
٢٠١٧/٣/١٢

# دڕەندەیەکی تری مێژووی تورک
# یاسای محمد فاتح بۆ کوشتنی براکانی سوڵتان!

ئەو بابەتە بچوکەی لەسەر ڕۆڵی عوسمانیەکان لە زیندووکردنەوەی نەریتی کوشتن بە خازوق، واتە دارێکی تیژ تێبڕین لە کۆمی مرۆڤ و دەرکردنی لە بەشی سەرەوەی جەستەی، دەمی یان شانی یان هتد! نوسینی ئەو پۆستە بۆی سەلماندم کە کەسانێک هەن وەک چۆن سەلەفیەت بەو بێ قەت باسی دەوڵەتی ئەمەوی نەکەیت بە خراپ، بە هەمان شێوە پێیان ناخۆشە باسی دەوڵەتی عوسمانی بکەیت، وەک بڵێی باسی دەوڵەتی خولەفای ڕاشدینی پیرۆزکراو بکەیت!

کەموکورتی و نامرۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هێندە زۆرە بە ئینسکلۆپیدیایەکی دەبەرگیش کۆتایی نایەت، هەول دەدەین ناوە ناوە ئەو پەردە ڕەشە لەسەر چاوی ئەو ساوییلکانە هەڵدەینەوە! هەندێکیان لەوانە پێیان وایە کە باسی خاڵە نێگەتیڤەکانی عوسمانیەکانت کرد یانی تۆی ستایشی ئەتاتۆرکیەت و کەمالیست دەکەیت! بەڕای من هەردووکیان کارەسات بوون و یەک عەقڵیەتی تورکچی دڵ ڕەق و وەحشی ئاڕاستەی دەکردن، نازانم بۆ دەبێت کورد لە بەرەیکیان بێت، بۆ نابێت هەردووکیان وەک خۆی پێ بناسێنیت؟!

لەو بابەتە باسی یاسایەک دەکەین بەناوی: یاسای محمد فاتح بۆ کوشتنی براکانی سوڵتان!

بۆ ئەو بابەتەم پەیوەست بە محەمەد فاتح هەڵبژارد؟ چونکە شتێکی زۆر دەگوترێت لەسەر گەورەیی محمد فاتح، و لە مێژووی دەولەتی عوسمانی بە پیرۆزترین خەلیفەی عوسمانی دەناسرێت کە قوستەنتینیە [ئەستانبۆڵ] ی داگیر کرد لە دەستی بێزەنتیەکان، و هەروەها هەتا حەدیسی پێغەمبەریشیان بۆ داتاشیوە!

بابزانین ئەو خەلیفە هەرە موبارەکەی عوسمانیان چ جۆرە یاسایەکی دەرکردوە. دەقی یاساکە زۆر بە ڕاشکاوی لە یاسای تایبەتی عوسمانی دا هاتووە دەڵێت:

" اذا تيسرت السلطنة لآي ولد من اولادي فيكون مناسبا قتل اخوته في سبيل تأسيس نظام العالم، وقد اجاز هذا معظم العلماء، فيجب العمل به"

[ئەگەر دەسەڵات و سەڵتەنەت کەوتە دەستی هەر کوڕێک لە کوڕەکانم گونجاو دەبێت براکانی بکوژێت لە پێناو دامەزراندنی ڕژێمی گشتی، زۆربەی زانایانی ئیسلام مۆڵەتی ئەوەیان داوە، بۆیە دەبێت کاری پێ بکرێت]

ئەو یاسایە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی نەبووە لە دڕندایەتی و دارمانی ڕەوشتی، لە هیچ نەتەوە و دینێک شتی وا ڕووی نەداوە! سەیر لەوەدایە کە ئەو یاسایە لە ژێر دەستی کەسێکدا دەرچووە گوایە حەدیسێکی پێغەمبەری لەسەر جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت: «لتُفتحن القسطنطينية ، فلنعم الأمير أميرها ، ولنعم الجيش ذلك الجيش». واتە [قوستەنتینە فەتح دەکرێت، چاکترین ئەمیر ئەو ئەمیرەیە، و چاکترین سوپاش ئەو سوپایەیە]!

ئەو حەدیسە هەرچەندە بە بنەماکانی زانستی حەدیس یش لاوازە « الحديث ضعيف انفرد به عبدالله بن بشر الخثعمي، وهو مجهول» و ئەلبانی یش زەعیفی کردوە، بەڵام هێندە باوە لە ناو تورک و هەوادارە عوسمانلیەکان بۆتە ئەمری واقیع! پرسیارەکە ئەوەیە گوتمان با ڕاست بێت ئەو حەدیسە، هەر چۆن ئەو محمد فاتیحە چاکترین ئەمیر دەبێت کە یاسایەکی وا دڕندەی داڕێژتبێت، و برایەکی ٦ مانگانی خۆشی کوشتبێت؟!

یان چۆن ئەو سوپایە چاکترین سوپا دەبێت کە لە کاتی گرتنی قوستەنتینیە سێ ڕۆژی تەواو بەس خەڵکیان کوشت و تاڵان و دزیان کرد؟! ئەو فەزاعەتەی کە لێیان دەگێڕنەوە لەو مێژووەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ سوپای هۆلاکۆ و جەنگیزخان.

وەک هەمیشە پیشەی پینەچیەکان، ئیسلامیەکان و تورکچیەکان ئەو یاسایە بە چەندین جۆر ڕەت دەکەنەوە وەک:

یەکەم: عەرەب وتورکە ئیسلامیەکان بە پاڵنەری دینی و نەتەوەیی نکوڵی لەو یاسایە دەکەن و دەڵین شتی وا نەبووە چۆن پیاوێکی وا لە خواترسی وەک فاتیح، کە ستایشی پێغەمبەری بەرکەوێت کاری وا دەکات؟!

دووەم: هەندێکی تریان دەیان پینە و پەڕۆی بۆ دەکەن و دەڵێن ئەو یاسایە لە یاسای سزادانی شەریعەتی ئیسلام وەرگیراوە! ئەوە حوکمی [البغى و البغاة] ە، یانی ستەم و ستەمکاران و دەستدرێژی کەر! ئینجا باسی ئەو برایانەی خەلیفەکان دەکەن کە خیانەتیان کردوە و لە سزای ئەوەدا کوژراون وەک کوشتنی موڕادی یەکەم بۆ کوڕەکە [ساوجی] کە بە سوپایەک بەرەو ڕووی باوکی بووەوە وەک هاوپەیمانی بێزەنتیەکان! یان کاتێ سوڵتان سەلیم هەردوو براکەی کوشت کە یەکیان دایە پاڵ دەوڵەتی سەفەوی و ئەویتریان یاخی بوو

لە باوکی! و لە سێدارەدانی سلێمانی قانونی بۆ بایەزیدی کوڕی و پێنج لە براکانی خۆی! ئەوە قانونیەکەیانە، دڕندەکانیتریان چۆن بووە؟!
سێیەم: هەیانە گومان دەخەنە سەر ئەو بەڵگەنامانەی دۆزراوەتەوە لەو بارەیەوە و دەڵێن هەڵبەستراوە و دوژمانی ئیسلام و عوسمانیەکان هەڵیان بەستوە!
بۆ وەڵامی ئەو نکوڵی لێکردنانە و بە نسبەت خاڵی یەکەم دەڵێین لە کتێبی الدولة العثمانیة المجهولة ٣٠٣ سؤال وجواب، نووسەرەکانی کتێبەکە زۆر سوک ونەزان لەو نکولی کەرانە دەڕوانن، سەرەڕای ئەوەی خۆیان زۆر عوسمانلی دیارن، دەڵێت بەڕای ئێمە هۆی سەرەکی ئەو ڕایە ئەوەیە ناتوانن مەسەلەی کوشتنی برا بە ڕوونی تەفسیری بکەن لە ڕووی شەرعەوە!
بە نسبەت خاڵی دووەم دەڵێین جاری یاساکە بە هیچ جۆریک ناڵێت ئەوەی خیانەتی کرد وای لێ بکرێت، بەڵکو دەڵێت: « ئەگەر سەڵتەنەت کەوتە دەستی هەر کوڕێک لە کوڕەکانم گونجاو دەبێت براکانی بکوژێت لە پێناو دامەزراندنی ڕژێمی گشتی» کەوابوو یاساکە بەرامبەر سزادانی تاوانێک دانەرژێراوە بەڵکو هەر لە پێناو کوشتندا.
لەو ڕێیەوەش سەدەها نمونەی جێبەجێ کردن لە مێژووی عوسمانیەکان سەرەتا بە فاتیح دەست پێ بکەین کە برایەکی منداڵی ٦ مانگەی کوشت، یان محمدی سێیەم کە لە یەکەم ڕۆژی گرتنە دەسەڵاتی ١٩ برای خۆی کوشت! یان سوڵتان موڕادی سێیەم کە پێنج برای خۆی کوشت لە پاش وەرگرتنی دەسەڵات! یەلدەرم بایەزید یەعقوبی کوڕی کوشت بێ ئەوەی هیچی کردبێت بە بیانووی ئەوەی نەوەک لە ئاییندەدا یاخی بێت!
نووسەری الدولة العثمانیة المجهولة دەڵێن ئەوانەی نکوڵی دەکەن لەو یاسایە زۆر نەزانن بە مێژوو چونکە یاساکانی فاتیح لە سەدان بەڵگەنامەدا هاتووە، ئەو مادەیە بوونی هەیە لەو نوسخەیەی کە لە کتێبخانەی شاهانەی ڤیەنا دۆزرایەوە، دوایی نوسخەی دووەمیش دۆزرایەوە، هەروەها باسی ڕۆڵی زۆر خراپ و نیگەتیڤیانەی موفتی و شێخەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە چۆن ڕێگایان خۆش دەکرد بۆ ئەو کوشتنە بێ هۆیانە!
دەڵێت بەپێی ئەو ئەنجامانەی لیکۆڵەری گەورە [عبدالقادر اوزجان] پیی گەیشتوە، ئەو فەتوایانەی [کوشتنی سیاسی] لە شێخانی ئیسلام و قازیەکانی وەک شێخ سعدالدین و پۆستەچی زادە و یەحیا ئەفەندی وغەیری ئەوانیش دەردەچوون...!

نمونەیە لەو فەتوایانەی هیناویەتەوە دەڵێت لە کتێبی [مشارق الانوار] هاتووە: ڕێگرتن لە کاروباری نامەشروع بە سزای مەرگ و لە سیدارەدان لە ئەرکەکانی ئیمام و جێگرانی تی، چونکە ئەوان سیاسەت باشتر دەزانن!
ئەوەش نمونەیەکی ترە لەسەر دڕندەیی دەوڵەتی عوسمانی و خوێن ڕشتنی هەتا برا وکوڕەکانی خۆیان، کە من هەست دەکەم ئەو نەزعەیەیان هی پێش ئیسلامیش بێت، چونکە ئیسلام قەت داوای نەکردوە تۆ لەگەڵ هاتنە سەر حوکم خوێنی هەموو براو کوڕەکانت بڕێژیت!
ئەوە تۆڕانیەتی مێژوویی یە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وەحشیەتی سەرەتایی تورک، کە تا ئەمڕۆش ئاسەواری بەهێزی ئەو ڕەوشتە توندوتیژە لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیان دەردەکەوێت، لە کوشتنی کچێکی هەرزەکار لەبەرچاوی دایک وباوکی، لێدانی بەکێبڵ لە دایکە بە ساڵاچووەکانی کورد، لە لێدانی منداڵی بەستەزمانی کورد، لە دڕندەترین ئەشکەنجەدانی گیراوانی کورد وهتد..

سەرچاوە:

-الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها -د.عبد العزيز محمد الشناوي
-تاريخ سلاطين بني عثمان-يوسف بك آصاف
- الدولة العثمانية المجهولة ٣٠٣ سؤال وجواب توضح حقائق غائبة عن الدولة العثمانية
تأليف د. أحمد آق كوندز - أ.د. سعيد أوزتورك

# کورد و ئەفسانەکانی کوشتارەکەی ئەرمەن

بەشی یەکەم

دەیەها ساڵە ڕۆشنبیری کورد بەو پەڕی نەزانیەوە مێژوی خۆی هەڕاج دەکات وپۆزش بۆ دوژمنانی دەهێنێتەوە، بێ ئەوەی لە وردەکاری مێژوو وئەو سەردەمە گەیشتبێت. بە داخەوە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیری کورد وادەزانن، خۆ نیشاندان وەک کەسانێکی پێشکەوتوخواز و سێکیولار بە نەفرەت کردنەوە دێت لە هەموو کلتور و مێژووی با وباپیرانمان، دەیانەوێت بە چاویلکەی ئەمرۆی سەدەی بیست ویەک مێژووی سەدان ساڵی کورد بخوێننەوە!

هەر بۆیەش دەیانبینیت لاوازترین وبێ ئەرزشترین خەڵکن لەناو کۆڕی ڕۆشنبیران. کەس بەقەد ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە لە مێژوو دابڕاو و بێ بناغە و لەرزۆک نین لە بەراوردا لەگەڵ ڕۆشنبیرانی میللەتی تر، کە هەرگیز بە وا بە ئاسانی دژی مێژووی خۆیان نادوێن.

چونکە حەزی بە دین نییە، دەیەوێت چواردە سەدە لە مێژووی میللەتەکەی نەفی بکات، زۆر بە سوکی سەیری ناودارانی و هەڵکەوتوانی دەکات، لەبەر خاتری پڕوپاگەندەی مەزهەبی شیعی و فیکری قەومی خەیاڵی ڕقی لە سەلاحەدینی ئەیوبیە، لەبەر پڕوپاگەندەی مەسیحی و بازنە ئیمپریالستەکان هەزاران نەفرەت دەبارێنێتە سەر سمکۆی شکاک، هەرچەندە ئەو کەڵە سەرکردەیە بوە هۆی ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری کوردستان لە پلانێکی ئاسوری وئیمپریالی!

رقی لە خەلافەتی دەوڵەتی عوسمانیە، بۆیەهەموو تۆمەت واتە واتی ئەرمەنەکان لە دژی کوردەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانیش پێ قبولە! ئەوەی لەو وتارە گرنگە لای ئیمە باسی کۆمەڵکوژیەکەی ئەرمەنە، کە سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کەچی کورد لەو ڕۆژگارە خەریکە زۆر گەرمتر لە جینۆسایدی ئەنفالی ٢٧ ساڵەی [١٩٨٨] خۆی یادی دەکاتەوە!

ئەو بەپیرچوونە گەرمەش لە ژێر کاریگەری وەهمێکی مێژووییە، گوایە ئێمەی کوردی موسڵمانی دەمارگیر، هەر لە خۆڕایی لەبەر خاتری خەلیفەی موسڵمانانی عوسمانی کوشتاری ئەرمەنە مەسیحیە ئاشتیخواز و پەپولەکانمان کردوە شان بە شانی سوپای تورک! نازانن هەتا ئەو کوشتاریە لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی نەبوە بەمانا هەقیقیەکەی چونکە سەردەمی

حوکمی ئیتئحاد وتەرەقی بوو کە لە ساڵی ١٩٠٨ وە کودەتای کرد بەسەر خەلافەتی عوسمانی، حوکمێکی سەد دەرسەد جیای دامەزراند لە شوێنی کە سێکیولاریەتی فەرەنسی بوو!

- کارەساتەکانی کورد وئەوانەی خەڵک لێک ناچن!

بە نسبەت کوشتاری ئەرمەنەوە، لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤێک لە ئێمە دەبێت ئیدانەی ئەو کوشتارەی ئەرمەن بکات و نوسەری ئەو دێرانەش بە توندترین شێوە ئیدانەی دەکات، بەلاّم ئیدانە کردنی دەبێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ و زانستیانە و واقیعیانە بکرێت، نەک بە ڕووحیەتی تاوانبارێکی پەشیمان بوەوە. ئەرمەنەکان دەیانەوێت بۆ خەڵک کەیسەکەیان وا وێنا بکەن، کە خەڵکێکی هەژار و بێ وەی، لەبەرئەوەی مەسیّحی بوون، موسڵمانان فەتوای قڕکردنیان دەرکردن، توانیتیان خەڵکێکی زۆر بەو ئەفسانەیە بهێننە باوەڕ، و هەتا ڕۆشنبیرە کوردە ڕۆژنامەوانیەکانیش باوەڕیان کردوە بەو ئەفسانەیە لەبەر تەنکی ئاستی فەرهەنگیان. نەخێر وانیە ئەرمەنەکان وەک خەڵکی کوردستان و هەڵەبجە و ئەنفالستانی کوردستان نەبوون، بێ گوناه و بێ تاواندانی تاوانی دژە مرۆیی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژیەیان لە دژیدا بکرێت. کورد لەوەتی هەیە کۆمەڵکوژیەکی دژی میللەتێکی تر نەکردوە، هیچ کوشتاریەکی گوندی تورک و فارس و عەرەبانی نەکردوە وەک دەستپێکەر وکەڵەگایی. لە عێراق بۆ نمونە کورد گوندێکی عێراقیەکانی کۆمەڵکوژ نەکردبوو، لەگەڵ دوژمنەکەی کە سوپای عێراق و عەشایرە عەرەبەکانی ڕژێم بوون زۆر بە بەزەیی تر بوون لەگەڵ خۆبەخۆ! ئەو غەدر و ستەم و نامرۆییەی لە شەڕی نێوان حزبە کوردیەکان ڕویانداوە، چارەگی بەرامبەر دوژمن نەکراوە! لە هەموو جیهان بگەڕێیت، کەس بە قەد کورد ستەملێکراو و بەدبەخت نییە، دەیان و سەدان کوشتاری لە دژدا کراوە، بێ ئەوەی کوشتاری کردبێت، بۆیە گاڵتەم بەو لێکچواندنانەی کوشتاری کورد دێت بە هی خەلکیتر، چونکە خەڵکیتر وەک کورد بێ وەی نەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی کاردانەوەی کارە دڕندەیەکانیانەوە تووشی کوشتاری بوون، نەک وەک کورد چۆلەکەیەکی دوژمنیشی لە ئاو نەکردبێت، بۆمبێکیشی لە شارێکی عەرەبی نە تەقاندبێت، گوندێکی دوژمنی ئیبادە نەکردبێت، کەچی وا بێ ڕەحمانە هەوڵی جینۆسایدکردنی بدرێت!

کەس وەک کورد وکارەساتەکانی موستەهەقی فرمیسکی مرۆڤایەتی نییە، کورد هابیل و ڕۆڵەی شەرعی کوڕە پاکەکەی ئادەمی قورئانە کە دەڵێت: ] لئن بسطت إلي يدك لتقتلني ما أنا بباسط يدي إليك لاقتلك إني أخاف الله رب العالمين]" ئەگەر تۆ دەست درێژکەیت بۆ کوشتنم، من دەسیت ناجوڵێنم

بۆ کوشتنت، من لە خوای بوونەوەر دەترسم"
بۆیە بچوکایەتیە بۆ کورد کارەساتی هەڵەبجە بە کارەساتی هیرۆشیمای ژاپۆن بچوێنێت، ساویلکانە بە هەڵبجە بڵێ هەڵەبشیما! وادەزانی هەنگی لە کلۆرە داریٚ دۆزیوەتەوە! کورد چی کردوە ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر دەهێنن؟ چەند وڵاتی داگیر کردوە، چەند گەلی قڕ کردوە؟! چەند بۆمبی کیمیاوی وبایۆلۆژی لە میللەتانی تر داوە؟!
کورد هەرگیز وەک ژاپۆنەکان، هێزێکی ئیمپریالی نامرۆ و بێ بەزەیی نەبوون، کە چەندین وڵاتی دەوروبەری خۆی بە چینەوەش داگیر کردبوو، سەدان هەزار، بەڵکو ملیۆنەها قوربانی سڤیلی هەبوو، ژاپۆنەکان بەرلەوەی بە بۆمبی ئەتۆمی لێیان بدرێت، دڕندەترین تاقیکردنەوەی کیمیاوی و بایۆلۆژیان لەسەر خەڵکی سڤیل و دیلی جەنگ کردوە، لەلایەن یەکەی ٧٣١ لە سوپای یابان، بە دەستی هیرۆ ئیشی کە باوکی بۆمبی بایۆلۆژی دادەنرێت. سەدان هەزار ژنی ئەو میللەتانەی داگیریان دەکردن بۆ ڕابواردنی سوپا بەکاریان دەهێنان! ژمارەی قوربانیەکانی دەستی ژاپۆنیەکان بەس لە چین ٣٥ ملیۆن کەس بوو، ئەوە بێجگە لە قوربانیەکانی کۆریا و مەنشوریا و مەلایۆ و فلیپین و سەنغافورە وهتد..
ژاپۆنیەکان زیاتر لە دوو هەزار جار چەکی کیمیاوی وبایۆلۆژیان بەکار هێناوە، لە یەک قەسابخانە ٣٠٠ هەزار کەسیان لە چین کوشتوە! کەوابوو شەرم نییە بۆ ئەو [ڕۆژمانە نووسانە] وەک فەرهاد پیربال ناوی ناون، بەراورد بکەین لە نێوان هەلەبجە و هیرۆشیما؟! دڕندەیی ژاپۆنەنیەکان هێندە بێ سنوور بوو، لەوانەبوو هیچ نەیان وەستێنێت بۆمبی ئەتۆمی نەبیت! کەوابوو هەڵبشیمای چی؟! ژاپۆنیەکان حەدیان چیە بگەن بە بێ وەیی و پاکی و بێ زیانی کورد؟! حەدیان چیە وەک کورد لەوەتی هەن هەر دوژمن هەڵدەکشێنە ناو سنورەکانیان، هەر کوردە پاشەکشە دەکات بە شەرمەوە، غەیرەکان هەزار دومەڵ و کۆلۆنی شیرپەنجەییان لە خاکەکەی ڕواندوە، تا ڕادەی ئەوەی ڕێگای نیوان شارەکانیان بڕیوە!

27-04-2015 خەندان

بەشی دووەم

# پەرۆشیەکی زێدەڕۆ
# لە ساویلکەییەکی لە ڕادەبەدەرەوە دێت!

پەرلەمانتارە موهەریجەکان! کورد نابێت هێندە ساویلکانە پەرۆشی کوشتارەکەی ئەرمەن بێت، وەک کەسانێک خەریکە بیکەنە دۆزی کورد، وەک ئەو چل پەرلەمانتارەی کوردی عێراق داوای دەرهێنانی بڕیاری بە جینۆسایدی کورد دەکەن! هەرنەبێت ئەرمەنیەکان خاوەن ئەرمێنیا یەکی سەربەخۆن، دەبا ئەوان کەرەمیان کردبا، هەڵەبجە وئەنفالیان بە جینۆساید ناساندبا! بزانە بیریشیان لێکردۆتەوە؟!

لێرەدا جیاوازی نێوان ڕۆشنبیری میللەتان و فشنبیر و «ڕۆژمانە نووسانی» کورد دەردەکەوێت! ئەخر هەی فەقیر حاڵینە ئەگەر ئەمریکا و دەیەها دەوڵەتی گەورە وبەهێز لە ترسی تێکچوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا نەوێرابن تا ئێستا باسی دان هێنان بکەن بە جینۆسایدی ئەرمەن و تورکیا دەتانەوێ کورد باسی بکات! ئەخر هەی نەزانینە، نازانن لە حاڵەتی دان هێنان بەو جینۆسایدە، دان دەنێیت بە ئەرمەنستانی بوونی نیوەی کوردستانی باکوور، بەپێی ئیدیعای نەتەوەپەرستە ئەرمەنەکان، کە ڕێژەیان لە چەند شارێکی کوردستان لە ١٨% تێپەڕی نەداوە، تەنها لە وان دەگەیشتە ٣٠٪؟! ئەخر هەی نەخوێندەوارینە نازانن دەبێت تا ماون سواڵ بکەین بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانەکانی ئەرمەن بکەینەوە، لە سایەی ئەو بە تالان بردنەی سەروەت وسامانمان!

ئاخر بۆ کە کوردێک لە تورکیا و دەرەوەش کارێکی باش دەکات، هەموو جیهان دەڵێن تورکێک کارێکی باشی کرد، کەچی کاتێ کارێکی وا خراپ ڕوودەدات کوردتان بەبیر دێتەوە، هەرچەندە کورد ئەو کەمەی بەژداریشی کردبێت، بە بڕیار و پلان داڕێژتنی دەسەڵاتی تورکیەوە بووە!

کورد لە ئەرمەن کەمتر قوربانی نەبوە بە دەستی ئەرمەنەکان، دەکرێت هاوسۆزیەک نیشانیان بدەیت، لەگەڵ هاندانی ئەوانیش ئاوڕ لە مێژووی خۆیان دەنەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە. ئەو کەمپەین و ئیمزا کۆکردنەوەی لەلایەن ڕۆشنبیر و سیاسیەکان دەکرێت بۆ مەسەلەی کوشتارەکەی ئەرمەن،

زیاتر لەو لادێیە دەچێت کە لە شاردا فریو دەخوات، و هێندە فاسید دەبێت، تا کوڕی شار هەڵەیەک داوێن پێسیەک دەکات ئەو دە داوێن پیسی وهەڵە دەکات، بۆ ئەوەی گرێی هەست بە کەمکردنی قەرەبوو کاتەوە!

کەسانێکی چەپڕەو و تازە لیبڕاڵ هێندە بەپەرۆشن بۆ چەمکەکانی مافی مرۆڤ و جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و شتی تر،لەبەر رابردووی ئایدیۆلۆژیە سەرکوتکەرەکانیان، هەرچەندە ئەوە شتێکی خراپ نییە، بەڵام نەک وەک لادێیەکە زیادەڕەوی تێدا بکەیت، بۆ سەلماندنی لێهاتووی خۆت لەو مەیدانە بتەوێت کورد تێوەگلێنی لە گۆبەندێک کە خوا دەزانێت چ دەرەنجامێکی تاڵی لێدەکەوێتەوە!

ئەگەر داواکردنی لێبوردن لە جینۆسایدکردنی گەلێک هێندە ئاسان با بۆ نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سەربەخۆی وەک کورد، دەبوایە فەرەنسا بەر لە هەشتا ساڵ زیاتر داوای لێبوردنی لە جەزائیریەکان کردبا، کە فەرەنسا لانکی دیموکراتیە! ئەگەر هێندە ئاسان با دەبوایە ئینگلستان داوای لێبوردنی لە نیوەی جیهان کردبا و کە بە سەدان هەزار کەسی لە کۆلۆنیەکانی کوشتوە! یا دەبوایە ئەمریکای زلهێز داوای لێبوردنی لەو ملیۆنەها هیندیە سوورانە کردبا، کە ئێستا تاک وتەرایان ماوەتەوە وەک کەل وپەلی مۆزەخانەیەک نیشانی جیهانیان دەدات! سەیر لەودایە چل پەرلەمانتاریکی کورد بەوپەڕی ساویلکەیی و بێ سەوادی سیاسی خەریکی هەڵمەتێکن بۆ دەرکردنی بڕیارێک بۆ دانهێنان بە جینۆسایدی ئەرمەن!

نازانن لە کاتێکدا دەیان دەوڵەتی گەورەی دوور لە سنووری تورکیا، بە ئەمریکاوە خۆی لەو باسە دەبوێرێت، لە ترسی تێکچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا، کەچی کوردستانێکی بێ سەربەخۆ و تەنراو بە دوژمن وناحەزان، هاوسنووری تورکیا دەیەوێت ئەو دەوڵەتە سەخڵەتبکات لە کورد و زیانێکی زۆر لە خەلکی کوردستان بدات، ئەگەر ئابلۆقەی خستە سەر! دەستی ئێران و سیاسەتی پاشکۆیەتی بە ئاشکرا پیوە دیارە، دەنا کوردستانێک خەریکە خەڵکەکەی لەبەر بێ موجەیی وشەڕی نەگریسی داعش کە یەخەی گرتوون، ئینتیحاری جەماعی بکەن، هەقی چیە بە کوشتارەکەی ئەرمەن و دەرهێنانی یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستانی باشوور؟!

سوارەی حەمیدی چ بوون؟

سەیر لەوەدایە کەسانێکی وەک کامیار سابیر و چەپرەوە هاوڕێکانی، لەبەر سەرقاڵ بوون بە زاراوەی قەبە قەبە وبێ ئاگا لە مێژووی کورد، دەڵێن سوارەی حەمیدیە جاش بوون، ناو لە هەر کەسێکیش دەنێن جاش کە وەک

ئەوان بیر نەکەنەوە، راستیەکەی من نالێم پێشمەرگە بوون، چونکە هێشتا کوردایەتی بە مانا هەقیقیەکەی سەری هەڵنەدابوو، بەلام جاشیش نەبوون وەک جاشەکانی سەدام یان ئێران یان قورەچیەکانی تورکیا، ئەوەی پێی جاش نەبن، و بەو دەبەنگیەی ئەوان ڕازی نەبێت بە سوارەی حەمیدیە ناوی دەبەن!

ڕۆشنبیری کورد بەبێ خوێندنەوەی مێژوویی، و هەل ومەرجی ئەوکاتەی کێشمەکێشی دەولەتی عوسمانی و ڕوسیای قەیسەری، لەسەر سنوری ئەنادۆڵ و ویلایاتی شەرقی کە کوردستانی باکور دەگریتەوە، یەکسەر سوارەی حەمیدیە بە جاش لە قەڵەم دەدەن! ڕاستیەکەی بوونی سوارەی حەمیدیە لەو ناوچەیە ئەگەر عوسمانیەکان بۆ مەرامی سیاسی و عەسکەری خۆشیان دروستیان کردبێت، بەلام بۆ پاراستنی کورد لەو ناوچەیەی سەر سنوری شەڕی ڕوسیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر گرنگ بوو.

بەڕای من هەڵەیە بڵێین سوارەی حەمیدیە جاش بوون، چونکە جاش وەک دەزانین هەردەم بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کورد پێکهێنراوە، هێشتا هیچ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دروستیش نەبوبوون. سوارەی حەمیدیە کە سولتان عبدالحمید پێکی هینا لە ساڵی ١٨٩١ وەک لاسایی کردنەوەیەکی هێزی قۆزاقەکانی ڕوسیا بوون، بۆ ئەوەی بەکاریان بهینیت لە جەنگی سەر سنوور ودەستدرێژیەکانی ڕوسیا و چەتە ئەرمەنیەکان. ئەگەر کورد ئەو هێزەی نەبا لە هەل ومەرجی ئەو کاتە، بۆی هەبوو بەدەستی ڕوسیا و چەتە ئەرمەنیەکان ئیبادە کرابان.

کورد هاولاتی دەوڵەتی عوسمانی بوو ئەو کاتە، دەولەت بۆی هەبوو داوایان کات بۆ سەربازیش، ئێستا پێشمەرگە بە بەشێک لە هێزی بەرگری چەکداری عێراق حسێب دەکرێت، ئایە پێشمەرگە جاشی حکومەتی عێڕاقە؟! ئەوەتە ئەمڕۆ هەواڵێکمان خوێندەوە کە حەشدی شەعبی دڕندە داوا دەکات پێشمەرگە ببێتە هێزێکی سەر بە! لێرەدا نامەوێت بڵێم سوارەی حەمیدیە نمونەیی بوون لە ڕەفتارەکانیان، نەخێر زۆر هەڵە وستەمشیان دەکرد لە ئەرمەن و ئاسوری وکوردیش هەتا!

بەلام لەو هەل ومەرجەی ئەوکاتە نەبوونی هێزێکی چەکداری وەک سوارەی حەمیدیە کوردی دەکردە پاروەکی چەوری هێزەکانی ڕوسیا و ئەرمەنەکان. سوارەی حەمیدیە نەک جاش نەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی دان نەهێنانی کورد بە دەسەلاتی مەرکەزیەوە دروست بوون، وە هێزێکی نیمچە نیزامی.

02-05-2015 خەندان

# کەنیزەی ئەرمەنی کورد و کەنیزەی ئێزدی داعش!

لە کتێبی کورد: توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی باسیلی نیکتین، لەو بەشەی باسی پایەی ئافرەت لەناو کورددا دەکات، پاش زۆر ستایشکردنی پیاوی کورد سەبارەت بە ڕەفتاری لە تەک ئافرەتدا، ئەو ئازادییەی کە ئافرەتی کورد هەیبووە لە چاو ئافرەتانیتری ناوچەکە، و دەڵێت پیاوی کورد زۆر بە ڕەوشتی سوارچاکی و جەنتڵمان و مێرخاسیەوە مامەڵەی ئافرەت دەکەن.
مەلا محمودی بایەزیدیش نمونەی زۆر دەهێنێتەوە لەسەر ئەو ڕێزە تایبەتەی کە کورد بۆ ئافرەتی هەیە، و دەڵێت: زۆرجار کێشە و شەڕ ببێت لە نێوان دوو هۆز و لایەنی کورد کە ئافرەت چووە نێوانیان یان شێخێک و مەلایەک، شەڕەکە دەوەستێنن. ئافرەتەکە ئەگەر دەسەسرِی خۆی فڕێدایە نێوان گۆڕەپانەکە، هەردوولا لە شەڕ دەوەستن دەمەودەست!
ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی و کۆردۆژیکی بەناوبانگ ڤان مارتن برۆنسن سەرەڕای ڕەخنەی زۆری لە کۆمەڵگای کوردی، دەڵێت: هەرچەندە کورد کۆمەڵگایەکی باوکسالار و نێرسالار بوو لە کۆندا، بەڵام ئەو ڕێزە تایبەتەی کە هەیبوو بۆ ئافرەت دەکرێت بڵێین دیاردەیەک بوو بۆ خۆی!
باسیلی نیکتین ئاماژە بە خانمێکی فەرەنسی چیرۆکنووس دەکات بە ناوی [پۆل هنری بۆردۆ] لە چیرۆکێکی بەناوبانگ بەناوی [ئەنترامی ترابزۆنی] [L’immortelle deTrébizonde

باسی داستانێکی خۆشەویستی هەقیقی زۆر سەیر دەکات لە نێوان کچێکی ئەرمەنی بە کەنیزەکراو لەلایەن جەندرمەکانی تورک کە دەیفرۆشنەوە بە پیاوێکی کورد، و کچەکە بەو شێوەیە چیرۆکی کۆیلایەتی خۆی دەگێڕێتەوە: من چی بووم بە نسبەت ئەو کوردە؟ کەنیزەک؟ خزمەتکار؟ میوان؟ بۆچی منی کڕی؟ ئەو مرۆڤە سەرەتاییە هەستێکی قووڵی بە مێرخاسی سروشتی تێدایە. ماڵەکەی ئافرەتێکی تێدا نەبوو، ئەی ئەو هەموو ڕێزەی بۆ ئافرەت لە کوێ هێناوە؟ ئەو ڕیزەی وەختە بڵێم هەر بوونی نییە لەناو گەلانی ئیسلامی تردا؟ من ئەو پیاوەم خۆشت ویست کە هیچیشم دەربارەی نەدەزانی، بەڵکو من هەتا زمان و مێژووی گەلەکەیشم نەدەزانی.
بەیانیەکەی لە خەوی هەلساندم و دەستی گرتم بە نەرمی و لەگەڵ خۆیدا

دەیخولاندمــەوە بــە دەوری ئاگرەکــە، دیــارە ئــەو نەریتــی خۆیــان بــوو. کاتێــک کچێــک شــوو دەکات بــەو جــۆرە ماڵــی باوکــی جــێ دەهێڵێــت. پــاش چەنــد ســاتێک مــن و دایەنەکەمــی بانــگ کــرد بــۆ حەوشــی ماڵەکــەی، ســەد ســەر مــەڕ و پێنــج گامێشــی لــەوێ کۆکردبــوەوە، و گووتــی: دەبوایــە ئــەو شــتانەم وەک نەختــی تــۆ بدایــە باوکــت، بــەڵام مــن ئێســتا دەیدەم بــە دایەنەکــەت کــە لەگەڵــت هاتــووە، وەک نەختــی هاوســەرگیریمان. زۆر بــە شــادومانیەکی ئاشــکراوە ســەیری دەکــردم.
هەڵبەتــە کــەس ناچــاری نەکردبــوو کارێکــی وا بــکات، بــەڵام دەیویســت بــۆ هەمــوو خەڵکــی نیشــان بــدات کــە ئــەو ئــەو ئافرەتــە بێگانەیــەی تەنهــا بــۆ ڕابواردنێکــی جەســتەیی بــێ نــرخ ڕانەگرتــووە لــە ماڵەکــەی، بەڵکــو منــی وەک هاوســەرێکی شــەرعی نیشــان دا تــا هەمــوو خەڵکیتــر ڕێــزم لــێ بگــرن. زۆر کاریگــەر بــوو بــۆ مــن! پــاش هەفتەیــەک گوێــم لــە دەنــگ و هــەرا بــوو لــە دەرەوەی مــاڵ، بینیــم کۆمەڵێــک ئاژەڵیتــری هێنــاوە و گووتــی دەبوایــە پــاش هاوســەرگیری ســەردانی ماڵــی باوکــت کردبــا و ئەوانیــش ئــەو ئاژەڵانــەت پێشــکەش بکــەن بــە دیــاری، بــەڵام ئــەوە ئەمــن لــە جیاتــی ئــەوان دیاریــت دەکــەم بەپێــی داب و نەریتمــان، چونکــە نامەوێــت لــە ژنەکانــی تــر هەژارتــر دەرکەویــت!"
ڕۆژگار تێپــەڕی منداڵیکمــان بــوو، هێــدی هێــدی گەشــەی دەکــرد لــە نێوانمانــدا. منداڵەکــە یــەک تاقــە وشــەی کوردیــش قســەی نەدەکــرد، وەک هــەر منداڵێکــی ئەرمەنــی بــوو، هیــچ ڕۆژێــک بێزاربوونــی لــەو وەزعــە نیشــان نــەدەدا، تەنهــا ڕۆژێکیــان پێــی گووتــم: بەلایەنــی کەمــەوە فێــری وشــەی [بابــە] ی بکــە! بــەڵام ئــەو ئاواتەیشــم نەهێنایــە دی! ئــەو بەختیارییــە هێشــتا لــە نێوانماندایــە لەپــاش چــوار ســاڵ هاوەســەرگیریمان.
وەرە ئــەو ڕەفتــارە بەراوردکــە لەگــەڵ داعشــەکانی شــەرمەزاری مێــژوو، چــۆن دەســتدرێژیان کــردە ســەر خوشــکانی ئێزدیمــان، هەتــا منداڵــی ٩ ساڵەشــیان نەپاراســت لــەو دەســتدرێژیانە، یەکێک لــەو ڕزگاربووانــەی خوشــکانی ئێزدیمــان تەمــەن ١٤ ســاڵە دەڵێــت: لای کــوڕ وباوکێــک بــووم، کوڕەکــەی بــەردەوام دەســتدرێژی دەکــردە ســەرم، کــە ســەگ تــۆپ بــوو کــوژرا، ئینجــا باوکــی دەســتدرێژی دەکــردە ســەرم! ئەوانــە لــە چ قوڕێــک دروســتکراون، ئەکید لــە قــوڕی نــاو گــواو!
کچەکە لــە زانکــۆی سلێمانی سیمنارەکەی پێشکەش کرد و گووتی کاتێ ژنێکی بــە تەمەنــی ٦٥ ســاڵەم دێــت، بــەردەوام دەگریــا، کــە پرســیم بــۆ دەگرییــت؟! گووتــی: منداڵێکــی هــەرزەکاری داعــش بــەردەوام دەســتدرێژی کردۆتــە ســەر ئافرەتێــک

لەوانەیە لە تەمەنی دایکی گەورەتر بێت! ڕاستە کۆیلەیی هەر کۆیلەییە و بە هیچ پێوەرێک قبوڵکراو نییە، بەڵام بڕوانە ئەو دوو حاڵەتە ئینجا لە مرۆیی کوردەکە و نامرۆیی داعشەکان تێدەگەیت! ئەو چیرۆکە زۆر دەنگی دایەوە جارێکیتریش لە ساڵی ٢٠١٥ چاپکرایەوە، خۆزگە ئەوەی فەرەنسی دەزانی وەریگێڕابایە سەر کوردی، من وێنەی ڕۆمانەکە دادەنێم، سوپاس بۆ باسیلی نیکتین کە ئاگاداری کردینەوە بەو شاکارە، کە ڕەوشتی سوارچاکانە و مرۆڤدۆستانەی کورد دەردەخات.

٢٠١٧/٢/١٧

# سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا:
# کێ لە کێ باشترە؟!

لە سەروبەندی هەوڵەکانی نوخبەی سیکیولاریست بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی داد وگەشەپێدان، لە ڕێگای کودەتایەکی یاسایی، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ کەوتۆتە هەندێ نێوەندی کوردیش سەبارەت بە ئامەکانی ئەو هەوڵانە وبە بیانووی ئەوەی ئیسلامیەکانی تورک بۆ کورد چاکترن!

شتێکی چاکە کورد ورۆشنبیری کورد جیاوازی وبەراورد بکات لە نێوان چاک وخراپ، ودوری ونزیکی هێز ولایەنە دەرەکیەکان دەرهەق بەکورد وکێشەکەی، بەڵام پێویستە ئەو کارە دوور لە کاریگەری ئایدیۆلۆژی بێت، نابێت ئیسلامیەکانی کورد حزبی داد وگەشەپێدان پەسند بکەن تەنها لەبەر ئەوەی ئیسلامیە هەرچەندە خودی حزبەکەی ئەردوگان حەز بەو نازناوە ئیسلامیە ناکەن! بە هەمان شێوەش نابێت سیکیولاریستی کورد بە هەمان پێوەر پەسندی سیکیولاریستی تورکی بکات بەسەر ئیسلامیەکانی هەر لەبەر هۆی ئایدیۆلۆژی. یان ستایشی ئەردۆگان ودیموکراتیەکەی بکات لەبەر تەمەلوقی سیاسی!

با بەراوردێک بکەین بە کورتی لە نێوان سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بزانین کاَ لە کاَ باشترە؟!

١- سیکیولاریستەکانی تورک لەوەتی هەن هەوڵس سڕینەوەی کورد وکێشەکەی دەدەن لە ژێر کاریگەری پرنسیپەکانی کەمالیزم وتوراسی تۆرانیەت، وپێیان وایە تورکیا وڵاتی یەک نەتەوەیە کە تورکە، ئەوەشی دەڵێت تورک نین ئەوە یان دەبێ بارکەن یان وەک خزمەتکار وخوڵامی تورک بن.

ئیسلامیەکانی تورک هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە سەبارەت بە کێشەی ناسنامەی تورکیا وتورک چیەتی، بەڵام لە جیاتی سیاسەتی ئیلغاکردن وسڕینەوەی کورد، سیاسەتی تواندنەوە وئاوێتە بوون لەناو نەتەوەی تورک بەکار دەهێنن، بە بیانووی برایەتی ئیسلامی. ئیسلامیەکانی تورک تەنها لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن باسی کورد بەڵام لە بەرلەمان وئاستی سەرۆکایەتی بێ دەنگی دەنوێنن، وکێشەی کورد لای ئەوان کێشەی باشوری ڕۆژهەڵاتە وبە پلە یەک کێشەیەکی ئابووریە.

٢- سیکیولاریستەکانی تورک بە سیاسەتی توند وتیژ وفاشیستانەیان لە

دژی بچوکترین ماف وخەونەکانی کورد، یارمەتی یەک ریزی کوردیان دەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. کەچی ئیسلامیەکانی تورک لە سۆنگەی خیتابی ئیسلامی عاتیفی وبەڵێنە پڕ لە درۆکانی هەڵبژاردن وسروشتی دەروێشانە وئایین پەروەرانەی زۆربەی کورد، وسەرەڕای بە شینەوەی خێروخێرات لە ڕێگای ڕێکخراوە ئیسلامیە نیمچە تەریقەتیەکان توانیانە درزێکی زۆر گەورە بخەنە ڕیزەکانی کورد وبەشی شێر لە دەنگەکانی کوردیان بەرکەوێت لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

٣- سیکیولاریستەکانی تورک بە بێ سڵەمینەوە هەموو جۆرە توند وتیژیەکیان بەکار هێنا لە دژی کورد، ئیسلامیەکانی تورک لەبەر ناواخنی زهنیەتی کەمالیزم وفاشییەتی پەنهانیان وسەرەڕای سڵەمینەوەیان لە نوخبەی سیکیولاریست ودەزگای سوپا هەمان توند وتیژی بەکار دەهێنن لە دژی کورد.

٤- سیکیولاریستەکانی تورک دامەزرێنەری سیاسەتی برەودانن بە جاشێتی کورد لە ناوەوەی تورکیا، وجاشێکی زۆریان دروست کرد بە خۆشی وبە ترشی بەناوی (قورەچی) پاسەوانانی گوندەکان. ئیسلامیەکانی تورک بەردەوامن لەو مەسەلەکە وبە برەودان بە دیاردەی جاشێتی بە فریودان بە زارزمانی ئیسلامی لە ناوچە دواکەوتوەکان، وبۆ ئەوەی یەکسان بن لەگەڵ سیکیولاریستەکان لەو بوارە لەناوەوە دەیانەوێت نوسخەیەکی کوردی لە حزبی داد وگەشەپێدان دروست بکەن.

هەروەها لە هەوڵی دامەزراندنی دیاردەی جاشێتی کوردن لە دەرەوەی تورکیا، لە ڕێگای بایەخ دان بە چەند سەرۆک جاشێکی عەریقی کوردی سەردەمی سەددام، وەک ئەرشەد زێباری وجەعفەر هەرکی وسورچی ودۆسکی ودروست کردنی (حزبی حوریە وعەدالەی کوردستانی عێراقی – باوکەڕۆ –). ئەوەش بە یارمەتی نێوەندە عەرەبیە سونیەکانی عێراق لە کۆنە بەعسیەکان وهەیئەی عومەلائی موسلمینی حارس زاری، کە داوای لە هەموو کوردە بە شەڕەفەکان (!) کرد بچنە ڕیزی حزبۆکەکەی ئەرشەد زێباری، لەوانەیە زێباری وەعدی تەتبیق کردنی شەریعەی ئیسلامی پێدا بێت!!

٥- سیکیولاریستەکان دژی هەر دان وستانێکن لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کورد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، وهەردەم داوای یارمەتی دەرەوە دەکەن بۆ لێدانی کورد وجموجۆڵەکانی وەک بەگژخستنی ئەمریکا وئەوروپا لە دژی (پ.ک.ک) ووەرگرتنی تازەترین چەکی ئەمریکی وئەڵمانی بۆ لێدانی کورد. ئیسلامیەکانی تورک هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکەن لە هاوکاری کردن

لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، ودەست خستنە ناو کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، وحەج کردنی ئەردۆگان وگوڵ بۆ بەیتی ئەبیەز لە پێناو وەگیرخستنی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ لێدانی کورد و(پ.ک.ک) وسنوربەزاندن بۆ ناو کوردستانی عێراق بۆ لە نێو بردنی ئەزموونی کوردی یان هەرنەبێ تەمێ کردن وملی پێ کەچ کردن ومالّی کردنیان.
٦- کێشەی کورد لای سیکیولاریستەکانی تورک هیچ بایەخ وگرنگیەکی نیە، بەڵکو تەنها پلانێکە لە دژی نیشتیمانی تورک دەکرێت. کێشەی چەند سەد هەزار تورکی یۆنان وبەلگاریا وبۆسنە وشیشان کە ئەو دوانەی دوایی تورکیش نین، یان کێشەی قوبرس وچەندین کێشەی لاوەکی تر زۆر گرنگترن. لای ئیسلامیەکانی تورکیش کێشەی حیجاب وفەلەستین وخەمی چونە ناو یەکێتی ئەوروپا وخەمی جالیەی تورکی لە ئەڵمانیا زۆر گرنگترە لە کێشەی کورد.
٧- ڕژێمە سیکیولاریستەکانی تورک، هەردەم کوردستانی تورکیایان پشت گوێ خستوە، وهیچ پرۆژەیەکی ئابووری هەقیقی لێ ئەنجام نا درێت بۆ وێران کردن وچۆڵ کردنی ناوچەکە وتێکدانی باری دیموگرافی. ڕژێمی ئیسلامیەکانی تورک هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات هەرچەندە تەشخیسی ئەوان بۆ کێشەی کورد لە ئەدەبیاتەکانیاندا بە پلە یەک ئابوورییە!! نەک هێندە بەڵکو دژایەتیەکی زۆری ئەو شارەوانیانە دەکات کە دەنگیان بە کەسایەتی کورد داوە وەک سزادانێک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، لە ڕێگای نەگەیاندنی بودجەی تەرخان کراو ویان زۆر دواخستنیان، وگرتنی زیاتر لە ٩ سەرۆک شارەوانی بە بیانوی هیچ وپوچ، یان هەتا ڕەت کردنەوەی ئەو یارمەتیانەی کە بۆ ناوچە کوردیەکان دێت، وەک سەرۆک شارەوانی دیاربەکر ئاماژەی پێکرد نزیکەی ١٠ پرۆژەی گەورەی یەکێتی ئەوروپایان ڕەت کردەوە چونکە پێشکەشی شاری دیاربەکر کرابوو کە پایتەختی کوردستانە وسەرۆک شارەوانیەکەشی کوردە!
٨- لە نێو سیکیولاریستەکانی تورک کەسانێکی وەک ئیسماعیل بێشکچی وچەندین کەسایەتی رۆشنبیری تری وەک محمد علی پیراند هەڵکەوتوە، کەچی تا ئێستا ناوێکمان نەبیست لە نێو رۆشنبیرە ئیسلامیەکانی تورک لە ناوەوە ودەرەوەی دەسەڵات ئەتروحەیەکی ئینسانی وسیاسی هەبێت بۆ کێشەی کورد، من خۆم لە کۆنگرەیەکی ئیسلامیەکانی تورک لە ئەستەنبۆڵ بەشداریم کرد، کە لەسەر بەدیع الزمان شێخ سەعیدی نەورسی بوو، خۆ ئەو کۆنگرەیە دەستی پێکرد وتەواو بوو کەس لەوانەی وتەیان پێشکەش کرد

لـه تـورک وعـەرەب وعەجـەم وهەتـا کوردێکیـش (شـێخ محمـد سـعید رمضـان البوطی) نەیان گوت کوردە، هەتا بەندە ڕەخنەیەکی ڕوبـەڕوی ئاڕاسـتەی شـێخ بوتـی کـرد، کـە وەڵامـی نەبـوو تەنهـا تورەبـوون نەبێـت!! پـاش ئـەو هەمـوو بەراوردکردنـه من خۆم نازانـم کامەیان لەویتر چاکترە، بـەڵام دەزانـم کێهانیـان لـە کێ خراپتـرە! وابزانـم پـاش خوێندنـەوەی ئـەو نوسـینە ئێـوەش دەزانـن!

٢٠٠٨/٤/١

# تورکمان لە نێوان ستەمی زۆربە، وخۆ بەشێر کردنی کەمایەتی

لە هەفتەی ڕابردوو دوو کەسایەتی تورکمانی مەجلیسی پارێزگای کەرکوک وئەندام پەرلەمانێکی تورکمان، کۆڕێکیان بەست کە کەسانێکی سەر بە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عبدالعزیز الحکیم ڕێکیان خستبوو. برایەکی بەڕێز ئاگاداری کردینەوە لە پێویستی ئامادەبوونی کورد لەوێ، چونکە وەک زانراوە سیاسیەکانی تورکمان هێندە نەزان وداخ لە دڵانە هەڵسوکەوت دەکەن بەرامبەر کورد ودۆزی ڕەوای کورد، کە خۆشیان نازانن ئەو یارییە چەندە ترسناکە لەسەر خۆیان وگەلی تورکمان، کە بەداخەوە کردویانن بە گیرۆدەی ئەو هەرزەکارییە سیاسییەی خۆیان وبە زۆری تۆی دوبەرەکی ودژایەتی لە نێوان کورد وتورکمان دەچێنن.

وەک چۆن تەوقعمان کرد، ئەو دوو سیاسیە تورکمانە کە یەکێکیان سەر بە حزبێکی شیعەی عەرەب بوو، ئەویتریان سەر بە بەرەی تورکمانی شۆڤێنی بوو، دەستیان کردە گێڕانەوەی سەربردەی مێژوویی کەرکوک دەتوت فیلمێکی هیندی باس دەکەن چونکە هیچ باسی کورد لەو مێژوە نەبوو، هەتا باسی عەرەبیش دەهات، کەچی کورد بێ کارەکتەر بوو!!

دوایی هاتنە سەر تاوانبارکردنی کورد بە هەموو شتێکی کە بە خەیاڵی شۆڤێنستەکان نەبێت بە خەیاڵی کەس داناچێت. دەیانگوت پاش ستەمی سەدام، کوردەکان هاتن زۆر لەو ستەمکارتر بوون!! کورد ٥٠٠،٠٠٠ تا ٦٠٠،٠٠٠ خێزانی کوردی هێناوەتە کەرکوک بۆ گۆڕینی دیموگرافی لە کەرکوک!! کورد هەموو هەڵبژاردنەکانی بە تەزویر بردەوە! کەرکوک لەوەتی هەیە نە کوردی بوە نە شارێکی کوردستانی بوە بەڵکو تورکمان بنیاتنەری سەرەکی بوە!

بێگومان عەرەبی شیعەی کە لەو کۆڕە بوون وکۆڕ گێڕەکەش دیار بوو خۆشیان لەو قسانە هاتبوو، بۆیە کە تەواو بوون تەنها کوردێک بەوپەڕی بوێرانە وەڵامی چاکی ئاڕاستە کردن وتوانی ٤ – ٥ دەقیقە قسە بکات. لە دوای ئەوەدا کۆرگێڕەکە بە ئاشکرا دەیویست تەجاهولی کوردە ئامادەبوەکان بکات، تا من بە توندی ئاگادارم کردەوە کە بۆ ناومان تۆمار ناکات بۆ قسەکردن! ئینجا کە بە ناچاری تۆماریشی کرد ئەوجارە گوتی هەریەکەی لە یەک دەقیقە زیاتر قسە ناکات!! لەو دەقیقەیەدا کە دووسێیەکی بە فیڕۆ چوو

لەبەر دەست هەڵبڕینی کەسانێک کە هەتا عەرەبیان نەدەزانی!
کە نۆرەی من هات لەو ماوەیە کورتە توانیمان چەند پەیامێک بگەینین نازانم تێیگەیشتن یان هەر خۆیان لە گێلی دەدەن. وتم با هیچی تر موجامەلەی یەکتر نەکەین ئێوەی زۆربەی بەرپرسانی تورکمان هیچ مانایەکتان بۆ برایەتی نەهێشتۆتەوە، هیچ گرنگییەک بۆ ئەو هەموو خەبات وخوێنەی کورد دانانێن وخوێ دەکەنە سەر زامەکانمان، بە هەڵسوکەوت وهەڵوێستەکانتان کە هەردەم لە دژی کوردە، لە هەر کوێیەک ڕیزێک بەسترابێت بۆ دژایەتی کورد دەچنە پاڵی.
من وەک سەربەخۆیەکی کورد پێتان دەڵێم دڵی خەڵکی ئاسایی کوردیشتان زۆر پڕکردوە لە خۆتان، لەوانەیە ئەو جۆرە هەستە بگاتە ئاستی خەڵکی ئاسایی زۆر ترسناک بێت، ئەو هەموو هات وهاوارەی ئێوە لە پێناو چی دایە، هاوارەکانتان لە هاواری دەوڵەتۆکەی ئەلبانیای سەردەمی ئەنوەر خۆجە دەچێت کە شەو ورۆژ هێرش وهەڵمەتیان دەکردە سەر ئیمپریالیزم، تا چاودێرەکان تەشبیهیان کرد بە مشکێک کە وەک شێر دەنەڕێنێ!! کێشەی کەرکوک لە بنەڕەتدا لای هەموان کێشەی نەوتە وئێوەش لەلایەن تورکیاوە هاندەدەرێن بۆ دژایەتی کردنی هەر مافێکی کورد لە کەرکوک... لێرەدا دەقیقەکە تەواو بوو!!
یەکسەر تورکمانێکی بەرەی تورکمانی شۆڤێنیست هەڵسایەوە وگوتی: ئێمە ئەگەر پشتیوان ودۆستمان تورکیا بێت، ئەوە پشتیوان ودۆستی ئێوە ئیسرائیلە!! بیگومان قسەکانی زۆر بە شێوەیەکی ئیستیفزازی کرد وڕووشی لەمن کرد، بۆیە منیش پێم گوت هەی نەزانی نەخوێندەوار تورکیاکەی تۆ زیاتر لە ١٦ ڕێکەوتنی ستراتیژی بەستوە لەگەڵ ئیسرائیل ویەکەم وڵاتی ئیسلامیش بوە کە دانی ناوە بە ئیسرائیل! بەڕاستی بابەتی ئیسرائیل خۆی لە خۆیدا گرێیەکی گەورەیە لەسەر دڵی هەموو کوردێک، ئەو ئیسرائیلە بێ خێرەی کە وەک مریشکی هاوسێیە بۆ کورد وڕیقنەکەی بۆ ئێمەیە وهێلکەکەشی بۆ ئەوانە. ئەوەندەی ئێمەی کورد لە دەست ئیسرائیل ناوبەد بوین یەک لە سەدی هێندە سودی بۆمان نەبوە.

٢٠٠٩/٥/١٦

## پیلانی سێنترالێزمکردنی کێشەی فەلەستین
## هەڵوێستی پڕ میهرەبانانەی تورک

ئەگەر باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕیش نەبێت لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان، ئەوە باوەڕم بە پیلانی سێنترالێزمکردنی کێشەی فەلەستین هەیە لەسەر حیسابی هەموو کێشەکانی تر، ڕاستە دۆزی گەلی فەلەستین دۆزێکی گەورە وترسناکە، بەڵام تەنها تەرکیزکردن لەسەری خۆی لە خۆیدا پیلانێکە بۆ فەرامۆشکردنی هەموو کێشە گەورە وترسناکەکانی تری جیهانی ئیسلامی وعەرەبی. زۆربەی جیهان کەوتونەتە داوی ئەو پیلانە بە ڕادەیەک هێندە گەرم وگوڕی وحەماسەت لە شەقامی ئەوروپی وجیهانی دەنوێنرێت بەرامبەر کێشەی فەلەستین وەک بڵێی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی جیهان چارەسەر دەکرێت! سەیر نیە فەنزەوێلییەکان وکوریاییەکان وولاتانی ئەمریکای لاتینینی وئەو ولاتانەی کە گوێت لەناویشیان نەبوە خۆپیشاندان بۆ فەلەستین بکەن؟!
تاوانەکانی ئیسرائیل گەورەیە بەڵام ئایە لەو تاوانانە گەورەتر ناکرێت لەناو خودی جیهانی عەرەبی وئیسلامی دژی گەلانێک بەدبەخت ونەگبەت ترن لە گەلی فەلەستین؟! ئایە ئەگەر ئەو کامێرانەی ڕوداوە ورد ودرشتەکانی غەزە دەگوازنەوە لەسەر کارەساتەکانی کوردستان بە هەرچوارپەرچەکانی وکەشمیر وبەلوچەکانی ئێران و دارفۆریەکانی سودان بوەستابا وبەهەمان گەرموگوڕی وبەردەوامی ئەوە جیهان تەنها بە کێشەی فەلەستین غەمبار دەبوو؟! خودی کوردیش لەگەڵ قوڕبەسەری خۆی کێشەی فەلەستینی لێبۆتە تەنها کێشە، بە بەڵگەی لەو ماوەیەدا زۆر کوردم دیوە پارە کۆدەکەنەوە بۆ کێشەی فەلەستین. گروپ وحیزبە ئیسلامیەکان ڕۆڵی هەرە سەرەکیان بینیوە لە سێنترالێزمکردنی کێشەی فەلەستین وفەرامۆشکردنی هەموو کێشەکانی تر، کە لەناو گەرمەی کارەساتەکاندا دەنگیان نابیسترێت وەک ئێستا کە دەنگیان نوساوە، یان چەند لێدوانێکی شەرمنانە دەدەن کە نەتینویی پێیان دەشکآ ونە دەرەقەتی برسێتی دێن.
هەڵوێستی تورکەکان لەمەر کێشەی غەزە، کە لە بنچینەدا هەڵوێستی حزبی داد وگەشەپێدان وحزبە ئیسلامیەکانی ترە، ئەو نوکتە خۆشەی عەزیز نەسینم بەبیر دەهێنێتەوە کە لە ڕۆمانێکی باسی پیاوێکی هەژاری موسڵمانی تورک

دەکات کە پێویستی بە یارمەتیە کەس یارمەتی نادا بەڵام بە دوای کەمێک گۆڕان لە سەروسیمای، وا لە خەڵک دەگەیەنێت کە ئەو پیاوێکی ئەڵمانییە بۆتە موسڵمان، ئەوجارەیان هەموو خەڵکی شوێنەکە بە لێشاو یارمەتی دەدەن، چونکە ئەڵمانیە وخوا هیدایەتی داوە، بەڵام هەژارە تورکەکە کێشە نیە، ئەو تازە موسڵمانە خوای دەکرد گومڕا دەبوو چ زۆرە موسڵمان زۆرە (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)!

ئەوە نزیکەی یەک سەدەیە ئەو تورکانە بە دڕندانەترین شێوە کورد دەچەوسێننەوە وقەڵاچۆی ناسنامەی مێژوویی وکلتوری وجوگرافی وئیتنیکی یان دەکەن بە هەموو شێوەیەک هەتا بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ خودی ئەهریمەنیش. یەک سەدەیە بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن ناوی کورد نەهێنرێت هەتا لە دەرەوەی تورکیاش، بەڵکو دەوڵەتی تورک بۆتە لایەن لە کێشەی هەر وڵاتێکی کوردی تێدا بێت، چاکترین نمونەش عێراقە کە چۆن بە دزی وبە ئاشکرا تورکیا هانی بەرپرسە عێراقیەکان دەدا وفوو لە گیانی شوفێنیەتیان دەکات بۆ تێکدانی بارەکە وکەمکردنەوەی دەسکەوتەکانی کورد. ئەو هەموو خۆپیشاندانە ملیۆنییەی تورکەکان شتێکی بە مانا دەبوو ئەگەر بە هەمان شێوە هەستیان بۆ وەتەن داشەکانی (هاونیشتیمانەکانی) خۆیان ببزوابا، مانای دەبوو ئەگەر رۆژێک خۆپیشاندان کرابا لە دژی قەدەغەکردنی زمانی میللەتێک کە خوا وەک هەر زمانێکی تر ڕیزی لێناوە (ومن اياته خلق السماوات والارض واختلاف السنتكم والوانكم)، ئەو خۆپیشاندانانە ئەو کاتە مانای دەبوو، کە موسڵمانە تورکە غەیورەکان لەسەر ئیسلام دەیانوت بۆچی هەزاران گوند ودێهاتی کورد وێران دەکەن، بە بیانووی پرۆژەی گاپ وکە لە ئاکامدا زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارە کران بۆ شارە دەوارە شڕەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان وەک ئیستانبۆل. بە سەدان هەزار خێزان لێک هەڵوەشاوە، وسەدان هەزار گەنج لە کوڕ ولە کچ بەرەو جیهانی بێکاری وتاوان ولەشفرۆشی پاڵیان پێوەنرا، وسەدان کارەساتی تری لێکەوتەوە. کەچی کەس لەو جەماوەرە غەیورە لەسەر موسڵمانان مێشێکیشی لێ میوان نەبوو.

ئەگەر جەماوەری تورک خۆپیشاندانی ملیۆنی دەکەن بۆ موسڵمانانی غەزە، دەبا رۆژێکیش خۆپیشاندانێکی چەند هەزارکەسیان کردبا بۆ برای دینی ونیشتیمانی خۆیان ئەی قورئان نافەرموێت: (الاقربون اولى بالمعروف)؟! یان ئەوان موسڵمانی خۆمانە ولۆکالن گرنگ نیین وەک موسڵمانە تورکەکەی

عەزیز نەسین، وزیاتر لە پازدە ملیۆنیان هەیە، هیچ گرنگ نییە با دوو سێ ملیۆنیشیان لێ قڕ بکرێت، یان هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام، گرنگ ئەوەیە موسڵمانە بێگانەکە (یان موسڵمانە ئەڵمانیەکەی عەزیز نەسین) باوەڕی نەلەقێ ووانەزانێ ئێوەی موسڵمانی تورک هەموتان لە پشتیانەوە نین. ئەوەیە شازی موسڵمانەتی.!

ئەم وتارە لە گۆشەی [ورشەی بیر] لە ڕۆژنامەی ستاندارد بڵاوبۆتەوە لە ٢٠٠٩/١/١٠

# ئافرەتی کورد و پیلانێکی موسڵمانانەی ئاکەپە!

لەوەتی هەم و دەنوسم لە توندترەوترین قۆناغی فیکریمدا هەردەم بەرگریم لە کێشەی ئافرەتان کردوەو بەتایبەتی ئافرەتی کورد، ئەوەی لە نزیکەوە دەمناسن ئەو حەقیقەتە دەزانن، لەو ڕێگایەوە دەیەها نوسین و بەشداریم هەیەو هەر بەردەوامیشم لەو ڕێگایەدا، ئەو سەرەتایەم بۆیە باسکرد چونکە وەک چۆن من هەردەم بەرگریم لە کێشەکانی ئافرەت کردوە، چاوپۆشیشم لە زۆربەی خاڵە لاوازەکانی کەسایەتی ئافرەتی کورد کردوە، چونکە پێموایە خاڵە لاوازەکانی لە ئەنجامی ئەو بارە قورس و نادادوەرییە کە تێیدایە نەک شتی بنچینەیی بن لە کەسایەتیاندا.

هۆی سەرەکی ئەو باسەم دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانێکی سەرۆک شارەوانیەکی سەر بە حزبی ئەردۆگان کە تێیدا دەڵێت: هەر تورکێک ژنێکی کورد بێنێت وەک ژنی دووەم تا کێشەی کورد نەمێنێت، هەموومان ببینە تورک و ئەو کاتە مومان بە بەینی وەناچیت، ئەو قسەیە سەیرەم لە وتارێکی the Economist خوێندەوە، کەسانێک پێیان وایە کە ئەو قسەیە قسەی کەسێکی نەژاد پەرستی کەم عەقڵەو تەنها وڕێنەیەکەو بەس، بەڵام من وەک نوسەرێک و تاڕادەیەک شارەزای بواری ئافرەتانی کورد، پێموایە ئەو سەرۆک شارەوانیە دەستی خستۆتە سەر برینێکی قوڵ و یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی ئافرەتی کورد.

خۆزگە دەمزانی کام ئەهریمەن ئەو پلانە دۆزەخیەی چرپاندۆتە گوێی، من زۆر دەمێکە ئەو خاڵە لاوازەی ئافرەتی کوردم دەستنیشان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردەم ئافرەتم بە بەرەی چەوساوە حسێب کردوە، کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیش بە چەوسێنەر، حەزیشم لێیە هەردەم لە بەرەی چەوساوە بم بەرگریان لێبکەم بە هەموو توانایەکم. هەر لەو ڕوانگەوەش بەرگریم کردوە لە ئافرەتی موسڵمانانی کوێت و سعودیەو پاکستان ودارفۆر و بۆسنیا چەندین وڵاتانی تر، بەڵام کاتێک ئەو لێدوانەم خوێندەوە تازە کاتی خۆی هات منیش لەسەری بدوێم.

با لە ئافرەتانی غەیرە کورد دەست پێبکەین، زۆربەی ئەگەر نەلێین هەموو ژنانی عەرەب و تورکمان و عەجەم و فارس کە شو دەکەن بە پیاوێکی

دەرەوەی نەتەوەی خۆیان، بە حوکمی پایەی ئافرەت وەک قوتابخانەی یەکەمی زمانی و پەروەردەی منداڵ بێ یەک و دوو فێری زمانی خۆیانی دەکەن، لەپاش ماوەیەکی کەم سەردانیان بکە دەبینی منداڵەکە کە دایکی تورکەو باوکی عەرەبە یان کوردە یان هەر شتێکە، بە تورکیەکی ڕەوان قسە دەکات لە خراپترین حاڵەتدا ئەگەر ژنە تورکەکە لەناو نەتەوەی باوکەکە بژیت، زمانی دایک بە چاکی قسە دەکات و دەبێتە زمانی دایک mother tongue ، زمانی باوکیش بەسەقەتی فێری دەبێت وەک دەستی دوو بەکاری دەهێنێت، دەیان نمونەی ئافرەتی کورد دەزانم چۆن خۆیی منداڵەکانی بونەتە تورکمان یان عەرەب یان هەر شتێکی تر، بڕواننە خێزانە کوردەکانی بەغداو موسڵ و دیالاو گەلێک شوێنی تر.

ژنە کوردێکی موسڵاویم دیت منداڵەکانی یەک دوو وشەی کوردیان نەدەزانی زۆریشیان حەز لێبوو فێری ببن بە کاریگەری برادەرانیان و ئینتەرنێت، کەچی دایکیان هەر گوێشی لێنەبوو، ژنی کوردم دیوە منداڵەکانی تەنیا فارسی قسەیان دەکرد چونکە مێردی بە فارسێک کردبوو، ژنێکی تری کوردی فەیلیم دیت خۆیی و کچەکەی شیعەیەکی توندڕەو، هەر هاتە ئەو ئۆفیسەی کە من کاری تێدا دەکەم یەکسەر دڵی تەنگ بوو بە دیتنی ئاڵای کوردستان! گوتی ئێوەی کورد چەند دەمارگرژن خۆ منیش کوردم بەڵام وا نیم، گوتم دیارە خانم چۆن کوردێکی خۆت و کچەکەت بە عەرەبی قسە دەکەن لەبەر خاتری مێردت زمانی خۆشت و نەتەوایەتی خۆشت لە دەست داوە، ئینجا دەستی کرد بە گاڵتە کردن بە دیموکراسیەتی کوردستان وەک عەرەبەکان دەیگوت ئێوە نا هێڵن عەرەب بە کەیفی خۆیان بە ئازادی بێنە کوردستان. منیش گوتم دیموکراسیەت لەگەڵ ئەو عەرەبە توندڕەوەو وەحشیانە دەیانەوێت باری کوردستان وەک بەغدا لێبکەن؟ هەر کە ئەوەم گوت کچەکەی وەک نەژاد پەرسترین عەرەب وەڵامی دامەوەو یەک زەڕە هەستی کوردایەتی نەبوو، لە سایەی بەرەکاتی پەروەردەی ئافرەتە کوردەکە کە لە دواییدا بە کوردیەکی چاک لەگەڵم قسەی کرد، بێگومان نمونەیەکی زۆرمان دیوە لەناو کوردەکانی تورکیا بەتایبەتی چۆن هەموو شتێکی کوردییان لە دەستداوەو ناکرێت هەمووی باسبکرێت.

بەڕاستی ئەو ڕێکخراوانەی هەوڵ و خەبات دەکەن لە پێناو مافەکانی ئافرەت پێویستە ئەو خاڵە لاوازانەش چارەسەر بکەن، چۆن دەبێت ئافرەتی کورد کە میللەتەکەی لە هەموو میللەتانی دەوروبەر چەوساوەترین، لە کاتێکدا خەڵکانی

چەوساوە زیاتر بەرگری و دەستگرتنیان بە پێناسی خۆیان توندتر دەبێت، کەچی ئافرەتی کورد بێگومان هەموویان نا، بەڵام لە زۆربەی حالەتدا ئەگەر ببنە هاوسەری غەیرە کوردێک هەموو پیناسەی نەتەوایەتی خۆیان لە دەست دەدەن. بێگومان من ئەو قسانە لە مەنزورێکی پیاوانەدا ناکەم بەڵام پیاوان رۆژانە ڕەخنە باران دەکرێن لەلایەن فێمینستەکان و ژنانی تریش دەبا کەمێک باسی خاڵە لاوازەکانی خۆشیان بکەن وەک ئەو خاڵەی من باسم کرد لێرەدا. هەر بۆیەش دەڵێم ئەگەر ئەو پلانەی سەرۆک شارەوانیە جێبەجێ بکرێت لەلایەن حزبێکی خاوەن عەقڵیەتێکی سیستیماتیکی دۆزەخی ودووربینی وەک حزبەکەی ئەردۆگان بە گومانی نازانم لە ماوەیەی چەند نەوەیەک بتوانن بە یەکجاری کورد حەل بکەن، هەرچەندە جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە هێندە ئاسان نیە، بەڵام وەک مالیک بن نبی دەڵێت: ئەوەی قابیلیەتی ئیستعماری تێدا نەبێت ئیستعمارناکرێت.

کوردستان پۆست ٢٠١٠/١٢/٣١

بەشی چوارەم

# کۆدەتایە نمایشکارەکە

# ئەردۆگان و کودەتا و کورد

-١-

هەر کە گوێم لێبوو کودەتا کراوە بەسەر ئەردۆگان، لەبەر ئەوەی زۆر قورس بوو بۆم باوەڕ بکەم، کودەتا لەسەر ئەردۆگان بکرێ، زۆر دڵخۆش بووم، کە کەسانێک لەناو سوپا هێشتا ماون ترس چۆکی نەشکاندبن!
من لەوەتەی ئاگادارم ئەردۆگان بە بەردەوامی خەریکی تەسفیە کردن و پاکتاوکردنی خەڵکی نەیارە لە ناو ڕیزی سووپا و دادگا و میدیا و هەموو بوارەکانی دەوڵەت. وڵاتی پڕی دینداری ساویلکەی سەرسام بە خۆی کردوە، چۆن دەکرێت کەسانێک مابن کودەتا بکەن؟!
ئەو پیاوە ملیۆنەها دینداری ساویلکەی تورک و کوردی دوای خۆی داوە، و میزاجێکی داعشی داوەتە شەقامی تورکی، چۆن کودەتا دەکرێت؟! بەڵام لەبەرئەوەی سیناریۆی کودەتاکە زۆر بە هێز بوو، لە سەرەتادا، منیش باوەڕم کرد کە ئەوە کودەتایەکی هەقیقیە روو دەدات، دەمگووت ئینشاڵڵا خوا ئەو دیکتاتۆرەی لە کۆڵ گەلانی تورکی و کوردستان دەکاتەوە، هەتا بە کودەتاش!
چونکە ئەمن دەزانم ئەو پیاوە هێندە سوڵتەپەرستە، مەگەر بە خوێن لابچێت لەسەر کورسی دەسەڵات، با جارێک بدۆێنێت لە هەڵبژاردنێک، ئەو کات دەزانن کێیە!
بەڵام ئەو وتەیەی میکیاڤیللی کە بەرچاوم کەوت هیچ گومانم لە دروستی ئەو سیناریۆیە نەما!: « ئەگەر ویستت خاینان لەناوبەری، هێزت نیشانی هەمووان بدەیت. کودەتایەک دروست کە و لەناویشی بەرە!»
بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، و ئازادی ئەردۆگان لە جوڵە و پەیام ناردن بۆ خەڵک ، و ساردو سڕی سوپا لە بەرپەچ دانەوەی سوکایەتی و هێرشی لایەنگرانی ئەردۆگان بە دەستی بەتاڵ، ودوایی هێزە ئاسایشەکان، وردە وردە

ڕووی ئەو سیناریۆیەی ئەردۆگان دەردەکەوت. چەندین سیاسی گەورەی تورکیا وەک دەنیز بایکاڵ دەڵێن ئەردۆگان خۆی پلاندانەری ئەو کودەتایەیە، هەتا فەتحولـلا گولەنیش دەڵێت ئەردۆگان خۆی ڕابەری ئۆرکستراى ئەو کودەتایە، لە پێناو گڵدانەوەی مافە مەدەنیەکان!

http://www.dailymail.co.uk/news/article-3693729/Did-Erdogan-STAGE-coup-based-Turkish-cleric-facing-extradition-botched-rebellion-claims-president-orchestrated-plot-justify-clampdown-civil-rights.html

# ڕۆژنامەی واشنتن تایمز :
# پێش ٣ مانگ ئەردۆگان خەریکی کودەتایە!

-٢-

لە وتارێکدا لە نوسینی گای تێیلەر، لە ٢٠١٦/٤/٧ نووسراوە، بە ناونیشانی: تورکیای ئەردۆگان زەنگی کودەتای سەربازی بەکار دەهێنێت بۆ فراوان کردنی زیاتری دەسەڵات، و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن! Turkey’s Erdo-gan uses military coup buzz to expand powers, curb dissent
نووسەر دەڵێت: ئێستا دەزگا و میدیاکانی سەر بە ئەردۆگان هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کودەتای سەربازین، لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا، لە پێناو وەبەرهێننی سیاسی بۆ ئەردۆگان و باوەڕهێنان بە خەڵکی تورکیا، کە کودەتایەک بەڕێوەیە!
ئەردۆگان ئەو پڕوپاگەندەی سیاسیە بەکار دەهێنێت، دەربارەی هەولی کودەتای سوپا، وەک ئامرازیک بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بەهێزی، و پەکخستنی ئۆپۆزسیۆن!
ئایکان ئەردەمیر Aykan Erdemir، ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆنی پیشووی تورکیا، گەورە ئەندامی دەزگای بەرگری لە دیموکراتیەت لە واشنتن، دەڵێت: «ئەردۆگان وەک یاریکەرێکی هونەری شەڕکردن وایە!»
هەروەها دەڵێت: « ئەردۆگانیکان زۆر کارامەن لە گۆڕینی تەحەدایەکان بۆ قازانج. ئێستا پروپاگەندەکە لە ئارادایە، زۆر چاک دەزانن کە دەتوانن سوودی لێ وەرگرن!» بەڕێز ئەردەمیر لە چاوپیکەوتنێکی تردا دەڵیت: « بۆچی دەبیت میدیای حکومی سەر بە ئاکەپەی ئەردۆگان کات و توانایەکی زۆر بەکار بهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کودەتا؟! بە وردی چونکە دەزانن ئەو کودەتایە ساختەیە لەوانەیە شەرعیەتی دابەزیووی ئاک پارتی بەرزکاتەوە!... ئەوەش بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕەخنەکانە لە ئاک پارتی، بەو کارەشی تەنها دوو هەڵبژاردە، دەخاتە بەردەم جەماوەر، ئەویش حکومەتێکی عەسکەری کودەتاچی، یان ئاک پارتی ئەردۆگانە، خەڵکیش بێگومان دەچنە پاڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی ئاک پارتی!

هەروەها دەڵێت: کریدیتی ئاک پارتی زۆر نزمە لە نێوان چینی گەنجانی تازە پێگەیشتوو، ئەو حزبەی کە بە چەندین فروفیڵ توانی لە دوا هەڵبژاردنیدا سەرکەوێت، بە هۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسایش بۆ داخستنی میدیا و کاروباری ئۆپۆزسیۆن. ئەردۆگان خۆشی تاوانبارە بە داخستنی فەیسبوک و یوتیوب و میدیای تریش! هەتا میدیاکانی ڕوسیاش ئەو پڕوپاگەندەیەی بلاوکردەوە، و لە چەندین سەرچاوەدا ئاماژەیان پیکردوە!

فشارەکانی ئەو پڕوپاگەندەیە هێندە بەهێز بوو، هەتا سووپای ناچار کرد وەلامی بداتەوە، کاتێ سەرۆک ئەرکانی سووپا لە سایتی ڕەسمی خۆی لە ٣١ /٢٠١٦/٣ گووتی: « ماقوڵ نییە لێبوردەیی نیشانی هەر دیاردە و کارێکی نایاسایی بدەین، کە لە لادان بێت لە زنجیرەی سەرکردایەتی سووپا... ئێمە فەرمانی یاساییمان دەرکردوە، لە دژی ئەوانەی ئەو جۆرە هەواڵ و پروپاگەندانە بڵاودەکەنەوە، کە هەرگیز بنچینەی یاسایی و لۆژیکیان نییە، پێچەوانەی ڕەوشتی میدیا کارانیشە.»

ئەو وتارە پێش سێ مانگ نووسراوەم بەس ئێمەی کورد لیی بێ ئاگا بووین، چونکە ئەوانەی گوایە زۆر پسپۆڕن لە کاروباری تورکیا هیچ شتێکی وایان بۆمان باس نەکردوە. ئەوەش کەمتەرخەمییە.

سەرچاوە:
http://m.washingtontimes.com/news/2016/apr/7/recep-tayy-/ip-erdogan-uses-turkey-military-coup-buz

# تورك تەجاوزی سێکسی بە سەربازەکانی تورکیش دەکات!
# حیقد بچینیت حیقد سەرت دەخوا!

کێ هەیە لە ئێمە چەند چیرۆکێکی تراژکۆمیدی تورکە دەمارگرژەکانی گوێ لـی نەبووبێت بەرامبـەر کـورد ومیللەتانـی تـر؟! مـن گومانـم هەیـە کوردێک هەبێت تورکی دیتبێت، سێ چوار چیرۆکی دەمارگرژی پڕ لە بێ ڕێزی و نامرۆیی و بێ ئیحساسی تورکی گوێ لی نەبووبێت.
هـەر بـەر لـە ماوەیـەک و تـا ئێستاش، دەتـان دیت چی دەکرد لـە کوردستانی باکوور. چەند مندالمان دیتن بەوپەڕی وەحشیەت وبەربەرتیەوە کوشتیانن؟!
چەنـد پیـاوی پیرمـان دیتـن بـە قەنـاس کەلـلەی سـەریان پێکا بـوو، نـەک بـە ساچمەی تەقینەوە و بۆمبا باران کردن!
ئـەو کچـە گەنجـە جوانەتـان لەبیـرە کـە بەبـێ بەرگـری و بـێ نقەکـردن لەبـەر چاوی دایک وباوکیان کوشتیان؟!
چەنـد پیرەژنمـان دیـت کـە ئێمـەی کـورد ڕەنگـە نەشـیان ناسـین دەسـتیان مـاچ کەیـن، کەچـی ئـەو سـەرباز و جەندرمـە نامرۆڤانـە بـە شـەق و پێلاقـە تێیـان کەوتـن!
دیتتان ئەو دایکەی بە دیار لاشـەی کچەکەی دانیشتبوو یەک هەفتە، قەناسـەکانی ئـەردۆگان لـە هـەر یەکێکیـان دەدا بـە گوللـە لـە لاشـەکە نزیـک بایـەوە! لاشـەی ئـەو پیرەژنـە سـەرووی ٧٠ سـاڵیەتان لەبیـرە، کـە کـوڕ و کچەکانـی بـە هێـزی قەنـاس چەندیـن ڕۆ نەیانتوانـی بینێـژن، سـە و ڕۆژ لـە دوورەوە پاسـەوانییان دەکرد، نـەوەک سـەگ بیخـوات؟!
ئـەو چەنـد سـەد کەسـەی ژێـر سـاختومانەکەت لەبیـرە چـۆن بـە زیندوویـی سـوتاندنیان؟! باسـی چـی وچـی بکەیـن، تـورک بەبـێ تارژیدیـا ناژیـت.
تـۆی تـورک ئەگـەر لـە ئەڵمانیـا و ئەوروپـا و ئەمریکاش منداڵەکانـت فێـری ڕق لـێ بوونـەوە لـە کـورد بکەیـت، منداڵـی یـازدە سـاڵی لـە لەنـدەن لـە دایـک بـوو بڵێت: کـورد هەمـووی گەمژەن، و میللـەت نیـن! تـۆی تـورک لـە نەمسـا هەوڵدەیت کـورد بچەوسـێنیتەوە، هەتـا حوکمەتـی نەمسـا لەسـەر هاتـە دەنـگ، لـە نەمسـا فێـری ڕیزگرتنـی مـرۆڤ نەبیـت، ئـەی دەبێـت کـەی فێـری ئینسـانیەت بیـت؟! ئەگـەر کچێکی جوانـی نیمچەرووتـان لـە زانکۆیەکـی لەنـدەن، بـەس بـە گۆکردنـی

وشەی کوردستان تورە بێت لێمان، و هیچیتر سەلامت لیَ نەکات، دەبێت بە تەمای چ بن بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا؟!

ئەو میللەتەی حیقد و کەراهیەت دەبێتە ژەمێکی رۆژانەی، لە بچوکترین هەلدا ئەو حیقد و رق و قینە خۆشی دەگرێتەوە. داگیرکەرانی کوردستان راستە دەتوانن سەرکووتی کورد بکەن، بەلام ئەو قەسوەت و توندوتیژیەی بەکاری دەهێنن بۆ سەرکوتکردنی کورد، وەک دەلێن سیحرەکەی بەسەر خۆیان هەلدەگەرێتەوە. خەوی ئاسوودەییان لیَ دەزرێنێت.

ئەو سوپایە بوو کە وەک موقەدەساتێک تورک لێی دەروانی. دەیان ڤیدیۆیی سوکایەتی و ئەشکەنجەدان تا مردن بە شەق و پیَ لەقەی بلاوبۆتەوە!!

ئەمرۆ ٢٠١٦/٧/٢٥ رۆژنامەی میرەر Mirror ی بەریتانی لە رێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتیەوە، هۆڤێتیەکی تر و وەحشیگەریتیەکی تری تورکی بۆ گواستینەتەوە، ئەویش دەلێت: ١٠هەزار سەربازی تورکی لە تەوێلەی ئەسپدا دەست و پێیان پێکەوە بەستراوەتەوە، بە دوو سی رۆژ نان و ئاویان لیَ قەدەغە دەکەن، سەرەرای لێدانیان بە توندترین شیوە، زۆریان دووچاری دەستدرێژی سێکسیش بوونەتەوە!

دەستدرێژی سێکسی کە لە دژی گیراوەکانی کورد بەکاریان دەهێنا، تازە ئالوودەبوون پێی، ئەوجارە دژی سووپای خۆیان بەکاری دەهێنن!

ئەوەیە دەولەتی سەرۆکی موئمین و ئیسلامی، سواری سەربازەکانی خۆشیان دەبن! توخواکەی ئەو کوردەی هێشتا بەرگری لەو ئەردۆگانە دەکات، قەت هێناویەتە بەر چاوی خۆی داخوا چەند منداڵ و ئافرەت و لاوی کورد بە دەستی ئەو وەحشە بەشەریانەی سولتان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر؟!

محەمەد هەریری

سەرچاوەی هەواڵەکە:

http://www.mirror.co.uk/news/world-news/thousands-turkey-coup-prisoners-raped-٨٤٨٥٣٠٤

# پاکتاوی ستالین شێوازی ئەردۆگان بە پێی لیستە پێشوەختەکان!

هەموو چاودێرێکی سیاسی دەزانێت کە لە کۆنەوە ڕژێمە تۆتالیتاریەکان، لەبەر جەوی پۆلیسی و پڕ گومانی ڕەهبەری مەزن و دیکتاتۆری گەورە. زۆر جار هەر بۆ چاوترساندنی خەڵک هەزاران و سەدان هەزاریان لەناو دەبرد، لە خەڵکانی هەرە نزیک لە خۆیان! ئەگەر تەنها هەڵمەتە پاکتاوکردنەکان یان پاکسازیەکانی ستالین و باقی سەرۆک و ڕەهبەرەکانی کۆمەنیست بخوێنیتەوە، سەرت سپی دەبێت!

لە هەڵمەتی پاکسازی مەزنی ستالین لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨ ملیۆنەها کەسی لەناوبرد لە بەرپرسانی حزبی شوعی و حکومەت و ملیۆنەها جوتیاری کۆلاک، و سەرکردەکانی سوپای سوور، پۆلیسی نهێنی و کارمەندانی ئاسایی و هتد. تەنها ڕێکخراوێکی ڕووسی مافی مرۆڤ [مێمۆریاڵ]، ناوی نزیکەی سێ ملیۆن کەسی دۆزیوەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٢٥٪ لە سەدای قوربانیەکان، کە خۆیان لە زیاتر لە ١٢ ملیۆن و نیو دەدات!

هەموو ڕژێمێکی سیاسی کە بەرەو توتالیاتریزمی و دیکتاتۆریەت هەنگاوی نا، دەبێت دەم نادەم هەلمەتی پاکسازی گەورە بکات، لە پێناو جاوترساندنی خەڵک و لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، و دوورخستنەوەی ئەوەی بۆنی کەمترین نارەزایی ئاشتیانەشی لێ دێت. چونکە ئەردۆگان دەمێکە هەنگاو دەنێت بەرەو دیکتاتۆریەت، پاش ئەوەی بە خشپەیی هاتە سەر دەسەڵات بە سواری شەمەندەفەری دیموکراتی، و بە پسوولەی سووپا، کە پارێزەری سیستمی کەمالی سێکیولارە لە تورکیا. ئەردۆگان زۆر لەسەر خۆ دەستیکرد بە تووندکردنی پایەی خۆی، و بە یارمەتی ئیسلامیەکانی تورکیا و هەتا گولەنیەکانیش، کە خاوەنی هەزاران کادیری گەورە و دەرەجەدارن لە دەزگاکانی تورکیا، و هەروەها بە ختوکەدانی هەستی ئیسلامەتی کوردیش دەنگی کوردیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

هێندە بە فرۆفێڵ دەستی بەسەر دەزگاکان داگرت، یەک دوای یەک کۆنترۆڵی کردن. هەمووی لە سایەی دیموکراتی توانی لەگەڵ تێپەڕکردنی ڕۆژگاردا، بیروبۆچوونی خۆی بسەپێنێتە سەر گشت دامودەزگای دەوڵەت. بەو

دواییە دیار بوو کە نەفەسی دیموکراتی زۆر کورت ببوو، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی پیویستی نەدەهێنا، و نیوەندە سیاسی و ئەکادیمیەکان ڕەخنەیان لێ دەگرت، بۆیە وەک هەر دکتاتۆرێک بیری لە سیناریۆی کودەتا کردوە بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی موعتەبەری پاکسازی بکات لە دژی ناحەزە ڕاستی و ساختەکانی.
هەربۆیە گەورە بەرپرسی یەکێتی ئەوروپا، یوهانس هان، گووتی: «هەڵمەت دەستگیرکردنی فراوان و خێرا لە ڕیزی دادوەرکان و ئەوانیتر، هەر پاش هەوڵی کودەتا سەرنەکەوتوەکە لە تورکیا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت «لیستی گرتنی ئامادەکردوە پێشوەخت...لە کارێکی پێشوەخت ئامادەکراو دەچێت، من نیگەرانم زۆر، ئەوە ئەو شتە بوو لێی دەترساین!!»
لەو هەڵمەتە پاکتاوە سیاسیەی ئەردۆگان، لەو ماوەیە کورتە زیاتر لە ٧٥٤٣ سەرباز و ئەفسەری بەرزی سوپا گیراون و دوورخراونەتەوە...
گرتنی ٧٥٥ دادوەر و دەرکردنی ٢٧٤٥ ی تر...
دەرکردنی ١٥٢٠٠ کارمەند لە وەزارەتی پەروەردە، و هەموو سەرۆک زانکۆکانی تورکیا و سەدان ڕاگری کۆلێژەکان.
گرتنی ١٥٠٠ کارمەند لە وەزارەتی دارایی...
٨٧٧٧ لە وەزارەتی ناوخۆ!
ئەوە سەرەتای تێکچوونی وەزعی تورکیایە و چونە ناو تونێلێکی تاریکە، چونکە ئەوەی ئەردۆگان ساڵەهایە بە هێمنی لە پشت پەردەی دیموکراتیەت دژی دیموکراتیەت دەیکات، لە پاش ئەو کودەتایە و پاش ئەو پاکتاوە سەرتاسەرەی، لە مەودوا بە ڕاشکاوی دەیکات. ئەردۆگانیش کورسیەکی دیکتاتۆرە پاکتاوچیەکانی لە مێژووی دکتاتۆرەکان بۆ خۆی داگیر کرد، ئەوە خاڵی هەڵگەڕانەوە دەبێت لە دیموکراسیەت.
٢٠١٦/٧/١٩

بەشی پێنجەم

# بەرەو داعشبوونی تورکیای ئەردۆگان

# ڕقی نەخۆشانەی تورك لە کورد

کە ڕق هەموو سنورێکی ماقوڵ دەبەزێنێت بە هۆ و بێ هۆ، لە شەڕ و لە ئاشتی یەکسان دبێت، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئێمە لەبەردەم نەخۆشیەکی دەروونی مێژوویین کە حەلی نییە.
ئەو ڕقەی تورک دەریدەبڕێت بەرامبەر کورد وەک میللەت، ڕۆژانە دەیبینین و هەستی پێدەکەین وپێی دەتلێینەوە.
کێشەکە ئەوەیە کورد لەبەر ناکۆکی ناوخۆیی و لەبەر ساویلکەیی و دڵ سافی هیچ ڕۆژێک لە مێژوو ئاڵوگۆڕی ئەو ڕقەی نەکردۆتەوە بە ڕقێکی هاوتا. ئەوەش زۆر ئازارم دەدا و ئازاری هەموو کوردێک دەدات، کە ئێمەی کورد هەمیشە بەرکاری [ئۆبجێکتی] ڕقی بکەری [سەبجێکتی] تورک بین. چەند ئارام بەخش دەبوو ئەگەر ڕۆژێک لە مێژوو بۆ نمونە سەلاحەدین ئەیوبی کە تورک ڕقیان لەویشە لەبەر کوردبوونی ولەبەر مارەکردنەوەی ژنی نورەدین زەنکی تورکی، حەملەیەکی لەسەر کردبان لایەکی ئیمپراتۆریەتەکەی لەو تورکە دڕندانە پاک کردبایەوە. ماقوڵ نییە هەر ئێمە لە ڕۆڵی چەوساوەی تورک بژین.
میللەتانی ئەو ناوچەیە سروشتێکی نا شارستانی زۆر دڕندانەیان هەیە، ڕیز لە دڕندەی وەک خۆیان دەگرن چەندەش خراپ بێ، و بە سووک و لاواز دەڕواننە مرۆڤی بێ زەڕ و بێ وەی هەرچەند ئادەمیزادیش بێ! کورد دەڵێی بە هەڵە کەوتۆتە ناو ئەو دڕندە و نامرۆڤانە، دەنا کورد ترسنۆک و بێ دەسەڵات نییە، بەڵام درندە نییە، دەنا هێزی کوردمان دیت لە شەڕی خاچپەروەران چۆن شۆڕەسوارانی کورد حەوت پاشای مەسیحیی و فەڕەنگیانیان شکاند! ڕۆژهەڵاتناسێک باسی ڕەوشتی دزی عەرەب و تورکی دەکرد و بەراوردی دەکرد بە دزی کورد، دەیگووت دزی کورد قەت مرۆڤ ناکوژێ لەکاتی دزیکردنیدا و بە هیچ جۆرێک حورمەتی ئافرەتیماڵەکە ناشکێنێ، بەڵام دزی عەرەب و تورک ڕاست وچۆپ دەکوژن و دەستدرێژیش دەکەنە سەر ئافرەتەکان!
ئەو ڕقەی تورک لە بیستنی ناو کوردستان لەسەر ڕوخساری نەگریسیان دەردەکەوێت...

لە لێدان و کوشتنی جەندەرمە و پۆلیس و ئاسایشی تورکی بۆ بێ دەسەڵاتترین مرۆڤی کوردی پیروپەککەوتە و منداڵەوە دەردەکەوێت!
لە سوکایەتی و گێچەڵی خاڵەکانی پشکنینی ڕێگا وبان و فرۆکەخانەکان دەردەکەوێت!
وەرە دوو کەس لە فرۆکەخانەی ئەستەنبوڵ بنێریتەوە عێراق چونکە یەکیان وێنەی منداڵێکی خۆی بە جلی کوردیەوە لە پرۆفایلی فەیسبوکەکەی داناوە، و ئەویتریان وشەی کوردستان یان لە پۆستێکی فەیسبوکی ئەو دۆزیوەتەوە؟!
توێژینەوەیەکم خوێندەوە بەناوی [بۆچی داعش ڕقی لە کوردە؟] لە نووسینی خانمی نوسەر ئۆزەی بۆلۆت (Uzay Bulut) کە ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکیشە لە فۆریۆمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست Middle East Forum MEF)) ، دەڵێت: سەنتەری ستراتیژی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (ORSAM) لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە مانگی ئاب دەریکردوە، ووەک یەکەمین توێژینەوەی لەو جۆرە کە لەسەر لایەنگرانی داعشی تورکی زمان بکرێت لەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تویتەر، توێژەرانی سەنتەرەکە هەڵسان بە داونلۆدکردنی ٥١٩٨٢ تویت لە ٢٥٦٧ ئەکاونتی ئەوانەی لایەنگرانی داعشن، سەنتەرەکە بۆ ماوەی چوار مانگ ئەو تویتانەی یەک یەک خوێندەوە و خستنیە بەر توێژینەوە.
"ئەنجامی سەرەکی ئەو توێژینەوانە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە مەسەلەی سەرەکی لایەنگرانی داعش لە تورک زمانەکان دینی نییە هێندەی دنیوییە! واتە پاڵنەری سەرەکییان لە پاڵپشتی داعش لە دژایەتی پ ک ک و هەر کاروبارێکی پەیوەست بەو حزبەیە. ئەو توێژینەوە دەریخست کە بابەتە دینیەکان کە جەوهەری ئایدیۆلۆژیەتیان پێک دەهێنێت بە پلە دوو دێت لای ئەو داعشە تورک زمانانە!" [١]
یانی بوون بە لایەنگری داعش هێندە لەبەر باوەڕیان بە داعش و جیهاد و باقی خوڕافاتە دینییەکان نییە، هێندەی لە ڕق لێبونەوەی کورد و پەکەکە یە. ئەوەی زیاتر ڕق و حیقدی تورک بە گشتی و داعشی تورکی بە تایبەتی دەوروژێنێت ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کوردەکان بوو لە کۆبانێ لە کانونی دووەمی ٢٠١٥، کاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل توانیان ئەفسانەی ڕەشی داعش بشکێنن لەو شارە قارەمانە.
کەوابوو ئەو پاڵپشتیەی تورکان بۆ داعش ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رقەی تورکەکان هەیانە لە دژی کورد کە خۆی دەنوێنێت لە کێشمەکێشی هێزە

نەتەوەپەرستە تورکیەکان وپەکەکە و پەیەدە، کە لەو دەبەرێک چوونەی کورد و داعشیش تورکە توندڕەوەکان گوزارشیان لە توندڕەوی نەتەوەیی خۆیان کرد لە فۆرمی توندڕەوی دینی، ئەوەش بە چاوساغی ئاکەپە و ئەردۆگان هاتە دی کە توانی توندڕەوی نەتەوەیی ئاوێتەی توندڕەوی دینی بکات بەسەرکەوتوویی، کاتێ وەک خەلیفەیەکی داعش ساڵی ڕابردوو وەسفی حزب و هێزە کوردیەکانی کرد بە مولحید و زەردەشتیەکان! ئەو مولحید وزەردەشتیانەی چەندین ساڵە دەستی دەستی پێدەکردن لە پرۆسەی بەناو ئاشتیدا!

ئەردۆگان وەک خودانێکی [٢] داعش توانیویەتی تورکێکی زۆر داخیل بەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە بکات هەر لە ڕقی کورد، لە ڕێگای ئەو داعشە تورکانەوە هەڵمەتێکی دینی چڕ بۆ تەکفیری کورد و ناوزڕاندنیان ئیجرا دەکەن، بەڵام خۆشبەختانە داعش خۆی هێندە ناوزڕاوە نەکەسی پێ سووک دەکرێ و نەکەسی پێ بەرز دەکرێ، هەموو حیقد و ڕق و قینەی تورک لە کورد لە داعشی چاکتر و بەهێزتری بۆ دروست ناکرێ، ئەو داعشەی وەک دەجالی ئاخیر زەمان لەسەر دەستی قارەمانانەی کورد سیحری بەتاڵکرایەوە، ڕۆژێکیش بۆ تورک لە مێژوودا هەیە بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕق و قینەی مەغۆلیان!

محەمەد هەریری
٢٠١٧/٧/٢١

سەرچاوەی توێژینەوەکەی Uzay Bulut:

[١]
http://www.israelnationalnews.com/Articles/Article.aspx/20602

[٢] وشەی خودان م زۆر پێ جوان و لەبار بوو لە مانای وشەی العراب ی عەرەبی یان Godfather ی ئینگلیزی.

# تورکیا و داعش
# هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد

لە سەروبەندی دووایین ڕۆژەکانی داعش وەک هێزێک لەسەر زەوی، ئەو پەیوەندییەی نێوان داعش و تورکیا هێندە ئاشکرا و زانراو بووە، هەتا خەڵکی ئاساییش وەک هەقیقەتێکی زیندووی ڕۆژانە دەیزانێت، بە تایبەتی خەڵکی سەر سنورەکانی نێوان تورکیا و سوریا. ئەوانەی نکوڵی دەکەن و چاویان ئەو پەیوەندیە نابینن یان درۆ دەکەن نایانەوێ بیبینن، یانیش لە ساویلکەیی خۆیان و تێنەگەیشتن لە سروشتی دیکتاتۆریانەی خۆرهەڵاتی ناگەن کە ئەردۆگان ئێستا لە لوتکەی ئەو دیکتاتۆرانەدایە، لە ژێر پەردەی دیموکراسیەت تورکیا و ناوچەکە و گەلی کورد بەرەو شەڕومالۆێرانیەکی زۆر سەخت دەبا.

بەڕاستی مرۆڤ سەیری بە ساویلکەیی هەندێ نووسەری گەورەی ڕۆژنامە ناودارە گەورەکان دێ، کە باس لە پەیوەندی تورکیا یان ئەردۆگان لەگەڵ داعش دەکەن وەک بلێی دژایەتی و لێکدانیشی تێ دەکەوێت!

جیهان هەمووی ئاگاداری یارمەتیەکانی تورکیا بوو بۆ داعش لە شەڕی کۆبانێ و چۆن سوپای تورکیا بە چنگ ونینۆک یارمەتی ئەو وەحشە بەشەرییانەی دەدا! چۆن دەکرێت لە بنەڕەتدا دەوڵەتێکی بەناو سێکیولار هەتا بێلایەن بێت لە شەڕێک لە نێوان تیرۆرستان و لایەنێکی مەدەنی سێکیولار لە مافی خۆیان زیاتر هیچیان لە جیهان ناوێ؟!

بۆ نمونە پەیامنێری نیۆرک تایمز روکمینی کالیماچی Rukmini Callima-chi لە ئەنقەرە دەڵێت: نازانین ئەوەی تورکیا دەیکات تەنها چاوپۆشینە لە داعش یان یارمەتی دانە!

بەڵام هەر خۆشی دەڵێت: ئەوانەی داعش ڕایان دەکێشێتە ناو ڕیزەکانی بەوپەڕی ئازادییەوە بە تورکیا هاتوچۆ دەکەن!

داعش کەل وپەلی خۆی دەهێنێت لە ڕێگای تورکیاوە، هەتا چەک و تفاقیش. زامدار و نەخۆشەکانیان دەچنە تورکیا بۆ وەرگرتنی چارەسەر، پارە و یارمەتیان بۆ دێت لە ڕێگای وێسترن یونیەن لە نووسینگەکانی باشوری تورکیا! ئەگەر بەو هەموو زانیاریەوە هیشتا نەزانی ئەوە یارمەتی دانە نەک

چاوپۆشینێکی ئاسایی ئەوە چۆن پەیامنێرێکی ئەو ڕۆژنامەیە ناودارەیت؟![١]
[١]

لە تورکیا شتێکی تریش هەیە کە ئەو نووسەر و پەیامنێرانە درەنگ تێیدەگەن، ئەویش ئەوەیە پێیان باوەڕناکرێت دیکتاتۆرێکی نمایشکاری ئەکتەری فاشیلی وەک ئەردۆگان، خۆی سیناریۆی کاری تووندوتیژی بە هەماهەنگی لەگەڵ داعش دروست دەکات لە دژی هاولاتی خۆیی بە تایبەت دژی کوردەکان! بۆیە هەتا ئەو تەقینەوانەی دژی کوردیش کرا لە سروجی و ئەستانبۆل، بە شەڕی نێوان داعش و تورکیای حسێب دەکەن!

ئەردۆگان لە پێناو سەرکەوتنی پلانە چەواشەکارەکانی گوێ ناداتە ئەوەی هەزاران لاوی تورکیش بگرێت و بکوژێت، وەک لە کودەتا شانۆگەریەکەی کردی و سەرباز نەما هەتا دەستدرێژی سێکسیشی نەکرێتە سەر! یان لە تەقینەوەی فڕۆکەخانەی ئەستانبۆڵدا کە بۆ ڕاکیشانی سۆزی جیهانی بوو بۆ ئەردۆگان وەک قوربانیەکی دەستی تیرۆریزمی داعشی خۆی نیشاندەدا. خەریکە ئەو پەیوەندییە لای خۆرئاواش ئاشکرا دەبێت لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی: بەرپرسێکی خۆرئاوایی گەورە پەیوەندیەکانی تورکیا و داعش ئێستا ناکرێت نکوڵیان لێبکرێت!-Senior Western official: Links between Turkey and ISIS are now 'undeniable'

دەڵێت: مارتن چۆلۆڤ لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بەو دواییە لە ڕاپۆرتێکدا گووتی لە هەڵمەتێکی سوپای ئەمریکی بۆ سەر نووسینگەکانی بەرپرسە دراویەکانی داعش بەڵگە و دۆکیومنتی وا کەوتنە بەردەست دەیسەلمینن کە بەرپرسانی تورک ڕاستەوخۆ لە پەیوەندی دان لەگەڵ بەرپرسانی بالای داعشی وەک ئەبو سەیاف کە گەورە بەرپرسێکی دراوی داعش بوو ولەو کردەیەش کوژرا![٢] [٢]

لە جانیوەری ٢٠١٤ ڕۆژنامەی جمهوریەت دەیلی -Cumhuriyet dai

[١] https://www.pri.org/stories/2016-06-30/turkey-s-complicated-relationship-isis
**Turkey's complicated relationship with ISIS** , June 30, 2016 , By Christopher Woolf

[٢] http://uk.businessinsider.com/links-between-turkey-and-isis-7-2015-are-now-undeniable

'Senior Western official: Links between Turkey and ISIS are now 'undeniable

By: Natasha Bertrand

ly ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە بەڵگەی ڤیدیۆیی و وێنە لەسەر ئەو چەکانەی تورکیا بۆ قاعیدە و داعش و باقی گروپە توندڕەوەکانی سوریای ناردبوو، کە لە جیاتی دەستخۆشی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە جان دوندار لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا و سزا درا بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای دژە تیرۆر. لە دوای ئەو ئاشکرا بوونە هەموو ئەوانەی ئەو بارە چەکەیان ئاشکرا کرد ٤ لەو ئۆفیسەرانەی سوپا گیران و سزا دران بە تۆمەتی ئەوەی دەیانەوێت ئارامی وڵات بشێوێنن و پیاوی فەتحوڵلا گولەنن، ٣٠ تریش لە ژێر لێکۆڵینەوەن و دەرکران لە کارەکانیان و تۆمەتی هەوڵی وەرهێڕانی ڕژێمی سیاسی تورکیایان خرایە پاڵ![٣] [٣]

٣ http://www.ibtimes.co.uk/turkey-newspaper-investigated-1503547-publishing-evidence-weapons-shipments-syrian-rebels
Turkey: Newspaper investigated for publishing 'evidence of weapons shipments to Syrian rebels' by Umberto Bacchi

# تورکیا و داعش
# هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد

2

یانی ئەوەی یارمەتیدانی تیرۆرستان ئاشکرا دەکات، سزا دەدرێت بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای دژە تیرۆر یان بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی نائارامی لە وڵات و هەوڵی کودەتا!

ئەردۆگان چونکە خۆی لە پشت ئەو کارەوە بوو، ئەو کاتە کە سەرۆک وەزیران بوو گووتی: « ئێوە ناتوانن بارهەڵگری [میت] موخابەراتی تورکی بوەستێنن، بۆتان نییە بیپشکنن، ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان نییە. ئەو بارهەڵگرە یارمەتیە مرۆییەکانی دەگوازتەوە بۆ تورکمانەکان»! [٤] [٤]

ئەردۆگان و داود ئۆغلۆی تڕۆکراو، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی پڕ چەکی ئەو بارهەڵگرە، زۆر چاوقایمانە لە هەموو بۆنەیەک دەیانگووت: ئەو بارهەڵگرانە یارمەتی مرۆییان بۆ تورکمان دەگواستەوە! دادیاری گشتی عەزیز تاکجی، کە فەرمانی کرد بە پشکنینی بارهەڵگرەکە، لە کارەکەی دەرکرا، درایە دادگا بە تۆمەتی سیخوڕی کردن و کۆمەڵێک تۆمەتی تر کە سزاکانی لەوانەیە بگاتە ٢٠ساڵ زیندانی![٥] [٥]

کەمال کلیچدار ئۆغلۆ سەرۆکی گەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن حزبی کۆماری خەڵک جەهەپە لە ٢٠١٤/١٠/١٤ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ڕژێمی ئەردۆگان چەکی داوەتە گرووپە تیرۆرستەکان. و گووتی حکومەتی تورکی دەڵێت کە یارمەتی مرۆیی داوەتە تورکمان بەو بارهەڵگرانە کە لێخوڕەکانیان ئەوەیان پشتڕاست نەکردەوە و تورکمانەکانیش گووتیان هیچ یارمەتیەکیان

٤ http://www.collective-evolution.com/2015/11/28/the-warm-relationship-between-turkey-and-isis-confirmed-facts/ The Warm Relationship Between Turkey and ISIS (Confirmed Facts) 28 November, 2015, by Katharine J. Tobal

٥ http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2015/01/turkey-syria-intelligence-service-shipping-weapons.html Turkish military says MIT shipped weapons to al-Qaeda, by Fehim Tastekin. January 15, 2015.

پـێ نەگەیشـتوە![٦] [٦]
هـەر زوو بـەر لـەوەش ڕۆژنامەنـووس ڕیپۆرتـەر و لێکۆڵـەری نـاودار سـیمۆن هێـرش، ئاشـکرای کـرد کـە بـەکار هێنانـی غـازی سـارین لـە سـوریا لـە غوتـە لەلایـەن داعشـەوە لـە ٢٠١٣/٨/٢١ کـە هـەزار مەدەنـی کوشـت بـە فەرمانـی تورکیـا بـووە بـۆ ئـەوەی سـوپای سـوریای پـێ تۆمەتبـار کـات، و ئەمریـکا پەلکێـش کاتـە نـاو شـەڕەکە لـە دژی ڕژێمـی بەشـار ئەسـەد. ئـەو کاتـە کـەس ئامـادە نەبـوو لێکۆڵینەوەکـەی سـیمۆن هێـرش بڵاوکاتـەوە تـا ڕۆژنامـەی زەمـان ی تورکیـش بـە بەڵگـەوە ئـەو ڕاسـتیانەی سـەلماند! هێـرش دەڵێـت ئـەوە کاری میتـی تورکـی بـوو بـۆ ئـەوەی وانیشـان بـدەن کـە ئەسـەد لـە دوای ئـەو هێرشـە کیمیاویـە بـوو، بـۆ ئـەوەی ئەمریـکا بێتـە نـاو شـەڕەوە لـە دژی ئەسـەد![7] [٧]
ژەنـەڕاڵ وێڵسـی کلارک سـەرکردەی هـەرە بـاڵای پێشـووی ناتـۆ لـە چەندیـن چاوپێکەوتنـدا دووپاتـی کـردەوە کـە تورکیـا یارمەتـی داعـش دەدات بـە هەمـوو شـیوەیەک، و لـە چاوپێکەوتنەکـەی لەگـەڵ CNN لەبـارەی بەردانـەوەی فڕۆکـە ڕووسـیەکە گووتـی: ئـەوەی ئـەو نەوتـەی داعـش بکڕێـت، کـە دەچێتـە شـوێنێک لـە شـوێنەکان، وابزانـم دەچێتـە تورکیـا» دەبێـت یارمەتـی داعـش بـدات.
لـە چاوپێکەوتنـی تریـش بـە ڕاشـکاوی دەڵێـت هەنـدێ لـە نزیکتریـن دۆسـتانمان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت [ئاماژەیکـرد بـۆ تورکیـا و هەنـدێ وڵاتـی کەنـداو] چـۆن دەسـتیان هەبـووە لـە دروسـتکردنی داعـش، ئـەو ڕێکخـراوەی کـە ئەمریـکا بلیۆنەهـا دۆلار خـەرج دەکات بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی!
تاوانبارکردنـی تورکیـا و قەتـەر و وڵاتانـی تـر بـە هاریـکاری کـردن بـۆ سـەرهەڵدانی داعـش لەسـەر زمانـی جـۆ بایدنـی جێگـری سـەرۆکی ئەمریـکاوە هـات! بایـدن گووتـی ئـەو ملیۆنەهـا دۆلارەی کـە ئـەو وڵاتانـە ئامادەبـوون بیـدەن بـە هـەر کەسـێک دژی شـیعە و بەشـار ئەسـەد بجەنگێـت، دایـان بـە بـەرەی نوسـڕە و قاعیـدە، کـە لـە دواییـدا داعـش لـە هەنـاوی ئەوانـەوە سـەریهەڵدا.

٦ http://www.collective-evolution.com/2015/11/28/the-warm-relationship-between-turkey-and-isis-confirmed-facts/

٧ http://www.washingtonsblog.com/2015/10/2-turkish-parliament-members-turkey-provided-chemical-weapons-for-syrian-terrorist-attack.html
Turkish Parliament Members: Turkey Provided Chemical Weapons for Syrian Terrorist Attack 2
Posted on October 23, 2015 by WashingtonsBlog

ڕوێکی تری هاریکاری تورکیا وداعش، چارەسەرکردنی بریندارانی داعیشە و ڕۆژنامەی the Washington Post واشنتن پۆست لە ٢٠١٤/٨/١٢ لەسەر زمانی سەرکردەیەکی داعشی گوازتەوە: « موجاهیدانمان لە پلەی ئاسایی و هەتا پلە باڵاکانیش لە تورکیا چارەسەر دەکرێن»
یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاکەپەش دەنگیر میر محەمەد فیرات دەلێت: تورکیا یارمەتی گروپە تیرۆرستەکان دەدات و ئێستاش یارمەتیان دەدات و لە نەخۆشخانەکانی چارەسەریان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی گەشەسەندنەکانی ڕۆژئاوا [کوردستانی سوریا] بوەستێنێت...وەزیری تەندروستی گووتی: پابەندبوونی ئینسانییە یارمەتی چارەسەرکردنی زامدارەکانی داعش بدەین!» ڕۆژنامەی Hurriyet Daily News حوریێت دەیلی نیوز وێنەی سەرکردەیەکی گەورەی داعشی بەناوی ئەبو محمد لە نەخۆشخانەی هەتای حکومی بڵاوکردەوە لە ئەپریلی ٢٠١٤[٨] [٨]

٨ http://www.collective-evolution.com/2015/11/28/the-warm-relationship-between-/turkey-and-isis-confirmed-facts (The Warm Relationship Between Turkey and ISIS (Confirmed Facts
by Katharine J. Tobal ,2015 ,28 November

# تورکیا و داعش

## تورکیا سیاحەتگەی تیرۆرستانە وزیندانی ئازادیخوازانە!

٣

هاریکاریەکیتری تورکیای ئەردۆگان بۆ داعش بریتییە لە ئاسانکردنی هاتووچۆی داعشەکان، حکومەتی تورکی سەرەڕای کردنەوەی هەموو سنورەکان بۆ هاتووچۆیان، بەپێی ڕۆژنامەی Today’s Zaman تودەی زەمانی تورکی کە بە ئینگلیزی دەردەچێت، زیاتر لە سەد هەزار پاسپۆرتی ساختە کردوە بۆ داعشەکان!
بۆیە وەک لە ڕاپۆرتێکی مەیل ئۆنلاین Mail Online بە وێنەوە بڵاوبوەوە کە چۆن داعشیەکان بۆ مۆڵەت و گەشت و گوزار و حەسانەوە دەچنە سەر کەنارەکانی تورکیا، تێکەڵ بە خەڵکی سەر کەنارەکان دەبن بە ڕیشی تاشراو و جلی مۆدرن، لە هەر کاتێک فەرمانیان بۆ بێت خەڵکە توریست و گەشتیاران دەکوژن بە ئاسانترین شێوە! تەنها بەریتانیا یەک ملیۆن گەشتیاری بۆ تورکیا دەچێت ساڵانە بەپێی ڕاپۆرتەکەی مەیل ئۆنلاین Mail Online !
سەیر لەوەدایە ئەو داعشەی کە وێنەی لە کەنارەکان گرتووە، هەمان کەس بە ئاڵای ڕەشی داعشی و جلی شەڕەوە وێنەی گرتووە لەناو پایەتەختی تیرۆریزمی داعش ڕەقە! لەوەش سەیرتر هەر ئەو کەسە چۆن وێنەی لەگەڵ دیمەنە جوانەکانی دەریا گرتووە، بە هەمان شێوە وێنەی لەگەڵ سێ چوار سەری بڕاو و لاشەی بێ سەر گرتووە بە هەمان هێمنی و زەردەخەنەوە!
تورکیای ئەردۆگان ئەو وەحش و دڕندانە پەروەردە دەکەن، بۆیە دەبێت ئێمەی کوردیش تا سەرئێسقان پشتگیری لە ڕۆژئاوا بکەین بۆ شکاندنی لووتیان وەک چۆن ئێستا لە عێراق لووتیان شکێنرا، و لە سوریاش خەریکە شەڕڤانان پایەتەختی تیرۆر ڕەقەیان لە ژێر دەست دەردەهێنن. وێنەکان و کەسایەتی ئەو داعشە لەلایەن پیاوێکی بەریتانی بە ناوی Macer Gifford کە چۆتە ڕیزی شەڕڤانان ئاشکرا کرا بۆ مەیل ئۆنلاین، و لە یەکێک لە قسەکانی دەلێت:» ئەوە مۆتەکەی هەموو خێزانێکە، لە پاش ڕووداوە تیرۆرستەکەی کەنارێکی تونس، خەڵک دەبێت وریا بێت لە هەڕەشە جیهانیەکانی داعش...

بەڕاستی ترسناکە شەرکەرێکی داعش ببینیت لە سوریاوە هاتوە ، بە زەردەخەو ئاسوودەییەوە لە تەک گەشتیاران ڕاوەستابێت!هەروەها دەڵێت ئەوە شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتی ئاسایشی تورکی کە بەو هەموو دەوڵەمەندیەوە نەتوانن ئاگاداری جموجوڵی ئەو داعشانە بن، کە بە ئارەزووی خۆیان دێن ودەچنە ناو تورکیا، کەچی من لە بەریتانیاوە ئاگادار بم! [9][٩]

بێگومان ئاسایشی تورکی ئاگادارن و چونکە خۆیان دروستکەری یان خودانی هەرە گەورەی داعشن، ئەو داعشانەش وەک دابەستی بەخێودەکات تەنها بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن لە دژی کورددا، نەک لە پێناو ئیسلام و خەلافەتی داعشی ئیسلامی، چونکە تورک هەتا ئیمان بە خواشیان ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئیمانیان بە تورکایەتی، کە وەک عەقیدەیەکی دینی فاشستی پیادەی دەکەن لە ژیانیاندا.

هەر دوێنێ لەناو ملیۆنەها گەشتیار میت و ئاسایشی تورک لاوێکی بەریتانی دەستگیر کرد بەناوی جۆزیف ڕوبسون، کە کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ماوەی ٣ مانگ چوبوە ناو یەپەگە بۆ جەنگیش نا بەڵکو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە پێی وتەکانی ڕۆژنامەی Hurriyet daily تورکی![10] [١٠]

باشە بۆ داعشی سەربڕ ناناسێتەوە، کە وێنەی لە تەک سەری بڕاودا گرتوە، بەڵام گەنجێکی بەریتانی دەناسێتەوە، کە هیچی نەکردوە ڕاستەوخۆ دژی تورکیا، ئەگەر داعشیەت دوکانێکی ئەردۆگان نەبێت؟!

دیارە ئەو ماوەیەی جۆزێف ڕۆبنسن لەناو یەپەگە بووە بۆ هاریکاری پزیشکی، زۆر شت فێر بووە، بەڵام نەیانتوانیوە فێری سروشتی درندانەی داعشیانەی ئەردۆگان و تورکی بکەن، دەنا چۆن وا بێ خەم گەشت وگوزار دەکات بۆ تورکیا؟! تورکیای ئەردۆگان لێوان لێوە لە داعش.

٢٠١٧/٧/٣١

٩ http://www.dailymail.co.uk/news/article-3173135/Jihadi-swimming-trunks-chilling-photo-ISIS-terrorist-posing-beach-holiday-resort-TURKEY.html#ixzz4oJFZM6JK
By John Hall for MailOnline, Published: 13:47, 24 July 2015 | Updated: 15:51, 24 July 2015

١٠ british-ex-/29/07/2017/http://www.telegraph.co.uk/news /soldier-accused-fighting-alongside-kurdish-rebels

# دیاردەکانی دەعشەنەکردنی تورکیا!

١

## هیستریای حیجاب!

یەکێک لەو باجانەی کە کۆمەڵگا دەیدات بە دەستی بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامی سیاسی، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیەکانی تاک، لە ڕەفتار و جل لەبەرکردن و هەر ئازادییەکی تری تاکە کەسی.
لە بیرمە لە ساڵی ١٩٩٥ کە لە ئەستەنبۆڵ بۆ ماوەیەک ژیام، سەرەتای چەکەرەکردنی بیری ئیسلامی سیاسی بوو بە ڕابەرایەتی ئەربەکان و ئەردۆگانیش تازە سەرۆک شارەوانی ئەستەنبۆڵ بوو! بەڵام زۆر آەرمن و هەژار وبێ وەی بوون ئیسلامییەکان، بۆیە ئەو ئازادییەی لەو ئەستەنبۆڵە دەمدیت، کە پەڕیمەوە بۆ یۆنان و ئیتاڵیا و هۆڵەندا وفەرەنسا وئەڵمانیا و بەریتانیا، هیچ جیاوازیەکی وام بەدی نەدەکرد. خەڵک ئازاد بوو چی دەپۆشێ لە ڕووتترین جل وبەرغ بۆ نیقابی تورکی، هەتا لە ڕەمەزانیش بە دەگمەن دووکانێکی خواردەمەنیت نەدەدیت داخراو بێ!
ئێستا لەوەتی قەدی ئیسلامی سیاسی ئاکەپەداعشی ئەردۆگانی ئەستوور بوە، ڕۆژانە دیاردەی دەعشەنەکردنی کۆمەڵگای تورکیا بەرچاوت دەکەوێت!
پار پیاوێک ئافرەتێکی شۆرت لەبەری دایە بەر شەق وپێلاقە!
بەر لەماوەیەک کچێکی شۆرت لەپێ لەناو پاسێک لەلایەن گەنجێک گێچەڵی پێکرا دەیان وتەی ناشیرینی پێ گوتبوو کە چۆن بەو ڕەمەزانە وا دێتە دەرەوە، کە کچەکە فەرامۆشی جوێنەکانیشی کردبوو، هێدفۆنەکەی خستبوە گوێی، هێشتا کوڕەکە وازی نەهێنابوو تا کچەکەی دایە بەر شەق و زللە!
ئەمڕۆ گوێم لە توندڕەوێکی ئەردەنی بوو هاواری لێ هەستابوو کە ئافرەتانی ئەردەن بێ شەرم وحەیا بوون جلی ڕووت لەبەردەکەن، بە ستایشەوە دەیگووت بڕوانە لە تورکیا کە عەرەبیش نین کوڕێک هەردوو چاوی کچێکی کوێر کرد چونکە جلەکانی ڕووت بوون!
ئەو کوڕەی کە شەقەکەی لە کچەکەی ناو پاسەکە دا، پاش هات وهاوارێکی

زۆری دەیان ڕێکخراو و سۆشیال میدیا دەستگیر کرابوو بۆ ماوەیەکی کورت و بەڕەڵایان کرد! چونکە دەوڵەت و پۆلیس و دەزگاکان هەموو ئاAکەپەداعشەکان هەڵیدەسوڕێنن، چۆن دەیگرن لەسەر کارێکی خێر؟!

با یدورنەوە سێکیولاریستە حاقیدەکانی تورک کە نەیانتوانی مافی کورد بدەن و دیموکراتی هەقیقی پەیڕەو بکەن، هەر چەند ساڵێکی تره خۆشیان دەبێت ببنە داعش، چونکە کەسیان نەماوە بەرامبەر ئەردۆگان بوەستێ، تەنها هیوایەک بە سوپا هەبوو، ئەردۆگان لەو شانۆگەریەی کۆدەتاکەی ئەخیر هێندە هەیبەتی سووپای شکاند، هەزاران ئەفسەر دەستدرێژی سێکسی لێکراوە تا بەتەواوی کەرامەتیان بشکێنن!

٢٠١٧/٧/٤

# دیاردەکانی دەعشەنەکردنی تورکیا!

٢

ئەردۆگان لە پێناو نەوەیەکی دینداری داعشی تورکی داروێنیشی سڕیەوە لە تورکیا!

لە یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ئەردۆگان بۆ باڵادەستی ئیسلامی سیاسی سیما تورکی داعشی و ئەوەی ناوی ناوە بە دروستکردنی [نەوەیەکی دیندار] لە وڵاتدا، بڕیارە تا ماوەیەکی تر خوێندنی تیۆری پەرەسەندنی داروێن لە قوتابخانەکان نەمێنێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی پەروەردە و فێرکردن، ئەلب ئەرسەلان دورموش گووتی: « ئەو بابەتە لە مەنهەج و پڕۆگرامەکان لابرا لە نێو ئەو بابەتانەی کە [جەدەل و مشت ومڕ وروژێنن]!..ئەگەر قوتابییەکانمان باگراوندی زانستی و زانیاری و مەعریفەتی پێویستیان نەبێت بۆ تێگەیشتنی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر بابەتە ناکۆکەکان دەکرێت، لامان بردن!»

یانی هەر بابەتێک جێگای مشت ومڕ بوو لە زانست دا دەبێت لا بدرێت؟! ئەگەر وا بێت دەبێت زۆربەی زانست و تیورەکان لاببرێت هیچ نامێنێتەوە لە مەنهەجەکان بۆ خوێندن!

ئەوە چ بیانوێکە بە بیانووی نەبوونی پاشینە و باگراوندی زانستی بۆ تێگەیشتن لە گفتوگۆکان، تیورێکی وا گرنگ لابەریت لە خوێندن!؟ خۆی خوێندنەکە باگراوند دروست دەکات، نەک ڕاکردن لێی!

ئەوانە ڕاستیەکەی هەموو بیانووی ترییە وەک دەڵێن، تەنها سەپاندنی جیهان بینی ئیسلامی سیاسیە لە جێگای جیهانبینیەکی زانسی بێلایەن، دەنا خۆی باگراوندی زانستی لەوەوە دروست دەبێت کە تیورەکە بە هەموو جەدەلەکانیەوە بخوێنرێت، یانی بەوانەی کە پشتگیری دەکەن و ئەوانەشی ڕەخنەیان لەسەری هەیە، ڕەخنەی زانستی نەک ڕەخنەی هاڕون یەحیای دمبکچی سۆزانیەکان.

ئەو تورکە زۆر عەنتیکەنە، ئەو کابرایەش هاڕون یەحیا ناسراو بە [عەدنان ئۆکتار] بەو تیاترۆخانەوە دژی تیۆری پەرەسەندنە، دەیان موجەلەدی نووسیوە لە دژی! دەڵێت تیۆری پەرەسەندن پیلانێکی خاچپەرەوەرانی خۆرئاوایی مەسیحیە بۆ فریودانی لاوانی موسڵمان - یانی لاوانی موسلمان

بەو تیاترۆخانەیەی هارون یەحیا فریو ناخۆن، بە تیۆری پەرەسەندن دەیخۆن؟! بەڵگەی هارون یەحیاش لەسەر سەڵیبیەتی و خاچپەروەری چارلز داروین ئەوەیە لە کەنیسەیەک دەیخوێند تا ببێتە قەشە!
کینس میللەر زانای ناوداری بایۆلۆژی دەربارەی ئەو موهەریجە تورکە کە هاڕون یەحیایە، دەڵێت:
چەندین ئیمێڵم بۆ دەهات کە پرسیار بوون لەبارەی تیۆری پەرەسەندنەوە، منیش سەیرم پێهات وگووتم بۆ ئەو پرسیارانە دەکەن، لە وەڵامدا منیان ناساند بە بیروڕاکانی کەسێک بەناوی هارون یەحیا، زنجیرە کتێبەکانی هاڕون یەحیا یان بۆ ناردین دەربارەی تیۆری پەرەسەندن کە بە ئینگلیزی کرابوون! کە خوێندمنەوە دوو شتی خۆشی تێدا بوو، یەکێکیان چاوەڕوانکراو بوو، دووەمیان پێکەنین هێنەر بوو:
ئەوەی چاوەڕوانکراو بوو هەموو ئەو قسە و بەڵگانەی دژی تیۆری پەرەسەندن لەو بەشەدا باسکرابوو بەکارهینانەوەی [ڕیسایکلی] ئەو بەڵگە و ئارگیومێنتانەی مەسیحیەتی ئەوروپا بوو!
بەشی دووەم کە زۆر پێکەنین هینەر بوو: ئەوەیە کە هارون یەحیا دەلیت تیۆری پەرەسەندن پیلانێکی خاچپەرستی خۆرئاوایی مەسیحیە بۆ فریودانی لاوانی موسڵمان!
ئەو هارون یەحیایە یەکێکە لەوانەی عەقڵیەتی ئیسلامی تورکی فۆرمەڵە کردوە دژی تیۆری پەرەسەندن! ئەمڕۆ ئەردۆگانیش وەک ئیسلامیەکی خەریج مەعهەدێکی دینی، بێگومان لەسەر کتێبی ئیسلامی نا زانستی و ئەو جۆرە کتێبانەی هارون یەحیا پەروەردە بوە، بۆیە بیروڕای ئەو موهەریجە دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
هەواڵەکە دەڵێت پڕۆگرامی نوێی خوێندن بۆ ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٧-٢٠١٨ ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات، و دورموش گووتی جەخت کرایەوە لەسەر تیشک خستنە سەر دەسکەوت و دۆزینەوەکانی زانایانی تورک و موسڵمانان!
ئیبرۆ ئیجیت، ئەندامی ئەنجوومەنی یەکێتی پەروەردەی سێکیولار ”Egi-tim-Sen“ گووتی: ئەوە بیانوێکی بێ بنەمایە بۆ لادانی خوێندنی تیوری پەرەسەندن بە بیانووی کە دەڵێت قوتابیانی پۆلی نۆی دواناوەندی بۆیان قورسە لە تیۆری پەرەسەندن بگەن! هەروەها بە CNN گووت: گۆڕینی پڕۆگرامەکانی خوێندن سیستمی پەروەردە وفێرکردن لە لۆژیکی زانستی دەردەهێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سیستمێکی دینی توندڕەو و وشک. لادانی تیۆری

پەرەسەندنیش لە خوێندندا گەورەترین نمونەیە بۆ ئەوە!
٢٠١٧/٨/٨

سەرچاوە:
https://arabic.cnn.com/world/٢٠١٧/٠٦/٢٤/-turkey-stop-teaching-evolution
ڤیدیۆیەکی وانە سەماییەکانی عەدنان ئۆکتار:
https://www.youtube.com/watch?v=qQ٤YNI٨٤Tsc

# هارون یەحیای موهەڕیج

کینس میللەر زانای بایۆلۆژی ببینە چۆن ئەو موهەریجە ملپانەی ناو ئافرەتە سەماکەرەکانی تورکان هەڵدەسەنگێنێت، کە ناوی هاروون یەحیایە، دەڵێت دەیان بەرگی نووسیوە لەسەر پوچەڵکردنەوەی تیۆری پەرەسەندنی داروێن.. ئەگەر بەرگریکارانمان لە ئیسلام وەک داعش و هارون یەحیا بێت، کە لە بەرنامە تەلەفزیۆنەکانی یەک مێگەڵ سۆزانی ڕووت وقووت لە خۆی کۆدەکاتەوە! دەبێت چاوەڕێی چ خێرێک بکەین لە جیهانی ئیسلام؟!

ئەو زانایە دەڵێت چەندین ئیمێڵم بۆ دەهات کە پرسیار بوون لەبارەی تیۆری پەرەسەندنەوە، منیش سەیرم پێهات وگووتم بۆ ئەو پرسیارانە دەکەن، لە وەڵامدا منیان ناساند بە بیروڕاکانی کەسێک بەناوی هارون یەحیا، زنجیرە کتێبەکانی هاڕون یەحیا یان بۆ ناردین دەربارەی تیۆری پەرەسەندن بە ئینگلیزی کرابوون! کە خوێندمنەوە دوو بەشی شتی خۆشی تێدا بوو، یەکێکیان چاوەڕوانکراو بوو، دووەمیان پێکەنین هێنەر بوو:
ئەوەی چاوەڕوانکراو بوو هەموو ئەو قسە وبەڵگانەی دژی تیۆری پەرەسەندن لەو بەشەدا باسکرابوو بەکارهینانەوەی [ڕیسایکلی] ئەو بەڵگە و قسانەی مەسیحیەت ئەوروپا بوو!
بەشی دووەم کە زۆر پێکەنین هێنەر بوو: ئەوەیە کە هارون یەحیا دەڵێت تیۆری پەرەسەندن پیلانێکی خاچپەرستی خۆرئاوایی مسیحیە بۆ فریودانی لاوانی موسڵمان - یانی لاوانی موسلمان بەو تیاترۆخانەیەی هارون یەحیا فریو ناخوات بە تیۆری پەرەسەندن دەیخوات؟!- بەڵگەش لەسەر ئەوە چارڵز داروین لە کەنیسەیەک دەیحوێند تا ببێتە قەشە، ئەوەش بەڵگەیە کە سەڵیبیە!
کینس میللەر دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شتێکی زۆر فێر دەبین لە مێژوی ئیسلامدا کە لە سەدەکانی چوارەم وچواردەی زاینی سەنتەری زانست وزانیاری بوون، بەڵام بەداخەوە ئێستا گەیشتۆتە ئاستی سفر!
هارون یەحیا باشترە خەریکی ڕاقیسە وتیاترۆکانی بێت نەک بە ناوی دین قسە لەسەر زانست و تیۆری پەرەسەندن بکات، ئەو پیاوە نەدیندارە و نە زانا!

# ئەو غیرەتەی بەس بۆ ناجوامێری تیرۆرستان دەبزوێت!

باوەڕناکەم لە هەموو ژیانم و لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا لە ئیسلامیە تیرۆرستەکانم ناجوامێرتر و ترسنۆکانە تر و نامرۆڤانە دیتبێت لە کاتی ڕووبەری دوژمنانیان دەبنەوە. کوشتنی ژن و منداڵ و دەستدرێژی بۆ سەر کچی نۆ ساڵە و خۆ تەقاندنەوە لەناو بازاڕی پڕ ژن و مندال و خۆ تەقاندنەوە لەناو تازیەی ئەوەی بەدەستی ئەوان کوژراوە! کوشتنی سەدان مندال لەناو قوتابخانەیەکی سەرەتایی وەک شیشانیەکان کردیان!
خۆتەقاندنەوە لەناو مزگەوت و قوتابخانە و شانۆ! بە لۆری پێ لە خەڵک نان لە پاریس و دوێنێش لە بەرلین! کوشتنی ڕاهیبێکی ٩٠ ساڵ و سەربڕینی لەناو کەنیسە! کوشتنی دایک بە دەستی کوڕ، کوشتنی کوڕ بە دەستی باوک و باوک بە دەستی کوڕ،کوشتنی برا بەدەستی برا و تۆمارکردنی و بڵاوکردنەوەی!
ئینجا شانازی کردن بە کوشتنی سەفیرێک بە دەستی تیرۆرستێکی ئەردۆگان لە پشتەوە، کە تورکیا بەرپرسە لە دابینکردنی ئەمنیەتی، شانازی کردن بەو کارە نامەرد و ترسنۆکانە دەیسەلمێنن کە ئەو ئیسلامیانەی پشتگیری لەو کارانە دەکەن لە ژێری ژێرەوەی داڕمانی ڕەوشتی و بەها دان. ئینجا ئەو سەفیرە دەگوترێت کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ شەفاعەت کردن بۆ ئەردۆگان تا پوتین لێی خۆش بێت!
ڕقتان لە ڕووسیایە لەبەر بەرکەوتنی ژن و منداڵ نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ڕووسیا بڕبڕەی پشتی تیرۆرزمی شکاند لەناوچەکە و ژمارەیەکی زۆری ناردە لای حۆریەکانیان! چونکە هەزاران ژن و منداڵی کورد بە دەستی پیاوانی ئەردۆگان کوژران وماڵوێران و دەربەدەر کران، ئەی بۆ غیرەتی ئیسلامیتان نەبزوا بە دەگمەن نەبێت؟!
چونکە کەس و کاری چەکدارە تیرۆرستەکان نەبوون، و کەس و کاری پ ک ک و ە د پ و ئەوانیتر بوون! ڕووبەروو بوونەوەش ئسوڵی خۆی هەیە بەس مێژووە جوانەکەشیان پڕیەتی لەو ناجوامێریانە بۆیە بە سروشت بۆیان دەگوازرێتەوە.
٢٠١٦/١٢/٢٠

# خودا و پرسیارەکانی کورد!

لە دوێنێوە ئەو دیمەنە زۆری پەست کردووم کە بە دەیان پەرلەمانتاری تورک لە دوو پەرلەمانتاری کوردی زۆر بەڕێز و ئاشتیخواز دەدەن! ئەگەر ئەوە ڕەوشتی پەرلەمانتارەکانی تورک بێت، دەبێت ڕەوشتی جەندرمە و پۆلیس و حزبیە قەومیەکان و ئەمن و موخابەراتیان چۆن بێت خودایە؟!
لە قیامەتدا ئەگەر تەنها خودا مافی لێ پێچینەوەی لە مرۆڤەکان هەبیت، ئەوە گوومانم نییە کوردیش مافی چەند پرسیاری هەیە لە خودا: بۆچی خودایە لەناو ئەو نەتەوە دڕندە و وەحشییانە دروستت کردین؟!
بڵێی هەر لە دنیادا ویستبیتت گوناهەکانمان پاک کەیتەوە، تا بە پاکی بێینە مەحشەرت؟!
یان هەر ئەشکەنجەی دنیا و قیامەتیشمان دەدەیت؟! خودایە نە دەکرا تەنها یەک لە هاوسێکانمان کەمێک مرۆڤ بان؟!
چۆن دڵت دێت کورد بەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەوە بە دەست هاوسێیە بەناو موسڵمانەکانی حیساب و کیتابیشیان لەگەڵ بکەیت؟! ئەگەر کافریش باین دەبوایە دنیا بەهەشتی ئێمەی کوردبا، ئەی ناڵێن دنیا بەهەشتی کافرە؟! ئەی ناڵێن دنیا زیندانی ئیماندارە؟! ئەی بۆ زیندانییە بۆ ئێمەی کوردیش، لە کاتێکدا هیچ لە هاوسێکانمان بە موسڵمانێکی باشیشمان نازانن!؟
خودایە ئەگەر بڕیارە ئاخیرەتیشمان نەدەیتێ، هەرنەبا دنیاکەمانت پێ دابا! سەرم دەرناچێت لەو هەموو گورگ و دڕندە بەشەریانەی ئێمەت پێ دەورە داوە وەک پەزەکانی بەنی ئیسرائیلی گومڕا!
خودایە ئەو تورکە چ مۆتەکەیەکە و چ کابوسێکە بۆ کوردت دروست کردوە؟!
تورک چۆن نەبێتە مۆتەکەی کورد، کاتێ دەبینیت گەلانی تری جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو شارستانیەت و عەقڵانیەت و مافەکانی مرۆڤ هەنگاو دەنێن، کەچی ئەگەر بەراوردی تورکی سەردەمی عوسمانی و کۆماری بکەین، سەرەڕای خراپی هەردووکیان، بەڵام هەر تورکی سەردەمی عوسمانی بە چەندین بار چاکتر بوون لە تورکی ئێستا!؟
بە کورتی تورک مۆتەکەی کوردە لەناوچەکە، دژی هەموو شتێکی باشە بۆ کورد، ڕزگاربوونی کورد لەو جوگرافیا ومێژووە نەفرەتییەی ناوچەکە بە پلە

یەک بەندە، بە ڕزگاربوونی کورد لەو مۆتەکەیە نەگریسەی تورک، چونکە تورک هەرخۆی مۆتەکە نییە، بەڵکو هەولْی بە مۆتەکەکردنی هاوسێکانی تری کوردیش دەدا! من دڵنیام ئەگەر تورک کۆمارێک با لە سەحرای مەنگۆلیا وچین، ئێستا کورد لەو ناوچەیە زۆر دەمێک بوو ڕزگاری ببوو!

ئەوەی کورد بێت و ئەو هەقیقەتە نەزانێت، بە تایبەت لە ڕیزی ڕابەران و سەرکردە سیاسیەکانی کورد بێت، ئەوە یان زۆر گەمژەیە، یانیش خۆفرۆشێکی گەورەیە بە هوشیاریەوە.

٢٠١٦/٥/٣

# ئەردۆگان و نانەوەی شەڕی لایەنگرانی هەدەپە و هوداپار!

لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەردۆگان و ئاک پارتی هیچ چەکێکی فریودەر وناڕەوشتی نەماوە بەکاری بهێنن، بەکاریان نەهێنابێت... بەکارهێنانی وتاری دینی و بەرزکردنەوەی نوسخەیەک لە قورئانی تەفسیرکراو بە کوردی لەلایەن ئەردۆگان، وەک بەرزکردنەوەی پیاوانی معاویە یە بۆ قەمیسی عوسمان لە کاتی خۆی، بۆ فریودان بوو. درۆکردن لەسەر دەمیرتاش و باسی مافی هاوڕەگەزبازەکان و گۆڕینی قیبلەی ئیسلامیش، هەر لە نێو ئەو وتارە دینیە فریودەرە بوو. پاش ئەوەی زۆربەی کارتە دینی و شۆڤێنستەکانیان بەکار هێنا دیارە ئەردوگانی دووڕوو و حزبە شوۆڤێنستە مەخمەلیەکەی دڵی ئاو ناخواتەوە تا شەڕی کوردکوژیش دروست نەکاتەوە لە نێوان کوردا.

یەکەم ئاماژەکانی ئەو شەڕنانەوەیە لە نێوان هەدەپ و هوداپاری میراتگری حزب اللە دروستکراوی میتی تورکی بە عەقلیەتێکی حزبوڵلایی ئێرانی لە چەند شوێنێک دەرکەوتن، ئەوەش هەمان کارت بوو کە ئەردۆگانی ماوە بەسەرچوو لە میانەی ئەو ناڕەزاییانەی لە سەرتاسەری شارەکانی تورکیا دەردەبردرا لە دژی تێوەگلانی تورکیا لە یارمەتیدانی داعش و بەژداری کردنی لە فشار توندترکردنە سەر کوردە خۆڕاگرەکانی  ناو کۆبانی، بەکاری هێنان. ئەو کاتەش بووە ڕوبەڕووبوونەوەیەکی ناوخۆ لەنیوان هەدەپە و حزبوڵلای کوردی، کە ئێستا حزبێکی نوێی دروستکردوە بەناوی Hür Dava Partisi, کە کورت دەکرێتەوە بۆ Hüda-Par هوداپار، کە بەمانای پارتی بانگەوازی یان دەعوەی ئازاد دێت.

بەداخەوە من تا ئێستا قسەیەکی باشم لەسەر ئەو حزب اللە یە کوردیە گوێ لێ نەبوە جگە لە جاڕدانی جەنگ نەبێت لە دژی پ ک ک، بە پاڵنەری سوپا و دەزگای میتی تورکی. ئەگەر ئەردۆگان ئامادە بێت دەست بخاتە ناو دەستی داعش بۆ لێدانی کورد، چۆن دەست لە پشتی ئەو کوردە ئیسلامیە فریوخۆرانە نادات، لەو ساتە ناسکەدا هەوڵی نانەوەی شەڕێکی ناوخۆ نادات، لە نێوان هوداپار و هەدەپە لەو هەڵبژاردنە چارەنووسسازە؟!

بۆ ناسینی ئەو هوداپارەی میراتگری حزب اللە ی پێشوو دەڵێیین: حزب

Halit Güngen الله لە ساڵی ١٩٩٢ چەندین ڕۆژنامەنوسی کوشت وەک Namik Taranci و Hafiz Akdemir تەنها لەبەرئەوەی پەیوەندی بەکرێگیراوانەی حزب الله و سوپاو میتی تورکیایان ئاشکرا کرد، لە کەیسی حافز ئەکدەمیر بکوژەکەش گیرا، بەڵام پاش شەش هەفتە بەبێ دادگایی کردن بەردرا!!

لە ٢٠١١/١/١٧ عارف دۆگان Arif Doğan کە کۆلۆنێلیکی سەربازی خانەنشینکراوە و دامەزرینەری JİTEM [ ئیستخباراتی جەندرمە و دژە تیرۆر] یشە، کە بە تایبەت لە دژی خەباتی پ ک ک دامەزرا بوو، هەزاران تاوانی ئەنجامدا لە کوشتن و ئەشکەنجەدانی کورد و لایەنگرانی پ ک ک، تا رادەی ئەوەی جلی پ ک ک یان لەبەر دەکرد و دەچوون لە گوندە کوردیەکان خەڵکیان دەکوشت، بۆ ناوزڕاندنی پ ک ک، سەرەڕای کوشتنی ڕۆشنبیری گەورە و نوسەرانی کورد وەک موسا عەنتەر و ویداد ئایدن و ئەحمەد جەم!! لە دادگا لە کاتی دۆسیی ئەرگەنیکۆن، ڕایگەیاند کە ئەو دامەزرێنەری حزب الله ی کوردی تورکیایە وەک هیزێکی چەکدار دروستی کردن لە پێناو کوشتن و ڕاوەدونانی ئەندامانی پ ک ک.

بە پێی فایق بولوت ی ڕۆژنامەنوس چەندین ئەندامی حزب الله لە ئەستەمبۆڵ گیراون بە ٤٠ کیلۆگرام تەقەمەنیەوە، کە پێناسنامەی موخابەراتی میتی شیان لە گیرفان بوو!! لایەنگرانی ئەو حزب اللە یە لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕێکخراوێکیان دروستکرد بە ناوی هاوسۆزی لەگەڵ موستەزعەفان! و دواییش لە کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٢ هوداپار Hüda-Par پارتی دەعوەی ئازادیان دروست کرد بە هاندانی ئاشکرای ئەردۆگان وپارتەکەیەوە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی خەباتی حزبە کوردیەکان، و ئەو کاتە لە دژی بەدەپە -Demokratik Böl geler Partisi پارتی هەرێمی دیموکراتی.

ئەمڕۆش وادیارە ئەردۆگانی میانڕەو کە ماسکی خۆی گۆڕیوە بۆ داعشڕەو، شانە نوستوەکانی ئەو داعشە خۆفرۆشانەی کورد زیندوو دەکاتەوە بۆ نانەوەی شەڕێکی کورد دژی کورد، هەربۆیەش محمد حسین یەلماز بەرپرسێکی هوداپار دەڵێت: دەوڵەت و لایەنگرانی پ ک ک هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانیان، وهێزە ئەمنیەکان چاوپۆشی دەکەن وهیچ ناکەن لە ئاستیدا! بێگومان ئەوەش بۆ خۆشترکردنی ئاگرەکەیە. بێویژدانی ئەردۆگان ئاک پارتی هێندە بڕ دەکات بە دوری نازانم گروپێکی هاوشێوە داعشی، لەو هوداپارانە دروست بکات و چەکداریان کات بۆ لەناوبردنی خەباتی کورد. ئەوئەردۆگانە

داعشـرەوە کـە نـەوەی هەقیقـی هۆلاکـۆ و جەنگیزخانـە هیـچ دیـن و ڕەوشـت و بەهایەکیـان نیـە لـە زیـان گەیانـدن بـە کـورد ودۆزەکـەی. هیـوادارم هەدەپـە و پ ک ک ولایەنگرانـی هەوڵـی بەرتەسـک کردنـەوەی کێشـەکە بکـەن و ئەگـەر کەسـانێکی عاقڵیـان تێدا بێـت ئـەو هوداپارانـە بـا گفتوگۆیـان لەگـەڵ بکـەن، هەرچەنده لـە باگراونـدی حزب اللـه ی پێشـوویان جگـە لـە مێنتالیتـی داعشـیەت هیـچ هیوایـەک بـەدی ناکرێـت بـۆ گفتووگـۆ.

31-05-2015 خەندان

# پێغەمبەریش کورد با تورک باوەڕی پێ نەدەهێنا!

## ئیسلامیەکانی تورك چۆن باسی سەڵاحەدینی ئەیوبی دەکەن

من دەمێکە لە ناخی بۆگەن و پڕ حیقدی سەرەتایی خێڵە تورکەکانی مەنگۆلیا و ئاسیای ناوەڕاست، لە دەروونی زۆربەی هەرە زۆری تورک بەدی دەکەم، پێویستم بەوەش نییە کەس پێمبڵێ ئەوەی من و ملیۆنەها کورد بە ڕاشکاوی و بە زەقی دەیبینێت و هەستی پێدەکەین نابێت بە ڕاشکاوی دەریببڕین، نەوەک بکەوینە بەر خانەی ڕەیسیستی!

ئێمەی کورد لەوەتی لەسەر ئەو زەوییە هەین، دەوروبەرمان حیسابی ئاژەڵێکیشمان بۆ ناکەن، هەتا لە کاتێ خۆشمان پێیان دەفرۆشین و پێشیان دەکەوین بۆ کوشتنی براکانی خۆمان، لەو ساتەشدا بە سوکتر تێمان دەڕوانن، تۆ ببینە پارتی دەهۆڵی شەڕ دژی پ ک ک دەکوتێ لەبەر خاتری تورک و ڕابەرە شۆڤێنیستە قەومی و ئیسلامیەکەیان، کەچی ئەوان ئامادە نین لە پێشوازی سەرۆکەکانیان سروودی نیشتیمانی کوردیش ببیستن، بەڵکو لە ترسان ئالای کوردیشیان هەڵنەکردبوو، نەک ئەوەش حزبۆکەکی تورکمان نووسیبووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە لایەن سەرۆک وەزیرانی هەرێمی باکوور پێشوازی کرا!

هەرچەندە ئەو حزبۆکەیە ئەندام پەرلەمانیشیان هەیە، بە قەد حەجمی یەکێتیش ڕۆژانە لە میدیاکان قسە دەکات کاك ئایدن! ئینجا بزانە ئەو سوک سەرنجدانەی تورک چۆن پیاوەکانیشی ناچار کردوە بە ئەنجامەکانی! خۆیان کارێک ناکەن تورک هەراسان بکەن!

هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە ڕۆژێک لە بیرمە لەناو جەمعێکی ئیمانداری ئیسلامی کورد، کە خۆشم وەک یەکێکی حیساب کراو بووم لەوان، باس باسی تورک و کورد بوو، قسەیەکم کرد هەموو ئەوەی لەوێ بوون، تووشی شۆک و تورەیی کرد، کاتێ گووتم: «بەخوا تورک ببنە خواش باوەڕیان پێ ناکەم، ابو جەهلی کوردم پێ باشترە لە سەحابەیەکی تورک“!

هەموومان ڤیدیۆی ئەو مەلا تورکەمان دیت کە چۆن داوا دەکات بە بۆمبی ئەتۆمیش، ئەگەر بکرێت لە کورد بدرێت! گووتمان ئەو حیقدە لەوانەیە نوێ

بێت دژی پ ک ک بێت، بەڵام کاتێ زانایەکی ئیسلامی هەرە ناوداری تورک و ئەردۆگان وحزبەکەی، قادر مسرڵی ئۆغلۆ، بە سووکایەتی کردن بە کوردی (کافری) ئەو سەردەمە ناوەستێت، سووکایەتی بە قارەمانێکی مێژوویی ئیسلام کورد، سەلاحەدینی ئەیوبی دەکات، کە ڕیز وپایە و خۆشەویستی ئەو سەرکردە مێژووییە جێگای خیلاف و ناکۆکی نییە بەلایەنی کەم لە نێوان هەموو موسڵمانانی ئەهلی سونەتدا، ئەوە چ مانایەک دەگەیەنیت؟! ئەوە پێمان دەڵێت ئیسلامی تورکی، بە پلە یەک تورکچیاتییە، وەک ئێمە دەمێکە بە خەڵکی دەڵێین، بەداخەوە کە ئیسلامیەکانی کورد زۆربەیان پێیان هەڵخەڵەتاون!
ئەو قادر مسرڵی ئۆغلۆیە، ئەردۆگان دەرگای تەلەفزیۆنی A Haber بۆ خستۆتە سەرپشت، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا جارێکیان لە ٢٠١٤ گووتی: « موسڵمانان پێویستە دەنگ بۆ ئەردۆگان بدەن چونکە ئەحکامەکانی ئیسلام وا پێویست دەکەن، هەتا ئەگەر دەنگۆکانی گەندەڵی و ڕەشووچیاتیش ڕاست بێت!!! ئیمانمان ئەمرمان پێ دەکات و ئیسلام ئەمرمان پێدەکات، و هیچ چارەیەکیترمان نییە!»
هەروەها گووتی: «ئەو ئیماندارە هەڵدەبژێرم کە چەند عەیبێکی هەیە، لە جیاتی ئەوەی هەر کەسێکیتر لە حزبە ئۆپۆزسیۆنە –بێ باوەڕەکان- هەڵبژیرم، کە پڕاوپڕن لە عەیب وعار!» ئەوەیە وتاری ئیسلامی سیاسی لە ڕوونترین شێوەدا، و ئەوەیە ترسناکی ڕێگادان بە دین بۆ سیاسەت کردن! ڕەشوە وبەرتیل و گەندەڵیش قبوڵە، ئەگەر بکەرەکەی ئیماندار بێت، یان دروستتر بڵێین ئیسلامی بیت!

٢-٢

ئەو سەلاحەدینەش بەدبەختە کە کورد بوو، بەدبەختیشە کە لەو سەردەمە بوو، شەڕی خاچپەروەرانی کرد! هێشتا ئەوروپیەکان لە شیعە و تورک و کورد چاکتر ناسیویانە، و ڕێزیان لە ئاکار و ڕەوشتی بەرزی گرتووە، تا ڕادەی ئەوەی ببوە دیاردە، لە ئەوروپا خەڵکانێکی مەسیحی منداڵەکانیان ناو دەنا سەلاحەدین!
هەروەها شاعیری گەورەی ئیتاڵی دانتی [١٢٦٥-١٣٢١] لە داستانە ناودارەکە کۆمێدیای خوداوەند Divina Commedia، کە بە یەکێک لە چاکترین کاری ئەدەبی جیهانی هەژمار دەکرێت، لە ناو هەموو مێژووی ئیسلام تەنها

لەسەر سێ کەسایەتی ئیسلام بە چاک دەدوێت، کە ابن سینا و ابن رشد و سەلاحەدینی ئەیوبیە، وەک کەسانێکی مەزنی ناو مەزنەکان، و لە ڕیزی شاعیری گەورەی گریک هۆمیرۆس، و فەیلەسوفی گەورە ئەفلاتون و یولیوس سیزەر و کەسانیتری مەزن هەژماریان دەکات! ئەگەر باسکردنی ابن سینا و ابن رشد لەبەر زانایی و فەیلەسوفیان بێت، ئەوە باسکردنی سەلاحەدینیش کە سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی بوو، لەبەر سوارچاکی ومەزنی سیفاتە مرۆییەکانی بوو، لەبەر چی ئەوەش ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی گەورەیی کەسایەتی سەلاحەدینە، چونکە کۆمیدیای خوداوەند تەنها پاش ١٠٠ ساڵ لە کۆچی دوایی سەڵاحەدین - کە لە ١١٩٣ کۆچی کرد- نووسراوە.

قادر مسڕلی ئۆغلۆی حزبی ئاکەپەی ئەردۆگان، پەیڕەو لە بچوکترین بنەمای ڕەخنەی ئیسلامیش ناکات، کاتێ وەسفی سەڵاحەدین دەکات بە خائین و حەیوانی کوڕی حەیوان!

من زانیومە شیعە جوێنی پێ دەدەن، چونکە دەوڵەتی فاتیمی ڕوخاند، کە خۆی دەوڵەتەکە بنکۆڵ کرابوو، بەر لە هاتنی سەلاحەدینیش بۆ میسر، بەڵام نەمبیستوە عەرەبیک یان موسڵمانێکی تر هێندە بێ ڕەوشتانە قسە بە سەرکردەیەکی مێژووی وا گەورە بڵێت، کە ڕزگارکەری قیبلەی یەکەمی موسڵمانان و سێیەم حەرەمیان بێت کە قودسە!

ئەوەش ڕەنگدانەوەی ناخی بۆگەنی تورکە دژی هەر شتێکی کوردی، من لەو باوەڕەدام ئەگەر پێغەمبەر محمد کوردبا، ئێستا تورک کافربوون بە ئیسلام!

مسڕلی ئۆغلۆ دەڵێت سەلاحەدین پیاوی نورەدین زەنکی بوو [کە تورک بوو]، ئەو پەروەردەی کردبوو، ناردی بۆ میسر بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، بەڵام ئەو خیانەتی کرد پاش شەش مانگ دەوڵەتی فاتیمی ڕوخاند لە بەرژەوەندی خۆی!

ئینجا لەوە زیاتر توڕەیە کە دەڵیت: سەڵاحەدین هێندەی بەس نەبوو دەوڵەتی ئەیوبی کوردی دابمەزرێنیت، بەڵکو دەوڵەتی سەردار و گەورەی خۆشی نورەدین زەنکیشی ڕوخاند» ئەوەی زیاتر دەماری خێڵەکی و بەربەریەتی تورکی وروژاندوە، ئەوەیە کە دەڵێت»سەلاحەدین پاش مردنی سەردارەکەی، ژنەکەی نورەدین زەنکی هێنایەوە، دەک نەفرەتی خوات لێ بێت ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی! هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک دەکەیت بەخێوی کردیت و پەروەردەی کردی، هەی حەیڤانی کوڕی حەیڤان!»

سەڵاحەدین ئەو پیاوە مەزنە بووە، بەداخەوە هەندێک ساویلکەی نەتەوەچی

کورد، زۆر بێ ویژدانانە قسەی قۆڕی نەیارەکانی دووبارە دەکەنەوە، بەڕای من هیچ جیاوازیان نییە لەگەڵ مسرلی ئۆغلۆ یان ئاخوندەکانی شیعەی مەزهەبی! سەلاحەدین دەوڵەتەکەی کوردی بوو بە هەموو پێوەرێکی ئەو سەردەمە، زۆر دڵسۆزتر بوو بۆ کورد لە سەرکردە کوردەکانی ئەو سەردەمەش، فەزڵ و چاکەی ئەو سیاسەتەشی هەمووی بۆ باوکی نجم الدین ئەیوب دەگەڕێتەوە، کە من پێموایە باوکی دامەزرێنەری هەقیقی دەوڵەتی ئەیوبی بووە. پیاوێک بووە پڕ لە عەقڵ و حیکمەت و سیاسەت، بەڵکو من پێموایە تا ئەمڕۆش هیچ کوردێک بەقەد نجم الدین ایوب سیاسی نەبووە. کە سیاسیە بودەڵەکانی ئەو ڕۆژگارە دەبینیت، ئینجا دەزانیت چەند گرنگە ژیانی ئەو کەڵە پیاوانەی مێژووی کورد بخوێنیتەوە، نەک لەبەر ڕقت لە دین، تووشی ڕەنگ کوێری بیت و سەلاحەدین و هەموو پیاوە کوردەکانی مێژووی ئیسلام و کورد لە سفر دەیت. من ئێستا هۆیەکیتریشم بۆ زیاد بوو، بۆ ئەوەی سەلاحەدینم خۆش بوێت، ئەویش ئەوەیە تورک ڕقیان لییەتی و بە ڕوخێنەری دەوڵەتی زەنکی تورکی دەزانن، نازانم ئەو خاڵەم چۆن بەسەردا تێپەڕیبوو؟!

٢٠١٧/١/١٧

سەرچاوەی هەواڵەکە و ڤیدیۆکە لە ئەکاونتی کاک کامەران محمد علی وەرگیراوە:

AE-٪D٨٪B١٪D٨٪A٤٪D٨٪٨٥٪http://www.zamanarabic.com/٪D٩
٨A- ٪D٩ ٪٨٥ ٪D٩ ٪A٧ ٪D٨ ٪٨٤ ٪D٩ ٪B٣ ٪D٨ ٪A٥ ٪٪D٨
-٨١٪D٩٪B٥٪٨A٪D٨٪D٩٪-B١٪٨A٪D٨٪D٩٪٨٧٪D٩٪B٤٪٪D٨
-٪D٩ ٪A٧ ٪AD-٪D٨ ٪D٨ ٪A٧ ٪D٨ ٪٨٤ ٪D٩ ٪B٥ ٪D٨ ٪
D٩٪A٣٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٦٪٨A٪D٩٪AF٪D٩٪D٨٪٨٤
utm_&utm_content=buffer٨a٨c١?/A٨٪D٨٪٨٨٪٨A٪D٩٪
medium=social&utm_source=facebook.com&utm_
campaign=buffer

بەشی شەشەم

# کوردە چەواشەکارەکانی ئەردۆگان چی دەڵێن؟!

# کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست!

١

مرۆ گوێی لە فەقیردۆست و میوان دۆست و ڕاستی دۆست و شتی تریش بووە، بەڵام لە هیچ مێژوویەک کەس گوێی لە دوژمندۆستی بووە؟! باوەڕناکەم!
ئەو دوژمن دۆستییە داهێنانێکی کوردی سەد لە سەدە، گەمژەترین و دواکەوتووترین و سەرەتاییترینی گەلانی جیهانیش، دەستیان نییە لەو دۆزینەوەیە مەزنە! میللەتێکە دەڵێی هەمووی دوچاری نەخۆشی ستۆکهۆڵم سیندرۆم بوونە، کە تیایدا قوربانی هاوسۆزی پەیدا دەکات لەگەڵ دوژمنەکەی تا ڕادەی خۆشەویستی! لە ساتی کودەتاکەی سەر ئەردۆگان، هەروەک لە ساتە ناسکەکانی تریشدا، وەک هەڵبژاردنەکان، خەڵکانێکی ئیسلامی زۆری کورد، بەوپەڕی دوژمندۆستیەوە، خەریکی شین وگریان و دوعا کردن بوون بۆ سەرکەوتنی ئەردۆگان بەسەر دوژمنانی، کە کوردیش یەکێکیانە!
وەک بڵێیت ئەردۆگان زۆر دۆست بێت؟! کورد بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی ئیسلامی هەمووی سوژدەی شوکریان برد کاتێ، ئەردۆگان ڕزگاری بوو لەو سیناریۆیە کودەتا ساختەیەی، کە وردە وردە نهێنیەکانی ساختەیی دەردەکەون، وەک ئاماژەمان دا بەو وتارەی واشنتن تایمیز کە ٣ێ مانگ بەر لە ئێستا باسی ئەگەر چێکردنی سیناریۆیەکی کودەتا هەیە لەلایەن ئەردۆگان.
ئەو ئیسلامیانە ئەگەر بزانن دیموکراتیەتیکی ئەنگلۆ ساکسۆنی هەقیقیش بێتە دەسەڵات لە پاش ئەردۆگان پێیان خراپە، و هەر پشتگیری لە ئەردۆگان دەکەن. یانی دژایەتی کودەتایان پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژی دینی لەدوایە، نەک لۆژیکیکی مرۆیانە.

٢

دەڵێن پ ک ک و هەدەپەش دژی کودەتا بوون!

دەڵێن سووپا خراپترە لە ئەردۆگان بۆیە پشتگیری ئەردۆگان دەکەین!

منیش دەڵێم:

ڕاستە هەموو حزبەکانی تورکیا دژی کودەتا بوون، ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسی پێویستە، چونکە زۆرجار کودەتا تا سەرنەکەوێت قبول ناکرێت! کودەتاکەی تورکیاش ئەگەر هەقیقی با، لە ستایلی کودەتای سیسی میسر قبوڵ دەکرا، ئەوە کودەتاکەی سیسی میسر لەبەرچاوە، چۆن خۆی سەپاند بەسەر هەموو جیهان! چونکە ئەردۆگان زۆر مەکروهترە لە مورسی لە نێوەندی سیاسی و میدیایی خۆرئاوا.

بەرای ئێمە پ ک ک و هەدەپە خوێندنەوەی ئامادەیان هەبووە بۆ ئەگەری کودەتا، کە ماوەیەکە میدیای ئاک پارتی دەیوروژاند، و پ ک ک و هەدەپە وەک حزبەکانی باشوور نین، بەس لە نەوتفرۆشی سەریان دەربچێت! بلیمەتیەکی گەورە بوو دژی کودەتا هەڵوێستیان گرت، چونکە ئەگەر وایان نەکردبا، ئێستا ئەردۆگان و بەڵتەچیە گورگە بۆرە و داعشیەکانی هەزاران کوردیان کوشت و زیندان کردبوو! ئەوان دەست لە سەربازی بێ ڕوتبەی هەژاری تورک ناپارێزن، کە لای تورکەکان سەرباز پیرۆزە و نازناوی محەمەدیان لێ دەنێن، بە ئاهەنگ بەڕێ دەکرێن بۆ خزمەتی سەربازی، ئەی چۆن دەستیان لە هەدەپە و کورد دەپاراست؟!

ئەمریکا و ئەوروپاش هەروایان کرد، تا درەنگ چاودێری وەزعەکەیان کرد، دوایی دایەنە پاڵ دەسەڵاتی بەناو شەرعی و هەڵبژێردراو!

## ٣

## ئایە سووپا خراپترە لە ئەردۆگان؟!

پێش دەرکەوتنی ئەردۆگان، سووپا خراپتر بوو ڕاستە، بەڵام لە حالی حازردا مەرج نییە سووپا خراپتر بێت، هەتا ئەگەر لە ڕابردووش خراپتر بوو بێت. چونکە هەموو هێزە عەلمانیەکان بە سووپاشەوە کە پارێزەری عەلمانیەتە لە تورکیا، کەوتنە بەر هەڵمەت و فشاری ئەردۆگان، هێدی هێدی مافە دیموکراتیەکان لە خەڵک گلدەداتەوە. هیزی پارتەکەیی و کەسی خۆی لە هەموو دەزگاکان بڵاوە پێکردوە، بۆیە هێزە عەلمانیەکان بە ڕابەری سووپا گەر بگەڕێنەوە، بەڕای من بە عەقڵیەتی جاران حوکمی تورکیا ناکەن و پێشیان ناکرێ. ڕەفتاریش وەک جاران لەگەڵ دۆزی کورد ناکەن. چونکە دەزانن لایەنگیری کورد و ئیسلامیەکان بوو، ئەردۆگانی فریودەری هێنایە ئەو دەسەڵاتە درێژخایەنە لە سەرەتاکاندا.

ئەگەر سوپا و هێزە عەلمانیەکان خراپیش بن، نەشگۆڕابن، هەر بەڕای من، سووپایەکی کودەتاچی و چەند حزبێکی بەناو عەلمانی، زۆر ئاسانترە بۆ

ڕووبەڕووو بوونەوەی لە سووپا ومیلیشیا و بەڵتەچی و داعشیەکانی ئەردۆگان، کە بەوپەڕی دڕندایەتی ڕوحی کلتوری خوێناوی تورکی و جیهادی ئیسلامی شەڕی کورد دەکەن. ئینجا سووپایەکی ناحەز و چەند حزبێکی عەلمانی نەناسراو زۆر باشترە، لە ئەردۆگانێک کە دەتوانێت بە فەتوایەکی قەرەزاوی و قەرەداغی ملیۆنێک گەنجی عەرەبی خەلیجی و میسری و تونسی و سوری وپاکستانی و ئەفغانی لە دژی کورد کۆ بکاتەوە! ئەو گەنجەی خۆی لە ژێر زنجیری تانکێکی کودەتاییەکان درێژ کرد عەرەبێکی مەغریبی بوو!

ئەوانەی ئەو مەترسیانە نابینن و هەر دڵیان بەوە خۆشە کە ئەردۆگان باشترە، یان خۆیان لە گێلی دەدەن لەبەر باوەڕی دینیان، یانیش خراپ حاڵی بوون.

وەک گووتم هەرگیز لەگەڵ کودەتا نیم، بەڵام دیموکراسیش چارەی دیکتاتۆریەت ناکات، بە تایبەت ئەو دیکتاتۆریەتە پایەی سەرەکی یاریکردن بێت بە هەستی دینی ئیسلامی و موسڵمانان.

لە حالەتی ئەردۆگان دەزانم دکتاتۆرێکە قەت بە ڕێگای دیموکراتی لاناچێت. کەسێکە تورکیای بردۆتە سەر لێواری ڕژێمێکی تۆتالیتاریزمی شمولی و زۆربەی ئازادیەکانی خەڵکی قۆرخ کردوە و زیاتریش قۆرخی دەکات. جاڕی گەورەترین شەڕی داوە لە دژی کورد لەسەر ئاستی سیاسی و سوپایی. تاوان نەماوە نەیکات دژی منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاوی کورد. وڵاتی پڕی لایەنگری دینی توندوتیژ کردوە. ناوچەکەی پڕی شەڕی تیرۆریزم کردوە. سامانی باشوری کوردستان بە برابەشی دەدزێت.

چ دیموکراتیەک دەتوانێت ئەردۆگان بڕوخێنێت.؟!! پاش ئەو سیناریۆ ساختەیەی کودەتا، کە سیناریۆکانی سەردەمی حوکمی شوعیەتم بیردەهێنێتەوە، لە پاکتاوکردنی نەیارانی چاوەڕوانکراویان، ئەردۆگان بازێکی گەورەتر دەدات لە حوکمی دیکتاتۆریانەی خۆی، کورد و تورکیش زیاتر سەرکووت دەکات، ڕوحی دوژمنایەتی لە دژی [کوردی کافر] بە هێزتر دەکات، لە پەنا دینە داعشیەکەی، ئەو کاتە هەموو کوردە ساویلکە و گەمژە و دوژمندۆستەکان پەشیمان دەبنەوە بۆ سەرنەکەوتنی کودەتاکە، هەرچەندە بەڕای من قەت سەر نەدەکەوت، چونکە ئەردۆگان پلان دانەری بوو.

https://www.theguardian.com/commentisfree/2016/jul/18/turkey-failed-coup-president-erdogan-clampdown-media-military?CMP=fb_gu

# خۆفرۆشی لە چڵەپۆپە دا!

ئەو سەید ئەحمەدەی یەکگرتوو ڕۆژ بە ڕۆژ دەیسەلمێنێت کە چەندە کەسێکی خۆفرۆش و حزبی و ئایدیۆلۆژیە... ببینە چۆن مەدح وسەنای ئەردۆگانی دیکتاتۆری خوێن ڕێژ دەکات، کە بۆتە قەشمەرجاری هەموو دنیا، ماعەدا ئەو خۆفرۆشانە نەبێت، کە بە پاڵنەری ئیسلامیزمی سیاسی پێ دەنینە سەر هەموو کورد.
ئەو بە نەیارانی ئەردۆگان دەڵێت ئەگەر کارمان بکەوێتە دەستی ئەوانە سەرمان دەبرن! بەڵام سوڵتانەکەی تۆ، هەی لە شێخ عەبدوللەتیف مێبازتر، و خاوەنی فەزیحەیەکی گەورەتر، هەر ئێستا کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا دەکوژێت و سەردەبڕێت!
دیارە هێشتا هەواڵت نییە؟! ئاگاداری ئەو هەموو کوشتارەی خواکەت ئەردۆگان نیت؟! ئەو هەموو ژن و منداڵ و پیرە ئاگادار نیت، چۆنیان دەکوژێت ئەو ئەردۆگانە تەرەسە، هەی لەو بێ ویژدانتر و نامرۆڤتر؟!
باشە تورکێک ئاساییە ئیسلامی بێت و دڵی بەو ڕەفاهیەتە خۆش بێت کە ئەردۆگان بۆی فەراهەم کردوە، هەرچەندە درۆشە، ئێستا تورکیا لە پاشەکشەیەکی گەورەی ئابووری دایە، بەڵام بابڵێین ڕاستە ئەردۆگان تورکیای کردۆتە بەهەشت. ئەی بە تۆی کورد چی، و بۆ دڵت هێندە پێی خۆشە؟! بەوەی مافی بە میللەتەکەتی داوە، ئەوانیش لە خێروبێردا نوقم بوون یان بە هۆی کوشتارەکانی لە کورد؟!
یان بەوەی ئەردۆگان بە پێی واقیع و ویکلیکس هەموو نەوتی کوردستانی باشوور بە هاوبەشی دزەکانی کوردستان بەتاڵان دەبات، و هەتا دڵی بە مووچەی کەمی ئەو میللەتەش ناسوتێت؟!
ئەگەر بۆ کوردی باکووریش مێشێکت مێوان نییە، کەمەک ئەمەکی کوردانی باشوورت هەبێت کە دەیان مەلای بێ کەڵکی وەک تۆ لەسەروگوێلاکی بە مفتەخۆری دەژین!
قوڕ بەسەر کورد کە ملی دەکەوێتە دەست خۆفرۆشانێکی وەک ئێوە، کە ئامادەن هەموو کورد شاباشی پێڵاوی ئەردۆگان بکەن.
ساویلکەییت لەوە دەردەکەوێت کە هێندە باوەڕت بەو سیناریۆیە سەخیفەی

کودەتا کردبێت، کە ئێستا هەموو جیهان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە تەنها سیناریۆیەک بوو، بۆ لێدانی دیموکراتیەت و هێزە نەیارەکانی لە تورکیا! ئێستا باسی سەفەوی و مەجوسی شیعە دەکەیت، ئەی کە ئەندام پەرلەمان بوویت، لە حکومەتە مەجوسیە سەفەوییەکە بۆ هەتا هاتیەوەش کەس گوێی لە موداخەلەیەکت نەبوو؟! بێگومان لەبەر خاتری ئەو هەموو ملیۆنە مفتە بوو، کە وەک مووچەی پەرلەمانتار وەرت دەگرت، یان ئازان وەک چەندین مەلای تر، لە بەغدا نەعامە و ترسنۆک بن، لەگەڵ شیعە باسی تەقریب بکەن، کە گەڕانەوە هەولێریش ببنە شێری مەیدان، وەک شوشکەیی و کەسانی تریش؟!

ئەخر پاش ویکلیکسیش ئێستا هیچ گومانێک نەماوە لەوەی کە ئەردۆگان خاوەنی داعشە و بەڕێوەبەریانە، تۆ باسی مەترسی داعش دەکەیت بۆسەر ئەردۆگان؟!

بۆ ناڵێیت ئێستا ئەوەی نەیارانی ئەردۆگان دەکوژێت داعشی ئەردۆگانن؟! قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی کە مەلای خۆفرۆشی وەک تۆی هەیە، کە هەزاران قوربانی میللەتەکەی فەرامۆش دەکات، بۆ ستایشی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی میللەتەکەی! لەبەر تۆ و ئەمسالی تۆیە، شەپۆلی لادینیەت بەڕێوەیە، چونکە ئێوەی پیاوانی دینی لە دزێوی و دژە میللەتی زیاتر هیچتان نییە پێشکەشی لاوانی گەلەکەمان کەن.

لینکی ڤیدیۆکە:

https://www.youtube.com/watch?v=NlH6ftVNYSM

# هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانە و ئازایانەی وەك سەعدت نیشان دابا!

چەندین ساڵە لەوەتی ئیخوان و یەکگرتوو دەناسم چاوەڕوانی یەک هەڵویستی مرۆڤانە و کوردانە و هەتا ئیسلامانەیان لێدەکەم، ئیسلامانە نەک ئیسلامیانە، چونکە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئیسلام و ئیسلامی! ئەخر ئاساییە بۆ ئیخوانیەکی میسری، سودانی، کوێتی بێ ئاگا و عڕوبە زاڵ بەسەر کە هەست بە دەرد و ناسۆری کورد نەکات، لەبەر بێ سەوادی و عروبەتی و پێشداوەریەکانی دژی کورد، و لەبەر تێزە سەقەتەکانی ئیسلامیزم، بەڵام بۆ کەسێکی وەک تۆ کە هەزاران کوردی موسڵمانت بەخۆت سەرسام کردوە، زۆر جار کوردایەتی بەسەر کوردترینی ئەو میللەتە دەفرۆشیتەوە لە ئاخاوتنەکانت، شەرمە وەک ئیخوانەکی میسری و کوێ و کوێ چاو بنوقێنیت لەو هەموو کارەساتەی کە ئەردۆگان بەسەر کوردانی باکوری هێناوە!

تەنها باسی مووچەی کوردانی باشوری بۆ بکەیت کە ڕاستەوخۆ کاری ئەو نییە، ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارەتی بەر دەکەوێت لە دادۆشینی سامانی هەرێمی باشوور بە یارمەتی دەسەڵاتی پارتی کە وەک والی خەلیفە ئەردۆگان ڕەفتار دەکەن لە هەولێر! موسەنا ئەمینی یەکگرتوو دەڵێت: « داوام لێکرد ئاگای لە گەلی کورد بێت و بۆماوەی ٦ مانگە فەرمانبەران موچەیان وەرنەگرتووە«

لەو کاتەیدا کە سەربازەکانی ئەردۆگان تاوان نەماوە نەیکەن دژی کورد و خەڵکی مەدەنی بە وێنەیەک، هەتا ئیسڕائیل بەرامبەری عەرەبی نەکردوە، تۆ لەو کاتەدا وەک موراهیقێکی سیاسی دڵخۆش بووی وروژاو باسی دیتنی ئەردۆگان دەکەیت؟! دەبوایە تۆ خۆت بایکۆتی ئەو دیتنەت کردبا نەک وا بە شانازیەوە باسی بکەیت. بەڵام کوا هەڵوێست لەناو سیاسی و میدیاکاران و ڕۆشنبیران؟! بەرلە ماوەیەک دەیان میدیاکاری کوردی حزبی باشور بە گۆڕانیشەوە، وەک هەرزەکارێک نەچوونە خزمەت داود ئۆغلۆ بۆی داچەمانەوە؟!

ئێوە سوود لە ئیسلامیش وەرناگرن کە شەو و ڕۆژ خۆتان پێیەوە هەڵواسیوە، دەنا نمونەی زۆر باشت لەوێش دەست دەکەوێت لە بایکۆتی ستەمکاران و

نزیک نەبوونەوە لێیان، نەک شانازی کردن بە بینینیان! ژیانی شافیعی و ابو حنیفە وسعیدی کوڕی جوبەیر بخوێنیتەوە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ترسناکی نزیک بوونەوە لەو تاغوتانە!

بێگومان لە سیرەی پێغەمبەر خوێندوتەوە کاتێک پێغەمبەر هەموو غەنیمەکانی جەنگی حنین بەسەر قورەیش بە ئیسلام و مؤلفە قلوبهمەوە دابەش دەکات، هیچ بە ئەنسار نادات، ئەنسارِ هەست بە نا عەدالەتی دەکات، و مقۆمقۆ دەکەوێتە ناویان، پێغەمبەر کە پێی دەگاتەوە وەک لە دوو سەحیحەکە هاتوە «لە أنس ، لە هەندێ ڕیوایات ئەنسارەکان وتوویانە: خودا لە پێغەمبەر خۆش بێت، ئەوەی هەیە دەیداتە قورەیش و ئێمەش فەرامۆش دەکات، لە کاتێکدا شمشێرەکانمان خوێنی ئەوانی لێ دەتکێ! « يغفر الله لرسول الله ، يعطي قريشا ويتركنا، وسيوفنا تقطر من دمائهم.»

دیارە سعد بن عبادەش لایەنگیری ئەو ڕایە بووە، سەرەڕای گەورەیی پێغەمبەر لە دڵیدا، هەر لەگەڵ هەست وئازاری میللەتەکەی خۆی بووە، لە کاتێکدا ئێوە لە حزور ئەردۆگانێکی ستەمکار و کورد کوژ وا شەرمنن ناوێرن باسی کوشتنی خوشک وبراکانی خۆتانیان بۆ بکەن، باسی هەتک کردنی کچی کورد بکەن، پاش کوشتنی کە ڕووتیان دەکەنەوە بە دەستی جەندرمە و سەربازەکانی ئەردۆگان لەسەر شەقام، وەک سوکایەتی بە جەستەی پیرۆزیان، هەی هەمووتان بە قوربانی کچێکی ئازای کوردی چاونەترس بن! بۆیە سەعد هەر خۆی چووە لای پێغەمبەر، بۆ ماستاوکردن نا، تا بڵێت من لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیەی قەومەکەم نیم، بەڵکو بۆ گەیاندنی ناڕەزاییەکان بوو و پیی گووت: پێغەمبەر ئەو لقەی ئەنسارِ دڵیان ئێشا لێت لەبەر ئەوەی کردت، بەو غەنیمانەی دەست کەوتن لەو جەنگە، کە دابەشت کردن بەسەر قەوم و قیلەت، و بەشی گەورە گەورەت بەخشیە هۆزەکانی عەرەب، هیچت نەدایە ئەو ئەنسارانە. پێغەمبەر پێی گووت: ئەی تۆ هەڵوێستت چییە لەو باس و خوازە؟! : "وَأَيْـنَ أَنْـتَ يَـا سَـعْدُ؟

سەعدیش وەک پیاو و مرۆڤ و لایەنگری دەرد و نیگەرانی میللەتەکەی خۆی، نە خۆشەویستی پیغەمبەر و نە هەیبەتی لە دڵیدا لاواز و بێ شەخسیەتی نەکرد و بە پێغەمبەری گووت: منیش یەکێکم لە قەوم و قیلەکەم! ما أنا إلا امرؤ من قومي! یانی هەمان ڕام هەیە!

دەی کاکی ئیسلامی هەڵوێستەکی وەک سەعدی کوڕی عیبادەت نواندبا، خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نەبوو؟!

من بەرلە تۆ قەرەداغیم دیتووە، نەک لەبەر دەمی ئەردۆگان، بەڵکو لەبەردەمی چەند قیادەیەکی ئیخوانی عەرەبی میسری و سوری و فەلەستینی، ماستاوێکی دەکرد بەقەد دەریایەک کەفی دەکرد ماستاوەکە، تۆ هێشتا باشیشی لە حزور سەرۆکی وڵاتێک و ئیخوانی سیفەت، هێندە بە شەهامەت بووی کاکە دکتۆر موسەنا!

٢٠١٦/٢/١٦

# وتارێک لەسەر کۆبانی بە ستایلی جەندرمەیەکی تورکی

کاتی خۆی ئوسامەی بن لادنی قاعیدە وداعش گووتی: لەمەودوا دنیا دەبێتە دوو فوستات [یانی خێمە وچادر، نمونەکەشی دەبێت بەدەوی بێت وەک خۆی] فوستاتی ئیمان، یانی قاعیدە و ئیسلامی سیاسی بە گشتی، کەسانێکی کەم نەبێت، و فوستاتی کوفر، کە هەموو نا قاعیدە و ئیسلامە ناسیاسیەکان دەگرێتەوە، دەڵێی پێشبینیەکەی دێتە جێ، ئەوە نییە، زۆربەی عەرەب بە گەلان و بە دەسەڵاتدارانیانەوە پشتگیری لە فوستاتی باوکی ڕووحی داعشەکان دەکەن، ئەگەر چەند دەسەڵاتدار وحاکمێکیش بە گوێ ڕاکێشان ئەمرۆ بە ڕەسمی کەوتۆتە بەرەی دژە داعش وەک سعودیە وقەتەر بۆ نمونە ئەوە ڕاپرسیەکان دەیسەلمێنن کە خەڵکی عەرەبی ئەو وڵاتانە ٩٨٪ زیاتر پشتگیری لە فوستاتی داعش دەکەن!

وتارێکی برادەرێکی بزوتنەوەی ئیسلامیم خوێندەوە لەسەر کۆبانی، کە وادیارە دەچێتە خانەی ئەو فوستاتەوە، چونکە ئەردۆگان لە ڕێگای دەست لە پشتدانەکانی قەرازوی و ئیخوانەوە و لە پێناو کێشەی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەدەوە، هێندە دەبەنگ دەرکەوت خۆی خستە ناو چادر و فوستاتی ئوسامە وداعش، هەموو ئەو میراتە میانڕەوەی کە لای خەڵک بنیاتی نابوو لە سەردەمی ئیستیزعاف و لاوازی بە پێی زاراوەی ئیسلامی سیاسی، قوربانی فوستاتی داعشی کرد لە قۆناغی تمکین و باڵادەستیدا! بەو کارەشی ئەو تیۆرەی نەیارانی ئیسلامی سیاسی سەلماند، کە لە کاتی لاوازی بە نیفاق باوەڕ بە دیموکراتیەت و ئازادی دەکەن، بەڵام کاتێ بەهێز بوون هەموو ڕەفتار وبیر وسلوکی سەردەمی استضعاف یان دەگۆڕن بۆ سەردەمی باڵادەستی و تمکین! ئەسەد یش لەو زیرەکتر دەرچوو، کە توانی سەرنجی دنیا لە ئیدانەکردنی خۆی لادات بۆسەر ئەو وەحشانەی داعش!

زۆر دەمێکە سەرنجی هێندێ بیروڕای چەواشەکارانەی ئەو برادەرەم دابوو، بەڵام دەمزانی کە باگراوەندی بزوتنەوەیی و ئیسلامیبوونە سیاسیەکەی پێی دەکات و زۆرجاریش خۆم لێی لادەدا لەبەر درێژدادڕی لە نوسیندا، ئەوەی خەڵک بە چەند ڕستەیەک گوزارشی لێدەکات، کاک شوان پێویستی بە وتارێکی ١٤٠٠ وشەیی هەیە تا بەو شێوازە جاڕسکەرە مەرامی خۆیت پێ

بگەیەنێت! من لێرە ناچارم کەمێک درێژدادڕی بکەم چونکە وتارەکە لەوەڵامی وتارێکی درێژدادڕدا نوسراوە!
ئەو وتارەشی کە بە ناونیشانی [کورد و قەیرانی کۆبانی] نوسیویەتی دەچێتە خانەی چەواشەکاری و فوستاتەکەی ئوسامەی باوکە گەورەی داعش.
لە سەرەتادا دەڵێت: «هەموان دەزانن کۆبانی لە هەرێمی کوردستانەوە سەدان کیلۆمەتر دوورە، کە زۆربەی ئەو ناوچانەش لە دەستی داعشدایە ، ...دەبێ ئەوەش بزانین (PYD) کە باڵی سوریای ( PKK ) یە رێگە بە بوونی پێشمەرگە نادەن لە خۆرئاوای کوردستاندا جێگیر ببن ، چونکە پێشتر دژی بوونی حیزبە سیاسیەکان بوون ، چ جای ئەوەی هێزی چەکدار بچێتە ناوچەکەیان .» زانیمان ڕێگا دوورە، بەڵام (PYD) و ( PKK ) ش لەسەر زمانی باڵاترین کەسیان بەخێرهاتنی پێشمەرگە دەکەن بۆ کۆبانی، ئەوە چەواشەکاریەک!
چەواشەکاری دووەم، ئەوەیە خەریکە کۆبانی دووچاری قەتڵ وعام دەبێت، ئەو هێشتا پێی مخابنە ئەوەی» لە چەند رۆژی رابردوودا لایەنگرانی (PKK ) لە ئەوروپا و باکووری کوردستان کردیان ، لە بری قازانج گەیاندن بە کورد زیانی زۆر تر بوو» خۆی زیاتر خەمی شێواندنی تورکیایە، بەڵام چەواشەکارانە باسی ئەوروپا و پەرلەمانی هۆڵەندا دەکات! نەخێر ئەوەی ئەو خەڵکە بە شەڕەفەی کوردانی باکوور کردیان لە ئارامی تێکدانی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەبەر هەستکردنیان بە ترسناکی دۆخەکە بوو، نەک وەک تۆیەکی سارد وسڕ خەمی پشێویی تورکیای ژێر فوستاتەکەی داعشت بێت!
ئەی بۆ بە ئەردۆگان ناڵێیت لێکچواندنی داعش بە پەکەکە -پێت باش بێت یان خراپ- کە نوێنەرایەتی دۆزی کورد دەکات و ملیۆنەها کورد پشتگیری لێدەکەن چ سودێک بە پرۆسەی ئاشتی دەگەینیت؟! یان کورد کە فێری نۆکەری وکاسەلێسی بوو چاویشی کوێر دەبێت لە ئاست ڕاستیەکاندا؟! وەک کۆمێنتەکەی کاک کامران کوردی بۆی نووسیت: « سەیرە ! ئەتوو وەرە چاوت ئەو هەموو دوو ڕووییەی ئۆردوگانی نەبینی ئەو نیفاق و بێ ناموسیە سەرنجت ڕانەکێشی ، کوشتنی خۆنیشاندەرانیش سەرنجت ڕانەکێشی ، بێیە سەرباسی توندوتیژی هەندەک لە خۆنیشاندەران ئاگرکردنەوەیان لە هەندەک شوێن ؟!|
ئەو کوردەی لە سەرتاسەری جیهان گڕی گرتوە بۆ خوشک وبرایانیان لە کۆبانێ، بڕیاری بەرائەتیان داوە لە فوستاتەکەی ئوسامە وداعش، وەک

کەسانێک نین لەگەڵ دەست وپێوەندەکانی ئەردۆگانەوە چووبنە ژێر فوستاتەکەی داعش!
ئەردۆگان و ئاک پارتی کەساڵەهایە خەڵک چەواشە دەکەن بەناوی پرۆسەی ئاشتی، ئەگەر ئەو پرۆسەیە ڕۆژی یەک ملیمیش بچووبایە پێش ئێستا هیچ کێشەیەک لە ئارادا نەمابوو، هێشتا دەیەوێت چەواشەمان بکات بەو ئاشتیە ساختەیەی کە هەموو کەسێکی عاقڵ و کەم قسەکەر و زۆرتر فیکرکەر دەزانێت درۆیەکی ڕووتی ئەو تورکە نیو عوسمانیە فێڵبازانەیە، بە بەڵگەی ئەوەی ساڵەهایە ناوی پرۆسەی ئاشتی دەهێنن، وچەکەکان بێ دەنگ بوون، کەچی ئەردۆگانی داعشڕەو توانی کۆنترۆڵی شەقام و پەرلەمان ودەسەڵاتی تشریعی و جێبەجێکردن بکات، و کۆنترۆڵی سوپا ودادگا و پۆلیس بکات، بەڵام نەیتوانی چارەسەری کێشەی کورد بکات!!
لە یەکەم هەلدا بەبێ گوێدانە هەستی ملیۆنەها کورد، پەکەکە ی هاوبەشی لە پرۆسەی ئاشتی بە داعش وەسف کرد!! کاک شوان ئەگەر یەک زەرە ئینسافی هەبا، ئەوەندە بەس بوو بۆ ئیدانەکردنی ئەو سوڵتانە بێ بەهایەی کە ناوی ئەردۆگانە، بەڵام هێشتا دەڵێت: « ئایا ئەم ئاژاوەیەی کە (PKK ) و باڵە سیاسیەکەی ( حیزبی دیموکراتی گەلان ) دروستی کردووە بە خۆپیشاندانی توندوتیژانە چ سوودێک بە کۆبانی و پرسی کورد دەگەیەنێت ؟ ئایا ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و ناردنەوەی هێزی سەربازیی و هەزاران جەندرمە بۆ شارەکانی کوردستان چ دەردێکی کورد دەرمان دەکات ؟ « ئەوە چەواشەکاری سێیەم!
ئینجا هێندە باسکردنی پەیوەندی (PYD) و ( PKK ) بە ڕژێمی ئەسەد، وعەلەوییەت و شیعاتی، گوایە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، ئەوە چەواشەکاری چوارەمە! ئەخر هەر کێ باسی بەکریگیراوەتی بۆ شیعە وئێران بکات نابێت کەسێکی بزوتنەوەی وەک تۆ باسی بکات، کە لەسەر خوانی شیعە وئێران گەرەبوون! کاتی خۆی منیش وا تێگەیشتبووم، بەڵام کە دیتم ئۆپۆزسیۆنی سوری هەمووی داعش مەشرەبن و ئەو برایانەی (PYD) توانیان جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن وناوچەکانیان بپارێزن لەو سەگ وسوارانەی داعش، و ڕژێمی سوریش چاوپۆشی کرد لەو وەزعەی شارە کوردیەکان بە مەرجێک هیچ مەترسیەک نەبێت بۆ سەر ئەو.
ئەو جۆرە پەیوەندیە لە گۆڕەپانێکی خوێناوی وجەنجاڵی وەک سوریادا بەڕاستی لوتکەی زیرەکی وخوێندنەوەی سیاسی دروستە، کە نە شەڕی

ئۆپۆزسیۆن بکەیت و نە شەڕی ڕژێم، چونکە یەک لە یەکتری نەفرەتیترن! ئەگەر (PYD) بەکرێگیراوی ڕژێم بایە، ئێستا فڕۆکەکانی ڕژێم وئێران لە دەوروبەری کۆبانی دەدیتران لە داعش بدەن، یان هەرنەبا کەمێک ڕژێمی ئەسەد بۆ کۆبانی تەنگاو دەبوو ، کە دەڵێی نە بای دیوە ونە بۆران! بەڵکو گومانی بەهێز هەیە کە ڕژێم ئەسەد وەزعەکەی بە دڵە، لەبەر نزیکبوونەوەی (PYD) لەگەل چەند هێزێکی تری ئۆپۆزسیۆن. ئەوە چەواشەکاری چوارەم! ئینجا لە هەموو چەواشەکاریەک خراپتر ئەوەیە بۆتە قسەکەر بەناوی حوکمەتی تورکی ودەڵێت: بە راستی ( ئەفکان ئالا ) ی وەزیری ناوخۆی تورکیا زۆر باش وەڵامی ( HDP ) ی دایەوە کە وتی : ئێوە بۆ خۆتان رێگر بوون لەوەی پەرلەمانی تورکیا رێگا بە سوپا بدات لە سوریا هێرش ئەنجام بدات ، ئێستاش خۆپیشاندان دەکەن و داوا دەکەن سوپا بچێتە کۆبانی بۆ شکاندنی تیرۆر !! ”

کورد خۆشباوەڕە، بەلام هەرگیز هێندە خۆشباوەڕ نەبوە تا ئەوڕادەیەی داوا لە سوپای تورک بکات کورد بپارێزێت. ئەخر ئەوە سپاردنی پەزە بە گورگ! کورد کە دەنگی نەدا بەو سوپا درندەیە بچێتە کۆبانێ، چونکە دەزانی ئەردۆگانی سوڵتانی درۆی داعشەڕەو بە ئاشکرا چەندین جار گووتی ئێمە دەجەنگێین دژی پ ک ک و داعش وەک یەک!!

کە چوە ئەوێ بۆ لێدانی کورد دەچێت، ئەگەر تورکیا هێندە نیەتی باشە دەتوانێت ڕێگا بە هەر هێزێکی نێودەوڵەتی جێگەی متمانە بدات بۆ ڕزگارکردنی کورد بچێتە کۆبانێ، با ڕێگا بدات بە پیشمەرگە لە تورکیاوە بچن، با ڕێگا بە گەیشتنی چەک بدات، بەڕاستی شورەییە و لوتکەی نەفامی و خۆهەرزانفرۆشییە بە لۆژیکی تورکی بیرکەیتەوە و کەسایەتی کوردیت بخەسێنیت! ئەوە چەواشەکاری پێنجەم!

دوایی دێت باسی نەخشەڕێگای تورکیا دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا، نازانم لە تورکیەوە وەریگێڕاوە یان بۆیان وەرگێڕاوە، هەموو لۆمەکان ئاڕاستەی PYD و PKK دەکات چونکە ڕێگرن لە کەوتنە ژێردەستی تورکیا ودەیانەوێت بەرخودانی خۆیان بپارێزن! کاک شوان دەیەوێت:» تورکیا ناوچەی دژە فڕین و ئازاد لە باکووری سوریا دروست بکات لە ژێر کۆنترۆلی خۆی!! «

دوایی « تورکیا داوای ئەوە دەکات هێزە شۆڕشگێڕە سورییەکان لەو ناوچەیەدا یارمەتی بدرێن لە رووی مەشق و چەک پێدان و ئامادە بکرێن بۆ

داهاتووی ئەو وڵاتە !!» یانی تورکیا کۆمەڵێکی بەکرێگیراو لەو ناوچە کوردیە پڕ چەک بکات بۆ هاتنە گیان وکوشتنی کورد!!» دوایی کاکی سیاسەتزان دەڵێت:» تورکیا داوای لە ئەمەریکا ئەوەیە ریشەی دروست بوونی تیرۆر کە بەردەوامیی قەیرانی سوریایە وشک بکرێت ، ئەویش بە رووخاندنی ئەو رژێمە خوێنڕێژە ، بەڵام ئاشکرایە (PKK ) دژی ئەو نەخشەیە ، چونکە کۆڵەکەی عەلەویەت دەڕوخێت کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەوانە .»

یانی نووسەر ئەگەر تورکێکی ئەستەنبۆل و ئەنقەرەش با، دەیزانی کە مەبەستی ئەردۆگانی داعشرەو لە نەهێشتنی تیرۆر بە پلەی یەکەم وئەخیر هەر (PYD) و ( PKK ) یە! کەچی سەرکۆنەشیان دەکات کە ڕێگا نادەن ئەو نەخشەیە چارەسەر جێبەجێ بکەن!!! قەسەم بەخوا جەندرمەیەکی موسەقەفیش شەرم دەکات ئەو قسانە لە فەیسبوک و سایتەکان بڵاو بکاتەوە، چ جای کوردیک ئەو تەفاهاتانە بڵێت! دیارە نووسەر خۆی هەستی بە تورکیزمەکەی خۆی کردوە بۆیە پاساو دەهێنێت ودوای ئەو قسانە دەڵێت:“ لێرەدا با کەس موزایەدەی ئەوەمان بەسەردا نەکات ئێمە خزمەت بە بۆچوونی تورکیا دەکەین ، تورکیاش وڵاتێکی گەورەیە و وەکو هەموو وڵاتانی ناوچەکە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەدات ، ” ناوەڵڵا بابە کەس زاتی ئەوە ناکات موزایەدەت لەسەر بکات، وەرە شەقێکیشمان تێ هەڵدە! ئەوەی تۆ هەر بە موزایەدە کردن چارەسەر نابێت، بەڵکو ئەگەر گەل دادگایەکی هەبا، دەبوایە بداربایتە دادگا بە تۆمەتی ناپاکی وخیانەت، چونکە هەر وەک جەندرمەیەکی قەڵەم بەدەستی تورکیا قسە دەکەیت.

٢٠١٤/١٠/١٠

# بازیانی: ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا

ماوەیەکە ئەوەی ناوی خۆی ناوە دکتۆر بازیانی، ئەردۆگانیە سەلەفیەکە، کە دکتۆرایەکی موزەیەفی لە دوکانێکی شیعی عیراقی وەرگرتوە بە ناوی الجامعة الاسلامیة العالمیة کە بارەگاکەیان لە لەندەنە کاتی خۆی جارێک سەردانم کردن، ولە یەکەم دیتنمدا زانیم چەند دکتۆرێکی فاشیل وبێ مستەوای شیعەی عێراق کۆبوونەتەوە بەس خەریکی دکتۆرا و ماستەر بەخشینەوەن بەسەر تایفەکەیان، وسەدان وهەزاران دکتۆرای تەپوتۆزیان دروستکردوە، لەسەر شێوازی کۆمەنستەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، کە بەردەوام دکتۆرایان دەبەخشیەوە بۆ کۆمەنستەکانی ولاتانی عەرەبی وئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پایەی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیان لە ناو کۆمەڵگاکانیاندا، تا لەو ڕێگاوە کۆمۆنیزم بڵاوببێتەوە.

چونکە دەزانن گەلانی ساویلکەی جیهانی ئیسلام وعەرەب چەندە لاوازن بەرامبەر ئەو نازناوانە جا با هیچ ناواخنێکیشی نەبێت. هەر بۆیەش ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا لەشکرێک لە خاوەن دکتۆرای بێ ئەرزش بونەتە ماڵ بەسەر کۆمەڵگاکان وکۆی کایەکانی ئەکادیمی وسیاسی وکۆمەڵایەتیشیان گەندەڵ کردوە، گرنگ ئەوەیە پێت بڵێن دکتۆر، جا لە مۆزەمبیق هێناوتە یان لە سێبریا یان بە موراسەلە یان ئۆن لاین یان کڕیوتە لە مافیاکانی فرۆشتنی بڕوانامە، گرنگ نیە وەک عەرەب دەڵێت: الامارة ولو علی الحجارة! ئەمێریتی با لەسەر بەردیش بێت!!

چەند ساڵێکە بازیانی بە کۆمەڵێک ئیدیعایەوە گوایە کتێبەکانی لە زانکۆکانی سعودیە مەنهەجە، کە ئەوە ڕاست نیە وڕاستیش بێت، زیاتر ئیدانەیە بۆ خودی سەلەفیزمی بازیانی نەک ستایشی ئەو بێت. لە هەموو ئیدیعاکانی گاڵتەجارتر خۆلێچواندنیەتی بە ئەردۆگان، وموژدە دەدات بە لە دایکبوونی ئەردۆگانێکی کوردی لە خودی شەخسی خۆیدا!

بەڕاستی نوکتەیەکی بێتام وبۆیە، من لە یەکەم ساتی زانینم بەو هەوڵە نەزۆکانە خەریک بوو توشی گەشکەبم لە پای ئەو ئیدیعایە. من لە بیرمە کاتی خۆی کە تەکلیفی نوسینی لێدەکردم بۆ گۆڤاری الهدی، چەندین وتارم بۆ گۆڤارەکە نووسی خۆی لەو پەڕی میانڕەوی نیشان دەدا، پاش ڕاوەستانی

گۆڤارەکەی، چەند بابەتێکم بڵاوکردەوە لە ڕەخنەی فیکری سەلەفیدا، کە زۆرێک لە مەشرەب سەلەفیەکانی تورە کردبوو.
لە سەردانێکمدا بۆ کوردستان، بازیانی هاتە سەردانم هێندە تورەبوونی خۆی دەربڕی دەربارەی ڕەخنەکانم لە سەلەفیەت وبەتایبەتی لە ئیبن تەیمیە، هەتا توشی سەرسوڕمانی کردم کە ئەو ماسکە سەلەفیەی نیشانی دام، هەربۆیە من لە ناسینم بۆ ئەو کەسە دەزانم چ گاڵتەجاریەکە کەسێکی سەلەفی لەناخەوە تا سەرئێسقان خۆی بە ئەردۆگان بشوبهێنێت! کێشەکە لەوەدایە خۆ کۆڵیش نادەن ئەو جۆرە کەسانە، پاش ئەو فەشەلە گەورەیەی هێنای لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستانی ٢٠١٣ ، چاوەڕوان دەکرا جارێکی تر باسی سیاسەت نەکات، بەو هەموو سەرقاڵیەوەی بە چەندین خێزان ومنداڵێکی زۆرەوە، خەریکی ماڵ وحاڵی خۆی بێت، بەڵام چونکە ماوەیەک وەزیر بوە وخانەنشینی چاکی دەستکەوتوە، دەزانێت سیاسەت ئەگەر گرتی لە هەموویان ئاسانترە بۆ ژیان، بۆیە هەڵپەی سیاسەت و تەشکیلی جەماعەت وحزبیەتی، بەڵکو یەکێک لەو هەولانە سەردەگرێت.
بازیانی ئەردۆگانەکەی کورد، دەبوایە بەلایەنی کەم ژیانی ئەردۆگانی خوێندبایەوە تا بزانێت ئەردۆگان لە چ کێشمەکێشێک بوە لەگەڵ سەلەفیە توندڕەوەکانی ناو حزبەکەی ئەربەکان ودواتریش ناو ئاک پارتی، کە توندترین توندڕەوانیان ناگەنە ئاستی ئەوەی بەرگری لە ابن تیمیە بکەن یان دەستخۆشی لە عەقیدێکی گەندەڵی خانەنشینکراوی وەک سەرباز محەمەدی سەلەفی بکەیت لە هێرشکردنی بۆ سەر عەقڵیەتێکی بلیمەتی وەک دکتۆر عەدنان ئیبراهیم.
کە بێگومان گەورەترین عەقڵیەتی نوێخوازی ئیسلامیە لەو سەردەمەدا، دەیانی وەک سەرباز بە شاگردیشی ناشێن، کەچی هاتوە ئۆخەی دڵانێکی نوسیوە بە پێخواسی بەناو بیروڕا جوان ودەگمەنەکانی دکتۆر عدنان دەکەوێت، بازیانیش یان ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا لە ژێر هەواڵی بە خۆرایی بڵاوکردنەوەی ئەڵقەکانی ئۆخەی دڵان وەک هەر سەلەفیەکی نەیار بە عەقڵ و بە ئازادی وبە نوێخوازی دەنووسێت: « پیرۆزە خوا گەورە بیکاتە زەخیرەی قیامەت»
یانی ڕەتدانەوەی وتە وبیروڕایە جوان و ئاشتیخواز و نوێخوازەکانی د.عدنان کە تەنها دەیەوێت ئیسلام وموسڵمانان دووربن لە تەکفیر و تیرۆر و کوشتنی خەڵک و شەڕی تایفی و دزێوکردنی ئیسلام و دوور خستنەوەی

شوبهات وگومان لە پێغەمبەر و زاتی خوا، لەلایەن کەسێکی بێ مستەوای کۆنەپەرستی دەقپەرستی وەک سەرباز سەلەفی، لای دختۆر بازیانی کارێکی هێندە گەورە و پیرۆزە ودوعای بۆ دەکات کە خوای گەورە بیکاتە زەخیرەی قیامەت!!! دەبێت ئەردۆگانی تورکی کە لە ولاتێکدا حوکم دەکات تا سەر ئێسقان کراوەیە بەڕووی دیموکراسیەت ومەدەنیەت وئازادیەکان ڕەئی چۆن بێت دەربارەی د. عدنان، بلێی ئاگاداری ڕای ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا بیت؟! تۆ بلێی ئەگەر پێی بزانێت، لە ڕقی بازیانی واز لە ناوی ئەردۆگانیش نەهێنێت، کە بە زۆر خۆی بەو هەڵواسیوە؟!

٢٠١٤/٦/٨

# چیرۆکی ئەو پەنجا لاپەڕەی ئەحمەد داود ئۆغڵو لە ماستەرنامەکەی بازیانی وەریگرتبوو؟

لە چاوپێکەوتنێکدا کە فرێندێکی فەیسبوکم کاک رزگار رەزا چوچانی لەگەڵیدا کردوە لە ژێر ناونیشانی : [د. محەمەد بازیانی: لەکاتی شەڕی یەکێتی و بزووتنەوە ئەربەکان بە تاڵەبانی گوت بزووتنەوەی ئیسلامی بێکەس نییە] لە ٢٠١٤/٠٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری سڤیل.
باسی ئەو هەموو خۆهەڵکێشانەی ناکەم کە زۆربەی شایەدەکانی مردوون، چونکە خەڵکێک مردووە هەزار ڕیوایاتیان بە دەمی دروست کردوە، بۆیە شایەتدانی مردوو هیچ ئیعتبارێکی نەبووە و نیە.
بەڵام ئەوەی کە کاک ڕزگاری توشی جۆرێک لە سەرسوڕمان کردوە ئەوەیە کە بازیانی کێرڤی خۆهەڵکێشانی هێندە بەرزبۆتەوە ئیدیعای ئەوەی دەکات کە بیرمەندێک و وەزیرێکی چالاکی دەرەوەی تورکیا هاتووە گەڕاوە بەناو ئەرشیفی کوردیدا وبەدوای بابەتەکانی بازیانی تا ماستەرنامە چاپ نەکراوەکەی کە من لە چەندین نووسەرم پرسی هەر ناویشیان نەدەزانی، داود ئۆغڵو بە بلیمەتی خۆی گەیشتە ئەو گەنجینەیە فیکریەی بازیانی و پەنجا لاپەڕی لەو ماستەرنامە وەرگرتوە کە ئەوەش بەڕاستی وەک بازیانی دەڵێت درۆیەکی مەحظە!
کاک رزگار رەزا چوچانی لە هایلاتی چاوپێکەوتنەکە ئەو ڕستەیەی هایلایت کردوە:
زیاتر لە ٥٠ لاپەڕەی کتێبەکەی داود ئۆغلۆ لەسەر کورد زۆری هزری بەندەیە!!!
لە پێشەکی چاوپێکەوتنەکەش هەمان شت دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:
«د. محەمەد بازیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی، باس لەپەیوەندی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و نەجمەدین ئەربەکان و پادشای سعودیە دەکات، هەروەها باس لەوە دەکات کە لەسەردەمی شەڕی یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەدا نەجمەدین ئەربەکان پەیامێکی بۆ تاڵەبانی ناردووەو پێی گوتوە کە «بزووتنەوە بێ کەس نییەو شەڕکردن لەگەڵیان شەڕکردنە لەگەڵ ئێمە». هەروەها باس لەوەش دەکات کە بەشێک لەکتێبە بەناوبانگەکەی ئۆغلۆ

بیرۆکەی ئەوە.»
لەناوەوە پرسیارەکەی لێدەکات لەسەر پەیوەندی دادوگەشەپێدان، لە وەڵامەکەیدا خۆی دەکاتە ئەندازیاری ئەو چاکسازیەی لە هەڵوێستی تورکیا ڕویداوە دەرهەق بە دۆزی کورد، بزانە لە خۆگۆڕان مرۆڤ بەرەو چ هەڵدێرێک دەبات، دەڵێت:
«د. محەمەد بازیانی: دادو گەشە ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستان، پارتی، یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی، تەنانەت لەگەڵ لایەنە عیراقیە جوداکان پەیوەندی باشی هەیە. پەیوەندی ئەوان ئیستا سیاسی و ئابووری یە زیاتر، ئێمەش بە حوکمی ئەو پەیوەندییە پێشینییەی ساڵەکانی ١٩٩٢ و پاشتر پەیوەندی عەلاقەیەکی برایانەمان هەیە، کە لە بەرژەوەندی هەردوو لا تەواو بووە، وەک ئەو کرانەوەیەی کە دەرهەق هەرێمی کوردستان هەیە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەختەوەرم کە لەو ڕێگایەوە خزمەتی باشم بە کۆمەڵگەی کوردستانی کردبێت، ئەم پەیوەندی و کرانەوەی ئیستا دەیبینم بەدووری نازانم هەندێک لە بیرو هزرەکانی بەندەی تێدایە، وەک ئەوەی لە «العمق الاستراتیجی لترکیا»ی دکتۆر ئەحمەد داود ئۆغڵو، بەئاشکرا زیاتر لە ٥٠ لاپەڕەی لەسەر کرانەوە بەرەو کوردستان نوسیوە، زۆری هزری بەندەیە.
دیمانەکارەکە پرسیاری لێدەکاتەوە دیارە بە عەقڵی دانەچوە:
سڤیل: لەوەی کە داود ئۆغڵۆ سودی لەهزرەکانی تۆ بینیوە. لەنوسینەوەی ستراتیژییەکەی بەئاراستەی کوردستان، پرسی بەبەڕێزتان کردووە؟، یان تەنها وەکو سەرچاوە وەریگرتووە؟
«د. محەمەدبازیانی: بەڕێز دکتۆر داود ئۆغڵو سوودی بینیوە لەنوسینەکانی بەندە لەڕۆژنامە وگۆڤارەکان و تەنانەت ماستەرنامەکەم، هەروەها لەڕێگای ئەو ئەندام پەرلەمان و ئەندامانەی حیزبی دادو گەشە، کە دۆستی ئێمەن و پرسیاریان لێکردوینە چی بکەین، تاکو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێم چاک بێت و بەسوود و قازانجی هەردوولا تەواو بێت، بەندەش وەک دڵسۆزییەک بۆ گەل و نیشتمانەکەم و کرانەوەیەک، هەرچی بە باشم زانیبێت، پێم گوتونە، زۆر جاریش لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا یەک نەبووە، بەڵام پاشان وتویانە قسەی بەڕێزتان و دیدتان چاکتر و واقیعی تر بووە. تەنانەت پێم ووتونە ئەگەر کورد ببێتە دەوڵەتیش، کە مافی خۆیەتی، دەبێت ئیوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.»

یانی ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەرلە نوسینی کتێبەکەیدا بەدوای گۆڤارو ڕۆژنامەکان گەڕاوە کە بابەتی بەندەی گەندەی تێدا بووە تا خوا و ڕاستان ماستەرنامەکەی بازیانی یان نیشان داوە، وپەنجا لاپەڕەی سافی وعافی لە هزری بازیانی وەرگرتوە وخزاندویەتە ناو کتێبەکەی : العمق الاستراتيجي: موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية!
ئەو داود ئۆغلۆیەی کە بە ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەناسرێت، دەیان کتێبی بە تورکی و ئینگلیزی هەیە، جگە لە سەدان وتاری ئەکادیمی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی، سەرەڕای ئەوەش تورکیا چەندین قات لە تێکرای وڵاتانی عەرەبی بە کوردستانیشەوە کتێب بەرهەم دەهێنێت، فەقیرەی هیچی دەست نەکەوتوە لە ماستەرنامەکەی بازیانی نەبێت؟!!
ماستەرنامەش ساڵی ٢٠٠٤ وەرگیراوە لە هەمان ئەو دووکانە شیعیەی کە ناویان ناوە زانکۆ، لە هەمووشی سەیرتر، کتێبەکەی داود ئۆغلۆ یەکەم چاپی تورکی لە ساڵی ٢٠٠١ دوو هەزار و یەک دەرچوە، وەک لە پێشەکی کتێبە عەرەبیە وەرگێڕاوەکەدا هاتوە! یانی هێشتا بازیانی ماستەرەکەشی وەرنەگرتوە، ئەی چۆن سوودی لێ وەرگرتوە؟! لەوانەیە بەوە سەری لێشێوابێت کە چاپە عەرەبیەکە لە ساڵی ٢٠١٠ دەرچوە!
سەرەڕای ئەو فەقیرحاڵیەش بازیانی بەمن دەڵێت حەسوودی پێدەبەم و چاوم پێی هەڵنایەت!! ئەخر حەسودی بە چ ببەم بە فەشەلی هەڵبژاردنت، یان بە بلیمەتیت، یان بەو فشە بێ سەروبەرانەت؟! بەخوای عەرەب ڕاستی گوتوە کە دەڵێن: انت في موقف لا تحسد عليه! ئێوە لە هەڵوێستێکدان ئێرەییتان پێ نابردرێت.

٢٠١٤/٦/١١

سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکە:
http://gasha.co/Detail.aspx?id=1708&LinkID=1#sthash.GC6L95Me.Cw2XznXo.dpbs
کتێبەکەی داود ئۆغلۆ، لاپەڕە ١١
http://www.islamstory.com/uploads/multimedia/books/pdf.ketab٠٦٥٣

# نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی!

١

قەت باوەڕ ناکەم میللەتێک لەو جیهانە هەبێت نوخبەکانی و دەستەبژێری بە ڕادەی کورد ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبێت، کاتێک وتاری عەرەبێک یان تورکێک یان فارسێکی شیعی یان سێکیولار دەخوێنیەوە لەسەر دۆزی کورد، ئێمە چاوەڕوانی هەموو تەزویرێک و بێ ویژدانیەک و دارمانێکی ڕەوشتی و بەهایین لێیان، بەڵام بەداخەوە هەندێک نووسینی بەناو کوردانێک دەخوێنینەوە هەست دەکەیت بە ڕوحیەتێکی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە زیاتر لە ڕوحیەتی نەتەوەی سەردەستی تورک یان عەرەب نووسراوە. بروانە عبدالباري عەتوان چۆن ڕوحی بەرگری و عەرەبچێتی و عروبەت بڵاودەکاتەوە، کە بۆ میدیای بێگانەش قسە دەکات باس لە مەزڵومیەت و بێ دەرەتانی عەرەب دەکات، هەتا پاکانە بۆ هەموو توندرەویەک و مرۆڤ کوژی گروپە توندڕەو و تیرۆرستەکانیش دەکات.

نوخبەی کوردی لە پێناو ئایدیۆلۆژیەتی تەسکی ئامادەیە مێژوو تەزویر بکات لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، و کورد تاوانبار بکات، مەزڵومیەتی کورد پەردەپۆش بکات و بیانکاتە زاڵم، خاڵی لاوازی کورد بە دیاری بۆ ئاغایانی بنێرێت، و شاری کوردی لە ناسنامەی کوردی دامالێت تا عەرەبێک پێی بلێت بارک الله و فارسێک پێی بلێت ئەهسەنت ئاغا، و تورکێشیش بلێت: عەفارم ئۆغلم! مامۆستا عوسمان دەمیکە برادەرێکی منە و هەردەم جێگای ڕیزی من بووە، و زۆر شتیشی لێ فێربووم لەبواری مێژوودا، بەڵام وەک دەڵێن فلان حبيبنا، و الحق احب الينا منه!

خۆی دەزانێت من موجامەلات نازانم لە گەرمترین کاتی دۆستایەتیم لەگەڵ مامۆستا عوسمان عەلی، ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، کە مامۆستای مێژووە لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕەخنەی خۆمم پێی گوتوە بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕێزەوە، بەڵام بەوپەڕی ڕاشکاویەوەش. هیچ کاتێک ئەو پەیوەندیە نا هاوسەنگیەی ئەو و تورکەکانی ئاک پارتی ئەردۆگانم بە دڵ نەبووە، خۆشی ئەو هەقیقەتە دەزانێت.

لە بیرمە جارێک نامەیەکی پڕ لە ئامۆژگاری نووسیبوو بۆ ئەردۆگان و

عەبدوڵڵا گوڵ کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کورد و دۆزی کورد، کە ئەو کاتە پەیوەندیان لەگەڵ باشوور بە گشتی و پارتیش خراپ بوو، داوای ڕای منی کرد لەسەر نامەکە، منیش وەک کوردێک و برایەکی دینی و لە پرنسیپی الدین نصیحة، دین ئامۆژگاریە، پێیم گووت: ئەو نامەیە ئەگەر ناوی تۆی لەسەر نەبا دەمگووت لە نامەی سەرۆک مستەشارێکی وەک ارشد زیباری دەچێت بۆ سەدام حسێن نووسیبێتی، ئەو نامەیە لە کەسێکەوە نەنووسراوە خەمی دۆز و مافی کوردی هەبێت، بە قەد ئەوەی خەمی باڵادەستی دوژمنی میللەتەکەی بێت لە ژێر هەر پاساوێک و پەردەیەک وبیانوێک بیت! وابزانم ئێستاش نامەکەم لە ئەرشیفێکدا ماوە. ئەوەش هۆکارە زاهیرەکەیە لای کاک ئازاد گەرمیانی لە پاکانەکردن بۆ ئەو هەڵوێستانە، چونکە من هەموو هۆکارەکان نازانم، لەبەر ئەوەیە چونکە حزبە کوردیەکانی باشوور و باکوور سێکیولارن و دژە ئیسلامن، بەڵام دەسەڵاتی تورکیا بۆ نمونە ئیسلامی و هەڵگری پرۆژەیەکی ئیسلامی پەنهانین.
جارێکیتریش کە بابەتێکی لەسەر کەرکوک و پەیوەندی کورد وتورکمان نووسیبوو کە من ئێستاش بابەتەکەیم ماوە، لە عەرەبێک و تورکمانێک بەخشندەتر بوو لە دانهێنان بە وەی کەرکوک پێناسنامەی تورکمانییە یان ناتوانیت بڵێیت کوردیە یان تورکمانی یان عەرەبی، بەڵکو ئەو گومانەی دەخستە پێناسنامەی هەولێریش، وەک توندڕەوترین ئەندامی جەبهەی تورکمانی! منیش وەک سەرنووسەری گۆڤار ئەو بڕگەیەکم لە وتارەکەی بڕی، یەکەم لەبەر سومعەی خۆی، دووەم لەبەر سومعەی گۆڤارەکە و خۆشم وەک سەرنووسەر، بێگومان زۆر توڕە بوو، بەڵام منیش ڕای خۆم پیی گووت، دوایی هەر بە هەمان بڕگەکانی بڵاویکردەوە لە چەند گۆڤار وسایتی عەرەبی، کە مایەی دەستخۆشیەکی زۆری عەرەب و تورکمان بوو وتارەکە! سەیرم لەوە دێت مرۆڤ نزیکەی بۆ دەساڵێک دەبێت گەرابیتەوە کوردستان، هێشتا بجوکترین گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ئەو نەزعەیە ئیسلامییە سەرەتاییە توندئاژۆیانەی لەو پیاوە دایە نەگۆڕیوە، بە هەمان ڕوحیەتی جاران پشتگیری لە ئەردۆگان دەکات، وادیارە وجودیشی لە ناوچەی پارتی و نزیک بوونەوەی لە بازنەکانی پارتی زیاتر هاندەرە بۆ ئەو ئەردۆگانیزمیستەی کە بەڕای من هیچی کەمتر نییە لە ئەردۆگانیستیەکەی شێخ عەلی قەرەداغی، کە وابزانم کار وابڕوات دەبێتە دیاردەیەک لەناو ئیسلامیەکان لە ژێر ناوی عەلی قەرەداغیزم.
ئەو قسانەم بە بۆنەی خوێندنەوە وتارێکی دکتۆر عوسمان عەلی کرد، کە

لەسەر هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەو مانگە نووسیبوی بە ناونیشانی:
ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵبژاردن و کاریگەریەکانی لەسەر کورد ! The possible outcomes of the elections and their effects on Kurds
بەداخەوە لەو وتارە کاک عوسمان هەروەک چاوەڕوان بووم یەک تاقە قسەیەکی خێریش بۆ کورد ناکات، من زۆر وتاری تورکەکان بە ئینگلیزی دەخوێنمەوە، لە هەموو ئاراستەیەکی سیکیولاری و ئیسلامی و نەتەوەیی، بە خودای گەورە تورکەکان زۆر مونسیفتر و عادیلتر بوون لە دابەشکردنی ڕەخنەکان بەسەر ئەردۆگان و پەکەکە، ئەوە باسی وتاری کافرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا هەر ناکەم، چونکە کاک عوسمان پێیوایە ئەوڕوپا و ئەمریکا و ئیسرائیل و عەلمانیە کافرەکان هەمووی دژی ئەردۆگانن و لێی دەترسن وەک لە چەندین وتار و کتێب و کۆمێنتێ وادەڵێت!
بەڵکو هاوڕێکمان بە دوژمنایەتی ئیسلام تۆمەتبار دەکات چونکە ڕەخنەی لە ئەردۆگان گرتووە! من لێدەگەڕێم خۆی قسەکان بکات، تەنها وەریدەگێرمە سەر کوردی و دەقە ئینگلیزیەکەش دەتوانن لە لینکی وتارەکە بچنەوە سەری، لەگەل کۆمێنتێکی خۆم: "بریاری نا عاقلانەی هەدەب بە لە کیسدانی هەلی ئەوەی ببێتە نوێنەرێک لە پرۆسەی ئاشتی، کە لەلایەن ئاک پارتی دەستی پێکرد، ئەویش بە پشتگیری کردنی لە توندوتیژی پ ک ک، بووە هۆی بێ هیوابوونی کورد لە هەدەب، چونکە کورد ئەو پرۆسێسە بە تەنها ڕێگا بۆ بنیاتنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکە دەبینێت."
مامۆستا عوسمان نازانم چۆن تۆمەتی پشتگیری هەدەپ بۆ توندوتیژی پ ک ک وابێ باکانە دەبەخشێتەوە، چونکە ئەگەر وابا ئەردۆگان دەمێک بوو هەدەپی داخستبوو. دووەم سەیرە یەکێک خۆی بە کورد بزانێت لەسەر برین و ناسۆری کۆبانێ باز بدات، کە هەموو جیهان شاهێدی بوو، چۆن ئەردۆگان یارمەتی تیرۆرستانی داعشی دەدا بۆ کوشتنی کورد، چۆن ئەو تەقاندنەوانەی گەنجانی جوانی هەدەپە لە پرسوس و ئامەد و ئەنقەرەت چاوپۆشی لێکرد، کە هەموو جیهان دەزانێت کاری سوڵتانەکەتە!؟
چۆن ئەوە لە بیر دەکات کە هەتا بڕیاری لێدانی داعش لەلایەن ئەردۆگان بۆ لێدانی یەپەگە و پ ک ک بوو، بە شاهێدی هەموو ڕۆژنامە موعتەبەرەکانی جیهان. ئینجا کەی ئەردۆگان ئامادە بووە هەدەپ بکاتە هاوبەش لە دەسەڵات؟! باشە گوتمان هەدەب بریاری بێ عەقڵانەیدا، باشە بۆ ئەردۆگان لەگەل مەهەپ و جەهەپ حکومەتی پێک نەهێنا؟!
خۆ ئەردۆگان هیچی لەوان کەمتر نییە لە تورکچیاتی و ڕەگەزپەرستی!

یان تەنها ڕازیە بە حکومەتێکی تاک ڕەوانەی فول ئاک پارتی؟! لە بەشێکیتردا دەڵێت: «بە پێچەوانەی حکومەتەکانی پێشوو، وتاری ئاک پارتی دەرهەق بە دۆزی کورد لەگەڵ چارەسەری ئەمنیدا نییە بۆ ئەو دۆزە، ئاک پارتی پێی پەسندترە کە مامەڵە لەگەڵ هەقیقەتی کوردی بکات بە هەستی دان پێداهێنانەوە، لەبەر ئەو هۆیانە ئاک پارتی هەوڵیدا چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو دۆزە بدۆزیتەوە. ئەوەش دەکرێت لە تۆماری ئاک پارتی بۆ دەیەی رابردوو ببینرێت. ئەو تۆمارە بەدەنگی بەرز دەڵێت تابۆی کۆن سەبارەت بە بوونی کورد لە تورکیا تێکشکێندرا.“ جاری وەهمێک هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کوردا!

لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧ -١٩٩٣یەک سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایک [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ک ک، بڕیاری ئاگربەستی پ ک ک دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەولی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بلێی دیموکراتی هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانئ ئاشتی ڕەشکوژ کرا.

٢

من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێک بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەک بە دوای یەک سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە. ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایداوە لای کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا!

ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری

کێشـەی کـورد، کەچـی یـەک هەنگاویـش نـە چۆتـە پێـش، بەڵکـو گەڕانەوەیەکـی خێـرا هەیـە بـەرەو خاڵـی سـفر! کـێ فریـو دەخـوات بـە پـڕۆژەی چەواشـەکارانەی ئـەردۆگان جگـە لـە فریوخـواردوە خۆبەخشـەکان نەبێـت؟!
ئینجـا باسـی چاکەکانـی ئـەردۆگان بـەردەوام دەبێـت، کـە کوردسـتانی کردۆتـە دووەم بـازاڕی هەنـاردەی کـەل وپەلەکانـی! نازانـم کـێ زیاتـر سـوود لـە کـێ وەردەگرێـت وکـێ دەبـێ مەمنوونـی کـێ بێـت؟!
لـە دنیـای بزنسـدا فرۆشـیار هەمـوو جـۆرە نازێکـی کڕیـار دەگرێـت، هەتـا هەڵەیـش بـکات، چونکـە دەڵێـن کریـار هـەردەم لەسـەر هەقـە، کەچـی مامۆسـتا عوسـمان هێشـتا ئـەو فرۆشـیارە تورکەمـان بـە چاکـە پـێ دەفرۆشـێتەوە، کـە هەمـوو کاڵای سـاختە وبەسـەرچوویان بەسـەر کوردسـتانی باشـوور سـاغ دەکەنـەوە، هـەر خـۆی دەڵێـت کاتـی خـۆی تورکیـای ئـەردۆگان لـە ترسـی نفوزی ئێرانـی گەمـارۆی لەسـەر کوردسـتان هەڵگـرت! کەوابـوو ئەگـەر ئـەو مامەڵەیـە پڕ قازانجـەی ئـەردۆگان بـە چاکـەش لـە قەڵـەم بدرێـت، ئـەوە لەبـەر ئیسـلامەتی وپیاوەتـی ئـەردۆگان نەبـووە، بەڵکـو لـە ترسـی نفـوزی ئێرانـی بـوە!
دوایـی دەمانترسـێنی بـەوەی کـە لـە ئـاک پارتـی باشـتر بـۆ کـورد نـە هەبـووە و نەدەشـبێت، ئەگـەر بدۆڕێنێـت، گەورەتریـن زیـان بـەر کـورد دەکەوێـت! «ئەگـەر حزبەکـەی ئـەردۆگان نەمێنێـت، ئـەوە کـورد ئـەو ڕێگایـەی هەناردەکردنـی [نەوتـی] لـێ دەگیرێـت، تورکیـاش ئـەو سـەرچاوە داراییـە پـڕ بەهایـەی هەناردەکانـی بازرگانـی دەرەوەی لەدەسـت دەچێـت!“
یانـی باشـە ئەوەنـدەش ئیعتیـراف دەکەیـت کـە تورکیـاش سـەرچاوەی دارایـی هەناردەکانـی بازرگانـی دەرەوەی لەدەسـت دەچێـت، بـەڵام لـە بیـری چـوو بڵـێ، ئـەو هەمـوو نەوتـە هەرزانـەی کوردسـتان و داعشسـتانیشـی لـە دەسـت دەچێـت!
ئینجـا لەسـەر شـێوازی ئەوانـەی هیـچ بەڵگەیەکیـان نییـە دەڵێـت: « ئیجمـاع هەیـە لەنـاو کورددا کـە هەدەپـە ئـەو دەسـەڵاتەی کە دەنگدەرانی کـورد پییان دا بەکاری نەهێنـا بـۆ بەرژەوەنـدی کـورد. دەبوایـە هـەدەپ ئـەو هەلـەی بقۆزتایـەوە بـۆ نیشـاندانی لایەنـی مەدەنـی و دیموکراتـی خەباتـی کـوردی بـۆ تـورک و بـۆ هێـزە خۆرئاواییـەکان، هەروەهـا پەکەکـەش، لەجیاتـی پەنابردنـەوە بـەر تووندوتیـژی و کۆتایـی هێنـان بـە پرۆسـەی ئاشـتی“
جـارێ نازانـم ئـەو ئیجماعـەی لـە کـوێ هێنـاوە مامۆسـتا عوسـمان کـە کـورد هەمـووی وا سـەرکۆنەی هـەدەپ دەکـەن، ئینجـا کـە دەڵێـم بـە ڕوحیەتێکـی تورکتـر لـە تـورک ئـەو وتـارە نووسـراوە بـۆ رازیکردنـی دەسـەڵاتی ئـاک پارتـی و تێرکردنـی غـروری ئـەردۆگان و تورکـی فاشیسـت، هێشـتا کەمـم گووتـوە.

چونکە هەدەپ کە ڕووی دیموکراتی و نزیکی لە لیبڕالیەت نیسان دەدات، هەر ئیسلامیەکانی تورک وکورد دەهۆڵی پشتگیری لە هاوڕەگەزبازی بۆ لێدەدەن، لە کاتێکدا ئەردۆگان بە واقیعی دانی بە مافەکانیان دا هێناوە!
کەباسی پەنابردنەوە بەر توندوتیژی پەکەکە و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، ئەوە کەس هەیە نەزانێت ئەردۆگان لە کۆبانی توندوتیژی بەکاردەهێنا ویارمەتی داعشی دەدا بە سنوور بۆ کردنەوە و بە چەک، بەوەش نەوەستا هەستا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک تەقاندنەوە لەناو لایەنگارانی هەدەپە لە پرسوس و ئەنقەرە و ئامەد و شوێنیتریش، هەر سەرۆک وەزیران داود ئۆغلۆش دانی بەوەدا هێنا کە خۆکوژەکانیش دەناسن بەڵام ناتوانن بیانگرن چونکە زۆر دیموکراتین! بەڵام هەزاران لایەنگر و چالاکوانی هەدەب بگرن کیشەیەک نییە بۆ دیموکراتی، و کەمپینی هەڵبژاردن سوور کەن لە خوێنی لایەنگرانی هەدەپە کێشەیەک نییە بۆ دیموکراتی!
ئاسایە بۆ تورکیک ئەو هەموو خیانەت و دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد نەبینێت، بەڵام بەخوای بۆ کوردێک لە پایزی تەمەن و دکتۆر لە مێژووی کوردیدا نەنگییە و ئەوپەڕی بێ ئاگایی و بێ ویژدانییە خۆی وانیشاندا پیی نازانێت. کە دەڵێم هەتا تورکەکان کە دەنوسن بە ویژدانتر دەنووسن، ئەو دوو بڕگەیەو وتارێکی تورکێک دەخەینە ڕوو، کە لە وتارێکدا هاتووە، کە خودی کاک عوسمان لە وتارەی کۆتەیشنی لێ وەرگرتوە، تا بزانین چۆن نوخبەی کوردی زۆر نادادپەروەرتر و نابابەتیانەترن لە دەستەبژێری میللەتانی سەردەست لە داگیرکەرانی کوردستان، نوسەری وتاری Turkey Is in Serious Trouble، نوسەر Soner Cagaptay دەڵێت:
"لە گەرمەی یاخیبوونی پەکەکە دا لە ١٩٩٠ دەکان، چومە تازیەی ناشتنی کە چەند ئەندامێکی خێزانیک لە ئۆفیسەری ئاسایش کوژرابوون لە شەڕی پ ک ک، خێزانەکە ستایشی ڕۆڵی حوکمەتیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیەکان، و سوپاسی حکومەتیان دەکرد لە ستایشی ڕۆڵی خۆشەویستانیان. لە تەموزەوە ٧٠ پۆلیس و سەربازی تورک کوژراون لەلایەن پ ک ک وە، بەڵام لە زۆربەی حالەتدا ئەو جەنازانە گۆڕاون بۆ دژایەتی ئاک پارتی و خۆیشاندان دژی ئەردۆگان. « لێرەدا دەردەکەوێت هەتا تورکەکانیش ئەردۆگان بە موسەبیبی ئەو ئاشتی تێکچوونە دەزانن!
لە بەشێکی تری وتارەکەدا باسی ستراتیژیەتی فریودەرانەی ئەردۆگان دەدا بۆ لێدانی بە نۆرەی هێزەکانی تورکیا و لیدانی کوردیش لەوەوە دێت کە نۆری هاتووە لێبدرێت: "سەرچاوەی جەمسەرگیری کێشمە کێش هەر ئەردۆگان

خۆیەتی. ئەردۆگان زنجیرەیەک هەڵبژاردنی بردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ وەوە، و عیبادەتی شەخسی بنیات ناوە، وەک جۆرێک لە دەسەڵاتداری موستەزعەف، خۆی وەک قوربانیەک وینا دەکات کە ناچار بووە بە توندی لەو [پیلانگێڕانە بدات] کە دژایەتی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. لەسەر ئەو بنچینەیە توانی بە سەرکەوتوویی و دڕندایەتیەکی سیاسی سوپای سێکیولاری تورک، و بیزنس و لیبڕاڵەکان و جووەکان و دەنگدەرە چەپڕەوەکان و عەلەویەکانیش بکاتە ئامانج، و ئێستاش کورد!

ببینە ئەو تورکە چەند شەفافتر شتەکان دەبینێت، کە تۆ لەو چەند دێرێکت وەرگرتووە، ماقوڵە ئەو ڕەخنانەی ئەویشت نەدیوە؟! هەر وتارەکە خۆی ناونیشانەکەی زەنگێکی ترسناکە: تورکیا لە کێشەیەکی جیدی دایە!

لە کۆمێنتێکتدا دەڵێیت من ڕەخنەم گرتوە لە ئەردۆگان، باشە کاک عوسمان من چ لە ڕەخنەی تۆ بکەم لە ئەردۆگان کە لە ڕووداو و سپێدە وکۆمەڵ دەیگریت بە کوردی، کەچی لەولاوەش بە ئینگلیزی بۆ ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ دەنووسیت و بۆشت دەکەن بە تورکی، تیایدا یەک پارچە ستایشی ئەردۆگان و حزبەکەیتی، وەک مەهدی مونتەزەر نیشانی دەدەیت، و هەموو ڕەخنەکانیشت ئاڕاستەی هەدەپ و پەکەکە دەکەیت؟! تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت ڕەخنەت لە ئەردۆگان هەیە، لەو وتارە هاوسەنگی خۆت بپاراستبا و یەک دوو ڕەخنەت ئاڕاستەی ئەویش کردبا! خۆ تۆ علی قەرەداغی نیت لە کوردستان کوردستانی و لەدەرەوە قەتەریانە بدوێیت؟!

خۆزگە هەر بەبواری مێژوو خەریک دەبوویت خۆت لە سیاسەت و دەستوورناسی و هەندێ دۆزیتری فیکری هەڵنەدەقورتاند تا نەکەویتە ئەو هەڵە کوشندانە. هیوادارم وتارەکەم ببێتە خاڵێک بۆ بەخۆداچوونەوەت، ئاوڕدانەوەیەک لە نەتەوە و میللەتی خۆت، کە دەبێت لە پێش هەموو کەسانیتر بن دوور لەو عەقیدە ساختەیەی ولاء وبراء ی سەلەفی!

٢٠١٥/١١/١٤

سەرچاوەی وتارەکەی:

http://www.dailysabah.com/op-ed/2015/10/30/the-possible-outcomes-of-the-elections-and-their-effects-on-kurds

## ئەو ئەردۆگانیە بناسن،
## عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە!

عوسمان عەلی ناسراو بە ئازاد گەرمیانی، وتارێکی بە عەرەبی بە ناونیشانی: "ترکیا والولایات المتحد ة والحزب الاتحاد الدمقراطی (PYD) الکردی والافاق المستقبلیة" لە سایتی ستاندارد کورد بڵاوکردۆتەوە، بە ڕوحیەتی جەندرمەیەکی بێ ویژدانی تورکی شۆڤێنی نوسراوە، بە یەک وشەش هەتا ئاماژەی بۆ کوژراوە مەدەنیەکانی دەستی شۆڤێنستەکانی خەلیفە خوێن ڕێژەکەی ئەردۆگانی نەکردوە! ئێستا من زیاتر بۆم ڕوونە بۆچی کورد تا ئەمڕۆ وابێ دەوڵەتە و هەر لە ژێر دەستی دوژمنان دایە! ئەگەر دکتۆرە مێژوونووسەکەی، کە دکتۆراکەی لە کەنەدا هێنا بێت وا بێ ویژدان بێت دژی میللەتەکەی و ئەو هەموو کارەساتە مێژووەی بەسەر کورد هاتووە لە ئەنجامی نەزانی و خۆفرۆشی نوخبەی ڕۆشنبیری، وانەیەکی فێرنەکات و بە کەمترین نرخ خۆی بفرۆشێت بە ئەردۆگانی شۆڤێنست، ئەی چی لە جاشێکی نەخوێندەواری دوژمنداری بێ ئاگا بکەین؟!
ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، هەتا ئەمریکاش ئەو قسەیەی بەدرۆخستەوە! دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت!
دەڵێت پەیەدە گەریلا لە کوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا! پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکمان وەک قسەکانی ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!
من لەوتارێکدا بە ناونیشانی:[ نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی!] لە دوو ئەڵقەدا ماهیەتی عوسمان عەلی یم بۆ خوێنەرانی کورد دەرخست و لە بەشێکیدا گوتومە: «قەت باوەڕ ناکەم میللەتێک لەو جیهانە هەبێت نوخبە و دەستەبژێرەکانی بە ڕادەی کورد ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبێت، کاتێک وتاری عەرەبێک یان تورکێک یان فارسێکی شیعی یان سێکیولار دەخوێنیەوە لەسەر دۆزی کورد، ئێمە چاوەڕوانی هەموو تەزویرو بێ ویژدانی و

دارمانێکی ڕەوشتی و بەهایین لێدەکەین، بەڵام بەداخەوە هەندێک نووسینی بەناو کوردانێک دەخوێنینەوە هەست دەکەیت بە ڕوحیەتێکی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە زیاتر لە ڕوحیەتی نەتەوەی سەردەستی تورک یان عەرەب نووسراوە.

بروانە عبدالباري عەتوان چۆن ڕوحی بەرگری و عەرەبچێتی و عروبەت بڵاودەکاتەوە، کە بۆ میدیای بێگانەش قسە دەکات باس لە مەزڵومیەت و بێ دەرەتانی عەرەب دەکات، هەتا پاکانە بۆ هەموو توندرەوی و مرۆڤ کوژیەکی گروپە توندڕەو و تیرۆرستەکانیش دەکات.

نوخبەی کوردی لە پێناو ئایدیۆلۆژیەتی تەسک ئامادەیە مێژوو تەزویر بکات لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، و کورد تاوانبار بکات، مەزڵومیەتی کورد پەردەپۆش بکات و بیانکاتە زاڵم، خاڵی لاوازی کورد بە دیاری بۆ ئاغایانی بنێرێت، و شاری کوردی لە ناسنامەی کوردی داماڵێت تا عەرەبێک پێی بڵێت بارک الله و فارسێک پێی بڵێت ئەهسەنت ئاغا، و تورکێشیش بڵێت: عەفارم ئۆغلم! لە خوارەوە لینکی ئەو وتارە نوییەی ئەو تورکچیە دادەنێم لەگەڵ وتارەکەی من لەسەر ئەو، هیوادارم ئەوەی عەرەبی بزانە بیخوێنێتەوە بزانە عەلی قەرەداغی لەچاو ئەو شێخ سەعیدی پیران نییە!

٢٠١٦/٢/٢٨

# ئەگەر بەڵگە لەسەر خیانەتی مەلای خەتێ نییە خۆ نوسینەکانی هاوڕێکەت لەبەر دەستە!

بەشی یەکەم

خۆزگە خۆت نەدەهاوێشتە ئەو گێژەلۆکەیەی مەلای خەتێ و ئەو شانامەیە دوور ودرێژەی پێویست نەدەکرد، چونکە بەر لە بڵاوکردنەوەی وتارەکەی کاک ئیبراهیم بۆ منی نارد بۆ پێداچوونەوەی، هەر خۆی لە کۆتایی وتارەکەی [من ملا الخطي الى عثمان علي التاريخ يعيد نفسه] نووسیبووی کە ئەو باوەڕی بەوە نییە مەلای خەتێ خیانەتی کردبێت، بەڵام لە نێوەندی فەرهەنگی کوردی وا باوە کە ناوی مەلای خەتێ وەک سیمبۆلیک بۆ خیانەت بەکار هاتووە، بۆیە بەکاری دەهێنم... سەیر لەوەدایە تۆ و کەسانیتریش هاتوون لەو وتارە بەس ناونیشانەکەی دەبینن، بێ ئەوەی بچیتە ناو ناوەرۆکەکەی ببینیت عوسمان عەلی چۆن خۆی هەرزان فرۆش کردوە و چۆن ڕێ وشوێن بۆ تورک وئەردۆگان دادەنێت بۆ زیاتر لێدانی کورد و ناوزڕاندنی کورد و تاوانبارکردنیان بە تیرۆریزم.

ئینجا ئەگەر کاک ئیبراهیم موەفەق نەبوو بێت لە هەڵبژاردنی عینوانی مەقالەکەی، ئەوە عینوانی مەقالەکەی تۆ: [لە سەروەری مەلای خەتێ وە بۆ سەروەری دکتۆر عوسمان عەلی] نەک هەر هەڵەیە بەڵکو خیانەتە لە کورد و لە بابەتخوازی و لایەنگیریکردنێکی ڕووتە بۆ ئیسلامیزمیەکەت.

نمونە زۆرە بۆ نمونە تۆ هیلاک بویت هێندەی بەرگری لە زەواجی عائیشە بە پێغەمبەر بکەیت وبڵێیت لە ٩ساڵی نەبوو، بەڵکو لە ١٨ ساڵی بوو، توێژینەیەکی درێژت وەرگێڕا لەو بارەوە، بەڵام جارێ تۆ و نوسەری ئەو توێژینەوە لەلایەن ئەوانەی ئەهلی سونە و حەدیسن تەحریفچی و چەواشەکار حسێبن، چونکە بەڵگەی حەدیسی بوخاری وموسلیم بە درۆ دەخەنەوە، دووەم دەیانی وەک تۆش بابەتی وای نوسیوە، کەچی هێشتا هەر زانایەکی ئیسلامی دەوی بکاتەوە بڵێت ڕاست نیە عائیشە لە ٩ساڵان زەواجی کردبیت لەگەڵ پێغەمبەر، ئەوە سەدان زانا دەمکووتی دەکەن!

کەوابوو توێژینەوەکەی کە وەرت گێڕاوە لەوانەیە هەر دڵی خۆت و دوو سێ

منداڵە ئیسلامی خۆش کات و هیچیتر، ئێستاش ئومەتی ئیسلامی لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە عائیشە لە ٩ساڵی دراوەتە دەستی پێغەمبەر، و ڕۆژانە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ سی هەزار کچی منداڵ باجی ئەو نامرۆییە دەدات!

باوەڕ ناکەم نە بە قەد من عوسمان عەلیت ناسیبێت، و نە بە قەد من وتوویژت لەگەڵ کردبێت، ڤایرۆسێک هەیە لە ئیسلامیان دەدات، هیوادارم هێشتا لە تۆی نەدابێت، کە بە درێژایی کات دەیانکاتە دژی کورد، بە بیانووی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی، لەوەتی ئەو پیاوە هەیە من سەرنجی ئەوەم لێیداوە، ئامادەبوو کار بۆ ڕژێمی سەدام و جمهوری ئیسلامی ئێران و ئێستاش لەوەتی ئەردۆگان لەسەر حوکمە کاری بۆ دەکات، بە ڕوحیەتیکی کۆیلەی زەلیلی خۆفرۆش، کە دەیانجار رەخنەم لێگرتووە ڕوو بەڕوو کە ئەو کارە عەیبە لە دژی میللەتی خۆت!

نەک هەر هێندە جارێک بابەتێکی نوسیبوو لەسەر کەرکوک، کە خۆشی گوایە کەرکوکیە، تیایدا پێناسنامەی کەرکوکی خستبوە ژێر پرسیارەوە، و حەرفیەن نوسیبووی، کەرکوک ناتوانیت بڵیی شارێکی کوردیە یان تورکمانیە یان عەرەبی! هەتا کە من ئەو برگەیەم لادا پێش بڵاوکردنەوەی لە ئاڵای ئیسلام، زۆر لە من تورە بوو، منیش گووتم تورە بیت یان نا، من ناهێڵم شتی وا بڵاوبێتەوە لە ژێر دەستبەکاری مندا وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە. دوایی بە هەمان عیبارەتە لادراوەکاندا بۆ عێراقیە عەرەبەکانی ناردبوو لە چەندین گۆڤار و شوێن بڵاویکردبوەوە کە کەرکوک کوردی نییە.

کاتی خۆی نامەیەکی بۆ ئەردۆگان و گوڵ نوسیبوو، بەس بڵاوی کەمەوە، باوەڕت بێت دەبێت وەک شەیتانی حەج پەیکەرێکی بۆ بکەن و ئەوەی کورد بێت بەردی تێبگرن! جارێ نامەکە لەبەر دەستم نییە کە دۆزیمەوە بۆتی دەنێرم، ئەو کاتە دەزانیت ئەو سەرورەرییەی بەو پیاوەت داوە تاوانێکی گەورەیە، چونکە تۆ بە یەک وشە ئیدانەی ئەو وتارەت نەکردوە کە تیایدا عوسمان عەلی بە ڕونترین شێوە خۆفرۆشی بۆ ئەردۆگان دەکات.

## گرێی مەلای خەتێ

ئینجا با بیینە سەر گرێ کۆرەی مەلای خەتێ، نازانم جەنابت و هەموو ئیسلامیەکان بۆ هێندە سەخڵەت دەبن بە ناوهێنانی مەلای خەتێ! بێگومان ناهەقتان نییە چونکە ئەو پیاوە لە مێژوودا تۆمەتی خیانەتکردنی لە میری سۆران دراوەتە پاڵ، دیارە خیانەتیش لای ئێوەی ئیسلامی دەبێت زۆر گەورە

بێت! ئەوە بەهایەکی جوانە کە بەو ڕوانگەیە بروانن بۆ خیانەت، بە مەرجێک لە حاڵی ئێستادا مەناعەتتان دژی خیانەتکردن نەگەیشتبێتە چڵە پۆپەی! بەڕای تۆ وەک نووسەرێکی ئیسلامی، شارەزا لە مێژوو خیانەت چییە؟

خیانەت چیە لەوەی زیاتر حەز بە دۆڕاندنی میللەتەکەت بکەیت لە پێناو سۆزانی سیفەتێکی تورکی وەک ئەردۆگان؟! خیانەت چیە لەوەی زیاتر ئەردۆگان بە فریشتە ببینیت، و چاو لە هەموو ڕاپۆرت و وتارەکانی هەتا بە دەستی تورکیش نوسراو بپۆشیت کە ئاماژە بۆ شەڕانگێژی ئەردۆگان دەکەن، لە جیاتی بێیت هەدەپە تاوانبار کەیت و گاڵتە بە دەمیرتاش بکەیت؟!

تۆ کە بە تەوسەوە بە دەمیرتاش دەڵێیت ئۆبامای کوردی، زۆربەی کورد وەک خۆت دەڵێیت متمانەیان بەو پیاوە داوە، و کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانیش خۆشیان دەوێت، ئەوە دژایەتی کورد نییە لەبەرئەوەی ئیسلامی نییە گاڵتەی پی بکەیت؟!

خیانەت لەوەی زیاتر چییە فریو خواردوو بیت بە دوژمنێکی کورد وەک ئەردۆگان، فریو بخۆیت بە ئیسلامەتی ئەو دژی هەموو میللەتەکەت، چونکە بەڕای تۆ حزبێکی نا ئیسلامی چەپرەو خەباتی کورد بەڕێوە دەبات؟!

هەرچەندە هەدەپ لە لیبرالیزمەوە نزیکترە تا لە چەپرەوی، بەڵام گریمان چەپڕەویش بوون، خۆ چەپڕەو بیت و ڕاستگۆ بیت دوور بیت لە ئەندێشەی ئیسلامی سیاسی داعشی، سەدان قات چاکترە لەوەی فریو بخۆیت بە ئیسلامەتیە سۆزانیەکەی ئەردۆگان؟!

خیانەت چیە لەوەی زیاتر تا ئەو ساتەش بەرگری لە پەرێزی پیسی ئەردۆگان بکەیت، کەچی دوو دێرە وتارێک نەنووسیت لەسەر ئەو هەموو دایک و خوشک و برا و منداڵانەمان کە بەدەستی ئەو ئیسلامیە سۆزانیە دەکوژرێن؟!

تۆش بە هەمان لۆژیکی دکتۆر عوسمان لە وتاری The possible out- comes of the elections and their effects on Kurds

کە بۆ تورکەکانی نوسیبوو، دەتەوێ چاکە وفەزڵی ئەردۆگان بە چاوی کورد دادەیەوە و دەڵێیت:

«من نامەوێ ناوەڕۆکی هیچ یەکێک لەو کتابانە باس بکەم ، تەنیا ئەوەندە نەبێت دەمەوێ پرسیارێک لە تاکی کوردی دەرەوەی هەژموونی حیزبی کوردی بکەم : ئایا لە ١٩٢١ەوە هەتا ٢٠٠١ هیچ حیزبێکی عەلمانی لە تورکیا دەرگای لە شوناسی کورد کردەوە؟؟ ئەوەی عەدنان مەندەریس و جەلال بەیار لە پەنجاکان کردیان بە ئینقلابێکی جەندرمە و جەمال وەلامدرایەوە و

گیانی سەدان کەسی وەک عەدنان مەندەریس لە تورک و کورد...هەڵوشی!
لەو هەشتا ساڵە شوناسی کوردی، زمانی کوردی ، دۆزی کوردی ، ئاڵای کورد تەواو قەدەغە و بڤە بوو، چونکە بەپێی دەستووری ئینقلابچیەکانی تورکیا یەک نەتەوە و زمان و ئاڵا هەبوو .»

منیش هەمان وەڵام بۆ تۆ دەنوسم:
[جاری وەهمێک هەیە لای ئیسلامیەکانی کورد بە گشتی کەوا ئەردۆگان پرۆسەی ئاشتی دەست پیکردوە لەگەل کورد! لە ڕاستیدا تورگوت ئۆزال ١٩٢٧ -١٩٩٣یەکەم سەرۆکی تورکیا بوو، لە حزبی نیشتیمانی دایک [ئەنا پارتی] کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دەست پیکرد لە نەوەدەکان، لە پاش یەکەم دانیشتن لەگەڵ پ ک ک، بڕیاری ئاگربەستی پ ک ک دەرچوو ١٩٩٣/٣/٢٠، ئۆزال کە نیوەی کورد بوو، تا سەر ئێسقان حەزی بە چارەسەری ئەو کیشەیە دەکرد و هەوڵی زۆریشی بۆدا، و مرۆڤێکی تا بڵێی دیموکراتی هەقیقی بوو، بە هانای کوردیش هات لە کۆڕەوە گەورەکە، هێندەی نەبرد لە بارودۆخێکی تەم ومژاویدا گیانی لە دەستدا، زۆربە سیاسەتوان و بیرمەندان و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو پیاوە بە دەستی ناحەزانی ئاشتی کوژرا من گومانم نییە ئەگەر تەمەن بواری تورگوت ئۆزالی دابایە، دەمێک بوو کیشەی کورد چارەسەر کرابوو، خەڵکی تورکیش ناچار نەدەبوون متمانەی خۆیان بدەنە دەست ئەردۆگانێک کە تەنها یاری بە کات دەکات و هێزەکانی کۆمەڵگای تورکیا یەک بە دوای یەک سەرکووت دەکات بە نەزعەیەکی ئیسلامی پەنهانی و لە ژێر پەردەیەکی تەنکی دیموکراسیدا، کە هەموو عەورەتی دیکتاتۆریانەی لێوە دیارە.
ئەردۆگان بیرۆکەی ئۆزالی برد، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵیکردەوە، ئەردۆگان کارتی کوردی بەکارهێنا دژی سوپا و دادگای باڵای دەستوری تا توانی ئەوان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام کە ئەوانی لە پەل و پۆ خست، بایدایەوە سەر کورد ولێیدان، ئێستا دەستی لەگەڵ تاریکپەرسترین هێزی جیهان کە داعشە تێکەڵ کردوە لە پێناولێدانی کورد لە سوریا و تورکیا! ئەو پیاوە دەساڵ زیاترە مێشکی کاس کردووین بە باسی چارەسەری کێشەی کورد، کەچی یەک هەنگاویش نە چۆتە پێش، بەڵکو گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بەرەو خاڵی سفر! کێ فریو دەخوات بە پڕۆژەی چەواشەکارانەی ئەردۆگان جگە لە فریوخواردوە خۆبەخشەکان نەبێت؟!.

بەشی دووەم و کۆتایی

تۆ و بەر لە تۆش دکتۆر عوسمان هەمان قسەی کرد لە تاوانبارکردنی هەدەپ لە وتارە ئینگلیزیەکەی کە بۆ میدیای تورکی نووسیبوو ودەڵێت: « ئیجماع هەیە لەناو کورددا کە هەدەپە ئەو دەسەڵاتەی کە دەنگدەرانی کورد پییان دا بەکاری نەهێنا بۆ بەرژەوەندی کورد. دەبوایە هەدەب ئەو هەلەی بقۆزتایەوە بۆ نیشاندانی لایەنی مەدەنی و دیموکراتی خەباتی کوردی بۆ تورک و بۆ هێزە خۆرئاواییەکان، هەروەها پەکەکەش، لەجیاتی پەنابردنەوە بەر تووندوتیژی و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی“
سبحان الله قسەکانتان چەند بەیەک دەچێت چونکە هەڵگری هەمان ڤایرۆسن! کە تۆش دەڵێیت:
«زۆربەی کوردی باکوور هەموو لە چواردەورەی هەدەپە کۆبوونەتەوە،ئەوانیش زۆربە ئۆجەلان بە ڕێبەری خۆیان دەزانن ، ئۆجەلانیش لە شوباتی ١٩٩٩ دیلە لای تورکەکان ، کەواتە دەبوو پرسی هەبوونی کورد و بەردانی ئۆجەلان لە کارە بەراییەکانی هەدەب بوایە , دەمیرتاشی ئۆبامای کوردانی چەپ دەبوو دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردن کاری لە سەر شوناسی کورد و گۆڕینی دەستووری تورکی ...بکردبایە ، بەڵام ئەو ئۆمابایە یەکسەر دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی حوزەیرانی ٢٠١٥ بە زەبر و دیماگۆژی ئەمریکا وتی :» هەدەپ حکومەت لەگەڵ ئاکپارتی پێکناهێنێت!
جارێ نازانم دکتۆر عوسمان ئەو ئیجماعەی لە کوێ هێناوە کە کورد هەمووی وا سەرکۆنەی هەدەپ دەکەن، ئینجا کە دەڵێم بە ڕوحیەتێکی تورکتر لە تورک ئەو وتارەکانی دەنوسێت بۆ رازیکردنی دەسەڵاتی ئاک پارتی و تێرکردنی غروری ئەردۆگان و تورکی فاشیست، هێشتا کەمم گووتوە.
چونکە هەدەپ کە ڕووی دیموکراتی و نزیکی لە لیبڕالیەت نیشان دەدات، هەر ئیسلامیەکانی تورک وکورد دەهۆڵی پشتگیری لە هاوڕەگەزبازی بۆ لێدەدەن، لە کاتێکدا ئەردۆگان بە واقیعی دانی بە مافەکانی هاوڕەگەزبازان دا هێناوە! کەباسی پەنابردنەوە بەر تووندوتیژی پەکەکە و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، ئەوە کەس هەیە نەزانێت کە ئەردۆگان لە دەیەها وتاریدا ناوی پ ک ک ەی بە تیرۆرست هێنا و پرۆسەی فریودەری ئاشتی تێکدا!

لـە کۆبانـی توندوتیـژی بەکارهێنـا ویارمەتـی داعشـی دەدا بـە سـنوور بـۆ کردنـەوە و بـە چـەک، هەتـا ئـەو ساتەش هـەروا دەکات بۆردومانـی عەفریـن و ناوچەکانیتـر دەکات، پێـری سـەدان سەگوسـواری ئیسـلامی داعشـی نـاردە سـەر گـرێ سـپی، بـەوەش نەوەسـتا هەسـتا بـە ئەنجامدانـی زنجیرەیـەک تەقاندنـەوە لەنـاو لایەنگارانـی هەدەپە لـە پرسـوس و ئەنقـەرە و ئامـەد و شـوێنیتریش، هـەر سـەرۆک وەزیـران داود ئۆغلـۆش دانـی بـەوەدا هێنـا کـە خۆکوژەکانیـش دەناسـن بـەڵام ناتوانـن بیانگـرن چونکـە زۆر دیموکراتیـن! بـەڵام هـەزاران پیـرو گەنجـی کـورد بکوژن و هـەزاران لایەنگر و چالاکوانـی هـەدەب بگرن کێشـەیەک نییـە بۆ دیموکراتـی، و کەمپینـی هەڵبـژاردن سـوور کـەن لـە خوێنـی لایەنگرانـی هەدەپـە کێشـەیەک نییـە بـۆ دیموکراتـی!

کەچـی تـۆ و دکتـۆر عوسـمان باسـی دژایەتـی هـەدەپ بـۆ ئاشـتی دەکـەن؟! ئـەو ساویلکەییە لـە تـۆ نەدەوەشـایەوە، بـەس ئـاخ ئایدیۆلۆژیـا مـرۆڤ چـۆن هەڵگێـڕ و وەرگێـڕ دەکات!

ئینجـا پێمخۆشـە وەڵامـی نوسـەرێکی تورکت نیشـان بـدەم کـە شـایەدی دەدات ئـەردۆگان هـۆکاری وەسـتاندنی پرۆسـەی ئاشـتیە و مرۆڤێکـی دیکتاتـۆرە وەک ئێسـتا ناویـان نـاوە بـە قەزافـی تورکیـا لـە نێوەنـدی میدیایـی جیهانـی! نوسـەری وتـاری Turkey Is in Serious Trouble، نوسـەر Soner Cagaptay دەڵێـت:

"لـە گەرمـەی یاخیبوونـی پەکەکـە دا لـە ١٩٩٠ دەکان، چومـە ڕێورەسـمی ناشـتنی چەنـد ئەندامێکـی خێزانـی ئۆفیسـەرێکی ئاسـایش کوژرابـوون لـە شـەڕی پ ک ک، خێزانەکـە ستایشـی ڕۆڵـی حوکمەتیـان دەکـرد لە بەرەنگاربوونـەوەی یاخیەکان، و سوپاسـی حکومەتیـان دەکـرد لـە ستایشـی ڕۆڵـی خۆشـەویستانیان. لـە تەموزەوە ٧٠ پۆلیـس و سـەربازی تـورک کوژراون لەلایـەن پ ک ک وە، بـەڵام لـە زۆربـەی حالەتـدا ئـەو جەنازانـە گـۆڕاون بـۆ دژایەتـی ئـاک پارتـی و خۆیشـاندان دژی ئـەردۆگان. « لێـرەدا دەردەکەوێـت هەتـا تورکەکانیـش ئـەردۆگان بـە موسـەبیبی ئـەو ئاشـتی تێکچوونـە دەزانن!

لـە بەشـێکی تـری وتارەکـەدا باسـی سـتراتیژیەتی فریودەرانـەی ئـەردۆگان دەدا بـۆ لێدانـی بـە نـۆرەی هێزەکانـی تورکیـا و لیدانـی کوردیـش لـەوەوە دێـت کـە نـۆرەی هاتـووە لێبدرێـت:

"سـەرچاوەی جەمسـەرگیری کێشـمە کێـش هـەر ئـەردۆگان خۆیەتـی. ئەردۆگان زنجیرەیـەک هەڵبژاردنـی بردۆتـەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٢ ەوە، و عیبادەتـی شەخسـی

بنیات ناوە، وەک جۆرێک لە دەسەڵاتداری ستەملێکراو، خۆی وەک قوربانیەک وێنا دەکات کە ناچار بووە بە توندی لەو [پیلانگێڕانە بدات] کە دژایەتی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. لەسەر ئەو بنچینەیە توانی بە سەرکەوتوویی و دڕندایەتیەکی سیاسی سوپای سێکیولاری تورک، و بیزنس و لیبڕاڵەکان و جووەکان و دەنگدەرە چەپڕەوەکان و عەلەویەکانیش بکاتە ئامانج، و ئێستاش کورد!

ئاسایە بۆ تورکیک ئەو هەموو خیانەت و دژایەتیەی ئەردۆگان بۆ کورد نەبینێت، بەڵام بەخوای بۆ کوردێکی دکتۆر لە مێژووی کورد و بۆ تۆی شارەزا ونووسەر لە مێژووی کورددا زۆر نەنگییە و ئەوپەڕی بێ ئاگایی و بێ ویژدانییە تۆمەتباری قوربانی بکەن و ستایشی جەلاد بکەن!

سەیرم بەوەش دێت کە دەڵێیت: «هیچ کەسێک چاوەڕێ ناکات ئەردۆگان وەک کوردێک و موسلمانێکی عەقیدەیی بیربکاتەوە. ئەو ئیسلامیەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکات ئیسلامیەکەی مێژووییە ، نەک عەقیدەیی، بەڵام هەر ئەو حیزبەکەی بوو چۆکی بە عەلمانیەتی عەسکەری تورکیا دادا . ئەو دەرگاکردنەوەی ئەردۆگان لە کورد دەبوو حیزبی کوردی باکوور تەواو پاڵپشتی بکردبایە ، چونکە ٨٠ ساڵە کورد لە شوناس و مافی دەستوری و سەرکردەکەی دوورە، بەداخەوە باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و رۆژئاوا خەریکی دروستکردنی قەڵەمڕەوی ئایدیۆلۆژی ئیکسپایەر بوو.

ئەو ئەمریکا و رووسیایەی هەردەم خەون بە لەناوبردنی « ئیسلامی کەمانجەژەن»یشە ، جا باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و رۆژئاوا بوونەتە ئامێرێک بە دەست دژەکانی ئەردۆگان!!»

جارێ ئەگەر ئیسلامی مێژوویی ئیسلامی ئەردۆگانە، ئەدی بۆ ئیسلامی ئایدیۆلۆژی وەک ئێوە و دکتۆر عوسمان و قەرەداغی و قەڕەزاوی و هەموو جیهادی و ئیخوانی دنیا هێندە پەرۆشی ئەردۆگانن؟! لەوەش نەتپێکاوە چونکە ئەردۆگان بە فێڵ ئەو ڕووە ئیسلامیە مێژووییە نیشان دەدات، دەنا تا سەرئێسقان ئیسلامی و ئیخوانییە، خەریکە تورکیا لە وڵاتێکی سێکیولار دەکاتە سەڵتەنەتی نیو عوسمانی، بۆتە قیبلەی ئیسلامی و داعشیەکان!

ئەو چۆک بە عەسکەر دادانەشی هەر لە فێڵەوە بۆی چوە سەر، چونکە بەناوی دیموکراتیەت وباوەڕ بە سێکیولاریزم هاتە ناو گەمەی سیاسی، و بە نۆرە هەموو هێزە سێکیولاریەکان و دام ودەزگاکانی دەستبەسەر کرد تا گەیشت بە کورد! ئینجا دەرگای چی لە کورد کردەوە؟!

زەلامێک بەو هەموو ماوەیە نەتوانێت هەنگاوێک بهاوێژێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد سەرەڕای پاڵپشتی پ ک ک بە ڕاگرتنی هەموو چالاکیەکی و سەرەڕای پاڵپشتی دەنگدەری کورد بە ملیۆنەها بۆ ئەو مونافیقە، دەتەوێ تاکەی کورد خۆی فریودات بە پاڵپشتیکردنی؟!

ئەردۆگانێک سەدان ڕێکەوتنی سەربازی و ئابووری هەیە لەگەڵ ئیسرائیل و گەورەترین هاوپەیمانی ناتۆ و ئەمریکا، هێشتا تۆ دەڵێیت: «جا باڵەکانی پەکەکە لە باکوور و ڕۆژئاوا بوونەتە ئامێرێک بە دەست دژەکانی ئەردۆگان!!» کورد لە ڕۆژئاوا بەرگری لە وجودی خۆی دەکات، ئەردۆگان هێزەکی دەرەکییە شەڕیان پێ دەفرۆشێت ودەیەوێت داعش ونوسرە ناوچە کوردیەکان داگیرکەن، کەوابوو کوا عەقڵ و لۆژیک لەو تەرحە؟!

پێکەنینم بەو قسانە هات: «هەندێ قەڵەمدار نایانەوێ ئێمەی کورد بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێین ، بەڵکو هەر بەرەو پاشەوە بگەڕێینەوە ناهەقیان نییە ئەوان تەڵقیندراون ، نەک ئاکتیڤ ، ئەگینا لە نێو کورددا کەم مێژوونووسی وەک دکتۆر عوسمان هەن ...ئاخر دکتۆر عوسمان چ بکا پەیەدە قەبووڵی سوپای بەشار لە قامیشلۆ بکات ، بەڵام قەبووڵی هێزێکی کوردی نەکات ! من دژی پەیوەندی پەیەدە و بەشار نیم ، چونکە موعارەزەی سوری لە بەشار شەریفتر نین ، ئەوانیش باوەڕیان بە مافی کورد لە سوریا نییە!»

پێمناڵێیت کێ داوای چونە پاسەوەی کردوە، ئەوەی دەیەوێت کورد تەسلیمی ئەردۆگانی ئیسلامی داعشی بێت کە هیچ ئاسۆیەکی لە ئاییندەشدا لێ چاوەڕێ ناکرێت، هەموو جیهان لێی پەستە چونکە عەڕابی داعیشە، یان ئەوانەی پشتگیری خەباتی کورد دەکەن بۆ سەربەخۆیی؟! ستایشی عوسمان عەلی دەکەیت وەک مێژوو نووسێک، ئەوە هیچ نرخێکی زانستی نییە، چونکە تۆ بە پاڵنەری ئیسلامی عەقیدەیی ئەو قسە دەکەیت، و لە بواری مێژووشدا خولیاکاریت زیاتر لەوەی پڕۆفێشناڵ بیت! لەبەرنەبوونی ڕەخنەی جیدی و ڕەخنە بەگشتی کەسانیک لیمان دەبنە ئەو لوتکەیە. دەبا دوو سێ تایبەتکار لە مێژوو هەبا بە چاوێکی ڕەخنەیی نوسینەکانی هەڵبژاردبا بزانە دەتوانی وا ستایشی بکەیت! خەڵک هەیە پازدە بیست کتێبی لە بازاڕە هێشتا ڕەخنەگرێک نییە دووانیانی بۆ هەڵسەنگێنێت!

سەیرە هەمان قسەی پارتی و پرۆکسی ئەردۆگان، عوسمان عەلی دوبارە دەکەیتەوە: « ئاخر دکتۆر عوسمان چ بکا پەیەدە قەبووڵی سوپای بەشار لە قامیشلۆ بکات ، بەڵام قەبووڵی هێزێکی کوردی نەکات !» پەیەدە هەر دوێنێ

گەورەترین پێکدادانی کرد لەگەڵ سوپای ئەسەد، ئەمریکا بەدەمی خۆی شایەدی دووری پەیەدەی دا لە بوونی هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ بەشار ئەسەد، هەرچەندە من ئێستا دەڵێم بەشار ئەسەد لە داعش ونوسرە و جیش الحر و جیش الاسلام وباقی پۆخڵەواتەکانیتر باشترە. پەیەدە کام هێزی کوردی قبوڵ نەکردوە؟! ئەوەی پارتی بە ئیعازی ئەردۆگان دروستی کردوون؟! دەک دەستیان خۆس بێت کە ناهێڵن هێزێکی سەگوسواری ئەردۆگان هەبن لەو مەیدانەدا.

ئێوە تا سەر ئیسقان بەرگری لە پەرێز پاکی مەلای خەتێ دەکەن، بەڵام بەخوا مەلای خەتێ ئەو تاوانەشی کردبا هێشتا ناگاتە بە تاوانی کەسانێکی شارەزا بە مێژووی تورک و کورد، کە لەوەتی هەن تورک ستەم لە کورد دەکات، کەچی هێشتا لەبەر ئیسلامەتیەکی ڕووکەشی ساختەچیانە پشتی برایانی میللەتی خۆیان دەدەن لە عەرز و پشتی سۆزانیە سیاسیەکانی وەک ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ دەگرن! ئێوە نکولی لە خیانەتێکی تەنها دەکەن بۆ مەلای خەتێ، کەچی پێتان ئاساییە ڕۆژانە خیانەتێکی وەک ئەو بکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم لە بیرمە زۆر سەرسام بووم بە کوردپەروەری تۆ، پێش ئەوەی تووشی پەتای ئیسلامی سیاسی بیت، قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک بگەیت بەو ئاستە پەسندی ئەردۆگان بدەیت بەسەر بە شەرەفترین و ئازاترین کوردا، بەڵام کە ڕۆژێک ئەگەر بەبیرت بێت پێت گووتم من زۆرم پێ خۆش بوو ئۆجەلان گیرا و ڕیسوا بوو، هەستم کرد پەتایەکە لە تۆشی داوە، هیوادارم بە خۆت دابچیتەوە دوای کەسانێک مەکەوە لەسەد ئاوی خیانەتیانداوە تا ئێستا بێ ئەوەی تەڕ ببن!

https://www.facebook.com/salam.bakir/posts/1256413524388688?comment_id=1257040767659297&notif_t=feed_comment_reply

٢٠١٦/٢/٢٩

# سوارەکانی حەمیدیە زۆر شەڕافەتمەندتر بوون لە ئەردۆگانیەکان!

ئەو بابەتە لەو نوسینانەوە ئیلهامی وەرگرتوە، کە بەراورد دەکەن لە نێوان سوارەکانی حەمیدیەی دوێنێ و ئەردۆگانیەکانی ئەمڕۆ. ڕاستە لە چەند ڕویکەوە لێکچوون هەیە لە نێوانیان، بەڵام بەڕای من ئەردۆگانیەکان لە بەراوردا بە سوارەی حەمیدیە، کە لە دوو سەردەم و دوو هەل ومەرجی جیا و دوو ئاستی فەرهەنگی جیا و دوو جیهانی تەکنۆلۆژی جیا ژیاون، ئامرازی وریایی وتێگەیشتن و هەواڵ بیستن ودیتن لەو سەردەمە ئەرز وئاسمانی جیایە، لە سەردەمی سوارەی حەمیدیە، ئەو ئاستە فەرهەنگیەی ئەردۆگانیەکان تێیدان سەد پلەی لە سەرووی ئەو ئاستە فەرهەنگیەی کۆمەڵگای سوارەی حەمیدیە. کەوابوو ئەردۆگانی و سوارەی حەمیدی لە دوو کۆمەڵگای جیا و لە دوو ئاستی جیا، و دوو هەل ومەرجی جیا، و دوو ڕوئیای جیادان. بۆیە ستەم لە سوارەکانی حەمیدیە دەکەین کە لایەنگری سوڵتانی فریودەربن بە دین، چونکە سەردەمەکە سەردەمی فیکری دینی بوو، هێشتا فیکری نەتەوەیی چەکەرەی نەکردبوو.

هێشتا خەڵکەکە سەرچاوەی هەواڵیان دەمی مەلا ومزگەوت بوو، نە ڕۆژنامەیەک ونە ڕادیۆیەک نەبوو ئاگاداریان کاتەوە لەوەی ڕوو دەدات لە دەوروبەریان! ئەردۆگانیەکان لەناو جەرگەی تەقینەوەی شۆڕشی ئینفۆمیدیاییین، شەڕەکانیان و خۆفرۆشیەکانیان لەسەر فەیسبوک وتویتەر و میدیا دەکەن! ئاگادارن بە هەموو دوژمنایەتیەکی ئەردۆگان دژی نەتەوەکەیان، بە هەموو کۆمەڵکوژیەکی سوڵتان ئەردۆگان دژی کورد، لە کۆبانێ و پرسوس و ئەنقەرە و دەیان شوێنیتر، بەڵام بە هوشیاریەوە جاشایەتی بۆ دەکەن، بە پاڵنەرێکی عەقیدی ساختە، کە لەسەر کێ بهێتە جێبەجێ کردن لەسەر ئەردۆگان نایەتە جیبەجێ! ئەردۆگان ئیسلامی سیاسی ئیخوانی پۆرشی دەکات و تاس ولووسی دەکات، دەنا ئەو پیاوە بەس کۆدێکی نهێنی دەیبەستێتەوە بە تیرۆرستان و ئیسلامی سیاسی بە گشتی. هیچ یاسایەکی شەریعەت لە وڵاتی ئەردۆگان جێبەجێ ناکرێت، وڵاتێکە پراوپڕە لە تیاترۆخانە و سۆزانیخانەی ئاشکرا و نهێنی و مەیخانەی سەرجادەکانی سیاحەت، و سەرەڕای گەورەترین ڕێژەی

هاوڕەگەزبازانی دنیا لەو وڵاتە هەن، بە هەموو دەزگایەکی ئاشکرایەوە! کەوابوو شەریعەت لە دەوڵەتی ئەردۆگان لە کوێیە؟!
ئەردۆگانیەکان لە سەردەمێک بەرگری لە سوڵتانە ساختەچیەکەیان دەکەن، کە هەموو نەتەوەکانی دەوروبەر خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی خۆیانن، بە ئاشکراش ئەو مافە بە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کورد بە ڕەوا نابینن! لە کاتێکدا بەرگری لەو تورکە ساختەچیە دەکەن، کە زۆربەی زۆری میللەتی تورک تەنها لەگەل بیستنی وسەی کوردستان و کورد هیستریای شێتی مانگا دەیانگرێت. ئەزموونێکی زانستی هەیە من زۆرجار ئەنجام داوە، وەرە لەبەردەم تورکێکی باش بڵێ کوردستان، ببینە دەموچاوی چی لێ دێت، چۆن نارەحەتی لەسەر ڕوخساری خۆی دەنوێنێت!
سوارەکانی حەمیدیە لە زەمەنی دواترین بەناو خیلافەتی ئیسلامی دەژیان، و بەرگریان لە وڵاتێک دەکرد تا ئەو ساتانەش هێمایەک بوو بۆ موسڵمانانی هەموو جیهان، شەریعەت پیادە دەکرا بە نیوەچڵیش بێت، خەلیفە خاوەنداریێتی لە موسڵمانان دەکرد، ئەگەر بە قسەش بیت، خەڵکەکە لە سۆزی دینی بەولاوە هیچیتریان نەدەزانی.
بۆیە بەڕای من سوارەکانی حەمیدیە بەو هەل ومەرجانەوە زۆر لەوانە شەرافەتمەندتر بوون، کە لەو سەردەمەی شۆرشی میدیا و ئینتەرنێتە هێشتا دوای قەزەمێکی وەک ئەردۆگان دەکەون بەو هەموو دەستی دەستی پێکرنەی بە کورد، بەو هەموو تاوانانەی ئەنجامی دەدات لە دژی کورد و دیموکراتیەت بە گشتی. سوارەکانی حەمیدیە نە ڕۆژنامەیەک و نە تەلەفزیۆن و هەتا ڕادیۆشیان نەبوو.
زۆربەشیان عەشایەر ونەخوێندەوار بوون و تەژی بوون لە گیانی دینی دەمارگیر بە کاردانەوەی هێزە ئەوروپیە مەسیحیەکان و نێردە تەنشیریەکان، بەپێی سەردەم و هەل ومەرجەکە. بۆیە دەڵێم سوارەکانی حەمیدیەی دوێنێ زۆر باشتر وپاکترن لە بەراوردا بە ئەردۆگانیەکانی ئەمڕۆ.

٢٠١٥/١١/١

# چەواشەکاریەکانی عەلی قەرەداغی ئیخوان

١- لێکچوونی عەلی قەرەداغی و میر تەحسینی ئێزیدیان!!!
ئەمڕۆ ڤیدیویەکی میر تەحسین بەگی یەزیدیمان لە فێیس بووک بڵاوکردەوە کە لای کەنالە عەرەبیەکان دەڵێت ئێزیدی کورد نین، هەر لە کومێنتەکاندا کاک جوتیار ڤیدیۆیەکی داناوە هەمان میر تەحسینی یەزیدی دەڵێت ئێمە کوردین خو نکوڵی لە کوردبوونی خومان ناکەین!
وا دەزانێت ئێمە عارەبی نازانین!؟؟ شێخ عەلی قەرەداغی یش کە ئەمینداری گشتی یەکیتی زانایانی ئیسلامیە، کە لە کۆر وکوبونەوەکان، ئەوە هیچ یەک ئەسەری کوردبوونی پیوە دیار نییە، نە بە عەبا کەش وفشە خەلیجیەکانی، نە لە بەیانات و دروشم و بڕیارەکانی یەکێتیەکەی، کە هیچ کاریگەریەکی سەرۆکە کوردەکەی پیوە دیار نییە. لە دوا کوبوونەوەی یەکێتیەکە لە بەیاننامەی کۆتاییان باسی روداوی کوشتنی چەند سونەیەکی عەرەبیان کردبوو لە مزگەوتیکی سونە، بەلام باسی ئەو هیرشە دڕندانە گەورەیەی داعش نەکرابوو بۆ سەر کوردستان وەک بلێی روداوی مزگەوتەکە گەورەتر بێت لە شەڕێکی هەزار کیلومەتری سنوردا!!!!
من خۆم لە یەکیک لە کونگرەی ئیسلامیانی عەرەب و کورد بەشداربووم دەمدیت قەرەداغی چەندە انبطاحی و لەسەر چوک کەوتوو بوو بو قیاداتی ئیخوانی میسری و سوری وعیراقی!!!
کەچی کاتێ علی قەرەداغی دەگەڕێتەوە کوردستان، هەر لەناو فڕۆکەکەی جلە کوردیە رەسەنەکانی لەبەر دەکات و کۆنگرە وکۆڕ و سیمنارمان بۆ دەبەستێت، شای کوردایەتی یش بە سەپانی خۆی نازانیت!!! ئەویش وەک میر تەحسین وادەزانیت کورد عربی نازانن!! ئەو کوردایەتیە لە کۆڕ وکوبونەوە کانی یەکیتی زانایانی قطر و قرضاوي بکە، ئێمە بە شەهید دانانی پیشمەرگەیی تۆمان لە کوردستان بۆچیە، لە کاتێکدا دنیای ئیسلام بە کافرمان دەزانیت لەبەر شەرکردن لەگەڵ داعش؟!! ئێمە لە جیاتی کوردستان دەمانەوێت لە دۆحە و ئەستەمبوڵ بە یەک وشەش بێت، ستایشی ڕۆلی شەرعی قارەمانانەی پیشمەرگە بکەن، هەرنەبێت خەلکی گەلحۆی جیهانی ئیسلام بە کافرمان نەزانن!!! ئێمە کوردایەتی تۆمان بۆ چییە لە هەولێر وسلێمانی وکەناڵە کوردیەکان کە وەک ئاو فرۆشتنە لە کۆلانی ئاوفرۆشان؟!!!

٢- پەرۆشی قوربانیانی خەڵک و خەمساردی قوربانیانی کورد!
یەکێکی تر لە چەواشەکاریەکانی شێخ علی قەرەداغی، ئەوەیە دەبێت بەردەوام بەبیری بهێنیتەوە کە کوردە و دەبێت هەڵوێستی چۆن دەردەبڕێت بەرامبەر مزگەوتێکی بچوک لە کوێت، و ڕووداوێکی بچوک لە تونس، هەر نەبێ بەقەد مزگەوتە بچووکەکەی کوێت بایەخ و گرنگی بدە بە کۆبانێ، کە لەبەر چاوی ئەودا لە هەمان ساتی نووسینیدا هێرشی وەحشیگەری لەسەری بوو!
دێت بە پەلە کۆمێنتی کورت و پڕ مانا و سۆزداری و پشتگیری دەنووسێت بۆ کوێت و غەزە و تونس و تورکیا هەرچیەک ڕوو بدات، بەڵام کە بە بیری دەهێنینەوە بۆ لەسەر کۆبانێ قسە ناکەیت، کابرا دەڵێت: کۆبانێ پێویستی بە بەیاننامەیەکی توند هەیە و لە چاوەڕێی یاساناسەکانی خۆمانین، تا پێیدابچنەوە و بینێرین بۆ لایەنە نێو دەوڵەتیەکان ومافپەروەر و مرۆڤ پەروەرەکان!»
باشە یا شێخ نەدەکرا دوو ڕستەشت بۆ کۆبانێ نووسیبا تا ئەو پێداچوونەوەیە دەکرا؟! یان ئەوە بیانووی پاکانە کردنە بۆ بێ دەنگیەکەت و فەرامۆشکردنت بۆ برینی خوێن لێ چۆڕاوی کۆبانێ؟!
لەسەر پۆستێک کە چەند وێنەی قوربانیانی کۆچکردنی بەسەرەوەیە نووسیویەتی:
«هێشتا دەریا لاشەی مندالانی بێ گوناح دەردەدات،کە ڕایان کردوە لە بەرمیلە باڕووتی بەشار، بە هیوای ژیانێکی باشتر بەڵام لەسەر کەناری ملشۆڕی عەرەبی مردن!!"
قەرەداغی وەک ئیخوانیەک وحزبیەک، وشەکانی بە تەرازووی ورد دادەنێت، ئەوە هیچ باسی منداڵە کوردەکە ناکات، کە هەموو دنیای هەژاند، هەتا گۆرانیبێژێکی ناوداری جیهانی وەک شاکیرا گۆرانی بەسەر ئەو منداڵە گووت و لەناو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئالان کوردی ناوی هێنا. کەچی قەرەداغی ناوێرێت ناویشی بهێنێت نەوەک بە کوردێنی بۆی حیساب بکەن! دوایی داعش و ئەردۆگان فەرامۆش دەکات وەک هۆیەکی سەرەکی کۆچی سەدان هەزار کۆچبەر. دەبینن چەند خاتری داعش و ئەردۆگان ی دەوێت؟!
ئەو پیاوە وەک هینەکەی بافلۆف دەبێت بەبیری بهێنیەوە کە کوردە، وەک دیتان بەر لە ماوەیەک پۆستێکی کردبوو بۆ تەقاندنەوەی مزگەوتێکی کوێت لە و ڕۆژانەی کە داعش دزەیان کردە ناو کۆبانێ دوو سەد کەسێکیان کوشت، کە ڕەخنەمان لێگرت یەکسەر پۆستەکەی دەستکاری کرد و بەبیری هاتەوە کوردە. بەخوا نەوشێروان ئەگەر لە حەیاتی کارێکی باشی نەکردبێت

لەوە باشی کرد کە پێشوازی لێ نەکرد و ئیهمالی کرد.
عەلی قەرەداغی کۆمێنتە عەرەبیەکەی منی لەسەر ئەو پۆستەی لاداوە!! دەستی کردوە بە چەواشەکاری و پۆستە کۆنەکەی دەستکاری کردوە و وشەی کۆبانێ ی تێخزاندوە بە ناچاری! بەڕاستی شورەییە ناچاری و هەڵمەتی فەیسبوک کوردبوونی خۆمان بیربهێنێتەوە!!! ناڵێت لە خەویشما کۆبانێم بیرنەبوە، بە کوردی وعەرەبی بیانوو دەهێنێتەوە گوایە کارەساتی کۆبانێ پێویستی بە بەیانێکی توند هەیە و نێردراوە بۆ لای ئەهلی قانونەکان. بۆپێداچوونەوەی!!! یانی سێ ڕۆژە نەتوانیت پۆستێکی بیست وشەیی بنوسیت بۆ ئیدانەکردنی کۆمەڵکوژیەکەی کۆبانێ؟!!
ئەوە لە بیانووی هین دەچێت. باشە خۆ دەتوانی کاتێ شیننامەت بۆ کوێت و تونس نووسی، کۆبانێ یشی تێکەیت هەر ڕازیبووین، هەرچەندە ئەوەی لە کۆبانێ ڕوویدا شایەنی چەندین پۆستە، بۆ ناساندنی مەزلۆمیەتی کورد بە دەستی ئەو جا نەوەرە داعشانە. لە بیرت نەچێت بۆ لایەنی پێداچوونەوەی زمانەوانیشی بنێریت، چونکە وشەی [حتی] بە [حتة] نوسراوە و ستحول بە سوتحول نووسراوە!!! ئینشاڵڵا پەیجێکت بۆ دەکەین خۆ بە خشانە هەموو ئەو شتانەی بە کوردی دەیڵێت وپێت شەرمە بە عەرەبی بیڵێیت بۆتی تەرجمە دەکەین، تا برا عەرەبەکان بزانن بە کوردی چۆن تاوان دەکەیت کاتێ هاوسۆزی بۆ نەتەوەکەت دەردەبڕیت.[١١]

٣- خۆفرۆشەکەش بە دەنگ هات
قەرەداغی پشتگیری داگیرکردنی تورکیا دەکات بۆ داگیرکردنی جەرابلوس !
ئێستا دەزانم ئەو عەرەب و تورکانە چەند زیرەک بوون کە کوردێکی وا لە رزۆک و بێ کەسایەتیان هەڵبژاردوە بۆ پایەکی دینی وا قەبە.
ئێستا لە جیاتی موفتیەکی عەرەب یان تورک دژی کورد بدوێت، کوردێک دەدوێت و فەتوایان بۆ دەدات.
ئەخر هەی سوکی خۆفرۆش ئەردۆگان خۆی دەڵێت ئامانج لەو دەستێوەردانە کورد و داعشە! هەرچەندە خۆشی داعشە. تۆ بۆ دەڵێی ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنە دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاوە بۆ ڕێگرتن لە هاتوچۆی تیرۆرستان و ڕێگایەک بۆ پەناهەندان!
٢٠١٦/٨/٢٤

١١ سەرنج: لە کاتی ئامادەکردنی ئەو کتێبە، زۆر گەڕام بە دوای ئەو بەیاننامە شدید اللهجەیەی کە قەرەداغی باسی دەکات، بۆم دەرکەوت، کە تا ئێستاش دەری نەکردوە!

# قەرەداغی پیاوی ئیخوانی جیهانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات!

ئەخر بۆیە مرۆڤ ناتوانیت باوەر بە ئاشتیخوازی ئەو ئیخوانە بکات، دەبێت هەردەم چاوەڕێی توندوتیژی لیبکەیت لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا! ئێمە وا پێشبینیمان دەکرد ئیخوان داوا لە ڕاپەڕینی چەقۆوەشانی فەلەستین بکات بەو شێوەیە نامرۆییە پڕ نەدەنە پیر و منداڵ وژن و مەدەنی لەسەر شەقامەکان.
چونکە ئەوەی ئەو عەرەبە فەلەستینیانە دەیکەن هەر چی بێت نەخەباتە و نە جیهاد، تەنها تیرۆرێکی رووتی نائینسانیە، لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەموو جۆرە هاوسۆزیەک و تەعاتوفێکی جیهانیش لەگەڵ دۆزی فەلەستین.
کەچی مەلا زۆر کوردەکە بە پۆشاکیکی عەرەبی فەتوای سەربڕینی مەزن دەدات!
کێشەکە ئەوەیە هاندان دژی جوو و ئیسرائیل باجی لەسەر نییە، دەبا ئیسرائیل یەک تۆز حیساب بۆ ئەو لێدوانە ترسنۆک و پڕ کەراهەتیانە بکات، بزانە ئەو مەلا عەلییە چۆن دەتۆقێت لە ترساندا!
چی دەمێنێتەوە بۆ میانرەوی؟! من تێناگەم ئەو پیاوە بۆ باسی بایەخ وگرنگی و پیرۆزی ئامەد ناکات و بۆ باسی قوربانیدان ناکات بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا!؟
ئەوەیە ئەو جۆرە ئیسلامەی لە خزمەتی عروبەتدایە. دەبێت جلی ئەوان لەبەر کەیت و سەروریش وهەیئەتی ئەوان هەڵگریت، بەزمانی ئەوان بدوێیت و خاکە پیرۆزەکانی ئەوان تەقدیس بکەیت، ومنداڵت هاندەی فێری زمانی ئەوان بن، وخەمت کێشەکانی ئەوان بێت بە پلە یەک، تا ببیتە موسڵمانێکی مەقبول وباش! ئیسلامیبوون وەک ئاوی ناو جۆگەیەکە لە هەورازدا هەر دەبێت بەرەو لیژایی بەناو ڕەوگەی عروبەت دابەزێت!

٢٠١٥/١٠/١٩

بەشی حەوتەم

# تورکەکان لەسەر تورك و ئەردۆگان چی دەڵێن؟!

# ئەو پیاوە زۆر زوو پێشبینی دیکتاتۆریەتی ئەردۆگانی کرد!

محمد علی بیراند زەنگی مەترسی ئاک پارتی زوو لێدا! ئەوەتە پێشبینیەکانی هەمووی بە زیادەوەش هاتە دی. ئەمڕۆ ئەردۆگان دوا قۆناغی دیکتاتۆریەتی خۆی لە ڕاپرسی سیستمی سەرۆکایەتی دەهێنێتە دی، دوای لەناوبردنی هەموو بەربەستەکان.
نوسەری تورکی بەناوبانگ، خوا لێ خۆش بوو، محمد علی بیراند، لە ٢٠٠٨ بەو شێوەیە دوا سەبارەت بە ئەردۆگان وحزبەکەی، لە وتارێکیدا بە ناوی: ( ئامادە بن بۆ تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو) "Get ready for a completely transformed Turkey " کە لە 12/2/2008 لە ڕۆژنامەی Turkish Daily News بڵاوی کردۆتەوە تێیدا ترس ودڵەڕاوکێی نێوەندی سیاسی ودەزگای سەربازی تورکیا دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئەو دوایەی حزبی (AKP)... چونکە ڕێژەی 46.6% دەنگدەرانی ئەو بوێریەی بەو پارتە بەخشی ولە هەمان کاتدا ترسی خستە دڵی نەیارانی...
بە پاڵنەری ئەو ڕێژەیە وبە پاڵپشتی حزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی (توندڕەو) MHP، حزبی (AKP) داری خستە نێو شانەی زەردەواڵە، کاتێ بە هۆشیاریەوە دەستی کرد بە ئەنجامدانی گۆڕان لە نێو ئەو دامەزراوانەی کە تورکیا بەڕێوە دەبەن، ئەویش لە ڕێگای دامەزراندنی ئەو فەرمانبەر وکارمەندانەی هەڵگری هەمان بیروڕای خۆیانن لە پۆستە ئیداریە گرنگەکان.
" "گۆڕان بەرکارە لە دادگای دەستوری ولە بۆردی خوێندنی باڵا Board Higher Education YÖK)) وسەرۆک وڕاگری زانکۆکانیش دەگۆڕدرێن، هیچی تر زمانەی ئەمان لە شوێنی خۆیدا نەماوە. ئەو گۆڕانانە تەنها لە سنوری کارمەندەکان ناوەستێ، بەڵکو عەقلیەتێکی نوێ A new mentality هاتۆتە نێو بواری خوێندن و پەروەردەوە...» لەڕووی مالیەوەش وەک بەزمەکەی دوو حزبەکەی خۆمان، دەڵێت:
"پارە دەستاو دەست دەکات. ئەندامانی حزبی AKP بە بەردەوامی دەوڵەمەند دەبن. ئێستا لە هەموو شوێنێکن وهەموو تەندەرەکان (موقاوەلاتەکان) دەبەنەوە...هەروەها کارمەندانی کاروباری دراویش گۆڕاون، ولە بانکی سێنتراڵەوە دەستیان پێکردوە» دەربارەی میدیای حزبیشەوە دەڵێت: «

هەروەها میدیای AKP بەردەوام لە گەشەسەندنە، لە کاتێکدا میدیای عەلمانیەکان (سێکیولارەکان) گەشەی کەمتر بەخۆوە دەبینن. میدیای ئاینی لە بڵاوبونەوە وپەرەسەندن دایە.» «لە کۆتاییدا حزبی AKP کاریگەریەکی زۆرتر دەکاتە سەر ژیانمان لە ڕێگای فەرمانڕەوایی شارەوانیەکان.
جلی تایبەتیان [قەمسەلەی ئەفغانی بۆ نمونە]، وشێوازی قسەکردنیان [پڕی دوعا و زاراوەی دینیە!]، وبۆن وبەرامەیان [عەتری سعودی عەرەبیە ناخۆشەکان!] هەموو دام ودەزگاکانی تورکیای داگیر کردوە.
پێویستە خۆمان ئامادە کەین بۆ ژیان لە نێو تورکیایەکی سەرتاسەر گۆڕاو لە سنوری ٥ تا ١٠ساڵی داهاتودا.» ببینە بلیمەتی ئەو بیرمەندە و نووسەرە گەورەیە کە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا زانیمان کوردە، تا دوا ڕۆژی هەوڵی خزمەتکردنی رەوشی دیموکراسیەت ومافی کورد ومافی مرۆڤی دەدا، ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی حەوت ساڵ هەموو هەنگاوە قۆرخکارەکانی ئەردۆگان وحزبەکەی دەردەکەوێت،پاشگەزبوونەوەش لە زۆر بواری گرنگ ڕوودەدات، کە گرنگترینیان دۆزی کوردە.

٢٠١٧/٤/١٧

# ٢٠٠٧ ساڵی گەڕانەوەی PKK بوو بۆ سەر شانۆی ڕوداوەکان

نوسینی: محەمەد عەلی بیراند
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: محەمەد هەریری

تا ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا PKK لە ئەژینندای ئێمە هەڵگیرا بوو. هەتا هەموو ناوچەکە خەریک بون لە بیری کەن، کاتێک ئۆجەلان بڕیارە پڕ مەترسیەکەی دا. ئۆجەلان هانی PKKی دا جارێکی تر چەک هەڵگرنەوە وپارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP یشی بەرەو ڕادیکالیزمی برد. لەو گۆشەیەوە ساڵی ٢٠٠٧ ساڵی نوێبوونەوەی تیرۆری PKK یە، وهەروەها ساڵی کێشانی تورکیایە بۆ نەخشەیەکی ستراتیژی نوێ.
بۆ ئەوەی باسی خاڵی ئەو وەڕسوڕانە گرنگە بکەین لە ساڵی ٢٠٠٧، پێویست دەکات دەست بکەم بە بیرهێنانەوەی هەندێک لە ڕوداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩٩ – ٢٠٠٦.
عەبدوڵا ئۆجەلان دەستگیر کراو ولە دورگەی ئیمرالی زیندانی کرا. تورکیا هەوڵی دا خۆی لە بارگرژی زێدە دوور بگرێت بە هەڵگرتنی سزای مەرگ لەسەر ئۆجەلان، پارتی کارگەری کوردستانیش PKK گەڕایەوە کەمپەکانی لە چیای قەندیل.
ڕەزامەندی تەواوی داواکەی تورکیاش بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا European Union وەگیر هات، هەندێک لە ئاواتە هەستیارەکانی هاوڵاتیانی کوردیشمان وەک ناوی کوردی وخوێندن بە زمانی دایکیان بە هەند وەرگیرا لە کاتی پرۆسێسی پابەند بوون بە پێوەری کۆپینهاگن Criteria Copenhagen .
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکەی گۆڕی کاتێک عێراقی داگیر کرد لە ساڵی ٢٠٠٣. ڕەتکردنەوەی تورکیا بۆ داوای ئەمریکا لە بەکار هێنانی خاکی، بوە هۆی ئەوەی کوردی باکوری عێراق (کوردستانی عێراق، وەرگێڕ) ببێتە نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا.
ئەو دیمەنە ڕوبەروی ئێمە بوەوە کاتێ پێمان نایە ناو ساڵی ٢٠٠٧.

## PKK کۆنتڕۆڵ وترسی نەما

سەرکردایەتی PKK ترسی لێ نیشتبوو. ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە بەردەوامی لە ڕۆژهەڵاتی باشور (کوردستانی تورکیا، وەرگێڕ) تا دەهات خۆیان لە PKK دوور ئەخستەوە، خەڵکی خەریک بوو PKK لە بیر بکەن، کە نیشانە سەرەتاییەکانی هەڵوەشانەوەی بەدیار کەوتبوو. لە ئەنجامی دەرهاوێشتەکانی باکوری عێراق لەگەڵ بوونی ئۆجەلان لە زینداندا، بارزانی هەنگاوی هاوێشت بەرەو ڕۆڵی سەرکردەیی وهەروەها کاریگەرێتی ئەو لەسەر کورد لە تورکیادا دەستی پێکرد.

لە ڕوبەروبوونەوە لەگەڵ ئەو هەموو پەرەسندنانە، ئۆجەلان بڕیاریدا گۆڕانکاریەکی ستراتیژی هەرە گرنگ بێنێتە ئاراوە.

1. پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP خرایە پەرلەمان پاش ڕادیکاڵ کردنی:

لە ساڵی ٢٠٠٧ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP هاتە ناو پەرلەمان لە ڕێگای کاندیدە سەربەخۆیەکان. دەنگی بەرز کردەوە وزیاتر هەنگاوی نا بەرەو ڕادیکالیزمیەت. ئەندامانی ئەو حزبە بەبێ دڵ لە دڵ دان ستایشی ئۆجەلان دەکەن، وبە ڕاشکاوی دەنگ بۆ داوای چارەسەری فیدراڵی هەڵدەبڕن. وپارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP ئاڵای خۆی لە نێو گۆڕەپانی سیاسیدا political arena هەڵکرد.

2. PKK دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە

PKK دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە. کاتێک تورکیا ٥٠ سەربازی لە دەست دا لە ئەنجامی ١٠ مانگ چالاکی، جەماوەر ڕاپەڕی ودەستی کرد بە دەربڕینی نارەزایی وهەموو دیدەکان ئاڕاستە کران بەرەو کەمپەکانی PKK لە باکوری عێراق.

تیرۆری PKK تا ئێستا ٣٥ هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ – ١٩٩٩ دا، و ڕۆژهەڵاتی باشوری لە خوێن گەوزاند. هەتا لەو ساتانەدا بارگرژی لە نێوان هاوڵاتیانی تورکی نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ لە ئارادایە. ئەوجارەیان جەماوەر بە هەقیقەت شڵەژاوە.

لەگەڵ دواخستنیش بۆ ماوەیەک، حکومەت حەزو خوازی سوپای جێبەجێ کرد، ورەزامەندی پەرلەمانیشی بە دەست هێنا بۆ ئۆپەراسیۆنێکی سوپایی. بیروڕای نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەمریکا قایل بوون بە ئۆپەراسیۆنێکی سەر سنوری. بابەتەکە یەک لایی کرایەوە لە کاتی دیداری بۆش وئەردۆگان لە کۆشکی سپی رۆژی ٥ ی نۆڤەمبەر. وجارِی دوژمنایەتی PKK بە هەر دوولا درا.

ئیتر سوکانەکە دەستی بە خولانەوە کرد.

## ئۆپەراسیۆنی سەر سنور هێزی تورکیای دەرخست

سوپا پلانی ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانی دانا بە یارمەتی بەردەوامی موخابەراتی ئەمریکی، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی خەریک بوون بآ هیوا بن لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن، وهێزی چەکداری تورکی دەستی بە دوگمەکە وەنا ودەستی کرد بە لێدانی مۆڵگەکانی PKK لە قەندیل.
قەندیل بوەتە هێمایەک لە نەزەری PKK وهەروەها لە نەزەر جەماوەری تورکیاش. وتەفروتونا کردنی بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوەش هەر پەیامێک بوو بۆ جەماوەری تورکیا و PKK. زنجیرەیەک لە هێرش بە دوای هێرشی یەکەم داهات کە گورزی توندی وەشاندە چەندین کەمپی PKK. پەیامەکە بریتی بوو لەوەی کە باکوری عێراق هیچی تر شوێنێکی بێ مەترسی وسەلامەت نیە بۆ PKK.

## تورکیا کاریگەری سیاسی خۆی دەخاتە کار

ئەنقەرە کاریگەری سیاسی خۆی خستە پاڵ هێزی سەربازی. کەرکوک لە نێو هێڵە سورەکانی تورکیا دابوو. هەر لە سەرەتاوە، تورکیا دژی ئەو ڕیفراندۆمە بوو کە کەرکوک دەبەستێتەوە بە کەرتی کورد the Kurdish section لە ڕێگای بڕیارێکی دراودا (فێتا کۆمپلی) a fait accompli. لە پاش مسۆگەر کردنی پاڵپشتی ئەمریکا، تورکیا توانی ئەو عەرەبانەی کاریگەریتیان هەیە لە ئیدارەی بەغداد بۆ لای خۆی کێش بکات. کە بوە هۆی ئەوەی ئیدارەی کوردی عێراقی قایل بێت بە دواخستنی ریفراندۆمی کەرکوک.
هەتا ئەگەر ئەنقەرە گوتەی یەکلاکەرەوەی نەبێت لە پێکهێنانی ناوچەکە، بەڵام سەرکەوتوو بوو لە بەکار هێنانی هێزەکانی بۆ ئاڕاستە کردنی پەرەسەندنەکان. بەوەش تورکیا هۆشداریەکی نوێی دا: کەوا هێزێکی ناوچەکەیە.

سەرچاوە:
وتارەکە لە رۆژی Friday، December 28، 2007 بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی Turkish Daily News
www.turkishdailynews.com

باوکێکی زۆردار (تورکیا) وکچە زۆرلێکراوەکەی (کورد)!!

## تورکەکان کوردەکانتان خۆش بوێت،

## وبیان پارێزن، ومتمانەیان پێ بکەن

له نوسینی نوسەری تورکی: موستەفا سۆنمز
وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوە: محەمەد هەریری

لەو چەند مانگانەی دوایی مانشێته سەرەکیەکانی میدیاکان داگیر کرابوون لەلایەن دۆزی کورددا، بە تایبەتی پرسی لە ناوبردنی PKK پ.ک.ک وخستنەوە قەبارەی سەرکردە کوردەکانی باکووری عێراق. لە سەروبەندی پەیوەندیەکان وسەردانەکانی بەرپرسانی ئەمریکا بە دیار کەوت کە ئەو وڵاتە ڕێگا نادات دەست درێژی بکرێتە سەر سەرکردە کوردەکان.

لەو کاتەدا حزبی خەڵکی کۆماری (CHP) توانی لە هەڵوێستی هەڵۆکانی جەنگ دەرچێت ونزیک بێتەوە لە هەڵوێستی کۆتری ئاشتی dove-like ولقی زەیتونی بەرز کردەوە بە پێشنیار کردنی نزیک بوونەوە وبەستنی پەیوەندی پەروەردە وفێرکردن، وبازرگانی وفەرهەنگی لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراق، ئەو هەنگاوە مایەی سەرسوڕمانی هەموو لایەک بوو. سەرنج بدە چۆن سەرکردە کوردەکانی باکووری عێراق کە هەردەم تەرکیزیان دەخرێتە سەر، وهەڵۆکانی جەنگ دەڵێن با لێیان بدەین، کەچی کۆترەکان پەرۆشی کێش کردنیانن بەلای خۆیان. بۆچی باکووری عێراق لە هەرە پێشەوەی باسەکانە؟ چونکە باکووری عێراق وەک هەڕەشەیەک دەبینرێت لە دژی تورکیا... وبارزانی وتاڵەبانی وەک هاندەرێکی ئاشوب گێڕان وپلانگێڕان دەبینرێن کە دەیانەوێت کورد لە تورکیا گومڕا بکەن.

### باوکێکی زۆردار "A despotic father..."

بە هەڵەی نابینم تورکیا بە باوکێکی زۆردار بچوێنم، کە ئازاری کچەکەی دەدات بە هۆی دڵ پیسی ونا متمانە تراژیکۆمیدیاکانی tragic comical دەرهەق بە کچەکەی.

کچەکە هەر لە ناوماڵەوەیە، نا چێتە دەرەوە، تەنگی پێ هەڵچنراوە، نا ینێرن بۆ قوتابخانە، وبایەخی پێویستی پێ نادرێت (کچەکە سیمبولی حاڵی کوردە لە تورکیادا)، کەسانێک (PKK) پێی دەڵێن دەبێت یاخی بێت، وکەسانێکی تریش (سەرکردایەتی کوردانی باکووری عێراق) بە نهێنی بە کچەکە دەڵێن دەبێت ڕا بکات بۆ لای ئەوان وماڵە باوکی بەجێ بهێڵێت.
باوکی زۆردار نیگەرانە لە ڕودانی ئەو دەست لە پشت دانانە، لەبەر ئەوەی ئەو ساڵەهای ساڵە هەرگیز لە ئاشتی دا نەبووە لەگەڵ کچەکەی، ولەبەر ئەوەی هیچ خۆشەویستی ومیهرەبانیەکی نیشانی کچەکەی نەداوە. بۆیە هەندێک جار لە کچەکەی دەدات ودەیترسێنێت، هەندێک جاری تریش لەوانە دەدات ودەیانترسێنێ کە هانی دەدەن بۆ گومڕا بوون.
ئەوەی لەو هەڵوێستە دابێت چاوەڕوانی چی لێدەکرێت؟ دەبێت باوکەکە لەگەڵ کچەکەی گفتوگۆ بکات، لە پێویستیەکانی تێ بگات وجێبەجێ یان بکات، ودەبێت خۆشی بوێت، ومتمانەی وەگیر بێنێت... ئەگەر وا بکات متمانە بە کچەکەی دەکات، ونیگەران نا بێت لە هەوڵی هیچ کەسێک بۆ گۆڕانی کچەکەیی وهاندانی بۆ یاخیبوون. چونکە کەس ناتوانێت جیاوازی بخاتە نێوان کچەکە وباوکەکە...
چارەسەری مرۆیی ئەو کێشەیە بەو ئاسانیەیە کەچی ئەوانەی تورکیا حوکم دەکەن نەیان توانیوە ئەو چارەسەرە پێشکەش بکەن، کەی توانیان کوردەکانیان خۆش بوێت وباوەشیان بۆ کردنەوە، ئەو کاتە دەتوانن ڕێگا لە گومڕا کردنیان بگرن وکۆتاییەک بۆ جەنگی بآ بڕانەوەی نێوانیان دابنێن.

## دەربارەی کچەکە

حاڵی کچەکە ( کوردەکان) چۆنە؟ ئایا دەتوانێت متمانە بە باوکی بکات؟ نەخێر ناتوانێت. چونکە ئەو ناوچەیەی ئەوان تێیدا دەژین هەردەم لە گالیسکەی پلە سێیەمی شەمەندەفەری تورکیا دابووە.
کێشەکانی بریتین لە هەژاری وزەوت کردنی ئازادی، وسوکایەتی پێکردن، ونەتوانینی قسەکردن بە زمانی خۆیان، وڕێگرتن لە ژیان لەناو کەلچەری خۆیان، ئەگەر ئەو کێشانە بۆ سیاسەتی ڕەسمی بەرزنەکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنیان، چۆن کچەکە دەتوانێت متمانە بە باوکە زۆردارەکەی بکات؟
پاش ماوەیەک کچەکە تووڕە بوو، وگوێی شل کرد بۆ ئەوانەی ڕێگایەکی تریان نیشان دەدا... باوەڕی پێیان کرد لە ژێر کاریگەری ترس بێت یان هیوا

بێت... دە ساڵ بەو شێوەیە تێپەڕی، بەڵام بۆی بە دیار کەوت کە ئەوە ئەو ڕێگایە نییە کە ئەو بە دوایدا دەگەڕێت.
بەڕاستی کورد ماندو وشەکەتە، وبێ هیوایە، باوەڕیان بە PKK کاڵ بۆتەوە، بە دوای کردنەوەی دەرگای چارەسەری تردا دەگەڕێن... بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی دەیانەوێت لە ناوچەکانی خۆیاندا بژین بەبێ ترس، وچاوەڕێی ئۆپۆزسیۆنی تورکی – کوردی دەکەن کە هەندێکیان هەوڵی بڵاوکردنەوەی شەڕی ناوەخۆی پەنهانی دەدەن لە سەرانسەری وڵات.

## پێویستە تورکیا ماڵەکەی خۆی ڕێک بخات

لە ڕاستیدا ئەوەی پێویستە بکرێت زۆر ڕوون وئاشکرایە، پێویستە تورکیا ئاشتی ساز بکات لەگەڵ کوردەکانی، هەر نەبێت لەمەولاوە. پێویستە کوردەکانی خۆی خۆش بوێت، وبیان پارێزێت ومتمانەیان پێ بکات. یەکەم شت پێویستە ماڵەکەی خۆی رێک بخات، کورد تەنها ئەو ١٠ ملیۆن کەسە نین کە لە ٢١ پارێزگا لە رۆژهەلات وباشوری رۆژهەلات دا دەژین.
نزیکەی ٢٠٪ لە خەڵکی ئیستانبۆل لە باشوری رۆژهەلات لە دایک بوون. هەمان ڕێژەی دانیشتوان لە مەرمەڕە وئیزمیر وکەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست وبەشی ناوەوەی ئەنادۆڵ هەیە. تورک وکورد ژن وژن خوازی لە نێوانیان هەیە لە سەدان ساڵەوە، وخزمەتی سەربازیان پێکەوە کردوە، وپێکەوە ژیاون... تورک ناتوانن بەبێ کورد بن، وکوردیش ناتوانن بەبێ تورک بن...

## هەژاری شورەییە!

هەژاری کوردەکان لە ڕێگای کارتی سەوزەوە تۆمارکراوە [کارتی سەوز ئەو کارتەیە کە بۆ چارەسەری تەندروستی خۆڕایی دەدرێتە خێزانە هەژارەکان]. ئەو دەوڵەتەی کە متمانەی پێدەدرێت هەڵسێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە دەستوریەکانی لە دابەش کردنی داهاتەکانی بە شێوەیەکی عادیلانە، پێویستە شەرمەزاری دایگرێت لە ڕادەی هەژاری کوردی تۆمار کراو بە هۆی کارتە سەوزەکانەوە. شورەییە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ٤٧٪ لە خەڵکی وان Van خاوەنی کارتی سەوز بن لەبەر هەژاری.
لەگەڵ بوونی چەندین دەرزەن لە پرۆژەکانی گاپ GAP projects هێشتا ڕێژەی بێکاری لە ١٨٪ بێت لە دیاربەکر وشانلی ئۆرفا، ژمارەکان ئابڕووبەرن.

پێویستە دەوڵەت شەرمەزار بێت بەرامبەر ئەو خێزانە کوردە بێ ئومێدانەی کە ڕۆڵەکانیان دەفرۆشن بە PKK لە چیاکاندا یان دەیان فرۆشن بە مافیاکان (گرووپی تاوانی ڕێکخراو) لە ئیستانبۆل. لەو باوکە کوردانە تووڕە مەبن کە مناڵەکانیان دەفرۆشن بە چیاکان یان بە مافیاکان، بەڵکو لەو سەرکردانە تووڕە بن کە ئەوانیان ناچار کردوە بکەونە ناو ئەو حاڵەتە.

## کێشەی کورد ئابووری یە

ئەوانەی دەڵێن کێشەی کورد ئابووری نییە، بەڵکو سیاسی وفەرهەنگییە بە داخەوە هەڵەن. هەڵبەتە ڕاستە کێشەی کورد ڕەهەندی سیاسی وفەرهەنگی هەیە، بەلاّم لە شوێنی یەکەمدا کێشەیەکی ئابوورییە. ئەگەر کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا تا ئەمڕۆ نەیانتوانی بێت خۆیان دەرباز بکەن لەو بارە دواکەوتوەی کە تێیدان لە تورکیا وبە درێژایی مێژوو، وئەگەر نەهێشتنی ئەو نا یەکسانییە ئەرکێکی دەستوریش بێت، کەچی دەوڵەت نەیتوانی بێت ئەو نا یەکسانییە کەم کاتەوە، کەوابوو کێشەی کوردی ئەگەر ئابووری نەبێت دەبێ چی بێت؟

کوردەکان هەرچەندە خزمەتی سەربازی خۆیان دەکەن، وباجەکانی دەوڵەت دەدەن، کەچی هەر مەحرومیشن لە خێر وبێری ئەو سەردەمە، لە پەروەردە وفێرکردن، وخزمەتگوزاری تەندروستی، ومافی کارکردن ونیشتەجآ کردن. ئەگەر ئەو بارە بۆ چەندین دەرزەن ساڵ بەردەوام بو بێت، هەقی خۆیان نییە هەست بکەن ئەوان مناڵێکی زڕنa stepchild ؟

ئینجا کە یەکێک هاتوو وگوتی:»چونکە ئێمە کوردین، بۆیە دەوڵەت بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکات» کەسێک دەبێت باوەڕی پآ نەکات؟

لە بنەڕەتدا هەژاری باڵی کێشاوە، ئەگەر تێڕوانینێکی گونجاو ئامادە نەکرێت بۆ چارەسەر کردنی هەژاری ورشیشە کێش کردنی لە ڕەگەوە، کێشەی کورد هەر بەردەوام دەبێت. هەڵبەتە ئەرکی سەرشانمانە کە دان بە مافەکانی فەرهەنگی کوردی دابنێین، بۆ پەخش کردنی دیموکراسی بۆ هەموو کەسێک، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش ئێمە پێویستە ڕەفاهیەت وکار وخۆراکیان بۆ دابین بکەین، بەڕادەیەک نەهێڵین لە ژێرەوەی ئاستی ژیان لە تورکیادا بمێننەوە. ئەگەر ئەوەیان بۆ کرا تەنها ئەو کاتە کچەکە باوەڕ دەکات کە کچی باوکی خۆیەتی، ومتمانەی پآ دەکات، وهەست بە تەناهی دەکات. تەنها ئەو کاتە کوردەکانی تورکیا، کە بە هەموو لایەکدا کۆچیان کردوە – لەبەر هەژاری،

وەرگێڕ – هەست بە تەناهی دەکەن، وزیاتر وەک هاوڵاتییەک هەست دەکەن.

## مەسەلەی چینایەتی

زۆربەی کورد وەک زۆربەی تورک لە چینی کرێکارن، زۆربەی هێزی کاری تورکی نزیکەی ٧٠٪ یان ١٣ ملیۆن کەس وەک کرێکار کار دەکەن. ژمارەی ڕەسمی بێکاران ٢,٥ دوو ملیۆن ونیوە، بەڵام لەڕاستیدا دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە. ئەوە مانای ئەوەیە کە تێکڕای ١٨ ملیۆن کرێکاری کاردار وبێکار هەن، کە ٨٠٪ خەڵکی چالاک لە ڕووی ئابووری یەوە پێک دەهێنن.

گەلێک ئەستەمە جیاوازی بکەیت لە نێوان خەباتی کورد لە پێناو ناسنامەیان identity وخەباتیان لە پێناو کاردا، هەر وەک چۆن ئەستەمە خەباتی کرێکارە تورکەکان لە پێناو دیموکراسی وسەربەخۆیی جیابکەیتەوە لە خەباتیان لە پێناو کاردا. ئەوانە لە یەک جیا نین، هەموویان خەبات دەکەن لە پێناو دیموکراسی پارووی ڕۆژانە.

شتێکی ئاشکرایە کەوا کێشەکە چینایەتی یە. بەرنامەیەکی چینی هاوبەشە، کە پاکە لە هەموو خەوشێکی نەتەوە پەرەستی، وهەموو مافە فەرهەنگییەکانی کوردیش بەخۆوە دەگرێت، وتورکیاش پەلکێش دەکات بەرەو ڕوناکبیریەکی زیاتر، وپاشەرۆژێکی دیموکراسی زیاتر. ئەوەش لەوە دەچێت ئەمرۆ زیاتر لە دوێنێ مومکینە ڕووبدات.

# دان هێنان بە هەڵەکانی تورکیا
# سەرەتایەک بۆ بێداربوونەوەی ویژدانەکان

لە نێوەندە ڕۆشنبیریەکانی تورک هەندێک لە ویژدانەکان زیندوو دەبنەوە ودان بە تاوانەکانی دەوڵەتی مۆدرنی تورکیا دەرهەق بە دۆزی میللەتی کورد لەو نمونەیەدا نوسەری گەورەی تورک محەمەد عەلی بیراند لە ژمارەی ٢٤ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ لە تورکش دەیلی نیوز زۆر بێورانە باس لە هەڵەکانی دەوڵەتی تورکیا دەکات لە پاش ساڵی ١٩٨٠ واتە کودەتای ١٢ سەپتەمبەر، وادیارە نایەوێت باسی هەڵەکانی ئەتاتۆرک بکات لەبەر کێشەی یاسایی!
بۆیە دەڵێت: « من نامەوێ زۆر بگەڕێمەوە دواوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان یان هەتا بۆ سەردەمی ئەتاتۆرکیش، یان بگەڕێمەوە بۆ ئەو هەڵانەی کە لە سەردەمی لاوێتی وساوایی کۆمارەکەماندا کراون، چونکە ئەو هەڵانەی ئەو سەردەمە ڕویاندا بەرامبەر بە دۆزی کورد تا ڕادەیەک قابیلی تێگەیشتنە (!). لەبەر قەیرانی نێودەوڵەتی، ولەت وپەتی وبەربڵاوی کۆمەڵگای کوردی وپاراستنی کۆمارە ساواکەمان، هەموو ئەو هۆکارانە هانی وڵاتی دا بۆ ڕاونینە دۆزی کورد لە گۆشەیەکی ترەوە.
دەمەوێ هەڵوێستە بکەم لەسەر رۆژگارێکی نزیکتر. لە ساڵەکانی ١٩٨٠ ئێمە کۆمارێکی دامەزراو پتەومان هەبوو، کە تا دەهات متمانەی بە خۆی زیاتر دەبوو، کەچی کورد لە ناوەوە ودەرەوەی تورکیا کەوتنە هەڵسەنگاندنی بارودۆخیان ودەستیان کردە داواکردنی مافەکانیان. تا سەرنجام ناشیونالستی کوردی لە واقیعدا سەری بەرز کردەوە.
کودەتای ١٢ سەپتەمبەر ئەو بارە قورس وسەریەشەیە کەڤنارەی لە تورکیا بارکرد لە ڕێگای قەدەغەکردنی وڵات لە بینینی هەقیقەت وڕاستیەکان لەو کێشەیەدا. بە واتایەکی تر : عەقڵیەت (مێنتاڵیتی) وڕەفتاری ئیدارەی ١٢ سەپتەمبەر بوە هۆی دامەزراندن وگەشەکردنی PKK. واتە ئەو عەقڵیەت وڕەفتارگەلەی ئیدارەی ١٢ سەپتەمبەر وزەیەکی گەورەتری بە خشیە PKK.
لە کاتی هاوێشتنی هەر هەنگاوێک بە مێنتاڵیتی ناوبراودا، ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە نەتەوەیەک یان خەڵکانێک نین بەناوی (کورد) بەڵکو ئەوانە تورکی چیایین، ناولێنانی کوردی لە منداڵانی لە کورد قەدەغە کردبوو ، وناوی لادێکانی کوردی دەگۆڕی، وکوردە ناشناڵیستەکانی نەفی دەکرد لە زێدی خۆیان بۆ شارەکانی تر، کە دوایی زۆربەیان ڕایان کرد بۆ ئەورووپا، وخەڵکی

خستە ژێر ئەشكەنجەیەكی بێ وێنە لە دیار بەكر، بەوەش یارمەتی PKK ی دا بۆ گەشەكردن وبەهێز بوون.
كەوابوو PKK ئەنجامێكی لاوەكی كودەتای سەربازی ١٢ سەپتەمبەر بوو، كە دوایی لە ڕێگای پشتگیری وكۆمەكی ناوەوە ودەرەوە گەشەی كرد.»
هەر بەدوای ئەوەدا دات بەوە دەنێت كە، PKK بریتی نیە لە گروهێكی چەتەبازی وەک ئەوان تێگەیشتبوون، هەرچەندە هێشتا دان بەوە نانێت كە ئەو حزبە هەرچی بێت لە نەزەری ئەو و دەوڵەتی توركیا ئەوە خاوەنی ملیۆنەها دەنگە لە نێو كوردەكان: «لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ ش ئەو كەسانە وەسف كران بە چەتە وڕێگر وبە شێوەیەكی جیدی وەرنەگیران.
هەر زوو بە زوو بە دوای ئەوەوە، PKK توانی زۆربەی هەرە زۆری باشوری ڕۆژهەڵات كۆنترۆڵ بكات. ئەوەش لەو كاتە بوو كە توركیا تازە بێدار دەبووەوە لە خەودا (١٩٨٥ – ١٩٩٥). بۆمان ڕونبووەوە كە مەسەلەكە مەسەلەی چەتە وڕێگرانێكی ئاسایی نیە، بەڵكو وڵات ڕووبەڕووی ڕێكخراوێكی تۆقێنەر وتێنو بە خوێن دەبێتەوە.
هەروەها بۆ هەموو لایەک ئاشكرا بوو كە PKK ڕەگی خۆی لە نێو هاوڵاتیە كوردەكانمان داكوتاوە. توركوت ئۆزال یەكەم كەسبوو كە چەند كاردانەوەیەكی پۆزەتیڤی هەبوو وەک هەڵگرتنی قەدەغەیی لەسەر گۆرانی كوردی. هیچ شتێكی ترسناک لە دوای ئەوەدا ڕوینەدا. لەوانەیە ئۆزال هەنگاوی تریشی بهاوێشتایە بەڵام مەرگ بواری نەدا.»
ئینجا هەر خۆی دەڵێت كە لەگەڵ كەمێک ئاوڕدانەوە كێشە ومەینەتیەكان نەما وهەتا ، PKK ش وەڵامی دایەوە وخەریک بوو كێشەكە بنبڕ بكرێت ئەگەر عەقلیەتی چەوت وچەوێڵی دەسەڵاتداران نەبوایە، ئەو بەپیرهاتنەی ، PKK دەبوایە قەناعەتی بە نوسەر كردبا كە ئەو حزبە كاری تەنها تۆقاندن نیە وبەڵكو هەڵگری دۆزێكە، نوسەر لەو بارەیەوە دەڵێت» هاوپەیمانی -MHP DSP-ANAP نەک بە تەنها پەیوەست بوو بە پەیمانی خۆی، بەڵكو یەكەم هەنگاوی میانڕەوی خۆشی هاوێشت لە بواری بەكارهێنانی زمانی كوردیدا.
لە بەرامبەردا ئۆجەلان فەرمانی دا بە PKK بە ڕاگرتنی شەڕ وناردنی شەڕكەرانیان بۆ باكوری عێراق. بە دواییدا PKK وچەكەكانی ڕۆیشتن بەرەو قەندیل وحاڵەتی تەواری (ئیمەرگێنسیش ) هەڵگیرا. باشوری ڕۆژهەڵات هەرزو سەوز هەڵگەڕایەوە، وبۆنی بارووت لەو ناوە نەما. ڕوداوی تیرۆر وكوشتنی نادیار ولێڵاوی تەواو بوو، وەبەرهێنان دەمودەست زیادی كرد، و باشوری ڕۆژهەڵات بوژایەوە سیمای خەماوی ونارەحەت لەسەر ڕووەكان جێیان چۆڵكرد بۆ خەندە وپێكەنین. ئینجا چاوەڕوانی دەستی پێكرد.... حزب

لـە قەندیـل گیرسـابوەوە، وئەندامانیشـی بـە دوای کار دەگـەڕان لـە دوکان وبازاڕەکانی باکوری عێـراق. تیـرۆر وتـاوان بـە ژیانـی ئاسـایی ڕۆژانـە گـۆڕا. بەرە بـەرە ئەندامانی PKK لە چیاکان دادەبەزیـن، چاوەڕوانی هـەر بـەردەوام بـوو، ئەنقـەرە فەشـەلی هێنـا لـە کارکردنـدا. هاوپەیمانـی ئەجاڤیـت وباخچەلـی ویەلمـاز هـەر زوو هەمـوو شـتێکی لـە بیـر کـرد لـە بـارەی ئۆجـەلان ودۆزی کـورد. «

دوایـی دەڵێـت هاتنـی پارتـی داد وگەشەسـەندن AKP جۆرێـک لـە ئاواتـی بوژانـدەوە لـە سـەرەتادا بـەڵام:» سـەرکەوتنی پارتـی داد وگەشەسـەندن AKP لـە هەڵبژاردنـی نۆڤەمبـەری ٢٠٠٠ کـە بـەدوای قەیرانـە ئابوریيـە گەورەکـەی ساڵی ٢٠٠١ دا هـات کەمێک هیـوای بوژانـدەوە. پارتـی داد وگەشەسـەندن AKP لـەوە دەچـوو لـە پارتەکانـی تـر زیاتـر لـە کـورد تێبـگات. بـەڵام ئەویـش وەک ئەوانـی پێشـوو سسـتی وخاوەخـاوی کـرد.

دەوڵەتی کۆمـاری تورکیـا هەتـا سـاڵی ٢٠٠٦ هیـچ جوڵـەی نەکـرد. دۆزی کـورد پشـتگوێ خـرا. PKK بـە گۆڕینـی بارودۆخەکـە ئـەو بۆشـاییەی قۆسـتەوە، بـە تایبەتـی لـە پـاش داگیرکردنـی ئەمریکـا بـۆ عێـراق سـاڵی ٢٠٠٣. خـۆی کۆکـردەوە و لـە سـاڵی ٢٠٠٦ زینـدوو بـوەوە. «

ئینجـا دەڵێـت ئەگـەر نوشوسـتی دەوڵەتـی تورکیـا وچینـی سیاسـەتمەدارانی دەسـەڵاتدار نەبوایـە لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە نێـوان ١٩٩٩ – ٢٠٠٦، ئەگـەر ئـەردۆگان هەنـگاوی جیـدی بهاوێشـتایە ئـەوە، PKK نەیدەتوانـی جارێکـی تـر وەخـۆ کەوێتـەوە وهێـزی جارانـی بەدەسـت بێتـەوە، ونەدەیتوانیـش پشـتگیری خەڵکـی باشـوری ڕۆژهـەڵات بـە دەسـت بێنێتـەوە.

« ئینجـا دەڵێـت بـا گلەیـی ورەخنـە لـە هـۆکارە دەرەکیـەکان نەگریـن لەپـای سـەریەشـیەکانی، PKK»با یەکتـری هەڵنەخەڵەتێنیـن... بـا تەنهـا گلەیـی لـە هێـزی دەرەکـی یـان بارزانـی نەکەیـن بـۆ بـە هێزبوونـەوەی PKK لـە حاڵـی حازریـدا. لـە هەمـووی گرنگتـر بـا تەنهـا تـرس نەکەینـە هـۆ بـۆ پشـتگیری کردنـی خەڵکـی باشـوری ڕۆژهـەڵات بـۆ ئـەو پارتـە. دەبـا تەماشـای هەڵەکانـی خۆمانیـش بکەیـن، دەبـا موحاسـەبەی خۆمـان بکەیـن بـۆ ئـەو هەمـوو سـاڵانەی بـە فیڕۆمـان دان بـە خۆڕایـی.

٢٠٠٩/١/١٨

# تورکەکان لە بارەی شەڕی خۆیان و KKP
# پێویستە چی بە نەوەکانیان بڵێین؟

من نامەوێ زۆر بگەڕێمەوە دواوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان یان هەتا بۆ سەردەمی ئەتاتۆرکیش، یان بگەڕێمەوە بۆ ئەو هەڵانەی کە لە سەردەمی لاویێتی وساوایی کۆمارەکەماندا کران، چونکە ئەو هەڵانەی ئەو سەردەمە ڕویاندا بەرامبەر بە دۆزی کورد تا ڕادەیەک قابیلی تێگەیشتنە. تەنگژەی نێودەوڵەتی، ولەت وپەتی وبەربڵاوی کۆمەڵگای کوردی وپاراستنی کۆمارە ساواکەمان، هانی ئە وڵاتی دا بۆ ڕاونینە دۆزی کورد لە گۆشەیەکی ترەوە. دەمەوێ هەڵوێستە بکەم لەسەر رۆژگارێکی نزیکتر. لە ساڵەکانی ١٩٨٠ ئێمە کۆمارێکی دامەزراو پتەومان هەبوو، کە تا دەهات متمانەی بە خۆی زیاتر دەبوو، کەچی کورد لە ناوەوە ودەرەوەی تورکیا کەوتنە هەڵسەنگاندنی بارودۆخیان ودەستیان کردە داواکردنی مافەکانیان. تا سەرنجام ناشیونالستی کوردی لە واقیعدا سەری بەرز کردەوە.
کودەتای ١٢ سەپتەمبەر ئەو بارە قورس وسەریەشەیە کەڤنارەی لە تورکیا بارکرد لە ڕێگای قەدەغەکردنی وڵات لە بینینی ڕاستیەکان لەو کێشەیەدا. بە واتایەکی تر : عەقڵیەت وڕەفتاری ئیدارەی ١٢ سەپتەمبەر بوە هۆی دامەزراندن وگەشەکردنی PKK. واتە عەقڵیەت وڕەفتاری ئیدارەی ١٢ سەپتەمبەر وزەیەکی گەورەتری بە خشیە PKK.
هەر هەنگاوێک کە مێنتاڵیتی ناوبراو نای، ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە نەتەوەیەک یان خەڵکانێک نین بەناوی (کورد) بەڵکو ئەوانە تورکی چیایین، ولە کوردی قەدەغە کردبوو ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بێنن، وناوی لادێکانی کوردی دەگۆڕی، وکوردە ناشناڵیستەکانی نەفی دەکرد لە شارەکانی خۆیان بۆ شارەکانی تر، کە دوایی ڕایان کرد بۆ ئەوروپا، وخەڵکی خستە ژێر ئەشکەنجەیەکی بآ وێنە لە دیار بەکر، بەوەش یارمەتی PKK ی دا بۆ گەشەکردن وبەهێز بوون.
کەوابوو PKK ئەنجامێکی لاوەکی کودەتای سەربازی ١٢ سەپتەمبەر بوو، کە دوایی لە ڕێگای پشتگیری وکۆمەکی ناوەوە ودەرەوە گەشەی کرد.

هەڵگرتنی سەرەتایی عەسکەرتاریا لە ساڵانی نەوەدەکان ١٩٩٠
لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ ش ئەو کەسانە وەسف کران بە چەتە وڕێگر وبە شێوەیەکی جیدی وەرنەگیران. هەر زوو بە زوو بە دوای ئەوەوە،PKK توانی زۆربەی هەرە زۆری باشوری رۆژهەڵات کۆنترۆڵ بکات. ئەوەش لەو کاتە بوو کە تورکیا دەستی بە ڕابوون کردن کردبوو لە خەودا (١٩٨٥ – ١٩٩٥). بۆمان ڕونبوەوە کە مەسەلەکە مەسەلەی چەتە وڕێگرانێکی ئاسایی نیە، بەڵکو وڵات ڕوبەڕووی ڕێکخراوێکی تۆقێنەر وتێنو بە خوێن دەبێتەوە. هەروەها بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە PKK ڕەگی خۆی لە نێو هاوڵاتیە کوردەکانمان داکوتاوە.
تورگوت ئۆزال یەکەم کەسبوو کە چەند کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی هەبوو لە هەڵگرتنی قەدەغەیی لەسەر گۆرانی کوردی. هیچ شتێکی ترسناک لە دوای ئەوەدا ڕوینەدا. لەوانەیە ئۆزال هەنگاوی تریشی بهاوێشتایە بەڵام مەرگ بواری نەدا.
سەرۆک وەزیران سلێمان دەمیریل هەندێک ئاواتی بوژاندەوە کاتێ گوتی: « ئێمە دان بە واقیعی کوردی دەنێین.» هەرچەندە PKK ئەو هەلە زێڕینەی باکوری عێراقی قۆستەوە لە پاش شەڕی کەنداوی ١٩٩١وچلاکیەکی تەندوتیژی خوێناوی خۆی بەرزکردەوە. ئەوەش بارودوخێکی نوێ بوو وشەڕێکی خوێناویشی بەدوا داهات. ئێستاش تەنها چەک قسە دەکات. « ئەستەمە باسی چاکسازی بکرێت پێش کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم» بەرپرسە گەورەکان دەڵێن ئەو حاڵە بەردەوام بوو تا ١٩٩٨.
ئینجا تورکیا زۆر بە شانس بوو کە توانی دوو کار بکات یەکەم پەراوێز کردنی PKK لە باشوری رۆژهەڵات وقایلکردنی سوریا بە دەرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە دۆڵی بیقاع.

هیچمان نەکرد لە ساڵانی ٢٠٠٠
واشنتن یان چاکترە بڵێین کلینتون بڕیاری دا ئۆجەلان تەسلیمی تورکیا بکاتەوە. تەنها یەک مەرجیان دانا بوو: کە سەرۆکی PKK نابێت لە سێدارە بدرێت، یان لە ڕوداوێکدا بمرێت لە ڕێگادا. تورکیاش ئەو مەرجەی قبوڵ کرد. هاوپەیمانی MHP-DSP-ANAP نەک بە تەنها پەیوەست بوو بە پەیمانی خۆی، بەڵکو یەکەم هەنگاوی میانڕەوی خۆی هاوێشت لە بواری بەکارهێنانی زمانی کوردیدا.

لە بەرامبەردا ئۆجەلان فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی کرد بەسەر PKK وناردنی شەڕکەرانیان بۆ باکوری عێراق. بە دواییدا PKK وچەکەکانی ڕۆیشتن بەرەو قەندیل وحاڵەتی تەواری (ئیمەرگێنسیش ) هەڵگیرا. باشوری رۆژهەڵات هەرز سەوز هەڵگەڕا، وبۆنی باروت لەو ناوە نەما. ڕوداوی تیرۆ وکوشتنی نادیار ولێڵاوی تەواو بوو، ووەبەرهێنان دەمودەست زیادی کرد، و باشوری رۆژهەلات بوژایەوە سیمای خەماوی وناڕەحەت لەسەر ڕوەکان جێیان چۆڵکرد بۆ خەندە وپێکەنین. ئینجا چاوەڕوانی دەستی پێکرد.
هەموو شتێک وهوڵێک خرایە گەڕ بۆ پاککردنەوەی ئەو قوڕ ولیتاوەی کێشەی کوردی دروستی کردبوو. حزب لە قەندیل گیرسابوەوە، وئەندامانیشی بە دوای کار دەگەڕان لە دوکان وبازاڕەکانی باکوری عێراق. تیرۆر وتاوان بە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە گۆڕا. بەرە بەرە ئەندامانی PKK لە چیاکان دادەبەزین. چاوەڕوانی هەر بەردەوام بوو. ئەنقەرە فەشەلی هێنا لە کارکردندا. هاوپەیمانی ئەجاڤیت وباخچەلی ویەلماز هەر زوو هەموو شتێکی لە بیر کرد لە بارەی ئۆجەلان ودۆزی کورد. سەرکەوتنی پارتی داد وگەشەسەندن AKP لە هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ کە بەداوی تەنگژە ئابورییە گەورەکەی ساڵی ٢٠٠١ دا هات کەمێک هیوای بوژاندەوە. پارتی داد وگەشەسەندن AKP لەوە دەچوو لە پارتەکانی تر زیاتر لە کورد تێبگات. بەڵام ئەویش وەک پێشوو سستی وخاوەخاوی کرد.
دەوڵەتی کۆماری تورکیا هەتا ساڵی ٢٠٠٦ هیچ جوڵی نەکرد. دۆزی کورد لە پشتگوآ خرا. PKK بە گۆڕینی بارودۆخەکە ئەو بۆشاییەی قۆستەوە، بە تایبەتی لە پاش داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق ساڵی ٢٠٠٣. خۆی کۆکردەوە وگەڕایەوە بۆ ژیان لە ساڵی ٢٠٠٦. هەموو ئامادە باشیەکانی خۆی تەواو کرد بە بەرچاوی خۆمانەوە. جارێکی تر PKK دەستی کردە خۆشکردنەوەی ئاگرەکە لە نێو خەڵکی باشوری رۆژهەڵات وبڵاوکردنەوەی تیرۆر وراکێشانی سەرنجەکان بە کوشتنی خەڵک.
ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە حەوت – هەشت ساڵیان بە فیرۆ نەدابایە لە نێوان ١٩٩٩ – ٢٠٠٦، ئەگەر ئەو وەبەرهێنانەی کە ئەردۆگان ئەمڕۆ بە فەخرەوە باسی دەکات، وپەخشی تەلەفزیۆنی کوردی، وهەنگاونان بۆ دەستەبەر کردنی پەروەردە وخوێندن بە کوردی دەستیان پێکردبا وەک لە ساڵی ١٩٩٩ یان ٢٠٠٠ ڕویدا، ئەوە PKK نەدەیتوانی جارێکی تر وەخۆ کەوێتەوە وهێزی جارانی بەدەست بێتەوە، ونەدەشیتوانی پشتگیری خەڵکی

باشـوری رۆژهـەڵات بـە دەسـت بێنێتـەوە.
بـا یەکتـری هەڵنەخەڵەتێنیـن... بـا تەنهـا گلەیـی لـە هێـزی دەرەکـی یـان بارزانـی نەکەیـن بـۆ بـە هێزبوونـەوەی PKK لـە حاڵـی حازریدا. لـە هەمـووی گرنگتـر بـا تەنهـا تـرس نەکەینـە هـۆ بـۆ پشـتگیری کردنـی خەڵکـی باشـوری رۆژهـەڵات. دەبـا تەماشـای هەڵەکانـی خۆمـان بکەیـن. دەبـا موحاسـەبەی خۆمـان بکەیـن بـۆ ئـەو هەمـوو سـاڵانەی بـە فیرۆمـان دان.
ئەگـەر نەمانتوانـی ئـەو پرسـیارانە بکەیـن، بـۆ بەخۆداچونـەوە وڕاسـتکردنەوەی ڕەفتارەکانمـان، وهاوێشـتنی هەنـگاوی نـوێ لـە ئێسـتادا، نەوەکانمـان مافـی ئەوەیـان هەیـە هاوارمـان لێبکـەن بـۆ موحاسـەبەکردنمان لەسـەر «ئـەوەی ئێمـە کردمـان بـەو وڵاتـە جـوان وشـیرینە“.
لە نوسینی نوسەری تورکی: محەمەد عەلی پیراند
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد هەریری
٢٠٠٩/١/١٥

# گوڵەنیش جاروبار ڕاست دەکات!

هەرچەندە من متمانەم بەو فتح اللە گوڵەنەش نییە، لەو قسە باشانەی کە دەیکات بەرامبەر کورد، چونکە ئاپۆ دەڵێت هەر کاتێ وەزع هێمن بایەوە لە نێوان کورد و حکومەت، جەماعەتی گوڵەن تێکیان دەدا لە ڕێگای پیاوەکانیان لەناو دەزگاکانی دەوڵەت. بەڵام ئەو تەوسیفەی بۆ ئەردۆگان کە دەڵێت وەک ئەمیری ئیماندارانی جیهانی ئیسلام خۆی دەبینێت زۆر ڕاستە..

کە دەڵێت باوەڕی بە دیموکراتی نییە لەناخەوە ڕاست دەکات، چونکە من دەمێکە لە نەوەتەکانەوە چاودێری کارەکان و هەنگاوەکانی دەکەم! ئینجا باسی شتێک دەکات ئەو تێڕوانینەی من دەسەلمێنێت کە لە زۆر وتاردا ئاماژەم پێی داوە، ئەویش ئەوەیە ئەردۆگان لە یەکەم ڕۆژیەوە باوەڕی بە دیموکراتیەت نەبووە، و فریودانی دەزگای سوپا و دادگا و کورد و هێزە سێکیولارەکان، قۆناغێکی کاتی بوو، تەنها بۆ ئەوە بوو تا دەگات بە دەسەڵاتی ڕەها!

ئەو کودەتایەش هەر نمایشێکی ساختە بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەها. گوڵەن دەڵێت هێشتا ئەردۆگان سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ بوو، کە هاتە لام ڕاوێژی جیابوونەوەی لە حزبی ڕەفاهی ئەربەکان بە من کرد، چونکە من پشتگیریم نەکرد لەو جیابوونەوە، و ئامۆژگاریم کرد دان بەخۆیدا دابنێ، کە منی بەجێ هێشتبوو، بەو کەسەی نێوانمانی گوتبوو، ئەگەر دەسەڵاتی تورکیا کەوتە دەستم یەکەمجار ئەو گوڵەنە و جەماعەتەکەی لەناو دەبەم!

جا ببینە ئەو ئەردۆگانە چۆن بە پلان و بە یادەوەری پڕ لە حیقدەوە کارەکانی بە هێمنی و بە پیلان بۆ داڕێژراو دەکات، بە جۆرێک خەڵک و سیاسەتوان و چاودێری سیاسی نەماوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هەنگاوەکانی فریویان نەخواردبێت!

من دڵنیام لە ڕاستی ئەو قسەیەی گوڵەن دەربارەی هەڕەشەکەی ئەردۆگان، چونکە ئەردۆگان زۆر بلیمەت و وریایە لە قینە هەڵگرتن وشەڕدا، دڵنیام کاتێ خۆشی لە کورد نزیک کردەوە، هەروای گووتبوو: "با جارێ لەگەل کورد یاری بکەم تا ڕزگارم دەبێت لە فشاری عەسکەر، و دادگا و دەزگای کەمالیزم ئینجا ئیشیان دەبینم.!" ئاخیری خێر بێت ئەو ئەردۆگانە چاوەڕوانی شەڕی زیاتری لێ دەکرێت، ئینشاڵڵا هەر وا خۆبەخۆیی خەریک بن، تا کورد کەمیک دەحەسێتەوە!

٢٠١٦/٨/٤

بەشی هەشتەم

# سیاسەتی کوردان لە هەمبەر تورکیا

# ئاخیری هەر چووی!!
# تاڵەبانی ویاوەرانی لە ئەنقەرە: ئەیتام علی موائد اللئام!

بەراستی قەدەری خراپی کوردە ئەمرۆ ئیبتلا بێت، بە دەست جوگرافیایەکی وا بۆگەن، لە هەر چوار لایەوە دەورە بدرێت بە دەستی ئەو وڵاتە شۆفینیانەی کە هەموو خەمیان سەرکوتکردنی کوردە. هەر لە نێو ئەو قەدەرە خراپانە هەڵوێستی خراپی جیهانی یەکەمە بەرامبەر دۆزی کورد لەوەتی هەیە. لە هەموشیان خراپتر ئیبتلا بوونە بەو سەرکردانەی کە هەزار ویەک حیساب دەکەن بۆ دوژمن وهیچ حیسابێک بۆ ڕای گشتی وتایبەتی میللەتەکەیان ناکەن.

لە پاش ئەوەی لوتی پڕ لە عونجوهیەتی دەوڵەت وسوپای تورکیا تا ڕادەیەکی چاک شکا، بەو کێشانەوە لە ناکاوەی کە هەتا خودی ئەردۆگانیش لێی بێ ئاگا بوو، وئیحراجێکی زۆریشی بۆ دروست کرد کاتێک ناچاری کرد ئەو خیتابەی کە قەول بوو بیدات بۆ میللەتی تورک لەمەڕ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە (باکوری عێراق) وپاش دابەش کردنی دەقی خیتابەکە بەسەر ئاژانسەکانی هەواڵ، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بۆ ڕۆژی دوایی، ئینجا کێشانەوەی خیتابەکە ودەستکاری کردنی کە هەندێک لە چاودێرە سیاسیەکانی تورک وەک ئابڕووچوون ناویان برد!

لە جیاتی وەبەرهێنانی ئەو سەرکەوتنە، بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستی کورد کە تاڕادەیەک هەڵوێستی ئەمریکاش لە بەرژەوەندی ئێمە دابوو، کەچی لەو ساتە ناسکانە، ولە پاش دەستپێکردنەوەی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، تاڵەبانی زیارەتێکی غەسب ولحەیا دەکات بۆ تورکیا، ولەبەر خاتری نەڕەنجاندنی دڵی تورکەکان بەرهەم سالح وهوشیار زێباری لەگەڵ خۆیدا نابات، وەک بڵێی خۆی داوەتە دەستی مەزاجی سیاسی نوخبەی حوکمڕانی تورکی!

سەرەڕای ئەوەش بە شێوازێکی سارد وسڕ وپڕ لە سوکایەتی وئیهانە پێشوازی دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا! ونە مافوری سور ونە ٢١ تەڵقەی پێشوازی ونە پشکنینی حەرەسی شەرەف. وبە ڕاشکاوی وزۆر بەزبری وەک سیفەتێکی پڕ غروری هەمیشەیی تورک، گوتیان ئێمە

وەک سەرۆکی عێراق پێشوازی لێ ناکەین، بەڵکو وەک نوێنەری کوردان، وزیارەتەکەش ڕەسمی نیە بەڵکو زیارەتی کارە!!
تاڵەبانی لە جیاتی هەڵوێست گرتن ئەو هەموو ئیهانە وسوکایەتیەشی بۆ قوتدرا، وکۆری دڵی خۆشی بە (پ.ک.ک) ڕشت ودەستی کردە تەسریح دان بە هاوکاری کردنی لەشکری تورکیا لە دژی (پ.ک.ک).!
سەیر لەوەدایە ئەو سەردانە جێگای ڕەزامەندی زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە وسیاسیەکانی کورد نەبوو، ووێڕای جەماوەری کورد لە عێراق وتورکیا کە بە دەست عونجوهیەت وسوکایەتیەکانی تورک ودەوڵەتەکەی تا سەر ئێسقان بریندارن، وچاوەڕێی هەڵوێستی پڕ لە کەرامەتیان لە سەرکردەکان دەکەن، نەک بەو شێوازە سارد وسڕە پێشوازی بکرێت وەک بڵێی بکوژی باوکیان بێت وخۆی دەخالەتی ماڵیان کردوە!
بەڕاستی ئەو زەبرەی تاڵەبانی دەیوەشێنێتە کورد وجەماوەری حزبەکەی، مایەی سک پێ سوتانە بۆ ئەو حزبەی کە ڕۆژانە جەماوەری خۆی لە دەست دەدات، سەبارەت بەو هەڵانەی کە دەیکات بێ گوێدانە ئامۆژگاری کەس، وزۆربەی هەڵەکانیش لە کێشی قورسن.
لە کاتی نوسینی ئەم وتارە زیارەتی موبارەک هێشتا تەواو نەبوە یانی خوا دەزانێ چەندین تەسریحی تری مردوو ڕاچڵەکێنی ترمان گوێ لێ دەبێت.
٢٠٠٨/٣/١٠

# ڕێکەوتنامەی حکومەتی کوردستانی عێراق وتورکیا لەسەر حیسابی کێ یە؟

پاش دوژمنایەتیەکی سەرسەخت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا، وادیارە بەرژەوەندی هاوبەش هەردوو لای هاندا بۆ بیرکردنەوە وهەنگاونان بەرەو پەیوەندی بەستنەوە وپەیداکردنەوەی متمانە بەیەک.
لە هەموو لایەک مەعلومە کە تورکیا دژایەتی کردنی بۆ کوردستانی عێراق هێندە شەخساند بوو تا ڕادەیەک خەڵکی وایدەزانی ئەوە دوژمنایەتیەکی تورکیایە لەگەڵ خودی بەڕێز سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی، بارزانیش بە لێدوانە ڕاشکاو وئازایەکانی لە دژی لوتبەرزی دەزگای حوکمڕانی تورکیا توانی هزر وخۆشەویستی زۆربەی کوردی جیهان بۆ خۆی ڕاکێشێت، چونکە کەس نەبوو لە ئاستی سەرکردایەتی کوردی ئاوا چاونەترسانە وەڵامی لێدوانە ناماقوڵەکانی تورکیا بداتەوە لە دژی قەوارەی کوردی ودۆزی کورد بە گشتی، هەتا نوسەرێکی بەناوبانگی تورک ئەنوسێت:» بارزانی بەرامبەر (کردەوەکانی پ.ک.ک) ڕازی بوو رۆڵی بینەر ببینێت، نەک هەر هیچی نەکرد بۆ دەست گرتنیان، بەڵکو پشتگیریشی کردن، هەر هێندەش نا بەڵکو بارزانی ئاڵای کوردایەتیشی هەڵدا ”Barzani unfurled the flag of Kurdish nationalism.“

ئێمە هیچ ڕەخنەیەکمان لەو نزیکبونەوە وپتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتورکیا نیە لەسەر بنچینەی پێکەوە ژیانی ودامەزراندنی پەیوەندیەکی دۆستانە، وئاستێکی دیاریکراو لە پەیوەندی، چونکە هاوسێیەتی ئێمە وتورکیا قەدەرێکە وەک قەبارەی لەشت وبەرزی بەژنت ناتوانیت لێی ڕابکەیت، ئەگینا ئەگەر وڵات ڕەوڕەوەی هەبوایە گومانم نیە کە کورد لێیدەخوری بۆ بیابانی نیڤادا یان بەستەڵەکی باکور یان هەر شوێنێکی تر دوور لەو زڕبرایانە! بەڵام ئەو ڕێکەوتنامەیەی کە گوایە مۆرکراوە لە نێوان هەردوولا لەبەر نهێنی ناوەرۆکی کەلعادە قسە وگومانی زۆری خراوەتە سەر.
ئەوەی زیاتر نیگەرانمان دەکات ئەو پێشوازیە گەرمەی میدیای تورکیە بۆ ڕێکەوتنامەکە، چونکە تورک لەوانەیە دڵخۆش بن بە ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ لەگەڵ وڵاتێکی بە هێزی وەک ئەمریکا وبەریتانیا وفرەنسا وهتد.. بەڵام لەو باوەڕە نیم شانازی بە ڕێکەوتنێکی هاوسەنگ بکەن لەگەڵ کرمانجەکان یان

تورکە چیایەکان، چونکە ئەوان سەلام کردنیشیان لە ئێمە بە منەت دەزانن، تا ئەو ڕادەیەی کورد تێگەیشتبێت لە عەقڵیەتی تورکی!!
ئەوەشی زیاتر وزیاتر نیگەرانی کردین پێشوازی نەکردنی سەرۆکی هەرێم بوو لە وەفدی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (د. ت.پ)ی کوردی لە تورکیا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فراکسیۆنی (د.ت.پ) لە پەرلەمانی تورکیا ئەحمەد تورک!!
چونکە ئێمە لە میدیای کوردی پێشوازیەکانی سەرۆکی هەرێم دەبینین کە لە جۆرەها کەسی دەکات، چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بتوانێت پێشوازی لە گۆرانی بێژێک بکات کە نە گۆرانی بێژێکی پلە یەکە، ونە خەباتگێڕێکی کۆنە، ونە ڕۆشنبیرێکی ناسراوی گەلەکەمانە، دەبێت بۆ نەتوانێت پێشوازی لە نوێنەرانی حزبێک بکات کە ملیۆنەها دەنگی کوردیان بە دەست هێناوە، وئینجا چەکیشیان هەڵنەگرتوە لە دژی دەوڵەتی تورکیا، ونەک هێندە بەڵکو زۆر لە نێوەندە سیاسیە میانڕەوەکانی تورکیاش (د. ت.پ) بە کلیلی چارەسەری دۆزی کوردیان دادەنێن؟! ئەحمەد تورک لەو بارەیەوە لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی « لە تورکیا هەر کات بمانەوێت چاومان بە سەرۆک کۆمار بکەوێت، ناڵێن نا، بەڵام کاتآ لە باشور نەتوانین لەگەڵ گەل ومرۆڤی خۆمان یەکتر ببینین، ئەوە شتێکی زۆر خراپە بۆ ئێمە!!»
بارزانی ئیمڕۆ پایە وشوێنێکی بەرچاوی هەیە لای کوردەکانی تورکیاش، ئەو حالەتەش دەکرێت سودی لێ ببینێت بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی وبەژداری کردنی لە چارەسەری دۆزی کورد لە تورکیا.
لەو خاڵەوە پێویستە یەکەم کار بکرێت ئاشکرا کردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە بۆ میدیای کوردی، چونکە وابزانم ئیتر بەسە ئەو ڕێکەوتنامە نهێنیانەی ناوەوە ودەرەوە وپێویستە خەڵک بەژداری پێ بکرێت بۆ ئەوەی ئاگاداربن چی ڕودەدات، ئینجا بۆ ئەوەی ڕێگا لە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی هەڵە بگیرێت. چونکە بە ڕاشکاوانە بیڵێین ئێمەی کورد ڕازین بە هەر کارێک ئێوە بیکەن بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان وەک چۆن بەهەشتی موستەفا بارزانی دەیوت من وەک سواڵکەرێکی نابینای بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانیم، دەستم کردۆتەوە بۆ داواکردنی یارمەتی، وئەوەی یارمەتیم بدات نایبینم کێیە وناپرسم کێی!! ئێوەش هەروابکەن، تەنها ڕازی نین لەسەر حیسابی بەرژەوەندی براکانمان بێت لە تورکیا، چونکە کوردانی تورکیا بە چاوێکی زۆر ئەفسوناوی دەڕواننە ئەزمونەکەی ئێمە با ئەو وێنە جوانە لە زیهنیان نەشێوێنین.
٢٠٠٨/٥/١١

# خیانەتی تورکیا و خەمساردی دەسەڵاتی کوردی

تورکیا بە شەهادەی هەموو میدیای خۆرئاوا و سێ چارەگ میدیای خودی تورکیاش پشتگیری داعشی کردوە وتا ئێستاش دەیکات، هێندە ناخ ڕەشە هەتا ئەو قازانجە زۆرەی بەوان دەگات لە نەوت و بازرگانی وساغ کردنەوەی کاڵاکانیان لە بازاڕی کوردستان و خولقاندنی دەیان هەزار هەلی کار بۆ هاولاتیانی تورکیایی لە بازاڕی کوردستان نادیدە گرت.

تورکیا یارمەتی ئەو درندە بەشەریانەی دا، کە هێندەی نەمابوو پایەختی کوردستانی باشوور داگیر بکەن، ئەمڕۆ داود ئۆغلۆی لە ئەردۆگان دووڕووتر هاتوە دەیەوێت بە دوو ڕکەعات نوێژی بەردەم کامێرایی فریومان بدات!

خۆزگە بهاتبای بۆ کردنەوەی مەلهایەک باشتر بوو، بەلام دەستتان نەختسبا ناو دەستی وەحشەکانی داعش، و چەند شێتوشواری سەلەفی میللەتان هەیە لە ڕێگای تورکیاوە و بە ئاسانکاری تورکیا بۆمانتان نەناردبا!

سەیر لەوەدایە بەر لە چەند مانگێک دەسەلاتی کوردی بۆ پێشوازی جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کاک فەلاح مصطفی ی موتەرجیمی نارد، وەک ئاماژەیەک بۆ توڕەبوون لە ئەمریکا، کەچی بۆ پێشوازی داود ئۆغلۆ سەرەڕای هەموو هەڵوێستە خیانەتکارانەیان لە دژی کورد و کوردستان سەرۆک وەزیران و سەرۆک هەرێم پێشوازیان لێکرد! دەبوایە هەردوو سەرۆک بۆ ئەوەی داود ئۆغلۆ فەرامۆش کەن، سەردانێکی ئەمریکا و ئیتاڵیایان کردبا بە بیانووی بازاڕکردنی زستانە!

بێ باکی و خەمساردی دەسەلاتی کوردستانی ئێمەش لە بەرامبەر دوژمنانی و خائینانی لە بێ باکی و خەمساردی ژنێک دەچێت، کە لەسەر گردێک دانیشتبوو دەیڕوانیە شەڕی خوێناوی هۆزەکەی خۆیی و هۆزێکی تر، ڕێبوارێکیش بەوێ تێپەڕی ئەو شەڕە گەورەیەی دیت کەس دەستی بەتاڵ نەبوو لێی بپرسێت، ناچار لە ژنەکەی پرسی کە بێ خەم وبێ باک سەیری شەڕەکەی دەکرد! کابرا گووتی: خوشکم ئەوە چی بووە ئەو هەموو خەڵکە شەڕی دەستەویەخە و مان ونەمان دەکەن؟!

ژنەکەش بە خەمساریەکەوە گووتی: وەڵڵا چوزانم دەڵێن گوایە منیان گ...ە! لەگەل داوای لێبوردنم لەبەکارهێنانی ئەو وشەیە، بەلام جاوبار ناچار دەبیت پەنا ببەیتە بەر ئەو دەستەواژانە بۆ گەیاندنی تاڵاوی دڵت.

٢٠١٤/١١/٢٢

# پەیوەندی بارزانی و تورکیا
# لە دژایەتیەوە بۆ خۆبەدەستەوەدان!

لە بیرمە کاتێ بارزانی بەوپەڕی توونـدی وەڵامـی لێدوانـە شـۆڤێنیەکانی تورکیای دەدایەوە تا ئەوپەڕی پشتگیریمان لێ دەکرد بە نووسین و بە قسە لەسەر تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە عەرەبیەکان. بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕێککەوتنێک ڕوویدا لە نێوان بارزانی و تورکیا، لە ٢٠٠٨/٥/١١ لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی: [ڕێکەوتنامەی حکومەتی کوردستانی عێراق وتورکیا لەسەر حیسابی کێ یە؟] ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی خۆمان دەرخست لەو نزیک بوونەوەیە کە لەسەر حیسابی هەڵوێستە چاکەکانی بێت و بگاتە سنوری سوودی یەک لایەنە بۆ تورکیا!

لە سەرەتادا نووسیبووم: « ئێمە هیچ ڕەخنەیەکمان لەو نزیکبونەوە وپتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتورکیا نیە لەسەر بنچینەی پێکەوە ژیانی ودامەزراندنی پەیوەندیەکی دۆستانە، وئاستێکی دیاریکراو لە پەیوەندی، چونکە هاوسێیەتی ئێمە وتورکیا قەدەرێکە وەک قەبارەی لەشت وبەرزی بەژنت ناتوانیت لێی ڕابکەیت، ئەگینا ئەگەر وڵات ڕەوڕەوەی هەبوایە گومانم نیە کە کورد لێیدەخوڕی بۆ بیابانی نیڤادا یان بەستەڵەکی باکور یان هەر شوێنێکی تر دوور لەو زڕبرایانە! بەڵام ئەو ڕێکەوتنامەیەی کە گوایە مۆرکراوە لە نێوان هەردوولا لەبەر نهێنی ناوەرۆکی کەلعادە قسە وگومانی زۆری خراوەتە سەر.»

لە هەموو لایەک مەعلومە، کە تورکیا لەو ڕۆژگارە، دژایەتی کردنی بۆ کوردستانی عێراق هێندە شەخساند بوو، تا ڕادەیەک خەڵکی وایدەزانی ئەوە دوژمنایەتیەکی تورکیایە لەگەڵ خودی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی‌یە! بارزانیش ئەو کاتە بە لێدوانە ڕاشکاو وئازایەکانی لە دژی لوتبەرزی دەزگای حوکمڕانی تورکیا، توانیبووی هزر وخۆشەویستی زۆربەی کوردی جیهان بۆ خۆی ڕاکێشێت، چونکە کەس نەبوو لە ئاستی سەرکردایەتی کوردی ئاوا چاونەترسانە وەڵامی لێدوانە ناماقوڵەکانی تورکیا بداتەوە لە دژی قەوارەی کوردی ودۆزی کورد بە گشتی. هەتا لە بیرمە ئازایەتی هەڵوێستەکان گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی نوسەرێکی بەناوبانگی تورک نووسیبووی:» بارزانی

بەرامبەر (کردەوەکانی پ.ک.ک) ڕازی بوو ڕۆڵی بینەر ببینێت، نەک هەر هیچی نەکرد بۆ دەست گرتنیان، بەڵکو پشتگیریشی کردن، هەر هێندەش نا بەڵکو بارزانی ئاڵای ناسیونالستی کوردیشی هەڵدا "Barzani unfurled the flag of Kurdish nationalism".

بەڵام هەر ئەو کاتە هەستم بە نیگەرانیەکی قوڵ کرد کە ئەو ڕێکەوتنامەیە لەسەر حیسابی پ ک ک و خەباتگێڕانی سیاسی کوردانی باکوور بێت بۆیە گووتم: «ئەوەشی زیاتر وزیاتر نیگەرانی کردین پێشوازی نەکردنی سەرۆکی هەرێم بوو لە وەفدی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (د. ت.پ)ی کوردی لە تورکیا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فراکسیۆنی (د.ت.پ) لە پەرلەمانی تورکیا ئەحمەد تورک!! ...

چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بتوانێت پێشوازی لە گۆرانی بێژێک بکات، کە نە گۆرانی بێژێکی پلە یەکە، ونە خەباتگێڕێکی کۆنە، ونە ڕۆشنبیرێکی ناسراوی گەلەکەمانە، دەبێت بۆ نەتوانێت پێشوازی لە نوێنەرانی حزبێک بکات کە ملیۆنەها دەنگی کوردیان بە دەست هێناوە، وئینجا چەکیشیان هەڵنەگرتوە لە دژی دەوڵەتی تورکیا، ونەک هێندە بەڵکو زۆر لە نێوەندە سیاسیە میانڕەوەکانی تورکیاش (د. ت.پ) بە کلیلی چارەسەری دۆزی کوردیان دادەنێن؟!»

زۆر نیگەرانیتریشمان دەربڕیبوو، ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردم ئەو کاتە ئەو پێشوازیە گەرمەی میدیای تورکیا بوو بۆ ڕێکەوتنامەکە، چونکە تورک لەوانەیە دڵخۆش بن بە ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، یان وڵاتێکی بە هێزی وەک ئەمریکا وبەریتانیا وفرەنسا وهتد.. بەڵام لەو باوەڕە نەبووم تورک بەو هەموو لووتبەرزیەوە و کورد بەکەم زانیەوە، شانازی بە ڕێکەوتنێکی هاوسەنگ بکەن لەگەڵ کرمانجەکان یان تورکە چیایەکان! چونکە تورک سەلام کردنیشیان لە ئێمە بە منەت دەزانن، تا ئەو ڕادەیەی وەک کوردێک تێگەیشتبێتم لە عەقڵیەتی تورکی!!

ڕاستە بەرژەوەندیەکی زۆر هەیە لە نێوان پارتی و بارزانی وەک هاوسنورێک لەگەڵ تورکیا، نزیکەی ٤٠٪ بازاڕی هەرێم بە کاڵای تورکی پڕدەکرێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٣ کوردستانی عێراق سێیەم گەورەترین بازاڕی هەناردەکانی تورکیا بوو بە بڕی ٥.١ پێنج بلیۆن و سەد ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا، لەگەڵ زیاتر لە ١٥٠٠ کۆمپانیای تورکی کە کاریان دەکرد لە کوردستان! لە مانگی ٥ی ٢٠١٤ وە ڕۆژانە نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردی دەچێتە تورکیا

وبەندەری جیهان!

دەبوایە تورکیا ناز و منەتی بارزانی وپارتی کێشا با، نەک لە کاتی هێرشی درندەکانی داعش، کە بارزانی لەو ڕۆژە تەنگاوتر نەبووە، تورکیا بەوپەڕی ساردیەوە و نابەرپرسانەوە تەماشای وەزعەکەی کرد، ئەوە ئەگەر خودی هێرشەکەش بە پیلانی تورکیا نەبوو بێت! خەڵک هەیە لە پێناو دوکانێک کە ڕزقی لێ پەیدا دەکات، شەڕی مان و نەمان دەکات، نەک لە پێناو بازاڕێکی گەورەی وەک کوردستان، کە تورکیا بە ملیاراتی لێ قازانج دەکات، وا بێ هەڵوێست بێت!

ئێستا پاش تێپەڕبوونی ٨ ساڵێک دەزانین کە ئەو ڕێکەوتنامەیە نهێنییەی کە میدیای تورکی ئاهەنگیان بۆ گێڕا تەنها خۆبەدەستەوەدانێکی ڕووت بوو، دادۆشینێکی هەرزانی تورکیا بوو بۆ بارزانی و هاوڵاتیانی هەرێم. تورکیا ڕۆژانە ملیۆنەها دۆلار سوود لە هەرێم دەبینێ، و بارزانی لە جیاتی ئەوان دژایەتی پ ک ک و یەپەگەشی بۆ دەکات، هاوکاری ئاسایشی لەگەڵ تورکیا لە لوتکەیە، و هێزی سەربازی و موخابەراتی تورکیا تەراتێنیانە لەناو هەرێم! میدیا وکەسایەتی حزبی تورکی ناوی کوردستانی عێراق دەهێنن وەک پارێزگایەکی تورکیا!

یانی مەترسیەکانی من کە لە وتاری ناوبراودا دەرم بڕیبوو زۆر کەمیش بوو، من تەنها دەترسام دژی پ ک ک و خەباتی باکوور تورکیا بەکاریان بهێنێت، بەڵام هەر خۆ بەدەستەوەدانی ڕەهایە لەگەڵ خێر وبێر و نەوت و هاوڵاتیانی هەرێم!

بەداخەوە بۆ بارزانی کە ڕۆژگارێک بەوپەڕی توندیەوە بەرامبەر تورکیا وەستا بووەوە، بەڵام ئەمڕۆ نەک نەیتوانی هاوسەنگی خۆی بپارێزێت، بەڵکو سەرەڕای بێ هەڵوێستی تورکیا لە ناسکترین ساتدا، هێشتا بەتەواوی و ڕەهایی خۆیی و سامان و نەوت و ئیرادەی تەسلیم بە تورکیا کردوە، لە بەرامبەر نرخێکی کەم کە باس ناکرێت!

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٨/١٢

[١]http://www.rubincenter.org/٢٠١٦/٠٩/turkeys-changing-relations-with-the-iraqi-kurdish-regional-government/

TURKEY’S CHANGING RELATIONS WITH THE IRAQI KURDISH REGIONAL GOVERNMENT

By Ozlem Kayhan Pusane September 5, 2016

[٢]http://www.mepc.org/reopening-turkeys-closed-kurdish-opening
?Reopening Turkey's Closed Kurdish Opening
[٣]https://www.turkeyanalyst.org/publications/turkey-analyst-articles/item/353-turkey-moves-toward-for-a-grand-bargain-with-kurdistan.html
Turkey Moves Toward a Grand Bargain with Kurdistan, By Micha'el Tanchum, By Micha'el Tanchum

# کورد و دەعوەت!

هەست دەکەم یەک لەسیفەتەخراپەکانی نوخبە وسیاسی و نووسەرانی کورد ئەوەیە دەعوەت لە دەست خۆیان نادەن بە هەر نرخێک بێت. زۆر جار لەسەرحیسابی کەرامەتی نیشتیمان و میللەتیخۆشیان بێت، ئەوە باسی کەرامەتی خۆیان ناکەم.
بەرلە ماوەیەک کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس داوەت کران لە تورکیا لە پارتیەوە تا گۆڕان لەوێ میوانی داود ئۆغلۆ بوون. ڕۆژنامەچیەکەی گۆڕان لە هەموویان موراهیقتر و پڕلە پێکەنین دەردەکەوت لە وێنەکان!!
خۆشە چەند ڕۆژێک لە باشترین و خۆشترین هوتێل ونانخواردن بیت، و میدیاش لە دەوروبەرت بن بە کەیفی خۆت لێدوان بدەیت. ببینە لەو ڕۆژگارە ئەردۆگانی فاشیست چۆن سەگەکانی لە کورد بەرداوە، کە دەست لە گەنج وپیر و منداڵ، و نێر ومێ و جاحێڵ و پیر ناپارێزن، کەچی ئەو میدیاکارانەی هەموو حزبەکان، ببینە لە کوردستانیش وا لە تەنیشت یەک دانانیشن، کەچی لە بەردەم داود ئۆغلۆ وا پڕ لە بەرائەت دانیشتوون!
بەڕاستی شورەییە ئامادە بوون لە یادی حزبێکی دۆڕاوی فاشیستی وەک ئاک پارتی ئەردۆگان کە پازدە ساڵ زیاترە گاڵتە بە کورد دەکات و خوێنی کورد دەمژێت بە سپۆنسەریپارتی کە دەستی تورکیای واڵا کردوە لە دزینی سەروەت و سامانی کوردستان ، ئێستاش خوشک و براکانمان دەکوژن لە باکووردا.

# نکوڵی بورهان غەلیۆن و کەمتەرخەمی کورد

ئەوە یەکەم هەڵەی بورهان غەلیۆن نییە بەرامبەر کورد، لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی سوریا، کاتێ لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١بورهان غەلیۆن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی دوتشەڤێلی ئەڵمانی؛ کوردی لە سوریا وەک کۆچبەرانی ئاسیاوی فەرەنسا شوبهاند بە نەفەسێکی شۆڤینی کە ئەوەی غەلیۆن بناسێت توشی ڕاتەکانی دەکات. ئێمە بە حوکمی هاوسۆزیمان لەگەڵ شۆڕشی گەلانی سوریا ئەو لێدوانە زۆر ئازاری داین، بەڵام هێندەی نەبرد لە ٢٠١١/١٠/٢٨ بورهان غەلیۆن لە فەیسبوک وئەنتەرنێتەوە لێبوردن نامەیەکی ئاراستەی کورد کرد لەمەڕ لێدوانەکانی کە ئەو وروژانەی ئەو کاتەی کپ کردەوە، هەرچەندە من نیشانەیەکی پرسیاری گەورە لە زیهنمدا لەسەر ئەو پیاوە دروست بوو.

بەڵام هێشتا ئەوەمان لەبیر نەچۆتەوە وسەرەڕای هاتنیشی بۆ کوردستانی عێراق کەچی لە چاوپێکەوتنەکەی [ڕوداو] دا لەو مانگەی ئەپڕیلی ٢٠١٢، ئەگەر ڕاست بێت وبەتۆمارکراوی چاوپێکەوتنەکە هەبێت، ئەوە ئەوەی ئەو وتویەتی لە قسەی نوسەرە موخابەراتەکانی ڕژێمی سوریای وەک مونزیر موسڵی وئەمسالەکانی دەچێت، وەک لەوەی لە قسەی ڕۆشنبیرێکی عەلمانی لیبڕال ودیموکراتخواز بچێت، کە سەر زمان وبن زمانی باسی مافی مرۆڤ و عەقڵ ودژایەتی کردنی تێڕوانینە نا دیموکراتیک وسەلەفی وئسوڵیەکانە.

بورهان غەلیۆن لەو چاوپێکەوتنەدا دەستەواژەو و ناوی (کوردستانی سوریا)ی قبوڵ نییەو دەڵێ «شتێک نییە بەناوی کوردستانی سووریا، ئەمە گواستنەوەی نموونەی عێراقە! سەبارەت بەداواکردنی فیدرالی لەلایەن کوردەکانی سوریاوە وتی «کورد نابێ وابەستەی وەهمی فیدراڵی بێ، چونکە سوودی نییەو وا پیشاندەدات کە کورد داوای جیابوونەوە دەکات». هەروەها دەڵێ ئەوان ئامادەنین دوای رووخانی رژێمی بەشاری ئەسەد ئۆتۆنۆمیش بدەنە کورد «ئێمە ئۆتۆنۆمی قبوڵ ناکەین، چونکە هیچ هەرێمێک نییە لەسووریا کە رێژەی ١٠٠٪ی دانیشتووانی کوردبن»!! کەوابوو نیمچە فەیلەسوفێکی وا بەو شێوەیە قسە بکات بۆ دەبێت ئەتاتورک وژەنەڕاڵە کەمالیستەکان وکەمالیستەی ئاینیەکەی ئۆردۆگان وسەدام وحافز ئەسەد

مەعزور نەبن لە چەوساندنەوەی کورد دا؟!
من دەمێکە ئاشنایەتیم لەگەڵ بیر وهزری غەلیۆن دا هەیە لەوەتی بۆ یەکەم جار کتێبی [نقد السیاسە: الدولە والدین]م خوێندەوە لە لەندەن پێش نزیکەی ٩ساڵ، بەڕاستی ئەوەی گوێم لێدەبێت لەسەر دەمی ئەو ڕۆشنبیرە [حداثوی] یە لەوەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی سوریا مرۆڤ توشی سەرسوڕمانێک وگومانێکی گەورە دەکات لە بورهان غەلیۆن و لە خودی خۆمیش!
سەرسوڕمانی من لەو کەڵە ڕۆشنبیرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چۆن سیکیولارستێکی ڕادیکاڵی وخاوەنی ئەو ناونیشانە قەبە وزلانەی وەک:
(المسألة الطائفیة ومشكلة الأقلیات ، ثقافە العولمە وعولمە الثقافە، بیان من رجل الدیمقراطیە، اغتیال العقل، مجتمع النخبە، نقد السیاسە: الدولە والدین، الوعي الذاتي، حوار الدولة و الدین) کە بەڕاستی هەمووی کتێبی ناوەرۆکدارن بە دەستی ئەکادیمیەکی گەورە وپسپۆر لە بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی لە زانکۆی سۆربۆن - کە لانکی بیری فەلسەفی ودیموکراتیە لە فەرەنسا- نوسراون، توشی سەرسوڕمان دێت، کە ئەو خاوەن چەندین دکتۆرایە بە زارزمانی نایب عەریفێکی وەک [عەلی حەسەن مەجید] قسە دەکات، بەو پەڕی ناهەستیارانەی نەفامانەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەو زامە مێژوویە گەورەیەی کورد بکات لە دەستی سیاسەتە بەد وشۆڤێنیستەکانی ڕژێمی بەعسی بۆگەن، کە دەگاتە ئاستی قڕتێخستن وجینۆسایدی مەعنەوی، یان بەبێ ئەوەی هەست بە دزێوی لە دەربڕینی ئەو قسانە بکات، کە هێشتا تەنها ئۆپزسیۆنێکی دەرەکیە، ولە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ناوەوە وچاوپێکەوتنەکان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ناوەوە سەدان جوێن وتەوهینی پێدەکرێت، لەبەر بەد هەڵسوڕاندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەستەنبوڵی وەک ناحەزانی ناوی دەنێن!
چونکە بۆ کورد وزۆر کەسانی تریش ساغ بۆتەوە، کە ئەو ئەنجومەنی نیشتیمانی یە سەرەڕای بوونی ڕەگی بەعسیزم لە خودی خۆیان، تورکیا وئەردۆغانیش دەرسی شۆڤێنیەتی کەمالیزمیان دادەدەن، وکێشەی کوردی سوریایان بۆ کردونەتە خەتی سور. ئەگەر نا چۆن ڕۆشنبیرێکی سێکیولاریستی نیشتیمان پەروەر دەربارەی کورد دەڵێت: « ئەگەر هاتنە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی چاکە، گەر نەهاتنیش ئەوە چش یان طز بە عەرەبی!!»
وەک کوردەکانی سوریا لێیدەگێڕنەوە.
کە گومانیش لە خۆم دەکەم، تۆ بڵێی ئەو بورهان غەلیۆنەی کە من چەند کتێبێک وچەندین وتاریم خوێندۆتەوە هەمان ئەو بورهان غەلیۆنە بێت کە

من بەزۆر لە تەرحەکانی سەرسام دەبووم؟! تۆبڵێی وەک فیلمەکەی عادل ئیمام نەبێت کە دوو دەور بوون، ویەکێکیان تا سەر ئێسقان ڕۆشنبیر وناسک وخاوەن بڕوانامەی بەرز وئاشتی خواز وهەقبێژ وئەوی تریان تا سەر ئێسقان لۆتی وشەڕانگێز وتاوانکار؟!

شتێکی تریش پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە کوردەکانی سوریا نابێت لەبەر چەندین هۆ و هۆکار هەمان ئەزموونی کوردستانی عێراق بگوێزنەوە بۆ کوردستانی سوریا، چونکە نەک هەر غەلیۆن، بەڵکو ئاپۆ [عەبدوڵڵا ئۆجلان] یش تا دوا ڕۆژی لە ژێر سایەی موخابەراتی سوریا نکولی لە بوونی کوردستانی سوریا دەکرد! و زۆر لە لێکۆڵەرە عەرەبەکان گەواهی بە قسەکانی ئەو دەهێننەوە!

خالید بەکداشی دامەزرێنەر وسەرۆکی حزبی شیوعی سوری تا مردن بەهەمان شێوە کێشەی کوردی بە دژی یەکێتی خاکی سوریا وجیاوازی نانەوە دادەنا! بەڕای ئێمە شۆکێکی زۆر گەورەیە بۆ جەوی سیاسی گشتی لە سوریا داوای فیدراڵیەت بکەیت، چاکتر وایە هەوڵی زامنکردنی هەقی یەکسانی مرۆیی وفەرهەنگی نێوان کورد وعەرەب زامن بکرێت لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکدا چاکترە لەوەی کورد لەو قۆناغە دابڕێت لە شۆڕشی گەلانی سوریا، چونکە ئەو دابڕانە بە قازانجی ئەسەد ورژێمەکەی کۆتایی دێت کە لە مەرگ زیاتر هێچی پێ نییە بۆ کورد، لە یادیشیان نەچێت کە کوردستانی عێراقیش دروشمە بەراییەکانی لامەرکەزیەت وئۆتۆنۆمی بوو دوایی باسی فیدراڵیەت هاتە ئاراوە.

کورد لە سوریا پێویستی بە کارێکی زۆر هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سوریەکان ونوخبەی ڕۆشنبیر بۆلای خۆیان، چونکە وەک دەردەکەوێت هەتا غەلیۆنیش شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر کورد وکێشەکەی، هەرچەندە پیاوی فیکر و قەڵەمە، بەلکو کەڵە شۆڕشگێڕ ومافناسێک کە زۆربەی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی بەعسدا بەسەر بردوە [هەیسەم مالح] بە شۆڤێنی ناوی دەبرێت، ، تۆ بڵێی ئەو جەهل وتەجهیلە خەتای کوردیشی تێدا نەبێت؟ ئەگەر نوخبەکانی سوریا وابن ئەی دەبێت مرۆڤە ئاساییەکان بۆچوونیان چۆن چۆنی بێت.؟!!!

٢٠١٢/٤/١٨

## کێ سێ چالاکوانەکانی پەکەکەی کوشت؟

کوشتنی ئەو سێ چالاکوانەی پ ک ک تەنها تاوانێکی کوشتن نییە، بەڵکو بۆتە مەتەڵێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی.
هەر لە یەکەم ساتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی کوشتنی ئەو ٣ کەسایەتیەی پ ک ک، هێشتا کەس نەگەیشتۆتە بریاری کۆتایی لە دیاریکردنی بکوژەکان لەبەر تێکەڵ وپێکەڵی وزۆری ئەویاریکەرانەی لە گۆڕپانی کوردی وناوچەکە یاری دەکەن. راستە کەسانێک لە زۆر لە وڵاتان ڕژانە سەر شەقامەکان، بەڵام هەتا ئەو خۆپیشاندانانەش جۆرێک لە تەردود ودوو دڵی ودڵنیا نەبوونی پێوە دیار بوو، دروشمەکانیشی بە زۆر ئاراستە بوو. هەتا خودی پەکەکەش لە زمانی زۆر لە لێپسراوانیان تاوانەکەیان نەخستۆتە ئەستۆی لایەنێکی دیاریکراو.
ئەگەر بێینە سەر راپۆرتەکەی ویکلیکس کە ئێن ئار تی تیڤی بڵاوی کردەوە، ئەوە ئەو بۆمبە میدیایە نەبوو کە خەڵک چاوەڕوانی دەکرد، بەڵکو شتێکی چاوەڕوانە لە ئەمریکا وزۆر لە ئەوروپاش هەوڵی چک کردنی سەرچاوەی دراوی پ ک ک بدەن وەک نیفاقیکی ئەمریکی بۆ خۆشیرین کردن لەبەرچاوی دەسەڵاتی تورکی ولەبیربردنەوەی لایەنگیری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل ئەو کارانە بکەن لە دژی کورد. ئەمریکا بە هاوکاری ئیسرائیل خودی ئاپۆیان گرت ورادەستی تورکیایان کرد، چۆن کارێکی وا ناکەن؟!
دوور لەو ڕاپۆرتە ئەگەر باسی ئەگەرەکان بکەین یەک بە یەک دەبینین زۆریان لە ئاستیکی یەکساندان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی ئەو تاوانە... ئەگەر لە تورکیا دەست پێبکەین، ئەوە گومانی تیدا نییە ئەزموونی مێژووییمان لەگەڵ دەوڵەتی تورک ئەو هەستەمان بە شیوەیەکی تۆماتیکی لا دروست دەکات کە چاوەڕوانی بۆمبی ئەتۆمیش لە تورک ئەکەین نەک تیرۆر وتەسفیەی بەدەنی، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەو ئەگەرە لاواز دەکات ئەوەیە کە حکومەتی ئەردۆگان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە هێمنی وپاراستنی باری ئاسایشی نێوان دەوڵەت و پ ک ک هەیە، بە تایبەتی پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە تورکیا هەرچیەک بکات وهەر رۆڵێکی ڕابەری بگێڕێت دۆزی کورد وەک تۆپی ئاسنینی پێی بەندیەکان لە پێیدا ئاڵاوە وجوڵەی سست دەکات ئەگەر نەیوەستێنێت.
ئەوەی زیاتر گەیاندیە قەناعەت ڕوداوەکانی سوریا بوو کە پ ک ک زۆر بە هێز یاری لەو گۆرەپانە دەکات، دوەمیش ترسی تورکیایە لە دەرکەوتنی

هێزی توندرەو وباخی بەپێچەوانەی ئاراستەی میانڕەوانەی ئۆجەلان کە لە وەتی لە زیندانە تەبەنای دەکات، بۆیە گەیشتۆنەتەتە قەناعەتێک کە ئۆجەلان لەوانەیە چاکترین کەس بێت بۆ ئەوەی لەگەڵی ڕێککەون، بەر لە ڕوودانی ئەگەرێکی چاوەروان نەکراو یان بەرلەوەی ئۆجەلان شتێکی لێ بێت لە بارودۆخی نالەباری زیندان. ئکەوابوو ەگەر ئەو تاوانە بە دەستێکی تورکیش ئەنجام درابێت، ئەوە وەک شارەزایان وزۆر لە کەسایەتی ناوداری پ ک ک پییان وایە تورکە نەتەوەپەرستە ڕاستەڕەوەکان ئەنجامیان داوە تا ئێستا پەنجەیان بۆ حکومەتی ئۆردۆگان درێژ نەکردوە.

وەک زوبێر ئایدار نوینەری پ ک ک لە ئەوروپا تاوانی تیرۆرەکەی خستە سەرشانی [هێزە تاریکپەرستەکان] کە ویستیان گفتوگۆکە بپچڕێنن. هەروەها سەرکردەیەکی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردی سەر بە پ ک ک، رەمزی کارتەل دەڵێت: ئەوە تاوانێکی سیاسیە بێ گومان لەکاتیکدا ئۆجەلان دەولەت چونە ناو گفتوگۆی ئاشتی، هەندێک بازنە دژی چارەسەرکردنی دۆزی کوردن ودەیانەوێت پرۆسێسی ئاستی لەناو بەرن.

ئیسرائیل یش ئەگەریکی تری بەهێزە کە بەو دواییە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا لە خراپترین باردایە ولە هەمان کاتدا هەولی کردنەوەی کەناڵێکی زۆری داوە لەگەڵ پ ک ک تا ڕادەی پێشکەش کردنی زانیاری عەسکەری، کەوابوو ئیسرائیل حەز بە بەرقەرار بوونی تورکیا ناکات لەژێر حوکمی ئەردۆگان کە دەیەوێت ببێتە کاریزمایەکی ئیسلامی بەهێزی ناوچەکە وجیهانی ئیسلامی، وزۆرجار ئەردۆگان لەو پێناوەدا بەسەر پلیکانەی ئیسرائیل هەڵدەگەڕێت زۆر بەتوندی لێدوان دەدات لەدژی ئیسرائیلدا.

بەڵام ئەگەرێکی تری بەهێزیش هاوپەیمانی ئێران وسوریایە، بە تایبەتی ئەو دوو دەوڵەتە بە یەک دەست دەجەنگێن لە شەڕی ناوخۆی سوریادا لەسەر بنچینەی تایفیەت. پێکهاتنی پ ک ک لەگەڵ تورکیا گورزێکی تری جەرگبڕ لە ڕژێمی ئەسەد دەدات، چونکە وەک زانراوە PYD وەک بەهێزترین حزبی کوردی سوریا هەموو بڕیار وچارەنوسی دۆزی کوردی کوردەکانی سوریای قۆرخ کردوە وبە ئاشکرا وبە نهێنیش دەستی تێکەڵاوکردوە لەگەل ڕژێمی ئەسەد، کە ئەوەش یاریەکی ترسناکە دوور نیە ئاکامێکی زۆر خراپ وترسناکی لێبکەوێتەوە لە پاش ڕوخانی ئەسەد کە بۆتە مەسەلەی وەقت.

جا لەبەر ئەوەی یەک لە سێ چەکدارەکانی پ ک ک کوردی سوریان، کەوابوو زەحمەت نیە بۆ موخابەراتی سوری وئێرانی هەموو نهێنی یەکانی ناو پ ک ک بزانن، وچەندین چاو وهاریکار وسیخوڕیان بێت لەناو پ ک ک دا ولە ڕۆژێکی وادا بەکاریان بهێنن.

ئەو ئەگەرە ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو ئەگەرە بەهێزەمان دەبات، کە ئەو تاوانە بە دەستی کەسانێکی ناو پ ک ک ئەنجامدرا بێت. ئەوەی ئەو ئەگەرە بە دوور دەزانێت وخۆی لێبۆتە شیکاری سیاسی، وزوڕناکانی سەردەمی میدیای ریالیزمی سۆشیالستی، ئەوە نە لە سیاسەت تیدەگات ونە پ ک ک دەناسێت، راستە هەموو باڵەکانی ناو پ ک ک لە ژێر پەردەی شەرعیەتی ئاپۆ کارەکانیان دەکەن، بەلاّم لە غیابی ئاپۆدا، و نەبوونی پەیوەندی خێرا ورۆژ بە ڕۆژدا، هەموو لایەنێک خۆی بە هەڵگری ئەو شەرعیەتە دەزانێت ولە ژێر پەردەیدا کارەکانی خۆی دەکات.

هەتا زۆر هەواڵ بڵاوبوونەوە لەسەر دەمی ئاپۆ، کە رازی نییە لە گەریلاکانی لە قەندیل چونکە گوێ بۆ فەرمایشتەکانی ناگرن. ئەوەی زیاتر گریمانی تەسفیە کردنی ناوەخۆی لێدەکرێت یەکەم: ئەو هەواڵانە بوون کە پۆلیسی فەرەنسیش دوپاتی لەسەر کردەوە کە بکوژان بە ئاسانی وبەبێ بەکارهێنانی هێز چوبونە ناو ساختتمانەکە و وشەی پاسوێردشیان پێ بووە، کە ئەوەش زەحمەتە بە کەسێکی دەرەکی بکرێت.

دوەمیش: پ ک ک وەک حزبێکی نەرێت ستالینی پێشینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە لە تەسفیە کردنی ناوەخۆیی، ئەوەی لەبەر سۆزی نەتەوەیی ئەو ڕاستیە نابینن، بەداخەوە خۆشیان پێ ڕۆشنبیرە، ئەوە دەبێت زیاتر بابەتیانە بیرکەنەوە هاوبەش نەبن لە هەڵەی حزب بە بێدەنگی وشاردنەوە وچاوپۆشی. ئەمڕۆ پ ک ک قەندیل وئەورووپا وناوخۆی کوردستانیشی قۆرخ کردوە، وفزەی لەهەر کەسایەتیەک وهێزێکی تر بڕیوە لە کوردستانی تورکیا و سوریا، بەو ترس ولەرزەی کە بڵاوی کردۆتەوە وبەو پاکتاوکردنانەی کە دەیکات لە ناوەوە ودەرەوەی کوردستان بەڵکو لە ئەورووپاش.

رفاندن وکوشتنی سیپان لە موسڵ، وکوشتنی کەمال شاهین لە سلێمانی، وکوشتنی کەسانێکی زۆر لەوانەی جیابونەوە لە پ ک ک لە ئامەد وشارەکانی تری کوردستانی باکوور ولە عەفرین و حەلەب، وبەر لە ئێستاش پاکتاوکرنی سەدان گەریلا لە چیاکان لەسەر هۆی زۆر لاواز وبێ بنەما، داب ونەریتی حزبە ستالینیەکانمان بەبیردەهێنێتەوە بە هەموو ڕووە نێگەتیڤیەکانی. بۆیە تێوەگلانی کەسانێک لەناو پ ک ک لەو تاوانە بەدوور ناگرین، رۆژگاریش لەوانەیە شتەکان زیاتر ڕوون بکاتەوە.

لەندەن ٢٠١٣/١/١٣

# مام جەلال: خەونی زیارەتی تورکیا ویەک پارچەیی خاکی چین!!

زۆر دەمێکە مام جەلال بە بۆنە وبآ بۆنە هەر باسی تورکیا بکرێت پاش ستایشکردنێکی بێ سنوری تورکیا وحکومەتە دیموکراسیەکەی یەکسەر دەڵێت: «ئەگەر تورکیا بە ڕەسمی داوەتم بکەن ئامادەم سەردانی بکەم.“ جارێ پێش هەموو شتێک من لە حیکمەتی زیارەت کردنی تورکیا تێناگەم دەبێ لەبەرچی زیارەتی تورکیا هێندە گرنگ وجێگای ئاوات بێت، ئینجا گەر هێندە گەورە وگرنگە خۆزگە خوا ئەو ئاواتەی بەڕێزیانی دەهێنایە دی، چونکە بەڕاستی هەر جارەی مام جەلال ئاماژە دەکات بۆ ئەگەری بانگهێشت کردنی لەلایەن تورکیا، کورد نیە هەست بە ئیحراج نەکات.

سەیر لەوەدایە تورکیا لەو ساتانەی ئێستا خاکی کوردستان بۆردومان دەکات ووەک دێوەزمەیەک لە دژی هەر هەناسەیەکی ئازادی کورد وەستاوە، لە جیاتی هەڵوێست وەرگرتن لەو دەوڵەتە بەلایەنی کەمەوە بە موقاتەعە کردنی لەهەر بۆنەیەکدا، کەچی بە پێچەوانەوە ئەم داوای داوەت کردنی دەکات لە هەموو بۆنەیەکدا کە دواجار لە هەفتەی ڕابردوو چەندبارە بویەوە، ووەزیری دەرەوەی تورکیا باباجان لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ بەو پەڕی لوت بەرزی وعونجوهیەتی تورکییەوە وەڵامی دایەوە وگووتی: «من زیارەتی بەغدام کردوە، وسەردانی سەرۆکی وڵاتێکی هاوسێ کارێکی ئاساییە!! بەڵام بە نسبەت تاڵەبانی هیچ بڕیارێک نەدراوە بە موافەقە لەسەر سەردانی ئەو بۆ تورکیا!!» بەو شێوەیە وەک بڵێی تورکیا فیردەوسی مەفقود بێت!

سەرەڕای ئەوەش بەڕێز تاڵەبانی شەو ورۆژ بە شان وباڵی دیموکراسیەکەی تورکیا هەڵدەدات، ئەگەر سەرکردەیەکی کورد دان بە دیموکراسیەتی تورکیا دابنێت، ئەی بۆ لۆمە لە بەرپرسە ئەمریکیەکان وخەڵکانی تر بکەین ئەگەر ئەو خورافاتەیان دووبارە کردەوە! وادیارە لەو زیارەتەی کەرکوکیش هەموو ئەو تەنازولانەی کە بۆ تورکمانەکانی بەرەی تورکمانی کراوە، هەر هەنگاوێکە بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندی تورکیا. بۆ نا لەپاش ڕوخانی ڕژێمی عێراقی عەرەبی تەعریب بە پێ خاوسی ڕایان کرد، کەچی لەبەر چەند تەسریحێکی عاتیفی هەموویان گەڕانەوە.

ئەو جارەشیان لە کاتێکدا بە دەنگی ڕەش وڕووتی کورد ئەو بارە بۆ کورد ڕەخساوە لە کەرکوک، کەچی مام جەلال دەچێت وهەموو وەزیفە ئیداریەکان بە یەکسانی دابەش دەکات بەسەر تورکمان وعەرەب وکورد، کەوابوو ئەو زۆرینەیەی کورد ئیدیعای بۆ دەکات دەبێت ڕاست نەبێت؟! تورکیاش هیچ شتێک ڕازی ناکات تەنها سڕینەوەی کورد نەبێت هەتا ئەگەر لە ئەفریقاش بن! ستایش کردنی مام جەلال بۆ تورکیا هێندە بڕی کردوە هەندێک شتیان بۆ دەڵێت کە بە خۆیان نکوڵی لێدەکەن، وەک کاتآ لە چاوپێکەوتنێکی دا گووتی:»ئەردۆغان بۆمی دوپات کردۆتەوە کە بڕوای بە سیستمی فیدرالی عێراقی هەیە» کە هەر بەدوای ئەوە حکومەتی تورکیا بە ڕەسمی ئەو قسانەی ڕەت کردەوە. ئینجا مام جەلال بۆ دەبێت هێندە بە پەرۆش بێت بۆ زیارەتی تورکیا لە کاتێکدا لە ئەمریکا وبەریتانیا وفەرەنسا وچین وڕوسیا بە ڕیزەوە پێشوازی لێدەکرێت. کاتی ئەوە نەهاتوە سەرکردەکانی کورد تێکڕا هەوڵی فەزح کردنی دیموکراسیەتە سەقەتەکەی تورکیا بدەن لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟!

فاوڵی دووەم هەر لەو هەفتەیەی ڕابردودا لەکاتی پێشوازی کردنی باڵوێزی چین (تشن شیاو دۆنغ) لە ڕۆژی ٧-٢-٢٠٠٨ ڕویدا. لە هەواڵی پێشوازیەکە کە لە سایتی سەرۆکایەتی عێراق دا هاتوە «... سەرۆک تاڵەبانی هەڵوێستی هەمیشە ونەگۆڕی عێراقی دووپات کردەوە لەمەڕ پشتگیریکردنی یەکێتی خاکی چین، وئیستنکاری خۆی دەربڕی دژی هەر هەوڵێک بە مەبەستی زیان گەیاندن بەو یەکێتیە وبەدابڕینی تایوان لە وڵاتی دایکدا!!!

کورد میراتێک لەو هەڵوێستانە یادوەری داگیر کردوە وبەدەست ئەنجامەکانیەوە دەناڵێنێت، ماقوڵ نیە بۆ کوردێک کە قوربانی هەڵوێستەکانی لەو جۆرەیە بەو شێوەیە باس لە چارەنوسی تایوان بکات، چەنکە لەلایەک لەبەر ئیلتزامێکی میهەنی ئامادە نیە ئیمزای لە سێدارەدانی ێدامیش بکات، کەچی بەبێ گوێگرتن بۆ تێکڕای گەلی تایوان دەیەوێت مافی ئازادی وچارەی خۆ نوسینیان لێ زەوت بکات. بەڵام وادیارە سەحوەی دیموکراتی هێشتا نەیتوانیوە پرنسیپەکانی ماو وماویزم سەرکوت بکات، بە تایبەتی کە مام لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵێکی ئاسمانی دەڵێت:» تا ئەمڕۆش نوسینەکانی ماوتسی تۆنگ دەخوێنێتەوە!!

٢٠٠٨/٢/٩

# لای ئێوە کاروانی ئشتی یە،
# لای تورکەکان خۆبەدەستەوەدانە

ئەوەی تا ئێستا کراوە وئەو هەنگاوە گرنگانەی نراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بە هەموو پێوەرێک دەسهاتێکی چاکە، بەڵام پێویست ناکات لایەنی کوردی وا پەلەی بێت وپۆل پۆل بە ناوی کاروانی ئاشتی بگەڕێنەوە وخۆ بدەنە دەست لە کاتێکدا لایەنی تر هیچ حسابێکی جیدی بۆ ئەو هەنگاوە ناکات و بە تورکی وبەکورتی ناوی لێدەنێت (خۆبەدەستەوەدان) من زۆر دەمێکە لەگەڵ ئەوەم کە پەکەکە واز لە خەباتی چەکدارانە بێنێت ودەست بکاتە خەباتێکی سیاسی وئاشتیخوازانە چونکە سەردەمەکە وادەخوازێت، بەڵام زۆرم پێباشترە (پ.ک.ک) لەناو قەندەیلەوە جاڕی ئاش بەتاڵی بدات نەک پۆل پۆل بۆ خۆبەدەستەوەدان بچنەوە تورکیا.
من سەرم سوڕماوە لەو هەنگاوە عەبقەریەی (پ.ک.ک) کە پێشتریش لە ١٩٩٩ لە پاش دەستگیرکردنی بەڕێز ئۆجەلانیش بە هەمان شێوە پۆلێک گەریلایان ناردەوە تورکیا بۆ خۆبەدەستەوەدان، بەلا سودێکی وای نەبوو، پەلەکردنی (پ.ک.ک) لە دوبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی خۆبەدەستەوەدان بەناوی سیمبۆلی ئاشتی لاوازی وبێ سەبری (پ.ک.ک) دەردەخات لەسەر توانای مانەوە لە چیاو خەبات، وەک سەرۆک عەبدوللا گول کە لە هەموو سەرکردەکانی تری تورکیا نەرم ونیانترە کەچی گوتی:»هیوادارم ئەو هەلە لە دەست نەدرێت» بەڵام هەر بەدوای ئەو وشانە گوتی:»مومکین نییە بجەنگێی لە دژی وڵاتێکی مەزنی وەک تورکیا، وبەدرێژایی ژیانت لە چیاکان بژی»!! گول وەک بڵێی ئاماژە بە خۆبەدەستەوەدانی ڕوت بکات!!
بەشیر ئەتەڵای وەزیری ناوخۆ گوایەئەندازیاری پرۆسەی کرانەوەیە بە ڕووی کورد ئەویش پێیوایە وەک دەڵێ:» ئامانجی ئێمە کۆتایی هێنانە بە تیرۆریزم ، وموبادەرەی دیموکراتیش بێگومان لەو ئاڕاستەیە دایە»
سەیر لەوەدایە تورکەکان گوایە دڵگران بوونە بەو ئاهەنگانەی کە جەماوەری کورد گێڕی بۆ کاروانی ئاشتی، گوایە هەستی دایکانی سەربازە کوژراوەکانی تورک دەڕوشێنێ!! وەک نوسەری تورکمانی تۆرانی عەباس بەیاتلی دەیگوت لەو بەرنامەیەی کە لە کەناڵی ئاسمانی (الحوار) تۆمارمان کرد لەسەر ئاشتی کورد وتورک لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٣. بەڕاستی ئەو چەند تورکمانانەی کە لەتورکیا لە بواری میدیا کاردەکەن هێندە قێزەون وحاقیدن سەت خۆزگەت

بە خودی تورکێکی ڕەسەن!!
من تێناگەم بۆچی ئەو هەموو دوژمنایەتیەی کورد لەلایەن کەسانێکی تورکمان کە ئێستاش لە مەسەلەی کەرکوک بونەتە درکی مەم وزین، خۆزگە دوو ڕۆژ لێیان قەدەغە کردبان بە یەک بلێن (خۆش جالدو) تا بمانگوتایە هەقیانە وابکەن!! لە هەمووی سەیرتر، کاکی تورکمان دەیگوت (ئێوە وەلاتان نیە بۆ ولات)!! منیش پێیم گوت «کام وەلا، وەلای زیندانی بۆ زیندانیکەرەکەی»!!؟
وەلا چۆن دروست دەبێت ئەگەر ئێوە زیاتر لە هەشتا ساڵ زمان وکلتور وناسنامەی نیشتیمانی کوردی لە ناو بەرن، هێندە پەلەتانی بۆ وەلا؟ ئێوە هەشتا ساڵە وێرانکاری دەکەن تازە بەو چەند مانگەی کە گوایە چاک بوونە بەبێ هیچ دەسکەوتێکی عەمەلی دەتانەوێ کورد وەلای هەبێت بۆ ئەو ولاتەی خەریک بوو تەفروتونای کات. ئەو ولاتەی بەپێی ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەتاتۆرک وکور بە هاوبەشی نێوان تورک وکورد دروست بوو؟! نەک هێندە بەڵکو خودی ئەتاتۆرک وشەی (کوردستان)ی بەکار دەهێنا لە دۆکیومێنت وئاخاوتنەکانی بەرلەوەی خیانەت لە پەیمانەکانی بکات، لە نامەیەکیدا بۆ وەزارەتی جەنگی ناردوە لە ١٩١٩/٣/٢٤ دەڵێت:»من هەست بە شانازی دەکەم، چونکە لە کوردستانم»
پێویستە (پ.ک.ک) ئەو تەکتیکە بوەستێنێت، واتە تەکتیکی کاروان وماروانی ئاشتی، چاکتر وایە جارێ خۆهەڵوەشاندنەوە بدەن، یان حکومەت ناچار بکەن بە دانشتن لەگەڵیان وئەو کاتە مەرجەکانی خۆیان جێبەجآ بکەن بەسەربەرزانە، چونکە ئەو برادەرانە واتە جەماعەتی حزبی داد وگەشەپێدان لە کۆنەوە پێیان وابوو کێشەی کورد ئابووری یە، ئێستاش وادیارە پێیان وایە تەنها دیموکراتیە وبەبێ هیچ عینوانێک.
هیوادارم لە خوای گەورە ئەو جارەیان ئاشتی بەرقەرار بێت، بەڵام ئاشتیەکی سەربەرزانە نەک تەلیسماوی! ئاشتی دوژمنی زۆرە لە تورکیا لە ناوەوە ودەرەوە، لە دەرەوە گەورەترین دوژمنی ئەو ئاشتییە کوڕە دیکتاتۆرەکەی دیکتاتۆری مردوو حافز ئەسەدە، لە ناوەوەش سوپا وحزبی دەولەت باخچەلی ودەنیز بایکال (حزبی گەلی کۆماری)یە، لە هەمووی ترسناکتر لەرزۆکی ومۆراوەغەی حوکمەتە، ئەگەر ئەوانیش وابڕۆن هەموو پرۆسێسەکە پەکی دەکەوێت!!
٢٠٠٩/١٠/٢٥

# کورد و PKK: ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ ساڵی ٢٠٠٨

ساڵی ٢٠٠٧ مان بەڕێکرد بە کۆمەڵێک گیروگرفتی زۆر گەورە، وکۆمەڵێک هاوکێشەی نوآ لە ناوچەکە، پێویستە بۆ ئەوەی کورد شان بە شانی گۆڕانکاریەکان بڕوات ولە ئاستی ڕوداوەکان دابێت چاوێک بە ستراتیژیەتی کۆنی بخشێنیتەوە، ئەوە ئەگەر ستراتیژیەتێک هەبێت.

گەورەترین گۆڕان کە بە دژی بەرژەوەندی ئێمە ڕویدا بێت، کە بەڕای ئێمە ئەو گۆڕانە داینەمۆی هەموو گۆڕانەکانی ترە، توانەوەی ئەو چیا بەفرینەی نێوان ئەمریکا وتورکیایە، کە لەوەتی ٢٠٠٣ لە نێوانیان دا بوو بە هۆی ڕێگە نەدانی تورکیا بە بەکار هێنانی خاکەکەی لە هەڵمەتی داگیرکردنی عێراقدا.

لەو ڕۆژەوە دیپلۆماسیەتی ئەمریکی شەڕێکی پەنهانی لە دژی تورکیا بەرپا کرد کە لەزۆر سیاسەت ورەفتاری ئەمریکا ڕەنگی دەدایەوە، لە پەیوەندی لەگەڵ کوردا وچاوپۆشین لە چالاکی PKK، وکێشەی قەلاچۆکردنی ئەرمەنەکان هتد...

وادیارە ئەمریکیەکان مەبەستیان گۆڕینی تورکیا نەبوو بە هاوپەیمانێکی تر وەک هەندێک نێوەندی کوردی بۆی دەچوون بەڵکو تەنها فشار کردنێک بوو بۆ گەڕانەوەی تورکیا بۆ (بیت الطاعە) ی ئەمریکی.

چەندە ئێمەی کورد لەو هەڵوێستەی تورکیای ئەو کاتە خۆشمان لێهات، هێندەش نوسەر وسیاسەتمەدارانی تورک ئاخی پەشیمانیان بۆ ئەو هەڵوێستە هەڵەیە هەڵدەکێشا، چونکە پێیان وابوو لەوانەیە ئەمریکا ل تۆڵەی ئەو هەڵوێستە چەوتەیاندا مەترسی لەسەر یەک پارچەیی خاکی تورکیا دروست بکات، بەو نزیک بونەوەی لە سەرکردایەتی کوردی عێراق، وبە چاوی ئێرەیی پێ بردن دەیانڕوانییە ئەو پەیوەندی ونزیک بوونەوەیە.

ئەنجامی ئەو ئاشت بوونەوەی ئەمریکا وتورکیا لە چەندین لایەن ڕەنگی داوەتەوە، لێدانی کامپ وبارەگاکانی PKK بە یارمەتی موخابەراتی ئەمریکا، ماوەدان بە تورکیا بە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، نەک لە ڕێگای بستە بالآکانی جەبهەی تورکمانی، بەڵکو لە ڕێگای نزیک بوونەوەیەکی گەورە لە کاربەدەستانی عەرەبی (سونە وشیعە) ی عێراق دا، کە لە چەندین وتار

وراپۆرتەکانی میدیای تورکیا ئاماژەی پێدەکرێت. ڕەفتار کردنی حوکمەتی عێراقیش دەرهەق بە داوا ڕەواکانی کورد ئەگەر بە شێکی بۆ هۆکاری خودی بگەڕێتەوە، بەلام بەشی هەرە گەورەی بۆ دنەدانی تورکیا و ولاتانی تری دەوروبەر وخەمساری ئەمریکاش دەگەڕێتەوە. بێگومان ئەنجامی هەرە گەورەی ئەو پەیوەندیەش دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەستور بوو. پێویستە کورد لەسەر ئاستی هەموو کوردستان نالێم ڕێکەوتنێک بەلکو تەنها هارمۆنیەتێک هەبێت لە کار وخەباتیان.

نا بێت کورد لە عێراق تا سەر بآ دەنگ بن لە ڕەفتار وسیاسەتەکانی ئیدارەی مالیکی، ئەگەر هیچ نەبێت هەولی ڕوخاندنی حکومەت بدەن وبۆ ماوەیەکی چاک حکومەت تەعتیل کەن، لە هەمان کاتدا لەسەر ئەرز کاری خۆیان بکەن لە کەرکوک وهەموو ناوچە دابڕاوەکانی تر.

بە نسبەت PKK ش لە هەموو لایەنێکی کوردی زیاتر پێویستیان بە گۆڕینی سیاسەت وستراتیژ هەیە. وا چاکە PKK چاو بە شێوازی خەباتی خۆی بخشێنێتەوە، هیچی تر پێویست ناکات لە دورترین خالی چیا دابڕاوەکانی دەرەوەی تورکیاوەش خۆیان قایم بکەن.

کاتی خۆی کورد ئەگەر دەرەقەت هێزێکی زۆر لە خۆی گەورەتر نەهاتبایە پالی دەدایە چیا عاسێکانی کوردستان بۆ ڕزگار بوون لە ئیبادە وقەلاچۆکاری، بەلام لە ولاتێکی نیمچە ئەوروپی وەک تورکیا، کە تەرکیزێکی میدیای زۆر چڕی لەسەرە پێویستە خەباتەکە بەرەو ناوەوە بگۆزرێتەوە، وشێوازی خەباتیش دیموکرەتیزە بکرێت، ئەو گۆڕەپانەی تورکیا زۆر لەبارترە بۆ خەباتی سیاسی تا خەباتی چەکداری. ئەگەر PKK ئەو کارەی کرد لە زۆر لایەن سودمەند دەبێت:

- هیچ بیانوێک بۆ هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر ئەزموونی کوردستانی عێراق نا هێلێتەوە.
- ئەگەری پێکدادان وشەڕی برا کوژی لەگەل ئیدارەی کوردی کوردستانی عێراق کەمدەکاتەوە.
- هاوسۆزیەکی زۆر لە سەرانسەری جیهان بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بە تایبەتی لە ئەوروپا، کە جالیەکی کوردی تورکیای گەورەی لێیە، سەرەڕای کوردی ولاتانی تر، کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردستانیانە بیر دەکەنەوە وهەلوێست دەگرن.
- بوارێک بۆ ئەو گەمە بۆگەنەی دیموکراسیەتە یەک چاوەکەی ئەمریکا

ناهێڵێتەوە، وهەموو هێزی موخابەراتی وسەربازی ئەمریکا لەبەردەم خەباتی دیموکراسی ناوەخۆی تورکیا دەسەوسان دەبن.

- ڕوبەری مانۆڕە سیاسیەکانی تورکیا لە کوردستانی عێراق بەر تەسک دەکاتەوە، وتا ڕادەیەکی چاک هاوکێشەی هێز بەلاَی کوردستانی عێراق دەشکێتەوە.

ئەوە وچەندین سودی تر کە لەو وتارە هەر هێندە هەڵدەگرێت.

٢٠٠٨/٤/١

## خۆپیشاندانی ملیۆنی پاریس
## وهەلێکی تری لە دەست کورد دەرچوو!

کورد فێرە فورسەتی چاک و مێژوویی لەدەست بدات، لە زۆر بۆنە هەوڵی ئەوەمان داوە و خەڵکانیکی زۆر ویستویانە ئاگاداریان کەنەوە، بەڵام بێ سوود بوە، ئەوانە تەنها گوێ بۆ ئەو چەند کارمەندە مفتەخۆرە دەگرن کە ناوێر هەتا پێشنیاریکیان بۆ بکەن بۆ بەرژەوەندی میللەت، چونکە خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەو شوێنەدان!
ئەگەر سەرنوسەری گۆڤارە فەرەنسیە هێرش بۆ سەر کراوەکە دوا وتاری بۆ پشتگیری کورد نووسیبێت، ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شەڕی نەگریسی داعشی خستۆتە کۆڵی کوردەوە، جیا لەو هەموو هێزە نیزامیانەی ولاتان، ئەگەر کورد لە دنیادا باسی ئازایەتی وجوامێری دەکریت لە سەری تیرۆرستان، باشە بۆ کورد بە وەفدێکی بالاوە بە سەرۆکایەتی هەرێم یان وەزیران یان هەر نەبێت پەرلەمان بەژداری نەکرد لەو بۆنەیە سیاسیە گەورەیە کە پەنجا سەرۆک و سەرۆک وەزیران بەژداریان تێدا کرد؟!
ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەژداری بکات بەو شۆرەتە زڕاوەوە، کە سەرۆکی فەرەنسا پۆرتی باوکیشی شکاند، و وەک میوانێکی ڕەزاقورس مامەڵەی کرد، کەچی کورد ڕۆژانە بەرپرسانی ئەوروپا سەردانی هەولیر دەکەن، سەبارەت بە شەری داعش، بەژدار نەبیت بە کەسیکی دیار؟ هەرنەبا کاکەی فەلاح تان ناردبا!
هێشتا خوشک و برایانی کوردی تورکیا زیرەکتربوون و لەیلا زانا وسەلاحەدین دەمیرتاش بەژداربوون و توانیان تاڕادەیەک سەرنجی خەڵک بۆ دۆسیی سێ کچە شەهیدەکەی کورد لە پاریس ڕاکێشن!
بەڵام دەبوایە تەرکیزیان لەسەر ڕوبەڕووبوونەوەی کورد بە داعش کردبا،

نەک کەیسێکی وا، هەرچەندە ئەویش گرنگە. سەرۆکەکانی ئێمە بە قەد محمود عەباسی فەلەستین یشیان تێدا نەبوو، کە لە دژی ناتانیاهوو خۆی گەیاندبووە ڕیزی یەکەمی سەرۆکەکان وتا کۆتایی لە تەک مێرکل بووǃ؟

بەڕاستی پیاو نازانێت ئەو دەزگایانە چۆن بەڕێوە دەچێت، دەچنە سەیران وسەردانی شۆپینگ و بازاڕکردن، لە کاتە کارەساتاویەکان، بەڵام بۆ بۆنەیەکی واگرنگ نەبایان دیوە و نە بارانǃ

٢٠١٥/١/١٣

# ئۆجەلان وعەلەویەت

ئاژانسی «فورات» ی نزیک لەپەکەکە لە ٢٠١٣/٥/١٢ بڵاویکردەوە، عەبدوڵا ئۆجالان ریبەری زیندانیکراوی پارتی کریکارانی کوردستان لەدورگەی ئیمراڵی پەیامیکی ئاراستەی کۆنگرەی فیدراسیۆنی دیموکراتی عەلەویەکان کرد تییدا هاتوە "ڕیچکەی بزوتنەوەی پەکەکە لەرووی باوەڕییەوە زیاتر لە باوەڕی عەلەویەکان دەچێ. نەریتی عەلەویەکان بەرخودانیکی مەزنە". ئۆجالان لەپەیامەکەیدا دەڵێ "پیویستی عەلەویەکان بە نوێ بوونەوە و بەرخودانیکی مەزن هەیە، هەر بۆ ئەوەش دەبێ خاوەنداری لەبەها میژووییە نەریتیەکانی جەم بکەن. نەریتی زکر و جەم، بەرخودانیکی مەزنە، زکر شۆرشگیڕی پروپاگەندەیە، من سەماگەی عەلەویەکانیش وەک کاروانی گەریلا دەبینم.

ئۆجالان ئەوەشی خستووەتەڕوو «ئەگەر مرۆڤ راستی کورد و عەلەوی بەراورد بکات، دەبینرێ ئەو لایەنەی بۆ کوردیتی لەسەر پێ ماون و زۆر لەدواوە ماونەتەوە عەلەوین...".

عەلەویەکانی کورد نزیکەی ٢٠ – ٣٠ ٪ ڕیژەی کوردی تورکیا پیک دەهینن، ئۆجەلان وبەرپرسیکی زۆری پەکەکەش هەر عەلەوین. ئیمە کاتی خۆی هەقیقەتەمان نەدەزانی کەئایە ئۆجەلان عەلەویە یان سونییە، گومانمان بۆ عەلەویەتی دەچوو، چونکە لە زۆر بۆنە کوردیەکان هەستمان بە حەماسەتی عەلەویە کوردەکان دەکرد بۆ ئۆجەلان، بەڵکو لە باکوری لەندەن پۆستەری عەلەویم دیتوە کە وینەی ئیمامی عەلی وئۆجەلان پیکەوە لەسەر یەک پۆستەر دانراون!

رۆشنبیری کورد لەبەرئەوەی رەهەندی ئایینی لە ژیانیدا زۆر کاڵە یان جیی بایەخی نیە، زۆر جار زۆر درەنگ بە ڕاستیەکان دەگات، چونکە لە شەرق هەموو لایەنیکی ژیان وەک سیاسەت وئەدەب وهونەر وداب ونەریت تیکەڵاوی ئایین ومەزهەب بوون، فەرامۆشکردنی ئەو ڕەهەندە تیڕوانینەکانت لەنگ دەکات.

بۆ نمونە چۆن لە هەڵویستی (درید لەحام) یان غەوار تیدەگەیت لە شۆڕشی سوریا، کە کاتێ شانۆنامەکانمان دەدیت سەیرمان پێ دەهات لەوڵاتیکی وا دیکتاتۆری هیندە بە ئارام بن بەرامبەر کەسیکی رەخنەگری وەک ئەو، وامان دەزانی ئەگەر شۆڕشیک یان بزاوتیک ڕوو بدات، غەوار یەکەم کەس

پشتگیری لێ دەکات، کەچی پاش ساڵێک زیاتر لە خۆپیشاندانی ئاشتیانەی خەڵکی سوریا وکوشتن وسەرکوتکردنی وەحشیانەی شەبیحەکانی ئەسەد، غەوار متەقی لە خۆی بڕی، چونکە شیعەیە!
چۆن لە ستایشی هەیفا وەهبی هێمای وروژاندنی سێکسی بۆ حەسەن نەسرولڵای سەرکردەی حزبی اللە وستایشی بەرگری لە دژی ئیسرائیل تێدەگەیت، ئەگەر نەزانیت هەیفا وەهبی شیعەیە؟! ئۆجەلانیش ودالدەدانی لەلایەن ڕژێمی سوریای عەلەوی لە سەردەمی حافز ئەسەدەوەش هەر لەو چوارچێوەیە دەخوێندرێتەوە. من زۆر دەمێکە لە نێو دێرەکانی عبد اللە ئۆجەلان هەست بەو نەزعەیە عەلەویەتە دەکەم، بەو دواییە ماناکان وەک پێشوو خۆیان لە نێو دێرەکان نەشاردۆتەوە بەڵکو زۆر ئاشکرایانە ونا هەستیارانە مانفێستی خۆی دەکات لە وتەکان وشیکردنەوەکانی ئۆجەلان... هەڵوێستی پەکەکە لە ڕژێمی سوریا بە پلە یەک ڕەهەندێکی عەلەوی شیعی هەیە، وهەواڵییکی زۆریش هەیە لەمەر یارمەتی دانی چەکداری پەکەکە بۆ ڕژێمی سوریا وناردنی هەزاران چەکدار بۆ ڕژێمی ئەسەد. عەلەویەکانی تورکیا بە کورد وتورکەوە پشتگیریەکی بێ وێنەی ئەسەدی عەلەوی دەکەن، ویەکێک لە دامەزرێنەرانی سوپای سوریای ئازاد لەناو تورکیا لەلایەن چەند ئەفسەرێکی عەلەوی تورکیا ڕفێندرا ودرایەوە دەستی ڕژێمی سوریا.
شتێکی سەیر هەیە لە کەسایەتیە شیعیەکان کە دەتوانین ناوی بنیین تەشیوعی فەرهەنگی یان سیاسی، هەتا ئەحمەدی موفتی زادەش بەڕەحمەت بێت ئاماژەی پێدەدات لە لێدوانێکی، دەڵێت لە زینداندا، زیندانیانی حزبی تودەی کۆمەنستیش موناقەشەی مەزهەبیان لەگەل دەکرد وستایشی حەزرەتی عەلی وحسێن وبیروڕاکانیان دەکردن، هەرچەند مولحیدیش بوون!!
ئەی ئەوە نیە هەیفا وەهبیش کە وروژاندنی جەستەیی لی دەرکەیت هیچی نامێنێتەوە پێی بڵێن هونەر وا باس وستایشی حزب اللە دەکات دەڵێیت ئەندامیکی ئەوانە ودەڵێت ئامادەم هەر کارێک بۆ حزبولڵا بکەم کە پێم بسپێرن. لەوەش سەیرتر زیرەکی پیاوانی شیعەیە لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکان هەتا توانای هەیفا وەهبیش بێت، کەچی سونە توندرەوەکانی سەلەفی کە خۆیان ڕێژەیان ١٠% ئەهلی سونە نابێت، کەچی ٩٠٪ ی تر هەر بە سونە و ئەهلی سونە وجەماعەت نازانن، بەڵکو زۆریان هەر بە موسڵمانیشیان نازانن!
لێرەدا ئەو دیاردەیەی تەشیوعی فەرهەنگی خۆی دوبارە دەکاتەوە لە کەسایەتی ئۆجەلانێکی کۆمەنست وستالین ڕەفتار کە هەموو موقەدەساتەکان پێشێل دەکات بەبێ چاو تروکاندنێ، بەڵام کاتێ دێتە سەرباسی دین ستایشی

عەلەویـەت دەکات یـان بەدرێـژی باسـی گرنگـی ئیسـلامی حوسـێنی وعەلـەوی دەکات وخەڵکی موسـڵمانی سـونەی کـورد بـە خـۆ بەدەسـتەوە دای لـە قەڵـەم دەدات، شیعە وعەلەویش وەک یاخی بوو لـە ڕووی ملهوڕ وتاغوتـەکان وەسـف دەکات!!

ڕۆشـنبیرە کـوردە سـونیەکان بـە پێچەوانـەوەن یـەک میسـقالە زەرە حیسـاب بـۆ مەزهـەبیـان ناکـەن بۆیـە زۆر بـە ئاسـانی دەتوێنـەوە وکەسـانی سـەر بـە کەمایەتیەکان بەسـەریان باڵا دەسـت دەبن! ڕۆشـبنیری سـونە زۆر زوو دەکەونە نەفرەت لـە خۆکردن وکار بـەوە دەگات هەندێکیـان بێ ئـەوەی بەخـۆی بزانیت لـە شـیعەیەک شـیعی تـر بیردەکاتـەوە.

مـن بانگەشـە بۆ حەساسـیەتی مەزهەبی ناکـەم، بەڵام نەبوونی ئامادەیی زیهنی لـەو بـوارەدا زیانیکـی زۆر لـە زۆرینـە دەدات کـە لێـرەدا سـونین. سـونی بـوون وشـیعی بـوون ئەمـڕۆ بمانـەوێ نەمانـەوێ بۆتـە هەقیقەتێکـی تاڵ ئەگـەر ئێمـەش فەرامۆشـی کەیـن، کەمایەتیـەکان پێیـان فەرامـۆش ناکرێـت وەک چـۆن لـەو لێدوانـەی ئۆجەلانـی قائیـدی ئومەمـی دەردەکەوێـت کـە چـۆن تـا سـەرئێسـقان عەلـەوی ومحەلـی ولۆکالیـە. هەتـا سـەماگەی عەلەویەکانیـش وەک کاروانـی گەریـلا دەبینێـت!!

لەوانەیـە لـەو سـەردەمە کـوردی تورکیـا لـە سـونەکان هەسـت بـەو جیاوازیـە مەزهەبیە نەکـەن، بـەڵام لەوانەیە لە دواڕۆژدا ئەگـەر کۆمەڵێک عەلـەوی پەکەکـە کۆنترۆڵـی هەمـوو گۆڕەپانـی خەباتـی کوردیـان کـرد، وەک ئەسـەد لـە سـوریا حوکمـی کەمینەیـان سـەپاند بەسـەر زۆرینـە، ئـەو کاتـە هەسـت بـە پەشـیمانی دەکـەن.

مـن لەگـەڵ ئـەوە نیـم کەمینـە بـە هیـچ جۆریـک حوکمـی زۆربـە بـکات، ئـەو لێدوانـە نیمچـە مەزهەبیـەی ئۆجـەلان یەکەمیـن پزیشـکی ئاگـری ناکۆکـی سـونی وشـیعی یـە، لەوانەیـە زۆرلەوانـەی باوەڕیـان بـە مەزهەبـی بوونـی ئۆجـەلان نەدەکـرد لەپاش ئـەو لێدوانـە ئاشـکرایە بەڕوونـی هەسـتی پـێ بکـەن.

دەڵێـن یەکێـک پرسـیارێکی دینـی سیاسـی لـە مەلایەکـی سـوری کردبـوو، مەلاکـە پیـی گوتبـوو تـۆ سـونی یـا عەلـەوی شـیعی؟ کابرایەکـە وتبـووی: مـن مولحیدم!! مەلاکەش لێی پرسیبۆوە مولحیدێکی سونی یان مولحیدێکی عەلەوی وشیعی؟!

٢٠١٣/٥/٢٣

# پەکەکە و خەونە یوتیۆپیەکانی ئاپۆ!

قەسەم بە خوا، وا هەست دەکەم بۆ تێگەیشتن لە وتاری سیاسی پەکەکە و سەرانی چەندین پسپۆر وخەبیرت دەوێت! ئەوە سەعاتێکە «دەقی چاوپێکەوتنەکە (دۆران کالکان) بە زاراوەی سۆرانی» لە سایتی ستاندارد دەخوێنمەوە وەکی قسەکانی یونس شەلەبی ڕەحمەتی لە شانۆگەری [مدرسة المشاغبين] قوتابخانەی چەتوونەکان دێتە بەرچاوم، کە کەس نەیدەزانی چ دەڵێت و مەبەستی چیە لەو تێکەڵ وپێکەڵ کردنەی؟!

باسی شەنگال و کۆنگرەی نەتەوەیی و دیموکراسیەتی نازانم چی؟! باسی نەتەوەی دیموکراتی، باسی کۆنفیدرالیزمی رۆژهەڵاتی ناوەراست، باسی ڕۆڵی سەرەکی کورد لە بەدیموکراتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست!

دۆران کالکان لە بەشێکدا دەڵێت: « لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دوو پرۆژە کەوتنە بەرباس، یەکێکیان زیاتر بەشکردن‌و پارچەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. هێزی ناونەتەوەییو هەرێمی هەن پشگیری ئەم پرۆژەیە دەکەن. لە بەرامبەر ئەم پرۆژەیەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کارەسات دەبات، تەنها یەک ئەلتەناتیف هەیە، ئەویش کۆنفیدرالیزمی رۆژهەڵاتی ناوەراستە. لەسەر هێڵی مۆدێرنیتەی دیموکراتی ڕێبەر ئاپۆ بە پشتبەستن بە نەتەوەی دیموکراتی، کۆنفیدرالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگە. سیستەمێکی دیموکراتی دەتوانێت گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا بە برایانە، لەگەڵ یەکتردا بە ئازادانە خۆیان بەڕێکخستن بکەن‌و بژین.»

خۆزگە پەکەکە بەس لە گۆڕەپانی شەڕ با لە دژی دوژمنانی کورد، وجلەوی سیاسەتی بدابایە دەست نوخبەیەکی سیاسی کوردستانی باکوور، چونکە ئەو سەرسامیە وخۆشەویستیەی خەڵک بۆ پەکەکە دروست دەبێت لە مەیدانی جەنگدا، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەیدۆڕێنن! من تێناگەم میللەتێک بە دەستی هەموو هاوسێیە درندە ونا دیموکراتەکانی دەچەوسێتەوە، کوردیشیان پێ حەشەرەیە وپێیان ئاساییە بە دەرمان مێش بیکوژن، لە جیاتی هەوڵدەیت بەشێک لە مافەکانت بپارێزیت کە بە ڕوبارێک خوێن وەرتگرتوە، ڕیسکی پێ بکەیت وبیکەیتە قوربانی ئەو خەونە دەبەنگەی « کۆنفیدرالیزمی رۆژهەڵاتی ناوەراست» و ببیتە مامە خەمەی قسە گەورەی « بەشکردن‌و پارچەکردنی

ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت»!
ئەخـر پێمناڵێیـت تـۆ چیـت و کام تـورک وعـەرەب و فـارس گوێـت بـۆ دەگـرن بـۆ پێکهێنانـی: « کۆنفیدرالیزمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت»؟! یـان هێشـتا بەنجـی مارکسـیزم و زڕخەونەکانـی بـەری نـەداون، لـەو وڕێنانـە خۆیـان مانفێسـت دەکەنـەوە؟! خۆزگـە کـورد دەبـوە خـاوەن قەوارەیـەک یـان چەنـد قەوارەیەکـی خـۆی لـەو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، خۆزگـە وەک ئادەمیزادێـک لێمانیـان دەڕوانـی و دەبووینـە خـاوەن سـەنگ وپێگـە و سـنووری خۆمـان، نەفـرەت لـە کۆنفیدرالیزمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وهەمـوو خەونـە ئومەمیـەکان بێـت. عـەرەب بـە یـەک زمـان و، یـەک دیـن، ویـەک مێـژوو و یـەک جوگرافیـا، پـاش هـەزاران کۆبوونـەوە و لوتکـەی عەرەبـی و سـەدان مەترسـی هاوبـەش هێشـتا کۆنفیدرالیزمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت یـان پـێ دروسـت نەکـرا، بـە هەمـوو عەقڵـی خۆتـان دێن بیرۆکـە ئایدیالیەکانی زیندانیەکـی دابڕاو لـە دنیـادا جێبەجـێ دەکـەن؟!
لـە وڕێنەیەکیتـردا لـە جیاتـی فەرامۆشـی جیاوازیـە دینـی ومەزهەبیـەکان و زارزمانەکانـی کـورد بکـەن دەڵێـت: « باشـوری کوردسـتان لەنـاو بەڕێوەبەرایەتیەکـی مەرکەزیـدا ناتوانێـت ژیـان بـکاتو نابێتـە یـەک. چونکـە زۆر زاراوە لەخـۆ دەگرێـت، زۆر گەلـی جیـاواز لەخـۆ دەگرێـت. واتـا هـەم لەلایەنـی مەزهەبـی، دینـی و هـەم نەتـەوە و ئەتنیکـی جیـاوازی تێـدا دەژیـن. کوردەکانیـش یـەک ڕەنـگ نیـن: زاراوەی بادینـی و سـۆرانی هـەن، سـۆرانیش کوردیـەو بادینیـش هەرکوردییـە باشـە چـۆن لـە چوارچێـوەی یـەک زمانـی نەتەوەییـدا هەردوکیـان دەکەنـە یـەک؟» توخواکـەی شـەرم نییـە باسـی سـۆرانیەتی وبادینیەتـی بکەیـت؟! باسـی موسـلمانیەتی ویەزیدایەتـی وکاکەییاتـی بکەیـت، لـەو کوردسـتانەی کـە بـە مـوو جیاوازیـان پـێ نـاکات لەگـەڵ زۆربـەی موسـلمان؟! دیـارە پەکەکـە وەک مریشـکی جیرانـی لێهاتـوە: ڕیقنەکـەی [زەق کردنـەوەی زاراوەگـەری و مەزهەبگەرایەتـی] بـۆ کـوردە، و ئومەمەیتەکـەی [هێلکەکـەی] کۆنفیدرالیزمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ عـەرەب وتـورک و فارسـە؟!
لـە هەمـووی خۆشـتر دەڵێـت: « کوردسـتان خاڵـی کلیلـی بەدیموکراتـی کردنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و شـوێنی چارەسـەرکردنیەتی.»! پەکـوو، ئـەو هەمـوو ئەکتـەرە زلانـەی عـەرەب و تـورک وفـارس فەرامـۆش کەیت و لەو فیلمە ترسناکە ڕۆڵێکـی بچوکیشیان نەدەیتـێ لـە بەدیموکراتـی کردنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت،

کەچی ببێت ئەکتەرێکی بی دەرەتانی، تازە دەرچووی، کۆمبارسی وەک کورد بکەیتە قارەمانی فیلمی بەدیموکراتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟! هەر ئەوەش نا بەرپرسیارەتەکە تەنها بخەیتە سەرشانی کوردان وبپرسیت: «کوردان چۆن پێویستیەکانی ئەم بەرپرسیارێتیە دەهێننە جێ؟

خاڵی یەکەم: یەکگرتن و دیموکراسی. ئەمەش بەیەکەوە پەیوەستە. یەکگرتن بە دیموکراسی دەبێت. لە کاتێکیشدا کە زهنیەت و سیاسەتی کوردان دیموکراتیزە ببێت، دەتوانرێت یەکگرتن ئاوابکرێت. بۆ بەدیموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکگرتنی دیموکراتی کوردان بەردی بناغەیە.»

یانی دەبێت کورد بەر لە داگیرکەرانی بە دیموکراتیزە تێپەڕێت بۆ بەدیموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست!! پەکەکە باشترە باسی دیموکراتیەت نەکات، چونکە لێی نایەت! دەکرێت بڵێین پەکەکە هێزیکی شەڕکەرە، ڕێکخراوە، بە دیسپلینە، بەڵام قەت ناتوانین بڵێین تا ئێستا توانیویەتی پۆلی یەکەمی دیموکراتیەت ببڕێت!

وابزانم خەمەکانی کوردی باکوور هێندە گەورە و زۆرن، پێم سەیرە پەکەکە دەپەڕژێتە سەر باسی پارچەکانیتری کوردستان و هەوڵی سەپاندنی ویسایەی خۆی دەدات بەسەر کوردستانی باشوور و هێندەی باسی هەولێر و کەرکوک و شەنگاڵ دەکات، هێندە باسی ئامەد و وان و دەرسیم ناکات؟!

باشترە بۆ خۆتان و لایەنگیرانتان واز لەو خەیاڵ پڵاویەی ناو کتێبە تیۆریەکانی بهێنن و خەونی بەدیموکراتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و کۆنفیدرالیزمی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە دەستی کوردان زۆر لە کۆمارەکەی ئەفلاتوون قورستر وخەیاڵیترە، کەمێک ڕەحم بە بێ کەسی کورد بکەن!

٢٠١٥/٤/٢٠

سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکە:

http://skurd.net/.../.../news-kurdistan/2102-2015-04-19-07-36-30

# بەراوردێکی لاسەنگی
# سەڵاحەدینی ئەیوبی و سەڵاحەدین دەمیرتاش!

کەسانێکی نەزان وبێ مەعریفەت لە پاش سەرکەوتنەکەی هەدەپە وسەلاحەدین دەمیرتاش لە تێپەڕاندنی بەربەستی ١٠٪ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، بەراوردێکی زۆر ساویلکانە دەکەن لە نێوان سەلاحەدین دەمیرتاش و سەلاحەدینی ئەیوبی، کە زیاتر لە ٩٠٠ ساڵیان نێوانە! هەر تەنها بەراوردەکە کارێکی ساویلکانەی خەڵکێکە ئەگەر نەتەوەپەرست بن، ئەوە خراپترین فۆرمی نەتەوەپەرستی پەیڕەو دەکەن، ئەگەریش ناحەز بە کۆی مێژوو و دینی ئیسلام بن و چەپ بن، ئەوە پاشماوەی ئەو منداڵکاریە یەساری و چەپرەوانەن، کە هەتا لینین یش موعاناتی لە دەستیان هەبوو، لەبەر بی عەقڵییان!

ئەوەی ئاگاداری چالاکیەکانی من بێت دەزانێت کەمن لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چۆن دەیەها وتار و پۆست و وەلام و کۆمێنتم نووسی لە پاڵپشتی هەدەپە و خودی سەلاحەدین دەمیرتاشیش، کە هەتا بە کوردیش بەسم نەکرد، دوو وتاری عەرەبیم لە بەرگری کردن لە دەمیرتاش و ڕیسواکردنی ئەردۆگان نووسی لە سایتێکی زۆر بە ناوبانگی عەرەبی [میدڵ ئیست ئۆنلاین]
لەو هەڵمەتە دلی هەزارنم خۆش کرد، و ئیشکالێکی زۆرم ڕووندەکردەوە ڕۆژانە، زۆر لە دیندارانیشم قەناعەت پێ هێنا کە ئەدۆگان تەنها کەسێکی میکیاڤیلیە و دین بە کار دەهێنێت. کەمێکیش لێمان عادز بوون، هەبوو قسەشیان پێ وتین، بەلام ئەوەی گرنگە بیلێم، کە من وەک هەر کوردێکی سەربەخۆ ئەو هەڵمەتەم دەکرد بێ ئەوەی لە دوور و نزیک پەیوەندیم بە پ ک ک و هەدەپە هەبێت، بێ ئەوەی هاوڕابم لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتی پ ک ک و کاریگەری لەسەر هەدەپەش، چونکە دەزانم کارێک دەکەن بە خێری کورد تەواو دەبێت، بۆیە گوێ نادەمە ڕای کەسێتی خۆم لەسەر خودی قەوارە سیاسیەکە.

بە هەمان پێوەریش دەڕوانمە کەسایەتی مەزنی سەلاحەدینی ئەیوبی وەک مەزنترین پیاوی مێژووی کورد و ئیسلام، دەزانم ئەو پیاوە مەزنە سەرەڕای هەر ڕەخنەیەکی نەزانانە و نامێژوویانەی کورد [هیچی بۆ کورد نەکردوە، و

خزمەتکاری عەرەب بووە!] و هەر ڕەخنەیەکی دڵ ڕەشانەی مەزهەبی شیعە [دوو ملیۆن شیعەی کوشتوە، و دەوڵەتی فاتیمی ڕوخاندوە!] هەر ڕەخنەیەکی سەتحی هەندێک میانڕەوان [سەهرەوەردی فەیلەسوفی کوشتوە]، سەرەڕای ئەوەش کەسایەتیەک و سەرکردەیەک بوو لەبەر تەساموح و لێبوردەیی بێ سنوری لەگەڵ دۆست و دوژمنیدا، و لەبەر سەر ڕاستی و عەدالەتخوازی و میللەت ویستی هێندەی نەمابوو بە پەرستن بپەرسترێت لەناو جەماوەری موسڵمانی کورد و غەیری کوردیشدا.

لە یەک کاتدا سوڵتانی کەمینەیەکی کوردی و زیاتر لە ٩٥٪ موسڵمانانی دنیا بوە، کەسێک بووە لە هەموو کەس زیاتر لە خۆرهەلات و خۆرئاوا ریزی لێگیراوە، دەیەها مێژوونووسی ئاسۆ تەسکی دینداری خاچپەرستانیش نەیتوانیوە ستایشی مامەڵەی مرۆیی و ڕوحی تۆلەرانسی ئەو نەکەن، تا ڕەدەی ئەوەی بووە هێمایەک بۆ سوارچاکی و ئازایەتی و مرۆڤدۆستی لە ئەدەبیاتی ئەوروپی و ناوی لە هەزاران شیعر و چیرۆک هاتووە بە پۆزەتیڤی.

سەرەڕای ئەو قەسابخانەیەی خاچ پەرستان لە قودسیان کرد، کاتی سەلاحەدینی ئەیوبی قودسی گرت، دەیتوانی گەورەترین تۆڵە و قەتل و عامیان بکات، کەچی ڕێگای بە سوپای شکاو و خەڵکە خۆرئاواییەکان دا بێ کێشە لە قودس دەرکەون! پێمناڵێی کێ لە مێژوودا هێندە لێبوردە و مرۆڤدۆست و ڕوح ناسک وپاک و ئازا بووە؟

هەندێک لە چەپڕەوەکانی ئێمە وادەڕواننە سەلاحەدینی ئەیوبی، کەچی ڕۆشنبیریکی گەورەی وەک هادی عەلەوی کە شیعەش بوو بەجۆرێک باسی سەلاحەدین دەکات دەیهێنێتە ئاستی پێغەمبەرایەتی، بابەتێکی چەند ئەڵقەییم لەو بوارەدا نوسیوە بەناوی [کەسایەتی بەرزی سەلاحەدین لە دیدی هادی العلوي] دەتوانی لە ئینتەرنێت بیدۆزیەوە.

ئەگەر نەتەوەپەرستە سینگ تەسکەکان دەڵێن هادی عەلەوی عەرەب بووە، بەڵام ئەی چی دەڵێن کاتێ نووسەرێکی گەورەی ئینگلیز تاریق عەلی [بە ڕەچەڵەک پاکستانی]، کە دۆستی نزیکی ئیدوارد سەعیدە، و چەپڕەوێکی یاخیبووی ئەو جیهانەیە، ودژی سەرمایەداری ولیبڕالیزمە وسەرنووسەری گۆڤاری [چەپی نوێ] بوو، دێت ڕۆمانێک بەناوی [ كتاب صلاح الدين الأيوبي] The Book of Saladin دەنوسێت کە تێیدا باسی سەرسامی خۆیی و خۆرئاوا دەکات بەو کەسایەتیە مەزنە لەسەر دەستی فەیلەسوفێکی پزیشکی سەلاحەدین ئیبن مەیمون ژینامەی دەگێڕێتەوە! چیپ ونەتەوەییە

کورتبینەکانی ئێمەش پێشەیان بەس جوێندانە بەو کەسایەتیە کوردیە مەزنە! دێن و بەراوردی دەکەن لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، تەرازووی دەمیرتاشیش پەسند دەدەن بەسەر سەلاحەدینی ئەیوبی گوایە دەمیرتاش بۆ کوردی کردوە، سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ عەرەب؟!
ئەگەر لەگەڵ ئەو بەراوردەش بڕۆین هێشتا تای تەرازووی سەلاحەدینی ئەیوبی بە سەدان قات سەر دەکات بەسەر سەلاحەدین دەمیرتاش. دەمیرتاش سەرەڕای هەر شتێک ئەگەر باسی کوردایەتی بکەین، ئەوە زۆربەی هەرە زۆری لیستەکەی هەر کورد نەبوون، بەڵکو لیستەکەی مۆزایکێک بوو لە گەلانی تورکیا، ڕێژەی تورکیش تێیدا زۆرتر بوو لە کورد! ئایە ئەگەر ئەوە بۆ سەلاحەدینی ئەیوبی ڕەخنە بێت کە هەموو یان زیاتر لە ٩٠٪ سەرکردەکانی سوپای و والیەکانی کورد بوو، ئەی چۆن ئەوە ناکەنە ڕەخنە بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش کە ڕێژەی کورد لە لیستەکەی ناگاتە ٤٠٪؟!
ڕاستیەکەی وەک لە وتارەکەم نوسیومە، هەدەپە سنوری حزبایەتی کوردی بەزاندوە، ئێستا وەک حزبێکی تورکیایی هەڵسوکەوت دەکات، هەتا کەسانیکی تورکی نێوەندە کەمالیستە توندڕەوەکانیشی دڵخۆش کردوە بەو تەوەجوهە!
ئەگەر سەلاحەدینی ئەیوبی هەموو جیهانی ئیسلامی لە دەست بێت و بە دەستی کوردانی ئەیووبی حوکمی بکات، هێشتا نەزانە نەتەوەیی وچەپەکانی کورد قسەی پێ بڵێن، ئەی بۆ بە هێنانی ڕێژەی ١٣٪ سەلاحەدین دەمیرتاش وا لاسەنگ بوون و خەریکە لە خۆشیان دەفڕن، خۆ ئەگەر ٥٥٪ هێنابا لێمانتان دەکردە پێغەمبەرێک بۆ خۆی!
خۆ سیاسەتەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە یەکسان سەیرکردنی گەلانی ناوچەکە هەتا بە مەسیحیەکانی دژە خاچ پەرستەکانیشەوە، دوور نیە لە ئیلهامی ئاپۆ و هەدەپە و دەمیرتاش لەو کرانەوەیە ئومەمیە بەسەر گەلانی ناوچەکە بە ناوی نەتەوەیی دیموکراتی، و کۆنفیدرالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کە تیایدا ڕۆڵی سەرەکی دەخاتە ئەستۆی کورد بۆ بەدیموکراتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست!
٢٠١٥/٦/١١

# دەربارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە تورکیا!

پێم خراپ نییە تورک ئەو پەرداخە ژەهرەش هەڵنۆشێت، وبە ڕاشکاوی ئاڵای کوردستان هەڵبکەن لەو سەردانەی مسعود بارزانیدا، بەڵام دەبێت بزانین کە تورک وەک کورد نین، خۆیان هەرزان فرۆش کەن، هەڵوێست زۆر گران دەفرۆشن!

ئەردۆگان و حکومەتەکەی دەزانێت ناڕەزاییەکانی خەڵک چەند فراوانە دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان و دژی ڕێگەپێدانی بارزانی، بۆ ئەوەی کەمێک باری لاری پارتی وبارزانی ڕاست بکاتەوە، کە دنیایەک کێشەی ناوەخۆی کەڵەگە کردوە بێ چارەسەر و حکومەت وپەرلەمانی تەعتیل کردوە، هاتووە ئەو هەنگاوەی ناوە، کە لە ئێوارەوە ساویلکەکان بە ستایشێکی زیاد لە حەدوە باسی هەڵدانی ئاڵا دەکەن، وەک بڵێی لە هیچمان کەم نییە تەنها هەڵدانی ئاڵا نەبێت!

خۆزگە سوپای تورک نەدەهاتە بەشێک لە کوردستانی باشوور داگیر بکات، با هەر ئاڵای هەڵنەدابایەن...خۆزگە ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەی نەوتی لەگەڵدا ئیمزا نەکرابا، بە هەر ئاڵای هەڵنەدابا.

تەنها لەبەر شتێکیش پیم باشە ئەو ئاڵایە هەڵدەن،ئەگەرچی بەهەر مەبەستێکی ناشەریفانە تورکیا ئەو کارەی کردبێت، ئەویش ئەوەیە کەمێک عونجوهیەتی دەمارگرژی تورک دەشکێنێ و پڕۆڤەیەک دەبێت بۆ دیتنی ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ!

٢٠١٥/١٢/١٠

# پارتی و یەکێتی، پرسی کورد لەباکور..

پرسی ئاشتی نێوان تورکیا وپەکەکە، خەونێکە زۆربەی کوردستانیانی هەموو پارچەکان خەونی پێوە دەبینن، چونکە چارەسەری دۆزی کورد لە تورکیا گەورەترین بەربەست لادەدات لەبەردەم دۆزینەوەی چارەسەر لە پارچەکانی تر وشکاندنی ئەو تابۆیە.
وەک چاودێرێک ونوسەرێک بایەخێکی زۆرم داوە بەو دۆزە هەستیارە و دەیان وتار وبەرنامەی تەلەفزۆنی ووەرگێرانی وتارم کردووە لەو بارەیەوە، هەرچەندە بەو دواییە لەبەر گومانکردنم لە جدیەت وشێلگیری هەڵوێستەکانی ئەردۆگان وحزبی داد وگەشەپێدان ڕەشبینیەک بەرۆکی کوردێکی زۆری گرتوە، کە منیش لەناو ئەو ڕەشبینانەم، هەتا لەو ڕۆژگارەش کە لە گەرمەی ماراسۆنی هەوڵەکانی ئاشتیدا دەژین، هێشتا هەستی ڕەشبینی لە ناخی من وکەسانێک بەدواداچونیان هەبێت بۆ دۆزەکە چەکەرە دەکات. لێدوانەکانی ئەردۆگان لە ناسازیەکی سەرسورهێنەرن ڕۆژێک باسی ئاشتی دەکات، ڕۆژێکی تر دژی هەر جۆرە ئازادیەکە بۆ کورد هەتا لە دەروەی تورکیاش، وەک لێدوانەکەی لە دژی هەر ئەزمونێکی کوردی لە سوریا وهاندانی ئۆپۆزسیۆنی سوری لە دژی هەر مافێکی کورد.
هەر ئەمڕۆ لە تازەترین لێدوانیدا ئەردۆگان دەڵێت: ئامادە نیە لێخۆشبوونی گشتی بدات بۆ ئەندامانی پەکەکە، چونکە تیرۆرستن، بۆیە هەرگیز لەو مرۆ کوژ وتیرۆرستانە خۆش نابێت؟!! لە شەڕی چالدێرانەوە ١٥١٤ کورد هەمیشە دابەش بوە بەسەر دوو بەرەی باڵادەست لە ناوچەکە، کاتی خۆی عوسمانی وسەفەویەکان بوون، ئێستاش هەڵوێستی دوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستانی عێراق، لەسەر بنچینەی ستراتیژیەتیەکی سەربەخۆ وڕوون وئاشکراو لەبەرژەوەندی باڵای کوردستان دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ئەو دابەشبونە کۆنە نوێیە قوڵەی ناوچەکەیە بۆ دوو بەرەی سەرەکی: سونی: (تورکیا وخەلیج وئەمریکا) وشیعی (ئێران وسوریا وعێراقی شیعی وڕوسیا).
سیاسەتی پارتی لە سوریا وعێراق وتورکیاش ڕەنگدانەوەی هەمان سیاسەتی تورکیایە، کە رۆژ بە ڕۆژ هاوتەریبی زیاتر لە سیاسەتەکانیان ڕەنگدەداتەوە لە سۆنگەی ئەو هەموو بەرژەوەندە ئابووریەی کە لە نێوانیاندایە. سارد وسڕی

پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ پەکەکەش هەر گوزارش کردنێکی ڕاستەوخۆیە لە سیاسەتی تورکیا، وهەوڵدانیشی بۆ دروستکرنی گروپێکی چەکداری کوردی لە کوردستانی سوریا، هێندەی لە دژی پەکەکە بوو ولە بەرژەوەندی سیاسەتی تورکیا بوو، یەک لە سەدیشی لە بەرژەوەندی کوردانی سوریا نەبوو.
بە هەمان شێوەش ئەو هەموو هەرایە میدیایەی یەکێتی دەیکات لە کوردستانی سوریا وکوردستانی تورکیا، هیچ پەیوەندی بە ڕوحی گڕگرتووی کوردایەتی یەکێتی نیە، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمان یەکێتی لە دژی پەکەکە دەجەنگا، بەڵکو پەیوەندی بە هەڵوێستی ئێرانەوەیە دەرهەق بە پەکەکە وسوریا و تورکیا. ئێران بە هەموو توانایەکی بەرگری لە مانەوەی ڕژێمی سوریا دەکات ولەو پێناوەش دڵخۆشە بە جموجۆڵی پەکەکە لە ناوچە کوردیەکان وبەرهەڵستی کردنی هەوڵەکانی سوپای ئازادی سوریا بۆ خستنی کوردستانی سوریا بۆ ژێر ڕکێفی خۆی، وبوونی جۆرێک لە تەبایی وهەماهەنگی لە نێوان چەکدارانی کورد وڕژێمی بەشار ئەسەد، وەک نوسەر ومیدیا کاری ئەڵمانی شتیفان بۆخن یش ئاماژە بەو هاوپەیمانیە بێ دەنگەی نێوان ئەسەد وپەکەکە دەکات.
بە هەمان ئاڕاستەی نزیکبوونەوەی ئێران لە پەکەکە لە دژی تورکیا وهاندانی بۆ سوپای ئازادی سوریا، یەکێتیش لەبەر جێ پێ هەڵگرتنی سیاسەتی میحوەری ئێرانی – ڕوسی لەو ماوەیەدا خۆی بە نزیک نیشان دەدا لە پەکەکە وکوردانی سوریا لە دژی تورکیا، ئەوە مایەی تێگەیشتنە بەڵام سەیر لەوەدایە ئەو هەڵوێستانە کە لە بازنەی تەبەعیەت دەخولێتەوە، دەیانەوێت وەک کوردایەتی بە خەڵکی بفرۆشنەوە، وتارەکەی مەلا بەختیاریش لە کۆنگرەی بەدەپە هەر لەو سیاقەدا بوو.
کەوابوو هەڵوێستی یەکێتی وپارتی لە مەسەلەی ئاشتی پەیوەستە بە دابەشبونیان بۆ سەر دوو میحوەرە سەرەکیەکەی کە هەموو ناوچەکەی دابەش کردوە بۆ دوو بەرەی سەرەکی نەک بە هەڵوێستێکی کوردایەتیەوە.
بەڕای ئێمە ئێران لە ڕێگای یەکێتیەوە چاودێریەکی نزیکی ڕەوشی ئاشتی نێوان تورکیا وپەکەکە دەکات ویەکێتی ناتوانێت لە ڕۆڵی بۆ دیارکراوی خۆیدا تێپەڕێت، ولەو بڕوایەش دانین ئێران وابەئاسانی بهێڵێت ئەو هەولانە سەرکەوێت، هەر کاتەی وتەی کۆتایشی دەربڕی لەو بارەیەوە، یەکێتیش هاوهەڵوێستی دەبێت.
ڕەشبینی ئێمە لە سەرکەوتنی ئەو هەوڵەی ئاشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت،

کە تورکیا خۆی هێندە بە جیدی نابینرێت لەو پرۆسەیەدا، بۆردومان کردنی فرۆکەکانی تورکیا بۆ قەندیل لە کاتی گەیاندنی پەیامی ئۆجەلان بۆ سەرانی قەندیل ئەو پەیامە نا جیدیە دەگەیەنێت، چونکە ئەردۆگان تارادەیەکی زۆر توانیویەتی دەزگای سەربازی بخاتە ژێر رکیف وچاودێری خۆی، لەوە ناچێت ئۆپەراسیۆنێکی وا توندوتیژ لەو کاتە هەستیارە بەبێ ئاگاداری ئەردۆگان کرابێت!

دووەم سوریا وئێرانیش زۆر دوژمنی ئەو هەولەن، چونکە لەلایەک سەری تورکیا سوک دەبێت بە دەست گەورەترین کێشەی ئیفلیجکەرەوە وەک داود ئۆغلۆ بەو جۆرە وەسفی دۆزی کوردی کرد لە تورکیا، لەلایەکی تریش کوردانی سوریاش دەچنە پاڵ شۆڕشگێڕانی سوپای ئازاد ئەوەش بێگومان رەورەوەی روخانی ڕژێمی ئەسەد خێراتر دەکات.

سێیەم: بەڕاستی ئەو داواکاریانەی ئۆجەلان لە زینداندا دەستنیشانی کردون ئەگەر ڕاست بن، لە ڕوانگەی زیندانیەکەوە پێشکەشکراوە، نەک کەسێکی ئازادی ئاگادار بەو هەموو گۆڕانکاریانەی بەسەر ناوچەکە و جیهاندا هاتوە. زیاتر لە داواکاری ڕێکخراوێکی فەرهەنگی گەلێکی مایکرۆنەیشن دەچێت، نەک لە داواکاری ٢٠ ملیۆن هاوڵاتی کورد، بۆیە دەڵێن باوەڕ ناکەین خەڵکی کورد داواکاریەکانیان لەو شەش خاڵە کۆ ببێتەوە، وەک لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە کە بریتی بوون لە:

– دەرخستنی یاسایەک بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی.
– زەمینە خۆشکردن بۆ وەستاندنی جەنگ.
– کشانەوەی بە قۆناغی هێزەکانی پەکەکە لە تورکیا.
– سوککردنی سزای بەندیەکان وئازادکردنی هەندێکیان!
– گواستنەوەی ئۆجەلان لە زیندانەوە بۆ ئیقامەی جەبری لەناو ماڵی خۆیدا!
– کۆبونەوەی سەرکردەکانی پەکەکە لە هەولێر.

وەک گوتمان ئەوە لە پرۆژەی ئاشتی ناچێت، بەڵکو زیاتر لە داواکاری جەمعیەتێکی سەقافی دەچێت، بە دیوێکی تر لە مەرجەکانی خۆ بەدەستەوەدان دەچێت، تۆ کە بەو هەموو هێزەی قەندیل ئیمرۆ وا بەوپەڕی عونجوهیەت ولوت بەرزی رەفتارت لەگەڵ دەکرێت لەلایەن تورکیاوە، ئەو کە بەبێ هیچ دەسکەوت وزەمانەتێک کێشاوەتەوە وبەبێ بوونی هیچ نێوەندێکی نێودەوڵەتی وەک شاهیدێک بەسەر ئەو بەناو پرۆسەی ئاشتیە؟!!

خۆزگە ئۆجەلان وەک خۆی بارمتەیە لە ژێر چنگی دەوڵەتی تورک، بڕیاڕی

سیاسی کوردی بارمتە نەدەکرد بۆ خۆی، وئەرکی ئەو پرۆسەیەی دەدایە دەست چەند کەسایەتیەکی سیاسی کورد وچەند سەرکردەیەکی پەکەکە، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا لە زیندانەکەیەوە حسێبیکی بۆ دەکات، کە بە ئاسانی هەموو شتێکی دابەدەستەوە ئەوە دەبێت لەو دورگە زیندانە سەر بنێتەوە.

٢٠١٣/٣/٥

نوچە نێت

## سەرکەوتنی هەدەپە
## ئەزمونێکی مەزن و دەگمەنە دەبێت بپارێزرێت!

ئەو فەلسەفە والایە و پلورالیزمە فیکریەی کە لە پشت هەڵمەتی مەزنی هەدەپە وەستا بوو، دەتوانم بڵێم نوێترین تەرحی سیاسیە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لە پیناو خاوکردنەوەی کێشەکان و نزیک کردنەوەی نەتەوەکان، ئەو عەقڵیەتەشی لە پشت ئەو فەلسەفە و ڕوئیا دەگمەنە سیاسیە وەستاوە، دەبێت شانازی بەو ئەزموونە سەرکەوتووە و دەگمەنە بکات، نابێت پاش ئەو دۆزینەوە مەزنە، بە هیچ جۆرێک ئاوڕ لە دواوە بداتەوە.
یەکەم جارە لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست حزبێکی نەتەوەیی بتوانێت سنووری نەتەوەیی خۆی ببڕێت و سەدان هەزار دەنگدەری تورک و ئەرمەن و یەزیدی و عەلەوی و مەسیحی وچەرکس بۆ خۆی کۆبکاتەوە! یەکەم جارە حزبێکی کوردی بتوانێت ئافرەتێکی تورک بکاتە هاوسەرۆکی خۆی، کە ئەوە دەسکەوتە وەک ئافرەت و وەک تورکێک!
یەکەم جارە حزبێکی کوردی بتوانێت ملیۆنەها کەس لە شارە تورک نشینەکان کۆ بکاتەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن! یەکەم جارە حزبێکی کوردی بتوانێت ژمارەی کاندیدە غەیرە کوردەکانی زیاتر بێت لە کوردەکان، یەکەم جارە حزبێک بتوانێت دیندار و بێ دین و چەپ و ڕاست و جۆرەها خەڵک و مەیل وئاڕاستە لە یەک لیستدا کۆ بکاتەوە.
ئەو کارە بەڕاستی ئاسان نییە، حزبەکانی باشوور تا ئەمڕۆ نەیان توانیوە هەزار کەس لە بەغدا کۆکەنەوە لە پێناو هەر ئامانجێک، نەیانتوانیوە قاچە کورسیەک لە وجودی زیاتر لە ملیۆن کورد لە بەغدا بهێنن، نەیانتوانیوە هەستی کوردبوون لای کوردانی شیعە بەهێزتر کەن لە هەستی مەزهەبی دینی خوڕافی توندرەو! ئەوەتە گەنجەکانیان هەموویان دەبنە خەڵوزی حەشدی وەحشی! هەتا ئێستا نەیانتوانیوە یەزیدیەکان بهێننە قەناعەت کە شانازی بە کوردبوونیان بکەن و نەک بەدوای ئینتیمای بچوک و بەرتەسک بگەڕێن.
بە هەمان شێوە حزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتیش نەیانتوانیوە سنوری نەتەوایەتی و جوگرافی خۆیان ببڕن. نەک لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو

هەتا لە وڵاتەکانی ناوچەکە، کەی حزبێک توانیتی عەرەب وجولەکە کۆکاتەوە لە ئیسرائیل و کاریگەریان هەبیت؟!

کەوابوو ئەو ئەزموونە مەزنەی هەدەپە و پەکەکە پێویستە پەرەی پێ بدرێت و لەسەر هەموو گۆڕەپانەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێت، پێویستە پەکەکە بەو ڕوحیەتەو فەلسەفەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان بکات، چونکە تۆ بتوانی لەگەڵ تورکێک و لازێک و چەرکسێک و ئەرمەنیەک بگونجێیت، بۆ ئاسانتر نیە بگونجێیت لەگەڵ کوردەکە؟!.

ئینجا خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە هەدەپە و پ ک ک جەختی لەسەر بکەنەوە، ئەویش ئەو خۆ دەربازکردنەیە لە ئایدیۆلۆژیای شمولی وبەرتەسک وەک هەدەپە لە ئەزموونی ئەو هەڵبژاردنە نواندی، کاتێک توانی بە کەمێک کۆششەوە ملیۆنەها دەنگی چەپ و راست و دیندار و بێ دین لە دەورەی بەرنامەی خۆی کۆبکاتەوە.

با کورد بای ئەوەندە زیرەک وبلیمەت بن هیچیتر نەهێڵن ملیۆنەها دەنگیان بەفیڕۆ بچێت بۆ نەیارانیان لە ڕێگای ئیستیغلالی هەستی دینیان، دەبێت ئاوڕێکی جیدی لە هەستی دینی کورد بدەنەوە، تا ئەوپەڕی ڕیز لەو هەستە گرنگە بگیرێت، چونکە هەر سوکایەتی کردنیک بەو شعورە دینیە، یان بە کەم گرتنی دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەنگی کوردێکی زۆر، و نانەوەی پشێویش بۆیە دەبێت ئەو ئەزموونە پلورالیزمیە فیکریەی هەدەپە وپەکەکە بە کۆتایی هەڵبژاردن کۆتایی نەیەت، چونکە داهینانیک و ئەزمونیکی کوردی مەزنە لە بواری سیاسەت لەو ناوچەیە جەنجاڵ وئاڵۆزەدا، دەیسەلمێنیت کە کورد لە هەموو میللەتانی ناوچەکە ئاسۆ کراوەتر و میانڕەوتر و ژیان دۆستترن.

محەمەد هەریری

٢٠١٥/٦/٨

# پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم: لە قۆناغی هیوا پێ بوون | ١١ |
| سەرێک بدە قارداش! دەربارەی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ عێراق | ١٢ |
| ڕەوڕەوەی مێژوو بە دادگای دەستوری شۆفینست ناوەستێ | ١٥ |
| بەردەوام بە ئەردۆگان خوا وکورد وڕۆحی قودسیشت لەگەڵە | ١٧ |
| هەنگاوەکانی تورکیا لە ئاڕاستەی دروستدایە | ١٩ |
| بان کی مون بە کوردی گۆرانی چڕی لە ئەستانبۆل | ٢١ |
| بەشی دووەم: ئەردۆگان دیموکراتێکی دوو ڕووی خاپێنەر | ٢٢ |
| کێ یەکەم کەس بوو هەوڵی چارەسەری کێشەی کوردی دا لە تورکیا؟! | ٢٣ |
| ئەردۆگان سەلماندی ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە! | ٢٥ |
| چۆن رزگارمان دەبێت لە توندڕەویی ئیسلامی سیاسیو سیکیولاری؟ نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان | ٢٦ |
| ئەردوگان و کەوتن لە دەرسی کوردی | ٣٦ |
| وەستای گەورە ئەردۆگان سەلاحیەتی کۆتاییهاتووە | ٣٨ |
| ئەردۆگان ومالیکی: یەکەمی سەرەتایی لە دیموکراسیدا! | ٤٠ |
| هاوڕەگەزبازەکانی سەڵتەنەتی ئەردۆگان ! | ٤٣ |
| مافی سۆزانی کرداری ئەردۆگان و مافی گەی تیۆری دەمیرتاش! | ٤٦ |
| ئەردۆگان وغەزەلی سەریح لەگەڵ ئیسرائیل! | ٤٨ |
| ئەردۆگان وغەزەلی سەریح لەگەڵ ئیسرائیل! | ٤٨ |
| ئەردۆگان وهیستریای حیجاب لە نێوان سیاسی وئاییندا | ٥١ |
| ئێوەش وەستان لە کوشتندا جەنابی ئەردۆگان! | ٥٥ |
| نەک ئیسلامیەکان شێخە سەلەفیەکانیش درۆ بۆ ئەردۆگان دەکەن!!! | ٥٨ |
| ئایە ئەردۆگان دانەخۆرە دەکرێت لەلای ئەمریکاوە؟! | ٥٩ |
| محەمەد عەلی کلایی بە مردوویش زەربەی قازی خۆی لە ئەردۆگان دا! | ٦٠ |
| بەشی سێیەم: تورک و کورد ومێژوو | ٦١ |
| ئەبو جەهلی کورد لە سەحابەیەکی تورک باشترە! | ٦٢ |

| | |
|---|---|
| تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک! | ٦٣ |
| خازوق داهێنراوی گەورەی تورکە عوسمانیەکان | ٦٦ |
| دڕەندەیەکی تری مێژووی تورک | ٦٧ |
| کورد و ئەفسانەکانی کوشتارەکەی ئەرمەن | ٧١ |
| کەنیزەی ئەرمەنی کورد و کەنیزەی ئێزدی داعش! | ٧٧ |
| سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا: کێ لە کێ باشترە؟! | ٨٠ |
| تورکمان لە نێوان ستەمی زۆربە، وخۆ بەشێر کردنی کەمایەتی | ٨٤ |
| پیلانی سێنتراڵیزمکردنی کێشەی فەلەستین هەڵویستی پڕ میهرەبانانەی تورک | ٨٦ |
| ئافرەتی کورد و پیلانێکی موسڵمانانەی ئاکەپە! | ٨٩ |
| بەشی چوارەم: کۆدەتایە نمایشکارەکە | ٩٢ |
| ئەردۆگان و کودەتا و کورد | ٩٣ |
| ڕۆژنامەی واشنتن تایمز : پێش ٣ مانگ ئەردۆگان خەریکی کودەتایە! | ٩٥ |
| تورک تەجاوزی سێکسی بە سەربازەکانی تورکیش دەکات! | ٩٧ |
| پاکتاوی ستالین شێوازی ئەردوگان بە پێی لیستە پێشوەختەکان! | ٩٩ |
| بەشی پێنجەم: بەرەو داعشبوونی تورکیای ئەردۆگان | ١٠١ |
| ڕقی نەخۆشانەی تورک لە کورد | ١٠٢ |
| تورکیا و داعش: هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد | ١٠٥ |
| دیاردەکانی دەعشەنەکردنی تورکیا! | ١١٣ |
| هارون یەحیای موهەڕیج | ١١٨ |
| ئەو غیرەتەی بەس بۆ ناجوامێری تیرۆرستان دەبزوێت! | ١١٩ |
| خودا و پرسیارەکانی کورد! | ١٢٠ |
| ئەردۆگان و نانەوەی شەڕی لایەنگرانی هەدەپە و هوداپار! | ١٢٢ |
| پێغەمبەریش کورد با تورک باوەڕی پێ نەدەهێنا! | ١٢٥ |
| بەشی شەشەم: کوردە چەواشەکارەکانی ئەردۆگان چی دەڵێن؟! | ١٢٩ |
| کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست! | ١٣٠ |
| خۆفرۆشی لە چڵەپۆپە دا! | ١٣٣ |
| هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانە و ئازایانەی وەک سەعدت نیشان دابا! | ١٣٥ |
| وتارێک لەسەر کۆبانی بە ستایلی جەندرمەیەکی تورکی | ١٣٨ |

| | |
|---|---|
| ئەردۆگانەکەی کورد لە نوسخە سەلەفیەکەیدا | ١٤٣ |
| چیرۆکی ئەو پەنجا لاپەڕەی ئەحمەد داود ئۆغلو لە ماستەرنامەکەی بازیانی وەریگرتبوو؟ | ١٤٦ |
| نووسین بە ڕوحیەتی ئیسلامی تورکی! | ١٤٩ |
| ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە! | ١٥٦ |
| ئەگەر بەڵگە لەسەر خیانەتی مەلای خەتێ نییە خۆ نوسینەکانی هاوڕێکەت لەبەر دەستە! | ١٥٨ |
| سوارەکانی حەمیدیە زۆر شەرافەتمەندتر بوون لە ئەردۆگانیەکان! | ١٦٧ |
| چەواشەکاریەکانی عەلی قەرەداغی ئیخوان | ١٦٩ |
| قەرەداغی پیاوی ئیخوانی جیهانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات! | ١٧٢ |
| بەشی حەوتەم: تورکەکان لەسەر تورک و ئەردۆگان چی دەڵێن؟! | ١٧٣ |
| ئەو پیاوە زۆر زوو پێشبینی دیکتاتۆریەتی ئەردۆگانی کرد! | ١٧٤ |
| ٢٠٠٧ ساڵی گەڕانەوەی PKK بوو بۆ سەر شانۆی ڕوداوەکان | ١٧٦ |
| باوکێکی زۆردار (تورکیا) وکچە زۆرلێکراوەکەی (کورد)!! | ١٧٩ |
| دان هێنان بە هەڵەکانی تورکیا | ١٨٤ |
| تورکەکان لە بارەی شەڕی خۆیان و PKK پێویستە چی بە نەوەکانیان بڵێین؟ | ١٨٧ |
| گوڵەنیش جاروبار ڕاست دەکات! | ١٩١ |
| بەشی هەشتەم: سیاسەتی کوردان لە هەمبەر تورکیا | ١٩٢ |
| ئاخیری هەر چووی!! تاڵەبانی ویاوەرانی لە ئەنقەرە: ئەیتام على موائد اللئام! | ١٩٣ |
| ڕێکەوتنامەی حکومەتی کوردستانی عێراق وتورکیا لەسەر حیسابی کێ یە؟ | ١٩٥ |
| خیانەتی تورکیا و خەمساردی دەسەڵاتی کوردی | ١٩٧ |
| پەیوەندی بارزانی و تورکیا لە دژایەتیەوە بۆ خۆبەدەستەوەدان! | ١٩٨ |
| کورد و دەعوەت! | ٢٠٢ |
| نکوڵی بورهان غەلیۆن و کەمتەرخەمی کورد: | ٢٠٣ |
| کێ سێ چالاکوانەکانی پەکەکەی کوشت؟ | ٢٠٦ |
| مام جەلال: خەونی زیارەتی تورکیا ویەک پارچەیی خاکی چین!! | ٢٠٩ |
| لای ئێوە کاروانی ئشتی یە، لای تورکەکان خۆبەدەستەوەدانە | ٢١١ |
| کورد وPKK ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ ساڵی ٢٠٠٨ | ٢١٣ |
| خۆپێشاندانی ملیۆنی پاریس وهەلێکی تری لە دەست کورد دەرچوو! | ٢١٦ |
| ئۆجەلان وعەلەویەت | ٢١٨ |

| | |
|---|---|
| پەکەکە و خەونە یوپتۆپیەکانی ئاپۆ | ٢٢١ |
| بەراوردێکی لاسەنگی سەلاحەدینی ئەیوبی و سەلاحەدین دەمیرتاش! | ٢٢٤ |
| دەربارەی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە تورکیا! | ٢٢٧ |
| پارتی و یەکێتی، پرسی کورد لەباکور.. | ٢٢٨ |
| سەرکەوتنی هەدەپە ئەزمونێکی مەزن و دەگمەنە دەبێت بپارێزرێت! | ٢٣٢ |

# محەمەد هەریری



* لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر دایکبووە.
لە بواری نوسیندا بە «محەمەد هەریری» ناودێر کراوە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردوەو، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.
لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی.
لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردوەو لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری ڕوژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.
بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، وەک نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.
سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی توندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دینی بە تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەک و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی، نووسەر پێی وایە دەبێت کورد ڕزگاری بێت لە هەموو فۆرمە ئیسلامە نامۆکانی عەرەبی و غەیری عەرەبی، خاوەن دیدو خوێندنەوەو فۆرمی تایبەتی خۆی بێت.
گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا تا ئێستا سەدان وتار و دوو کتێبی تایبەت کردوە بە دۆزی ئافرەتی کورد کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.

هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو بەرقەرابوونی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا.

بەرهەمەکانی:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان ... وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک لە کتێبی ئەو (حەسەن بەننا) یەی کە کەس نایناسێت.
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک

چەند کتێبێکیشی لە ژێر چاپ وبڵاوکردنەوەیە:

- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت ومیللەتگەرایی مەزهەبی
- ئیبن تەیمیە دامەزرێنەری سەلەفیەتی عروبەت
- ئافرەت و سەلەفیەت
- مەملەکەتی گەندەڵستان

چەندین کتێبی تریش

# Turkish Nightmare

## From Ataturk to Erdogan



Written by:

**Mohammed Hariri**

First Electronic Edition 2017